هەواڵنامەی کتێب

# ئەزموونی پەروەردەیی
# لە پۆلەوە بۆ پۆل

هەواڵنامەی کتێب

بڵاوکراوەکانی دامەزراوەی (ژیار)ی پەروەردەیی

(زنجیرەی ٢)

پەروەردە و ڕۆشنبیری

# ئەزموونی پەروەردەیی لە پۆلەوە بۆ پۆل

هەواڵنامەی کتێب

فازیل شەوڕۆ

کۆمەڵە وتارێکی گۆڤاری (ژیار)ە

٢٠٢١

**له بڵاوکراوەکانی دەزگای (ژیار)ی پەروەردەیی**

**(زنجیرەی ٢)**

هەوڵنامەی کتێب

* ناوی کتێب: ئەزموونی پەروەردەیی لە پۆلەوە بۆ پۆل

* نووســەر: فازیل شــەورۆ

* بابەت: پەروەردە و ڕۆشنبیری

*دیزاینی بەرگ: ڕەوشت محەمەد

* ســاڵ: ٢٠٢٠

**لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان،**

**ژمارەی سپاردنی ( ١٠٤٥ )ی ساڵی (٢٠٢٠)ی پێدراوە.**

ـ هەموو مافێکی چاپکردنی بۆ دەزگای ژیاری پەروەردەیی پارێزراوە. ئـەم کتێبـە بەبێ ڕەزامەندی خاوەنەکەی، نابێت بە هیچ جۆرێك دووبـارە چـاپ بکرێتـەوە یـان وێنەی لەبەربگیرێتەوە.

بەو قوتابی و

خوێندکارو

مامۆستایانەی دەبنە چراوگی ئایندەی نیشتمان و مرۆڤایەتی،

پێشکەشە.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# پێڕست


| بـابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ئامانجی ئـەم پڕۆژەیـە | ٩ |
| ناوئاخنی ئـەم کتێبە | ١٣ |
| لە خوێندکارەکانم چ فێربووم ؟ | ١٥ |
| بـۆ ئینتەرنێت ـ چییەکانی کورد، لە هەر کوێ هەن! | ٢٥ |
| لافاوێکی بێئامان بەرەو ئێرە بەڕێوەیە... ئاگادار بن! | ٢٩ |
| ئەرێ! ئەو شەڕە ساردەی نێـوانمان، لە کوێوە بـۆ کوێ؟! * | ٤٥ |
| ٢ دەرس لە ١ دەرسـدا | ٥٣ |
| کە پەیوەندی مامۆسـتا و بەڕێوەبەر درزی تێدەکەوەێ! | ٦١ |
| پۆشـاکی مامۆسـتایەکانم چیان فێر کردم؟ | ٦٧ |
| بـۆ پـەروەردەکـاران..... وریـابن! ڕەحلە شـەیتـانـە! | ٧٥ |
| یەکەمین ڕۆژی خوێندنی ساڵی (٢٠١١ ـ ٢٠١٢) لە وڵاتەکەی مندا | ٨٣ |
| گە ردیلۆکەی خودا (God Particle) | ٨٧ |
| (بـۆ): ئامرازی پرسـە یان ئامرازی بەردەوامبوونی (بوون)؟! | ٩٣ |
| کـە مـامـۆسـتـا درۆدەکـات! | ١٠١ |

ماڵە ـ کۆلێژەکانی هونەرە جوانەکان.................................. ١١٣

بێبەشکردنی منداڵ لە شیعر و مۆزیك = خنکاندنیان بە پەتی نەرم............ ١١٧

خوێندکارانی لادێیەکانی کوردستان یان کەرۆێشکەکانی تاقیگەکان!............ ١٢٥

خوێندکارە (ناجوان)ەکان پڕن لە جوانی.................................. ١٣٩

کە مامۆستا، مامۆستای دەمرێت!......................................... ١٤٧

ماچکردنی منداڵ، لە هەنگوینەوە بۆ ژەهر................................ ١٥٣

ڕێزدار مامۆستا (TECH)................................................ ١٦٣

(Facebook) نارنجۆکە سوارەکەی ناومستی هەرزەکاری کورد ............ ١٧١

مامۆستا، بە ڕێزتان، چەند زمانان دەزانن؟.............................. ١٨٣

مامۆستا، هەڵێ، پۆلیسە!............................................... ١٩٣

ئەڤینداری لە پۆلدا................................................... ٢٠٥

پێشانگەی ساڵانەی قوتابخانەکان، یان هەڕاجخانەی ڕەنگە مردووەکان؟.......... ٢٢٥

من سفرەی مێشکم، تەختەڕەش نیم!...................................... ٢٤٧

لێرە.لەنێوان قۆناغی ئامادەیی و دەروازەی زانکۆکان، ئامانێك بەقەد شوورەی چین ٢٦١

(ئەلقەیەکی ئاڵتونی لە پەیامی پەروەردەکاریماندا ونە، کێ پڕیدەکاتەوە؟) ....... ٢٦٩

ئەرێ، (OK) لە چییەوە هاتووە و کێندەرییە؟............................ ٢٨١

با (کۆبونەوەی مامۆستایان)، (کۆبونەوەی مامۆستایان)بێ! ................. ٢٩٣

پەروەردە و پێگەیاندنی "فێرخوازە بلیمەتەکان"، کێ لەئەستۆیان دەگرێ؟........ ٣١١

هەواڵنامەی کتێب

# ئامانجی ئەم پڕۆژەیە

نووسین، هەرچەند قەرزاری بەهرەش بێ، بەبێ توانست و سەلیقە و بوێری و متمانە، بەتایبەتی لە بوارێکی ناسك و هەستیاری وەك پەروەردە دا، مەحاڵە بتوانێ نێوچەوانی نیشانەکانی بپێکێ و پەیامەکانی ڕاستەوخۆ ڕادەستی خوێنەرانی بکات.

لەگەڵ تەوژمی گۆڕانکارییەکانی سەرگۆڕەپانی کوردستانی باشوور دوای ڕاپەڕین، ، وێڕای لاسەنگی و باری قورس و خاوی هەنگاوەکانی پڕۆسەی پەروەردە، ئەزموونی خوێندنی ناحکومی چاوی هەڵێنا زوو حزووری خۆی سەلماند، ئەویش وەك ئەزمونێکی نوێ، بەهەموو گوفتارو ڕەفتاری نەرێنی و ئەرێنییەکانییەوە بوو بە بەشێك لە واقعی پەروەردەیی نیشتمان. جا هەر لە دەسپێکی ئەم ئەزموونەدا، دامەزراوەی پەروەردەیی ژیار، هاوسەنگانە هەنگاوی هەڵگرت، جگە لەبایەخدان بە خوێندن و پەروەردە، ڕاگەیاندنی پەروەردەییشی کردە خەمێکی قورس و جددی خۆی و لەسەرەتای ساڵی (٢٠١١) یەکەم ژمارەی گۆڤارە شکۆدارەکەی خۆی بە ناوی (ژیاری پەروەردەیی) بە بەرگ و ناوئاخنێکی سەردەمییانەی پەیامبەخشی زانستپۆش چاپکردو و بڵاوکردەوە.

بێگومان پێش دەرچوونی ئەم گۆڤارەش، بابەتی پەروەردە و فێرکردن، هەردەم خەمی نووسەران و مامۆستاو پسپۆڕانی بووە، لێ تەرخانکردنی گۆڤارێکی ناحکومی، لە بەرگەوە بۆ بەرگ، بۆ خەم و کێشەو داهێنان و نوێگەری و تازەخوازی لە کایەکانی پەروەردەییدا، کە هەموو نووسەرەکانی مامۆستا و پسپۆری پەروردەکار بن، فەزایەکی

نویێ و ئەزموونێکی نوێ بوو، هەم لە پەروەردەو هەم لە ڕۆژنامەوانیشدا. خۆشبەختانەش گۆڤارەکە، لە ماوەیەکی کەمدا، سەرەڕای هەموو کۆسپ و گرفتەکان، توانی متمانەی خوێنەرانی وەدەست بێنێ و زوو ببێتە هاوڕێی گیانی بە گیانی مامۆستاو قوتابی و خوێندکاران.

گۆڤاری ژیار، وەك کانیاوێکی ڕوون و سازگارو شیرین، کۆمەڵێك قەڵەمبەدەستی دڵسۆزو بەتوانای لە دەووری خۆی کۆکردەوە و ئەوانیش خۆبەخشانەو جەرگسۆزانە بازوویان لێهەڵماڵی و بەو پەڕی ئەمەکداری و ئۆمێدەو کەوتنە کارو خزمەتکردنی ئەو سێکتەرە پیرۆزو مەزنە. هاوشان لەگەڵ دڵسۆزەکانی دیکە، مامۆستا (فازڵ شەوڕۆ)ی پەروەردەکاری بەئەزموون و دنیادیدە و ئەدیب و شاعیر، جوامێرانە بە دەنگمانەوەهات و بە پێمەڕەی قەڵەمەکەی، لە گێلگەکانی گۆڤارەکەماندا، کەوتە کێڵان و تۆکردن و چنینەوەی بەرهەمەکانی. هەر لە ژمارەی سێیەمەوە تا دەرچوونی ئەم کتێبە، بەبێ پسانەوە، بابەتەکانی کردووەتە دیارییەك، کە بە تاسەوە خوێنەرەکانی بەدوایدا دەگەڕێن و گەواهی ئەوە دەدەن، کە قەڵەمەکەی ئەو زامەکانی ئێستاو ئایندەی نەوەکانی ئەم نیشتمانەی، وەك کۆرپە لەباوەش کردووەو هەمیشە لە خەمی چارەسەرو تیمارکردن و سارێژکردنیان دایە.

جگە لەوەی کە (شەورۆ) بە زمانێکی کوردی ڕەووان و شیرین، خوێنەرانی خۆی دەدوێنێ، هەم بژاردەی بابەتەکانی زۆربەیان نوێن و هەم بوێرانە و بێلایەنانە، وەك هەنە، دەیانخاتە بەرچاو و شەنەوکەیان دەکا و بە پەخشانە تۆکمەدارو پەیامدارەکانی دایاندەڕێژێتەوەو بە نوێترین سەرچاوەی زانستی بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی دەوڵەمەندیان دەکات.

ئامانجەکانی دەزگای ژیاری پەروەردەیی، لە دەرچوواندنی ئەم گۆڤارە زۆرە، جگە لەوەی دیارییە بۆ پەروەردەکارو قوتابی و خوێندکاران، دەمانەوێ ئەزموونێك بۆ پەروەدەکارانی دیکە پێشکەشکەین و دەستیان بگرین لاسامان بکەنەوە. دەمانەوێ کتێبخانەی کوردی بەو سەرچاوانە دەوڵەمەندتر بکەین کە ڕەنگ بێ کەم بن یان هەر نەبن. دەمانەوێ،

هەرچی تیۆری و بنەماو داهێنانی سەردەمییانە، هەیە، لە بواری پەروەردەدا، بیان کوردێنین و پێشکەشتانی بکەین. حەزدەکەین، دەرگاو پەنجەرەکانی داهینان بیکەینەوەو، کەلك لە ئەزموونی پەروەردەکارەکانی پێشخۆمان وەرگرین، بە مەبەستی کوردتکردنەوەی ڕیگاکان و قەدبڕکردنی شاخ و تەلان و توولەڕێیەکان.

ئێستا دوای نزیکەی (١٠) ساڵ لە دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری ژیار، بە مەبەستی بە ئەرشیفکردن و باشتر خزمەتکردنی پەروەرەکارو قوتابی و خوێندکارو ڕۆشنبیرەکانمان، پرۆژەی چاپکردنی بەرهەمە بڵاوکراوەکانی نووسەرەکانمان، هەنگاو بە هەنگاو، کردووەتە خەمی خۆمان و ئەم کتێبەش، (ئەزموونی پەروەردەیی لە پۆلەوە بۆ پۆل)، زنجیرەی (٢) ی کتێبە چاپکراوەکانی دامەزراوەی ژیاری پەروەردەییە کە هەموو بابەتە بڵاوکراوەکانی مامۆستا (شەوڕۆ) و لە دوتوێی کتێبێکی پڕبایەخ و پێویست بۆ مامۆستایان و پەروەردەکاران، دایکان و باوکان و تازەلاوان چاپدەکەین، بەو هیوایەی خزمەتێك بە پرۆسەی پەروەردە و فێرکاری بکات و کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەندتر بکات.

بەو هیوایەی زووترو سەرکەوتووانەتر پێبگەین و گەشەبکەین و ئاسوودە بین!

خوا یار بێ...

هەمزە عەباس فەقێ

هاوینی٢٠٢٠، هەلێر

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# ناوئاخنی ئەم کتێبە

دەگوترێت وێنەیەك و هەزار وشە، ئێمەش دەڵێین هەر دەرسێك و دەیان عیبرەت. ئەگەر تەمەنی خوێندنی هەر یەکێکمان، بە درێژایی ئەو ساڵانەی کە بەرانبەر تەختەڕەش دادەنیشین، داچاندن و تۆکردنی بەیاری مێشك و هزر بێت بە زانیاری و مەعریفە، ئەوا ئەو ساتەی وەك مامۆستا پێدەنێینە پۆل، دەست دەکەین بە دروێنەکردنی ڕەنجی ساڵانی پێشوومان. جا لەکاتی ئەو دروێنەدا، دڕکی ئەوتۆی لە دەست و پل و قاچ و قولمان ڕادەچێ و ئەوەندە ئارەقەی شین و مۆرمان لێدەچۆڕێتەوە و هێندە پشت ئێشە و ژانە چۆك برستمان لێدەبڕن کە قەت لە هیچ کتێب و فەرهەنگێکدا بە بەرچاومان نەکەوتوون. کەواتە ئەگەر ئەزموونەکانی ئەو دروێنەکردنە، بە جوانی کۆبکرێتەوە و وەك پرتەقاڵی پاکژکراو بخرێتە بەردەستی ئەوانەی کە تامەزرۆی ئەزموون و ڕێباز و شێوازی نوێی دەرسگوتنەوەن و هەمیشە خوولیایی داهێنان و نوێگەرین، بایەخ و گرنگیی زۆریان دەبێ.

ئەو بابەتانەی لە دوتوێی ئەم کتێبەدا دەیانخوێنیتەوە، ڕێك خەرمانی ئەو دروێنەیە، کە مامۆستایەك بە درێژایی چەندان دەیەیی تەمەنی مامۆستایەتی خۆی بە دەمە داسی قەڵەمەکەی دروێنەی کردوەو دواتر بۆی تۆمارکردووە. ئەگەر بۆ تۆی خوێنەر، بابەتەکان چیرۆك ئامێز و زمان پەخشان بن و ئەوا لە ڕۆژایەکدا بۆ ئەو مامۆستایە، خەم و کێشە و دەردەسەر و خەندە و تەنز و سەربوردە بوون. ڕاستە ئەزموون، ئەلفوبێ نییە فێرە کەسێك

بکرێت، بەڵام لێشی فێردەبین، هەروەك چۆن منداڵێك فێردەبێ کە ئاگر دەسووتێنێ و دوپشك پێوەدەدات!

نووسەری ئەم بابەتانە، چونکێ بۆ خوێنەران ئەوانی نووسیوەتەوە و پتر پەیامەکانی ئاراستەی مامۆستا و فێرخوار و ڕۆشنبیران کردووە، زمانێکی ڕەوان و داڕشتنێکی کوردی و شێوازێکی هاسانی دوور لە ئاڵۆزیی و تەمومژاوی بەکارهێناوە. دەکرێ وەك ئەزموونێکی پەروەردەکاریش سەیربکرێت و لاسایی بکرێتەوە و بە ئەزموونە لەبن نەهاتووەکانی پۆل و پەروەردە و ژیان دەوڵەمەندتر بکرێت.

لەگەڵ دەرچوونی گۆڤاری (ژیار)ی پەروەردەیی لە لایەن دەزگای ژیاری پەروەردەیی لە هەولێر، ئەم بابەتانە بوونە هاوڕێ و هاریکار و ڕابەری زۆر لە خوێنەران، بەتایبەتی مامۆستاکان، جا هاندان و دەستخۆشی ئەوان لە نووسەر، بوونە هاندەری بەردەوامبوون و تۆمارکردنی ناونیشانی نوێتر، بە شێوەیەك کە تا دەرچوونی ژمارەیەکی نوێی گۆڤارەکە، نووسەر هەر بیری لە ناونیشانێکی نوێتر دەکردەوە کە لەگەڵ کەش و هەواو بارو دۆخی سیستەم و پرۆگرام و کێشەکانی پەروەردەیی هەرێم، بە هەموو قۆناغەکانیەوە، بگونجێ و ببێتە کلیل و قوفڵ شکێنی زۆر سندم و کۆت و زنجیر، بەتایبەتی دەست بردن بۆ هێندێ ناونیشان کە لە کەلتووری کوردەواریدا قسەکردن لەسەریان ڕەنگە بڤەبێ.

فازیل شەوڕۆ

دوبلن

# له خوێندكارەكانم چ فێربووم ؟

**(ئەو مامۆستایەی خوێندكار نییە،**
**مامۆستا نییە.)**
**(ف. ش.)**

هەواڵنامەی کتێب

نا دڵ له دڵ مەدە، چاوەكانت گەش و ڕۆشنن، ڕاست و دروست ناونیشانەكایان خوێندەوە و له ڕێنووس و ڕێزمان و (تایپكردن)یشیدا بەگومان مەبە، ئەوە ئەقڵی بێئاگایه كه قەڵاچنكراوە به گوزارشتە باوەكانی مامۆستایان، ئێستاش ناونیشانەكەت هەروا دێتەپێش چاو نووسرابێ (خوێندكارەكانم چ له من فێربوون؟).

(زنجیرەیەكه له ئەزموون، هەر ڕۆژەی ئەلقەیەك زیاد دەكات)، ئەگەر ئەمه سادەترین پێناسەی ژیان بێ، ئەوا دەكرێ بڵێین (مامۆستایەتیش زنجیرەیەكه له ئەزموون هەر دەرسەی ئەلقەیەك زیاد دەكات)، جا حەقته بپرسی: خۆ مامۆستا خۆی و خۆیەتی له پۆلدا، ئەوە ئەو ئاسنگەر كێیه ئەلقەكانی ئەو ئەزموونه به كوورە و چەكوش و دەزگای خۆی دروست دەكات؟

مامۆستای پەروەدەکاری بەهرەمەند، ئەمین سەپان، دەڵێ:"هەر کە گەیشتمە قوتابخانەی گوندی، لەیەکەم ڕۆژی دەست بەکاربوونم، خۆمکرد بە پۆلێکی چۆل وهۆلدا ـ چونکە پاشنیوڕەۆ بوو گەیشتمە جێ، یەکسەر تەختەڕەشەکەی پۆلم ماچکرد، دیار بوو بەردەستی قوتابخانەکە کە ئەم ڕەفتارە ڕەچاونەکراوەی من دەبینێ، بەغار خۆی دەگەێنێتە ماڵی بەڕێوەبەر و پێیدەڵێ" بەگم! مامۆستایەکی نوێمان بۆ هاتووە... لێ، پێدەچێ، زۆریش تەواو نەبێ!"

مامۆستا، ئەمین سەپان، وەك خەمخۆر و جەرگسۆزێکی پەروەردە و قوتابییەکانی، دەزانێ کە پەیمانگای مامۆستایانی ئەو، لەو قوتابخانە سادە و ساکارەی ئەم گوندەوە دەستپێدەکات و درێژەپێدەری ئەو پەیمانگایەیە کە دوێنێ لێی دەرچووە. بە واتایەکی دیکە، پەیمانگاکەی دوێنێ، کایەیی تیۆریی بوو، پەیمانگاکەی گوندی، کایەیی پراکتیکییە، تاکە جیاوازیشیان ئەوەیە، لە پەیمانگای دووەمدا، قوتابییەکان مامۆستان.

ـ قوتابییەکان، خوێندکارەکان، فێرخوازەکان، ئەوان باشترین ئاسنگەرن!

پیشەی مامۆستا فێرکردنە، لەم سەردەمەشدا بایەخ و گرنگی ئەم پیشەیە هێندە مەزن وپیرۆز و پڕ بایەخە، کە ڕشتەی هەموو زانستەکان بەردەوام لە کاردان بۆ خزمەتکردن و پێشخستنی ئەو ڕشتەیە بە جوانترین و شیاوترین شێوە. بەمەرامی گەیشتن بەم مرازەش پتر کار لەسەر ئەم (٣) بابەتە دەکەن:

**فێرکردن چییە؟**

**چییان فێربکەن؟**

**چۆن فێریانبکەن؟**

فەرهەنگی (Webster_Merriam) بەم شێوەیە واتای زاراوەی (فێرکردن) لێکدەداتەوە:

- ئەو کارە یان ئەزموونەیە کە یەکێك فێری دەبێ.
- زانیارییەك یان ئەزموونێك لە ڕێی دەرسپێدان یان سەعیکردن وەدەستدێ.
- گۆڕانکاریکردن لە شێوازی هەڵسوکەوتێك لەڕێی ئەزموونەوە.

هەرچی خاتوو(سۆزان ئەمبرۆز Susan Ambrose)ە ـ پرۆفیسۆر لە ڕشتەی پەروەردە و مێژوو لە زانکۆی (Northeastern)، بەم وشانە پێناسەی (فێرکردن) دەکات و دەڵێ:" فێرکردن کاروچالاکییەکە کە هۆکارە بۆ گۆڕین، ئەویش دەرهاویشتە ئەزموونێکە دەبێتە وەسیلەی زیادکردنی توانستی پێشکەوتووی ئەنجامدان و داهاتووی فێرکردن."

جا ئیمڕۆ لە کتێبخانە ناودارەکاندا، پەیوەنددار بەم بابەتە، بە هەزاران ناونیشان لەبەر دەستدان، ڕۆژیش نییە لەسەر ئاستی بەرز و بڵندی مەڵبەندە تایبەتمەندەکاندا، کۆڕ و سیمینار و(Workshop) و کۆبەند بۆ پێشخستن و سەرخستنی ئەم بابەتە ئەنجام نەدرێن. ئەوە جگە لەو هەموو پرۆگرام و کتێب و نامیلکانەی پشتی ڕەفتەی کتێبخانەکانی قوتابخانەو پەیمانگەو کۆلێژەکانیان کۆمکردۆتەوە. هەر هەمووشیان هەڵگری یەك خەون و پەیامن:

**چۆن ئەدای مامۆستا باشتربکەین؟**

دڵداری شاعیر(١٩١٨ـ ١٩٤٨)، لە پێشەکی دیوانەکەیدا دەنووسی:"ناخۆشترین ڕۆژ لە ژیانمدا ئەو ڕۆژە بوو کە لە کۆلێژی یاسا دەرچووم، چونکە وشەی (قوتابی)یان لێسەندمەوە."جا ئەگەر فێرکردن پیشەی سەرەکیی مامۆستابێ، دەبی ئەو هەمیشە خەریکی خۆفێرکردن بێ ـ بە هەموو زانیارییەکان ـ تا بتوانێ سەرکەوتووانە ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات. ـ ئەزموونی (٣٥) ساڵ مامۆستایەتی فێریکردم ـ لە پاڵ خوێندنەوەی بەردەوام و بەدواداچوون و سەعیکردن ـ فێربوون لە خوێندکارەکان و لە ئەزموونی خۆم، مامۆستای باش و ڕابەری بە ئەمەك و فەرهەنگی دەوڵەمەندن بۆ مامۆستا. بە کوردی و کرمانجی:" مامۆستای سەرکەوتوو دەبێ خوێندکاری سەرکەوتوو بێ."ئەسلەن، لە خوێندکارەکانی، مامۆستا فێرە دەرسی ئەوتۆ دەبێ هیچ نووسەرێك پەی پێنەبردووەو لە قوتوی هیچ بلیمەتێکدا نییە!

هەواڵنامەی ژێر

جا ئەگەر ژیان خەرمانێك ئەزموون بێ، دەكرێ ئێمەش لەیەكتری فێربین، هەرچەندە ئەزموون فێرناكرێت و ناخوێندرێت! لێ ڕەنگبێ ڕێنیشاندەر بێ بۆ كەسانی دی، كە چۆن ئەوانیش دەتوانن لە كارێزی ئەزموونەكانی خۆیان (دەرسەكان) هەڵێنجن. ئەم دێڕانەی لێرەدا بەندە بۆتان تۆماردەكەم، ڕەنجی شەونخوونی و ئارەقە ڕشتن و كەوتن و هەڵسانەوە هەڵەكردن و ساتمەكردنمە لە ژیانی مامۆستایەتیمداو زۆریش قەدرزانی ئەوانم، چونكە زۆریان لێ فێربووم و لە زۆرتەنگژە و كەندو كۆسپیشدا دەستگرم بوون، بۆیە لێرە، لە دڵرا سوپاسگوزاری خۆم بۆ (خوێندكارە مامۆستاكانم) پێشكێش دەكەم.
لە خوێندكارەكانم فێربووم:

*** كۆڵنەدەم و نەبەزم:**

(كاروان) پۆلی هەشت بوو، ساڵێكی ڕەبەق بە كورتەك و شەرواڵێكی چڵكن و جووتە پێڵاوێكی لاستیكی قەپۆزدراو، ڕۆژانە خۆی دەخستە بەر دەسترێژی دۆشكەی جاش و سەربازان و لە دەشتی كۆیەوە بە پێ دەهاتە قوتابخانەی (سەرباغ)، گەرچی لە پۆلی هەشت بوو، لێ ئاستی ئەو نەدەگەیشتە قووتابییەكی پۆلی پێنجەمی سەرتایی. تا بڵێی كۆڵەوار بەڵام لە هەنگوین شیرییینتر لە پەپوولە جوانتربوو. زۆر زۆر لەگەڵی ماندووبووم. نەم هێشت نە خۆی و نە هاوپۆلەكانی هەست بكەن كە سۆزێكم بۆ ئەو هەیە. دەبوایا وشە بە وشە لە دوای خوێندنەوەی من، بیڵێتەوە، دەبوایا وشە بە وشە لە دوای قوتابییەكانی پۆلەكەی بڵێتەوە... تا گەیشتە ئەو ڕۆژەی (كاروان) لە ناوەندی پۆل وەك پڵێنگ ڕاوەستێ و كتیبەكە بەدەستەوە بگرێ و وەك زیرەكەكان بخوێنێتەوە و پرسیارەكان بەمتمانەوە وەڵام بداتەوە. خۆشبەختانە ئەو توانی لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێ و بەردەوام بێ لە خوێندن. سەرەتا باوەڕم بەخۆم نەبوو كە بتوانم نەهێڵم (كاروان) بكەوێ، بەڵام ئەو فێریكردم كە مامۆستا نابێ كۆڵبدا و ببەزێ، هەرچەند ئاستی خوێندكارەكانی نزم و شكستخواردوو بن. (١٩٨٤)

***   ئەوان هەموویان نانی یەك گەنم نیین (هەڵە کوشندەکە):**

(سـووره) بە دەمانچەوە دەهاتە ناو پۆل و زۆرجار مامۆستا ژنەکان لە ئامادەیی پیشەسازیی کۆیە بەچاوی بەفرمێسکەوە لەدەست ئەو، پۆلیان بەجێدەهێشت. هەرچەندە قەت ئەو کوڕە باوك جاشە دڵی منی نەڕەنجاند، لێ هەر لە هەڵسوکەوتی نیگەران بووم. تیگەیشتبووم کە دەبێ بە زمانێکی جیاواز لەگەڵ ئەودا مامەڵەبکەم، نە بۆی دانەوێنم و نە زەردەواڵە ئاسا هاریکەم. خۆشبەختانە ڕەنجی دوو سێ مانگم لەگەڵ (سـووره) بەزاعێنەچوو و توانیم کەسێتی ئەو تەواو بگۆڕم، ببێتە مێرخاسێکی جوانڕەوشت. لەو ڕۆژەوە تیگەیشتم کە هەموو خوێندکارەکان نانی یەك گەنم نین و هەڵەیەکی کوشندەیە بە یەك زمان و بە یەك جۆرە ڕەفتار و بە یەك شێواز مامەڵە لەگەڵ کۆی خوێندکارەکانتدا بکەی. (١٩٨٣)

***   مامۆستاش هەر دوو گوێی هەیە:**

کە پرسیارەکانم بەسەریاندا دابەشکرد، (شیرین) ویستی بڵێ: (من نامەوێ تاقیکردنەوە ئەنجام بدەم)، لێ من نەمهێشت قسەکەی تەواو بکات وتێمخوڕی کە هەر دەبێ شتێك بنووسێف و جواب نەدانەوە نییە! خوێندکارەکانی پۆلی نۆم لە شاری (شـنۆ)یە ـ ڕۆژهەڵات ـ کوڕ وکچ بوون، کە (شیرین) وەرەقەی جوابی دایەوە دەستم، نووسی بووی(مامۆستا سبەینێ نامەیەکم هەیە بۆت). ئەو لە جیاتی نامەکە، لەدەفتەرێکی (٣٠)ی پەڕییدا، دەردەدڵی خۆی بۆ هەڵڕشتبووم. زۆر پەشیمان بوومەوە کە گوێم لە (شـیرین) نەگرت، نەمدەزانی باوکە دووژنە هونەرمەندەکەی هێندە زاڵمانە منداڵەکان و ژنەکانی یەخسیر و زەلیل کردووە. (شـیرین) زوو فێریکردم: کە بۆیە مامۆستاش دوو گوێی هەیە تا هێمنانە گوێ لە خوێندکارەکانی خۆی بگرێ و کێوخوا وئاغایانە لەپۆلدا ڕەفتار نەکات. (١٩٧٥).

هەواڵنامەی بتێر

### * خەنجەری زمان با هەر لە کالآندا بێ:

کە دەفتەری ئەزموونەکانیم هەڵەچنکرد، بینیم کتومت هەر هەموو جوابەکانی وەکو جوابەکانی (ناژۆێ) دەستەخوشکی نووسیوەتەوە. یەك نمرەشیان وەرگرت، ڕۆژی داهاتوو کە دەفتەرەکانم بەسەردا دابەشکردنەوە، بە زەردەخەنەیەکی تەنزئاسا، دەفتەرەکەی ئەو خوێندکارە کچەم، ڕادەستی کردەوە و لەبەرە خۆمەوە گوتم (Copied) ـ واتا نەقلتکردووە ـ بۆ چەندان ڕۆژ ئەو کچە سەری لەسەر ڕەحلەکەی هەڵنەگرت و پەیامەکەی خۆی بۆ ناردم کە (هەڵەیەك ڕوویداوە). کە ئەزموونێکی دیکەم کردن، جوان جوان و زۆر بەدیقەت بە دەفتەرەکەی ئەو کچە داچوومەوە، زانیم من هەڵەم کردووە و جەوابەکانی زادەی بیر و هزری خۆیەتی. ئەوجارە بە (فۆنتی) گەورەی ئاچووغ لەسەر پرسیارەکانم نووسی ( I'm So sorry)، لەسەر وەرەقەی ئەو خوێندکارکچەش وێنەی گوڵێکم بە تەوازوعەوە پێشکێش کردبوو. هەردووکمان لێك تێگەیشتین. ئەمە بۆمن بووە دەرس کە قەت دەست بۆ مشتەی خەنجەری زمان نەبەم و زۆر ئاگاداری حەرف و وشەو ڕستەکانم بم لە پۆلدا و دەبێ زۆر دڵنیابم لە حوکومدان ـ هەرچەند دڕەنگیش بوو ـ. (٢٠١١)

هەواڵنامەی کتێب

### * منیش مرۆڤم:

دوای ڕاڤەکردنی بابەتێکم لە پۆلی (١٢)، دەستمکرد بە خوێندنەوەی پەرگرافەکانی، لە گەرمەی خوێندنەوەدابووم، گوێم لێبوو خوێندکارێك ڕێك لەدوای من بە هێمنی وشەیەکمی بە (تەلەفوزێکی) جیاواز گوتەوە، خۆم نەشێواند و هەر بەردەوام بووم... دواتریش دوو سێ خوێندکار هەر بە لاسایکردنەوەی من بابەتەکەیان بۆ پۆل خوێندەوە، هەر کە زەنگی پشوو لێدا، خۆم کرد بە ژووری مامۆستایان و تەماشای فەرهەنگی ئینگلیزیم کرد. بینیم تەلەفوزەکەی خوێندکارەکە دروستترە. دەرسی ئایندە لە ناوەندی تەختەڕەشەکە، وشەکەم نووسی و داوام لە پۆلەکە کرد، کە سێجار بە تەلەفوزە دروستەکە، دوای من بیلێنەوە، دواتریش چەپڵەیەکی قایم بۆ خویندکارەکەی هەڵەکە ڕاستکردمەوە، لێدەن. ئەوجا گوتم: "منیش مرۆڤم و مەعصووم نییم لە هەڵە. ئەگەر مامۆستا بە

هەڵەی خۆی زانی و ڕاستی نەکردەوە ئەو خائینە، چونکی زانست دەبێ بە ئەمانەتی بگەێندرێتە دەستی فێرخۆاز." دوای (١٥) ساڵ جارێکی تر هەمان شت لە پەیمانگەی مامۆستایان لە هەولێر دووبارە بۆوە وقەدرزانی خوێندکارە کچەکە بووم کە دەستی گرتم لە ڕاستکردنەوەی هەڵەیەکم. لە خوێندکارەکانم فێربووم، مامۆستای خاوەن پەیام، نابێ شەرم لە هەڵەکانی خۆی بکات و هەرگیز بە ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی خۆی بچووک نابێتەوە. (١٩٨٧) (١٩٩٢).

*** خۆشەویستی، خۆشەویستی، خۆشەویستی:**

لە ڕوخسار و گوتار و کرداری خوێندکارەکانم فێربووم کە گوزارشتەکەی (نشتە)ی فەیلەسوفی ئەلمانی چەند دروستە کە دەڵێ:"ئیمە تەنها لەو کەسانە فێردەبین کە خۆشمان دەوێن." هەرچی ڕێباز وتیۆری و تەکنیکی دەرس وتنەوە هەیە لە تاقیگەی پۆلەکاندا تاقیمکردونەتووە، هیچیان بە قەد(تیۆریی خۆشەویستی) دروست و کاریگەر نەبوون. خوشەویستییەك، خوداوەندی بێ، مرۆڤدۆستانەوە و پەروردەکارانەبێ. بەدەرلە بەرژەوەندی کەسی و و ڕیایی و خۆڕەپێشکردن و شوەرەت وەدەستهێنان. کەس وەك خوێندکار مرواریناس نییە. کە زانی عەقیق و مرواری خۆشەویستیت بێغەل وغەشە، دڵپاکانە لێت فێردەبێ و تاهەتایە قەدرزانی زانست ومەعریفەکانت دەبێ. مامۆستای مۆن و بوغزلەدڵ هەمیشە دۆڕاو وشکستخواردوە. (١٩٧٨)

*** ڕاوپێشناری جوان هەر جوانە:**

سەرەتای مانگی نەورۆز بوو، دانیشتنی بەر خۆرەتاوی دەم شەماڵی فێنك، بەرانبەر دەشت و دەری سەوز و ڕەنگین و ئاسمانی پەلەهەوراوی، پیاوی سەرمەست و مەدهۆش دەکرد، دەوری سەعات (٣)ی پاشنیوەڕۆ بوو، هەر چوومە ناو پۆل، کچۆڵە خوێندکارێکی مەستوورە، لەبەرەخۆیەوە بەدەم تەماشاکردنی لە پەنجەرەکەوە، گوتی:" ئەم دەشت و دەرە چەند خۆشە."یەکسەر گوتم:" تەنها کتێبی ئینگلیزیتان بگرنە دەست و بە هێمنی بچوونە

سەربانی قوتابخانەکە و لەوی وەك ڕیزی پۆلەکە لەسەر بانەکە دانیشن. ئەو ڕۆژە دەرسێکمان خوێند لە خۆشیی و چێژ و سوود بێنەزیر بوو. لەوە ڕۆژەوە فێربووم کە ڕێز لە ڕاو پێشناری خوێندکارەکانم بگرم و هەموو ساڵێك یەك و دوو دەرسم لە دەرەوی پۆل، بە خوێندکارەکانم داوە، گۆڕینی ژینگەی پۆل زۆر سوودبەخش بووە. لە زۆر کایەو بواری دیکەشدا ڕای جوان و شیاوی ئەوانم پەسندکردووە. (١٩٨٨)

***　　ئـاوێنـەکـانـم:**

که زەنگی وانە لێدا و گەیشمە بەردەرگای پۆلەکەم، بێنیم بەڕێوەبەر بە تورەیی و بێزارییەوە ئەوەی دێتەسەر زاری نایگێرێتەوە و خوێندکارەکانی خراپ شووشتۆتەوە و بەدرێژایی پشووەکە هەر سەرکۆنەی کردوون. کە لە پۆلەکە هاتە دەرەوە، فزوولی یاخەی گرتم، لە هۆکاری ئەو دلێشانەی بەڕێوەبەرم پرسی، خوێندکارێك یەکسەر گوتی:" مامۆستا (س) شکایەتی لێکردووین، گۆیا گاڵتەمان پێکردووە، ئەو بۆخۆی زنجیری پانتۆڵەکەی هەڵنەکیشابۆوە، خەتای ئێمە چییە!" هەر بۆ بەیانی ئاوێنەیەکی باڵانوێنم لە شوێنێکی ئەوتۆی دالانی قوتابخانەکەدا هەڵواسی، کە هەر مامۆستایەك بەلایدا ڕەت بێ خۆی ببینێ. چووبم بۆ هەر قوتابخانەیەك ـ لە هەر ئاستێك بوو بێ ـ ئاوێنەیەکم بۆ مامۆستاکان هەڵواسیوە، تا ڕێکپۆش و پۆشتەوپەرداغتر خۆیان ببینن. خۆشبەختانە دواتر زۆر قوتابخانەش لاسایی کردمەوە، تەنانەت لە وڵاتی (لیبیا)ش ئاوێنەکانم قوتابخانەکانی جوان کردبوو. فەرزە مامۆستا جوانپۆش و ڕێکوپێك بێ و پێش ئەوەی بچێتە پۆڵ تەماشایەکی خۆی بکات، هەر نەبێ لەسەرەتای دەرسی یەکەمدا. (١٩٩٠).

***　　جووجەڵە هەر لە ژێرتریانە نابێ:**

بەیانی زوو بوو لە بەردەم نانەواخانەیەکدا ڕیزم گرتبوو، ئەوەندەم زانی چەند سەربازێك خۆیان لە (ئیڤا)یەکی سەربازی فڕێ دایە خوارەوەو بەرەو ئێمە هاتن. هێندێك لە نانکرەکان بە دزییەوە ڕۆیشتن، هێندەی پێنەچوو، ئەفسەرێکی یەك نەجمە لێم نزیك بۆوەو

به عەرەبی پرسیاری لە من کرد ئاخۆ من (استاذ فاضل)م، کە گوتم خۆیەتی، باوەشی پێداکردم و ماچی کردم، گوتی (تۆ مامۆستا ئازیزەکەمان بوویت لە ـ ئامادەیی فەلەستین ـ لە شاری ڕومادی دەرسی ئینگلیزیت پێدەگوتین). ئەمە هەر (٤) ساڵ دوای دامەزراندنم بوو. لەو ئەفسەرە تێگەیشتم کە دەبێ هەمیشە بە چاوێك سەیری خوێندکارەکانمان بکەین کە ئەوان پێشوەخت بوون بە دکتۆر و مامۆستاو فەرمانبەرو پارێزەر و شۆفێر و فیتەر و کارەباچی وئەفسەر... تاد. ئەمەش وایکرد کە پتر ڕیز لە هەموو خوێندکارەکانم بگرم و ئەو ڕۆژەم لەبەر چاوبێ کە لە مەکان و زەمەنێکی دیکەدا دەیانبینمەوە. کورد گوتەنی "جووجەڵە خۆ هەر لە ژێر تریانە نابێ." (١٩٧٩).

* **هەموو وانەیەك وانەیەکی نوێیە:**

ساڵێك پێش خانەنشینیم، (ڤالاّ)ی تەمەن شانزدە حەڤدە ساڵ، یاخەی گرتم و پرسی:"مامۆستا! چی بکەم تا منیش وەك تۆ بم لە دواڕۆژدا؟" پرسیارەکەی بۆ من قورس بوو: گوتم:" هەمیشە هەوڵبدە (٢) جۆرە شتی بخوێنیتەوە بە بەردەوامی: یەك: کتێبی کتێبخانەکان، دوو: کتێبی نەنووسراوەی ژیان. منیش هەمیشە کتێب دەخوێنمەوەو کتێبی چاو و تەوێڵ و ڕوخساری خوێندکارانیش دەخوێنمەوە و شتیان لێ فێردەبم." گوتی:" لە منیش؟" گوتم:" ئەدی ئەوە نییە لە تۆش فێرە پرسیاری وا قورس دەبم." ئەگەر "هەموو ڕۆژێك، ڕۆژێکی نوێ بێ، ئەوا بۆ مامۆستاش هەموو وانەیەك ڕۆژێکی نوێیە."

هەمیشە کە چوومەتە پۆل وام هەست کردووە ئەو یەکەمین جارمە دەچمە ئەو پۆلە و کەشکۆڵم پڕاوپڕبووە لە شتی نوێ. (٣٥) ساڵ دەرسم گوتەوە، نەمهێشت دوو دەرسم وەك یەك بن و لە پۆلدا کاوێژبکەم. ئەمە ستایشکردنێکی جوان نییە، لێ خوێندکار وەك بێچووە کۆتر وایە، هەمیشە چاوەڕوانی ئەوەیە کە دەگەڕێتەوە هێلانە، شتێکی خۆشتر و بەتامترت بۆ وەدەست هێنابن. ڕەنگێ ئەمە سیحری ئەوەبێ، خوێندکارەکانم لێم بێزار

نەدەبوون، کە زەنگی پشووش لێدەدا، تەواوێك لەدڵیان گران بوو... چاوەکانیان وایان پێدەگوتم! (٢٠١٣)

ماوەتەوە بڵێم، سەرپەرشتیاریی حەقیقی من لەو (٣٥) ساڵەی مامۆستایەتیمدا، تەنها خوێندکار بووە. کاڵفامن ئەوانەی وادەزانن خوێندکار، کەسێکی کەم ئەقڵی، نەفام و پێنەگەیشتووەی بێئەزموونە.

ئەمەی لێرەدا بۆم تۆمارکردوون، چەند لاپەڕەیەکە لە ئەزموونی ژیانی مامۆستایەك، کە لە ڕۆژایەکدا خوێندکار بووەو جارێکی دیکە خۆی کردۆتەوە خوێندکار، لێ جاری دووەم، خوێندکارێك کە مامۆستاکانی خوێندکارەکانی خۆی بووە!

هەواڵنامەی کتێب

# بۆ ئینتەرنیت ـ چییەکانی کورد،
# لە هەر کوێ هەن!

"حەقیقەتێکی زەقی ئەم سەردەمە ئەوەیە
کە هەموو گۆتەگۆتێك مەعریفە نییە."
**Caleb Carr**

هەواڵنامەی کتێب

گەلی برادەرینە! ئەگەر گۆڕانکارییەکانی سەردەمی بەرد و سەردەمی ئاسن و سەردەمی مێژوو و سەردەمی پیشەسازی و.......بە سەدان ساڵیان خایاندبێ تا پەڕیونەتەوە قۆناغی دوای خۆیان، ئەوا خێرایی گۆڕانکارییەکانی (سەردمی زانیاری) کە ئێمەی وا دەستاودەستی پێدەکەین، هێندە تیژڕەو وسرکە، کە پێڕاگەیشتنی مەحاڵە بۆ کەسێ کە باش بەخۆنەکەوتبێ و بە کەرەستەو ئەسبابی پێویست خۆی بۆ تەیار نەکردبێ. یەکی لەو کەرەستە زەروریانەی کلیلی دەروازەی مەعریفەت و زانست و ئەدەبمان بۆ دەکاتەوە (کتێبە)، بەڵێ کتێب!

کتێبخانە چییە؟ پێناسە تەقلیدییەکەی هەر ئەو کۆمەلە کتێبەیە کە کۆدەکرێتەوە یان ئەو شوێنەیە کەتێیدا کۆدەکرێتەوە و هەڵدەگیرێ. بەڵام ئێستا کە بابەتی کتێبخانە بۆتە

زانستێکی سەربەخۆو لە زانکۆ بەناوبانگەکاندا دەخوێندرێ ، بەو کۆکراوەیە دەگوترێ کە سەرچاوە و خزمەتگوزارییە دگیتەڵییەکانییش دەگرێتەوە، کە دەکرێ بە شێوەی تۆمارکراوا یان بیستراو یان بینراو بێت، کە ئەوانیش کۆمەڵێك سەرچاوە دەگرنەخۆ وەك: بەرهەمە چاپکراوەکان، بیستراوەکان (Audio)، بینراوەکان(Visual)، مایکرۆفۆرمەکان(Microfilm/Microfiche)، و (CD) و ڤیدیۆی و کاسێت و یارییە ڤیدیۆییەکان و کتێبی ئەیلکترۆنی (e-book)،و کتێبی بیستوك(Audiobook) لەگەڵ سەرجەم سەرچاوە ئەیلکترۆنییەکانی دیکە. ئەوجا دەکرێ ئەو سەرچاوانە لە کتێبخانەی گشتی یان کەسی یان دەستنووسی هەڵگیرن و بپارێزرێن و بەکاربێن. ئیمڕۆ زۆر کتێبخانەی گەورە گەورە هەیە وەك کتێبخانەی کۆنگریسی نیشتمانی ئەمەریکی کە نزیکەی (٣٠) ملیۆن کتێبی تێدایە و کتێبخانەی نیشتمانی چینی کە نزیکەی (٢٢) ملیۆن و کتێبخانەی زانستی ئەکادیمی روسی کە (٢٠) ملیۆن کتێبیان تێدایە. کرۆکی بابەتەکەی ئێمە ئەوەیە، کە لەم ئانوساتەدا کتێبخانەی کۆمپیوتەری و دیگیتەڵی سەرتاپای جیهانی داگیرکردوەو تەنانەت کتێبخانە تەقلیدییە کۆنەکانیش بەرگی تازەبابەتی (زانیاری سەردەمیان) پۆشیوە و شان بەشانی ڕەوتی تەکەلۆژیای تازەبابەت دەڕۆن و تەریبن لە هەنگاوەکانیاندا. ئێستا لەجێی خۆتەتی بپرسین : ئایا کتێبخانەی کوردی لەکوێی ئەم مەیدانەدایە؟

سەد حەیف و مەخابن، لە ساڵی ١٩٥٢ کە مامۆستا عەلائەدینی سوجادی کتێبی (مێژووی ئەدبی کوردی) چاپکرد (٥٠٠٠) دانەی بەیەکجار لەبازاڕ نەما، ئەوکاتە ژمارەی خوێندەوارو ڕۆشنبیرانی کورد هەر چەند هەزارێك دەبوون، کە چی ئیمڕۆ لە کوردستانی باشوردا ملیۆنێك و نیو خوێندکارو (١٢٠) هەزار زانکۆیی هەیە، ئەوە جگە لە ژمارەی خوێندەوارانی تر، زۆر بەزەحمەت (٥٠٠) دانە چاپکراو لە بازاڕا ساغدەبێتەوە. لەبەر قامتێك کەمیوکۆڕی و ئەسباب و عیلەت، ئیمڕۆ ئێمەی کورد یەکێك لە هەژارترین نەتەوی سەر ڕووی زەمینین لە کتێب و کتێبخانە، بە بەراورد بە ژمارەی نفوسی کەسەکان. یاخۆا کەس حاڵی بەحاڵی خوێندکارێکی زانکۆیی کورد نەبێ لە زانکۆ و

پەیمانگاكانی كوردستاندا! جارێ كتێبخانەكانیان هەر دەڵێی كۆنە حوجرەی مەلایانە ـ یەك دووانێكیان نەبێ تازە دێ پێ بگرن و بێنە گاگۆڵە ـ ئەوجا سەر بارو بنباری ئەم خەمە گەورەیە، خوێندكارەكانمان هیچ زمانێكی بیانی غەیری كوردی نازانن، تا بپرژێتە گیانی سەرچاوە بیانییەكانی وەك ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی و یان عەرەبی و فارسی و توركی. ڕاستە بەحوكمی قەدەرە نەخوازراوەكە، هێندێ لەكوردانی ڕۆژهەڵات زمانی فارسی و كوردانی باكوور زمانی توركی، كوردانی باشوور زمانی عەرەبی دەزانن، بەڵام ئەوەی قوڕی كردۆتە سەر خوێندكارەكانی باشوور ئەوەیە لەم زمانانە مەحرومن، دوای ڕاپەرین، وەزارەتەكانی پەروەردەو خوێندن هەڵەیەكی مێژوویيان كرد، بە سڕینەوەی زمانی عەرەبی لە پڕۆگرامەكانیان ـ كە دەقاودەق لە هەڵە كوشندەكەی موعەمەر قەزافی دەچوو كە فێربووبی زمانی ئینگلیزی لە لیبیا قەدەغە كرد دوای بۆمبارانەكەی ئەمەریكا لە ساڵی (١٩٨٤) دا. خوێندكارانی زانكۆكانی وڵاتە پێشكەوتووەكان ئەم جۆرە كێشەیەیان نییە، ئەوان لە زانكۆ قبوڵناكرێن گەر یەك دوو زمانی غەیری زمانی دایك نەزانن و كتێبخانەكانیشیان لە بەر كتێب زۆری شوێن نییە پێتی لێدابنێی. كەواتە ئەگەر زوو بەخۆمان ڕانەپەرین، كوڕینە ڕۆژگارێكی زۆر ڕەش چاوەڕوانمان دەكا! باوەڕ بفەرموون بابەتی زانیاری و ئەدەبیی ئەوتۆ هەیە كە یەك دانە كتێبی لە كتێبخانەكانی كوردستان چەنگ ناكەوێ. ئەوسا تەنها ڕێگا چارەمان (سازكردنی كتێبخانەی كۆمپیوتەری و دیگییتەڵییە). سا تا زووە:

١. دەبێ هەر وەزارەتەی لە شوێنی خۆی و بەگوێرەی پسپۆڕیی خۆی بكەوێتە گەڕ بۆ دابەزاندنی باشترین و زۆرترین بەرهەمی خۆی یان ئەو بەرهەمانەی پەیوەستن بە كارەكانی ئەوان.

٢. فەرزو واجیبە كە وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا هەر ئێستا دەستبكەن بە ئامادەكردنی پڕۆژەی دابەزاندنی كتێبەكانیان.

٣. وا نزیكەی (٣٠) زانكۆ لە كوردستانی باشووردا هەیە، واجبی ئەوانە كە ئەم ئەركە نەتەوایەتی و مرۆڤایەتییە بگرنە ئەستۆی خۆیان.

٤. هەرکەسێ لە ئینتەرنێت شارەزایە، بەتایبەتی ئەو نووسەرانەی بەرهەمیان دەخەنە بازاڕەوە، با بابەتەکانیان لە ئینتەرنێت دابگرن.
٥. دەزگاو ڕێکخراوەکانی چاپ و پەخش و بڵاوکردنەوە، با بەیەکەوە یان هەر کەسەی لە شوێنی خۆیەوە قۆڵی لێهەڵماڵێ و بکەوێتە کار بۆ ئەم مەبەستە.
٦. کوردانی ئەوروپاو ئەمەریکاو وڵاتانی تر دەتوانن یارمەتیێ کتێبخانەی ئەیلکترۆنی کوردی بدەن، بەحوکمی شارەزایی خۆیان.
٧. فەرزو واجبە لەسەر ئەنجومەنی سەروکایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پڕۆژەی وەرگێرانی کتێب بکاتە پڕۆگرام و کتێبە زیندووەکانی دونیا وەرگێرێتە سەر زمانی کوردی. سەیرکەن، چۆن ئێرانییەکان گەورەترین پڕۆژەی وەرگێرانی کتێبە مەزن و زیندووەکانی دونیا وا جێبەجێ دەکەن.
با هەر کەس لە جێی خۆییەوە، هەوڵبدا بەردی بناغەی ئەم تەلارە مەزن و پیرۆزە دانێ.
ئێ خوایەو پیاوێکی ئاقڵمان لێ هەڵکەوێی و ئەم کوختەمان بۆ بکاتە تەلاری کتێبخانەی تازەی کوردی (کتێبخانەی ئەیلکترۆنی کوردی).
دەبێ نەمرم ئەم خەونەم بێتە دێ!

# لافاوێكی بێئامان بەرەو ئێرە بەرێوەیە...

# ئاگادار بن!

**"ماددەی هۆشبەر، بەرەو دۆزەخێكت**
**دەبات، گۆیا بەهەشتە."**
(Donald Lyn Frost)

**(ئەگەر ترسـان لە ڕاستییەكان ترسنۆكی بێت، ئەوا شـاردنەوەیان بەدڕەوشتییە.) ف.ش.**

دەزانم باوان و مامۆستاكان بۆ مسـۆگەركردنی ئاینـدەی پـر خۆشـی و سـەرفیرازی بـۆ مندالّ و فێرخوازەكانیان چـەند بەپەرۆشـن. بەقـەد هەڵپـەی سـاوا بـۆ مـەمكی دایـك و پەرۆشتر لە چاوەڕوانی جوتیر بۆ پەلّەی باران و ڕشتتر لە ئومیـدی زینـدانی بـۆ شـكاندنی كۆت و سندمی دەست و پیّ، ئەوان لە بیر وهزری ڕۆژە نادیارەكـانی داهـاتووی ئـەوانن و شێتگیرانەش ـ ئەگەر لەسەر حیسابی تەندروستیی و باخەلّ و ئیسراحەتی خۆشـیان بـێ ـ ڕەنج دەدەن و خەبات و كۆشش بۆ وەدەستهێنانی (ئاسودەیی ئەوان) دەكەن.

بەلاّم با ئەو باوان و مامۆستا ڕێزداراە، با باش بزانن نە سـەردەمی ئیمـڕۆ سـەردەمی دوێنێكەیە و نە كوردستانی ئیمڕۆش كوردستانی پێرێكەیـە. ئەگـەر سـنووری جـوگرافیی

کات بەسەربردنی منداڵەکان، جاران، هەر ماڵە و کۆڵانەکانی دەوروبەر و خانەخۆی خزم و دۆستەکان بووبێ، ئەوا ئیمڕۆ بەبێ ئەوەی ئەو منداڵانە پێ بنێنە بەر دەرگای حەوشە و بەبێ عیلمی ئەوان، قاچێکیان لە ژاپۆنە و قاچێکیان لە مەکسیك. چاوێکیان لەسەر سکرینی تیڤی هۆڵەکەیە و چاوەکەی تریان لە سەر شەقامەکانی پاریسە. گوێچکەکیان لەلای تۆیە و ئەوی دیکەیان ڕادەستی هاوڕێیەکی دیکە کردووە. بەڕاستی ئەم جیهانە فراوانەی دوێنێ، بۆتە گوندێکی بچووك، هەموو شتەکان و ڕووداوەکان و کەسەکان، هێندە لێك نزیکن، شان شان دەسمێ. تا ئێرە ئەمانە هێچ جێگەی ترس و نیگەرانی نین. بەڵام کاتێك تەپوتۆز و خۆڵ و ژەنگی سەر ئەم دیمەنە دادەتەکێنی و ڕووە ڕاستییەکەی شتەکان دەبینی، جەرگت خورپە دەکات و هەناوت دێتەخوارێ. ئاخر هەواڵەکان ترسناکن: نەختێك لە باشووری خۆمانەوە، لە شارەکانی کەربەلا و نەجەف و بەسرا، بەداخەوە، ئاڵوودەبوونی خوێندکار و هەرزەکارەکان بە ماددە هۆشبەرەکان، واتەشەنەی کردووە، دێ کونترۆڵکردنی ببێتە ئەستەم. خۆ لە بەشە ناوخۆیەکانی شارەکانی خۆمان، سەرپەرشتیار و بەرپرسەکان، نەك بیرە و بادە و شەڕاب وجگەرە لە بەرکی هێندێ خوێندکارە کوڕەکان دەردەینن، بەڵکو جانتای هێندێ خوێندکارە کچەکانیش خاڵی نین لەم شتانە. تاق و لۆقەش خوێندنگە ئامادەییەکان و پەیمانگایەکانیش پڕیشکیان پەڕیوەتێ، هەرچەندە ئەمە زۆر ڕێژەییە و کەمە، بەڵام ئەمە حەقیقەتە، شاردنەوەشی بەدڕەوشتییە. بۆ؟ چونکە ماددە هۆشبەرەکان، پەتایە. پەتاش، بۆ نموونە، ئەنفلۆەنزای بەراز، سەرەتا هەر یەك کەس تووشی دەبێ. هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی تووشی ئەم ئافاتە بێئامانە بوون، سەرەتا، بەم (کەمییەوە) دەستیان پێکردوە.

ئاڵودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان، ئافاتێکی گەردوونی هێندە ترسناکە، زۆر وڵاتی گرتۆتەوە و هەیە وا گیرۆدەی بووە، لە پەلوپۆی خستووە و شەپڕەی لێداوە، بۆیە لە مەڵبەندێکی وەکو نەتەوە یەکگرتوەکان، ئەم ئافاتە بەوێرانیتر لەشەڕ و بەکوشندەتر لە نەخۆشی و بە ترسناکتر لە پەتا سەیردەکرێت. هەزاران دامودەزگا و مەڵبەند و ڕێکخراو، هەنگ ئاسا، شەو و ڕۆژ لە تەگبیر و لە تەدبیر ئەوەدان جێبکەن باشە بۆ خۆ پاراستن لەم

بەڵا و موسیبەتە دەستکردەی مرۆڤـ؟

ماددەی هۆشبەرەکان، بە گوێرەی بابەتی پزیشکی و کیمیاگەری و یاسایی و تاوان، پێناسەی جیاوازیان هەیە، بەڵام هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە هەرشتێك ببێتە هۆکاری تێکدانی کاریی ئاسایی کۆئەندامی دەماری (Nerve System) و شێواندنی مەزاجی ئاسایی مرۆڤ (The Mood)، ئەوا دەچێتە خانەی ئەم ماددە نەفرەتییەوە. تا ئێستا دەوڵەتەکان لەسەر ڕیزبەندی ناوی ئەم شتانە ڕێك نەکەوتوون کە پێیان دەڵێن (ماددەی هۆشبەر). بەهەر حاڵ ئیمڕۆ، لە پێناو کۆکردنەوەی پارە و شێواندنی بەئەنقەستی ڕوخسارە جوانەکانی مرۆڤ، بە دەیان و بە سەدان جۆری لێ داهێنراوە، کە نامانەوێ ئاماژەیان پێبکەین، زۆربەیان لە شێوەی شروب و حەب و دەرزی و پۆدرە و دوکەڵ و شلەمەنی و بۆن، دەخرینە بازاڕەکانەوە.

ژینگەی بڵاوبوونەوەی ئەم ئافاتە، پەیوەستە بەچەند فاکتەرێکەوە، وەك بوونی بازاڕی گەرموگوڕ و هەڵکەوتەی جوگرافیایی ئەم وڵاتە لە دوور و نزیکی لە کانگە بەرهەمهێنەرەکانی ئەو ماددانە و باری ئاسایش و هێزی و دەسەڵاتی یاسا و شێوازی پەروەردەکردنەکانی ئایینی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ئامادەگی تاکەکانی کۆمەڵ...تاد. کە بەداخەوە، هەموو ئەم فاکتەرانە لە کوردستانی ئیمڕۆکەدا، لە بەرژەوەندی قاچاغچی و مامەڵەچییەکانی ئەو ماددانەن. ئەمەیش لە کێرڤی ڕوو لەهەورازیی، ئەو داتا شەرمنوکانە، دەخوێندرێتەوە، کە لە میدیا خۆماڵییەکاندا، ناوە ناوە دەکەونە بەر چاو و هەمیشەش نیشانەی پرسیاری(؟ ) زۆریان لەسەرە.

لێکۆڵینەوە زانستییەکان، دەربارەی کاریگەریی ئەو ماددە هۆشبەرانە لەسەر مرۆڤ، تیشك دەخەن سەر دوو تەوەرەی تێکهەڵکیش:

کاریگەرییە دەروونییەکان و کاریگەریی فیسیۆلۆژییەکان، کە پێویستە پەروەردەکارەکان لە مامۆستا و بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیارەکان و باوانی هەرزەکارەکانیش پێیان ئاشنا بن و زانیارییان لە سەریان هەبێت، تا ئاسانتر کەسی تووش بوو بدۆزنەوە و بیر لەچارەسەر کردنی بکەنەوە.

گاریگەرییە دەروونییەکان و فیسیۆلۆژییەکان، لەسەر کەسی ئالۆدەبوو، بە گشتی ئەمانەن: دواکەوتن لە خوێندن، بیرکۆڵبوون و لەبیرچوونەوە، چاوسوور بوونەوە، خاوپەرچەکرداریی، بێسەروبەری لە قسەکردن، قسە هەڵبزرکاندن، نائاسایی لە رەفتارکردن، گێژبوون و سەرئێشە، خەمۆکی بوون، لاواز و سیس و ژاکاوبوون، بێخەوی و خەوزران، لێوبەباری و رەنگ زەردی، دەست وپەنجە و لێو وسەر لەرزین، هەناسەسواری و تەنگەنەفەسی، تێکچوونی ئیشتهای خواردن و خواردنەوە، بێ مەیلی و خوو بە تەنیایی گرتن، دابەزینی بەرگریی لەش، تووشبوون بە نەخۆشی ئیدز و جەرگ و سییەکان و وەرەم و نەخۆشییە سارییەکانی دیکە. لەبەرانەبەر هەموو ئەوانە یەخسیر بوونی کەسی ئالوودەبووە، بە نەشئەی زەوق وەرگرتنێکی نائارەزوومەندانەی کەمخایەن، کە پێی دەگوترێت (نەشئەی بە زۆرەملێی دەروونی)، چونکە لەشی ئەو کەسە بە ماددە هۆشبەرەکان ئالوودە بووە و ئەگەر، خواستیی تێرکردنی جەستە بەم ماددانە نەهێنرێتە دیٔ ئەوا ئەو کەسە رووبەروی ئەنجامدانی کاری خراپ یان مردن دەبێتەوە. هەموو خەبات و رەنجی ئەو بۆ وەدەستهێنانی پارە و پوولە، بە هەر وەسیلەیەك بێ، تا ئەو دەرمانە کوشندەیە بۆ جەستەرتینوویەکەی خۆی پەیدا بکات.

خوێنەری ئازیز، عەرەب دەڵێن (اسأل مجرب ولا تسأل حكيم). کە لە ساڵی (١٩٩٤)، وەکو مامۆستا، چوومەسەردانی ئامادەیی (عقبه ابن نافع) لە شاری (سرت) لە باکووری ناوەندی وڵاتی (لیبیا) ـ کە نزیکەی (٨) ساڵێك لەوێدا ژیام ـ، زۆرم پێ سەیر بوو، کە پۆلیس لە پرسگەی ئەم مەڵبەندە پەروەردەییە، بە چەکەوە بەردەرگای گرتووە.، لەوەش سەیرتر، دواتر بینیم لەهەر قوتابخانەیەکی ئامادەیی، ژوورێك هەیە بۆ فەلاقەکردنی خوێندکارە هەرزەکارەکان بە شوول و قەمچی دەستی ئەو پۆلیسانە. لەمانەش سەیرتر ئەوەبوو کە زوو بەرێوەبەری ئامادەیەکە ئاگاداری کردمەوە کە زۆر لەگەڵ خوێندکارەکان تێکەڵ نەبم و بە پارە وپوول کۆمەکیان نەکەم!

نزمی ئاستی هۆشیاریی رۆشنبیری لاوەکانی ئەم وڵاتە و پێگەی جوگرافی لە نزیك وڵاتانی بەرهەمهێنەری ئەم ماددە هۆشبەرانە و گەرموگوڕی باخەڵی خوێندکارە

دەوڵەمەندو هەبووەکان، هۆکاربوون، بۆ تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوەی ئافاتی ئاڵوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان لە نێو هەرزەکار و گەنجەکانی لیبیا. کە حکومەتەکەی بەئەنقەست، دەیەویست ئاماری ئاڵوودەبووەکان لە خەڵکی بشارێتەوە و هەمیشە ئەوەیان لەسەر زاری بوو، کە ئەمە ئافاتێکی بەربڵاوە لە هەموو جیهاندا. بەڵام بەری خۆر بە بێژینگ ناگیرێ. بە چاوی خۆم دەمدیت، چۆن باوکی خوێندکار، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بوو، لەبەردەم دەرگای دکتۆری دەروونناسی، لەگەڵ کوڕە تووشبووەکەی هەڵدەتروکا. بەڕێوەبەر، بۆ خۆی بەشەرمەوە، باسی ئەم پەتاییەی دەکرد، چونکە کوڕەکەی خۆی یەکێك بوو لە قوربانییەکان. مەلا و موختار و بەرپرسی پۆستی باڵا باڵا، هانایان بۆ بەندە دەهێنا، کە کارێکیان بۆ بکەم و چارەیەك بۆ کوڕە گیرۆدەکانیان بدۆزمەوە..... چیرۆکەکان دوور و درێژن...باوەڕ بفەرموون، جگە لە تەشەنەکردنی بەد ئەخلاقی، خۆم بینیم بۆ (١٠) دۆلار مرۆڤیان کوشتووە!

ئەگەر بگەڕێینەوە، سەر کتێب و دەفتەران، ئەوا پسپۆڕە شارەزایەکان، تووش بوون بەم ئافاتە، دەخەنە ئەستۆی قامتێك هۆکار، وەکو:

- نەبوونی ڕێنمای ڕاست و دروست و کاریگەر.
- برادەر و هاوڕێی خراپ.
- لێکترازان و هەڵوەشاندنەوەی خێزان.
- پەروەردەی ناپەروەردەیی خێزانی.
- سیستەمی سەقەت وپەقەتی ئێکسپاربووی پەروەردە.
- میدیای بەڕەڵا و چاوچنۆك و نابەرپرس.
- توندوتیژیی بەهەموو جۆرەکانییەوە، ئەگەر بە بزەیەکی تەوساویش بێ.
- هەڵاتن لە واقیع و خۆشاردنەوە لە کێشەکان.
- بەهەند نەزانینی بایەخی پەروەردەیی ڕۆحی.
- گیرۆدەبوون بە نەخۆشی دەروونی....تاد. زۆری تریش!

کورد دەڵێ( دەرگای خۆت قایمکەو کەس بەدز دەرمەینە.) جا بۆئەوەی چارەنووسی ئەو نەوجەوانە خۆشەویستانەمان ـ کە سامانی لەبن نەهاتووی ئایندەی ئەم وڵاتە و مرۆڤایەتین ـ وەکو چارەنووسی گەنجەکانی لیبیای لێنەیەت و دەرس و عیبرەت لە ئەزموونی میللەتان وەرگرین و رێ بەبەر ئەو لافاوە بێئامانە بگرین، ئەوا پێویستە، جەسوورانە، پەنجە لەسەر برینەکان دابنێن وتا زووە خەمیان لێ بخۆین. شاردنەوەی ڕاستییەکان، مراز ومەرامی پیاو خراپ و دوژمنەکانمان دێنێتە دێ. بە سەدان و بە هەزاران قەپێلکە حەبی یاساغ، کە لەبن دار ودەوەن و دەم شەقام و رێگاوبانەکانی هەوار و سەیرانگایەکانی دەرەوەی شارەکان کەوتوون و هەواڵە میدیاکارەکان، کە باسی دەستبەسەرداگرتنی بە دەیان بارە دەرمانی بێهۆشکەر دەکەن و (زۆر شتی دیکەش)، پێمان دەڵێن کە کاتی ئەوە هاتووە بۆ زوو چارەسەر کردنی ئەم پەتایە، دەبێ هەڵویست وەربگرین و هەنگاوی جددی و تەندروست هەڵێنێن. دەنا خوانەکات، ئەوا هەر چەند ساڵێکی دیکەیە و ئێمەش وەکو شاری نەجەف و کەربەلا و بەسرا، ئەوا زۆرمان، دەبینە تریاکفرۆش و تریاکخۆر.

چونکە ئەم ئافاتە، زۆرترسناك و خەتەرە، شارەزایان، چەندین لیستە ڕێنمای و پێشنیار و ڕێگەچارەیان ئامادەکردوو، کە زۆربەیان ئامۆژگاری پێشکەش بە باوان و پەروەردەکار و میدیا و تاکەکانی کۆمەڵ دەکەن، تا بزانن چۆن خۆیان لەم پەتایە دوورەپەرێز بگرن و چۆن چارەسەری تووشبووەکانیش بکەن. هەرچی ئەوان پێیان باشە، ئەوا وا باشترە دامودەزگا بەرپرسەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا و تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی و ناخۆ و ڕۆشنبیری و لاوان...تاد، بە قسەیان بکەن و هەوڵبدەن بە کردارکاریان پێبکەن.

لە ئەزموونەکانی خۆم، لەم بارەیەوە، ئەوەم هەڵێنجاوە، کە وەسیلە ڕاستەوخۆیەکان، پتر کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی بیر و هزر وتیروانینی هەرزەکار و گەنجان هەیە. بەو واتایەی کە کاریگەریی پۆستەرێکی سەر دیوار، یان ئامۆژگارییەکی سەرتەختەڕەش، یان وتاری مامۆستایەك لە گۆڕەپانی قوتابخانە، یان بەرنامەیەکی مردۆخی میدیایی، زۆر زۆر

لاواز و کەمبایەخ و ساردوسوڕە، بە بەراورد بە ئەنجامدانی کردار و چالاکی هونەرمەندانەی هەستوهۆش بزوێن. بۆ نموونە ئەگەر بەڕێوەبەرێك یەك چارێگە سەعات ئامۆژگاریی قوتابییەکانی بکات، بە دووركەوتنەوە لەو ئافاتە، تەئسیرەکەی، وەکو ئەوە نییە بە چالاکییەکی شانۆگەری، بەبەرچاوی ئەوانەوە، لایەنە پیس و خراپەکانی ئەم دەردە کۆمەڵاتییە بەرجەستە بکرێت و نیشان بدرێت. لە چالاکییەکی لەم جۆرە. لە ساڵی (٢٠١٤) لە گۆڕەپانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی شەهید جەعفەر لە کۆیە، نوخبەیێك هونەرمەند، چالاکییەکیان لەم بارەیەوە نمایشکرد، کە کۆتایی هات، بە دەیان مامۆستا و خوێندکار و میوان، هاتنە ناو گۆڕەپانەکە و پاکەتی جگەرە و چەغماغەکانی خۆیان فرێداو بەڵێنیان دا کە واز لە جگەرەکیشان بێنن. بەندە، هەر لە شاری سرت، لە خوێندنگەی ناوەندی (صالح ابو یسیر)، داوام لێکرا، دەربارەی مادده هۆشبەرەکان، سیمینارێك بگێرم. منیش بریارمدا کە لە جیاتی ئەوە، شانۆگەرییەکیان بۆ نمایشبکەم، ئەوبوو، دیار بوو کە هێندە کاریگەری هەبوو، دواتر داوایان لێکردم لە زانکۆی (التحدی لە سرت) دووبارەی بکەمەوە و خودی وەزیری پەروەردەی ئەو کاتی لیبیاشتییدا میوان بوو و خەڵاتیشکرام.

بە کوردی و کرمانجی، دەبێ هونەرمەند و شانۆکار و سینەماکار و کەسە کاریزماکان، کە کاریگەریان لەسەر هەرزەکار و گەنجەکان هەیە بێنە مەیدان و بەسەر مەکتەب و پەیمانگا و زانکۆیەکان بسوڕێنەوە و شان بەشان لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکانی تر، بەردەوام بن لە پێشکەشکردنی کار و چالاکی بەهێز و بە پێز. دەبێ پۆلیس و ئاسایشی وەزارەتی ناوخۆش بەخەبەرتر بن و ڕەحم بەو تاوانبارانە نەکەن کە بازرگانی بە گیانی نەوەکانمانەوە دەکەن. نابێ باوان و پەروەردەکارانیش لە هەوڵ و کۆششیان لە بەربەرەکانی کردنی ئەو گورکە ترسناکە، سڵبکەنەوە.

مەترسیی هێز وتینی ئەو لافاوە بێئامانە یەکجار زیانبەخشە و پاشماوە کاولکاریی و ماڵوێرانییەکەی، لەسەر تاك و کۆمەڵ، هێندە مەترسیدار و بەزەرن کە خۆلێگێلکردن و گوێپێنەدان و بە هەند وەرنەگرتنیان، کارەساتی گەورەتری بەدواوەیە، کە چاوی مرۆڤە

هۆشـیار و بـەئاگاکان، ڕوونـتر و باشـتر هەسـتیان پێدەکـەن، بۆیـە لـە سـونگەی ئـەو خەمخۆرییەوە، حەزدەکەین پـتر بـەم ئافاتـە خەتەرناکـەی (ماددەهۆشـبەرەکان) ئاشـناتان بکەین، بەو ئومێدەی، بە پشتیوانی خودای مەزن، بتـوانین دەرەقـەتی بـێین و ئێمـە ئـەو لەناو بەرین پێش ئەوەی ئەو ئێمە و نەوەکانمان لەناو ببات.

ژینگەی بڵاوبۆنەوە و تەشەنەکردنی، ئەو ماددەهۆشبەرانەی، ئاماژەمان پێدا بوون، پتر دەڤەری ئەو چین و توێژانە دەگرێتەوە کە گیرفانیان گەرمـە و پـارەوپوولی باشـیان هەیـە، هەرچەندە جۆری هەزانفرۆش و مەلاخۆرەشـی زۆر بـووە، هـەموو پلانـی سـتراتیژیی ئـەو کەسانەی مامەڵە بەم ماددانەوە دەکەن (وەك تاك و گرووپ و دەوڵەت) هەمیشـە ئەوەیـە کە کەسی دەرمانخۆر بگەێنە ئاستی (ئالوودەبوون)، ئەوجا ئـەوان بێخـەم لێـی دەخـەون، کتومت وەکو ئەو دەرزیی بێهۆشکەرەیە کە بـە تفـەنگ دەیگرنـە ئـەو گیاندارانـەی کـە دەیانەوێ بێهۆشیان بکەن و بە ئاسانی بیانگرن، هەرکە تیرەژەهراوییە سـەر بەدەرزییەکـە ئەوی پێکا، ئەوان بێخەم دەبن و نێچیرەکە دەبێتە هی خۆیان.

لێـرەدا، بـە ئیزنـی ئێـوە کەوانەیـەك دەکەمـەوە و نەختۆکـەك لـە بابەتەکـە دوور دەکەومەوە:" زۆرجار گوێ بیستی ئەوە دەبـین، دەڵـێن : ژیـانی ئـەم سـەردەمە یـەکجار هاسان و بەردەست و خۆش بووە، بەبێ ماندوو بوون، هەموو کارەکانت بـۆ ڕایـی دەبـێ و هیچ سەرئێشە و نیگـەرانی و کۆسـپێك نـەماوە کـە تەکنـەلۆژیای سـەردەم و زانسـتیی هاوچەرخ بۆی چارەسەرنەکردبین، لەسەر کەرەوێتەکەت ڕاکشێ و قاچەکانی لـێ درێژکـە و (ڕیموتەکەی تیڤی) بگرەدەست و هەر چرکە و گرمەی لێوە بینە."

ئەمە تەنها بۆچوونی ئەو کەسانەیە کـە بێئاگـان لـە تەکنـەلۆژیا و نەخوێنـدەوارن لـە زانستدا، دەنا، ئەوەندەی ئەو تەکنەلۆژیا و زانستە هاوچـەرخە سـوودیان هەیـە، چـەندبار پتریش، ئەگەر هۆشـیار و ڕۆشـنبیر نـەبین، زەرەر و زیانیـان هەیـە! ئـەوەی ئـەو چـەك و تەقەمەنی و داهێنان و نەخۆشییە دەستکردانی خۆمان بە خۆمان دەکات، نـە فیرعـەون و نە جەنگیزخان و نەهیتلەر نەیان کردووە. بۆیە بایەخدان بە خوێندنەوە و خۆ ڕۆشـنبیرکردن لەم سەردەمەدا، لە ئۆتۆمبیل و مۆبایل و لاپتۆپ زۆر زۆر پێویسترە.

بازرگانەکانی کە کڕین و فرۆشتن بە مێشك و جەستە و ڕۆحی نەوجەوانەکانمان دەکەن، بە ملیارەها دۆلاری دەستکەوتی ماددەهۆشبەرەکان، تێریان نەخواردوە و چاوی چنۆکیان پڕنەبۆتەوە، بۆیە شێتگیرانە، بیریان لە جۆرە ماددەهۆشبەری دیکە کردۆتەوە، کە بە ئاسانی و بەنرخی تۆڵەگە بگاتە بەردەست هەموو کڕیارەکانیان. داخی گرانم لەو داهێنانەیاندا، ئەوان سەرکەوتن و بەبێ ئیزن و خواستی ئێمە و بەبێ بانگێهشتکردن و لە دەرگادان، هەر کاتێك بیانەوەی، لێمان بە ژووریێ دەکەن و کۆڵە مادهەهۆشبەرەکانیان بە عاردی دادەدەن و سەرخۆش و بێهۆشمان دەکەن. چۆن؟

ئیمڕۆ (٣) جۆرە ماددەی هۆشبەر، لە ڕێی تەکنەلۆژیای سەردەم، بەسەر ئەم جیهانەدا بەخشراوەنەتەوە و بە نرخی زۆر هەرزان چەنگ دەکەن. ئەوەی کە جێگەی سەرکۆنەکردن و دەنگ هەڵبڕینە ئەوەیە کە زۆربەی دایك و باوك و مامۆستا و پەروەردەکار و بەرپرسەکان پێی دەزانن و خۆیانی لێ گێل دەکەن، یان لە شەرمان یان لە ترسان : شەرم لە قسەکردن دەربارەی موحەرەمات و ترسان لە کەلتوور و ئایین و کۆمەڵگا.

**ماددەهۆشبەری تەکنەلۆژیا، ژمارە یەك: (ئینتەرنێت):**

ئەو خزمەتەی سیستەمی تەکنەلۆژیای ئینتەرنێت پێشکێشی مرۆڤایەتی دەکات، یەکجار مەزن و پیرۆز و سوودبەخشە، لەمەدا هەموومان هاوڕان. بەڵام ئەوەی ئێمە بە ڕووکەش دەیبینین، تەنیا لە (٢٥ ٪)ی زانیارە باشەکانە، بە دەیان و بەسەدان (ماڵپەڕ و لینك و سایت)ی خراپ هەیە، کە کاریان فرۆشتنی بەدڕەوشتییە، لە ڕێی وێنە و پۆستەر و گرتە و ڤیدیۆ و فلیمی سێکسی کە کاردانەوەی زۆر خراپیان لەسەر کوڕ و کچ، بێ جیاواز، هەیە. ئیمڕۆ بە ئاسانی هێڵی ئینتەرنێت دەگاتە دەست هەموو کەسێك، جا چونکە ئاستی هۆشیاریی و باری کەلتووری و شێوازی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵی کوردەواری زۆر ناتەندرووستە و سەقەتە و دیوارەکانی تێگەیشتنی نێوان کوڕ و کچ زۆر ئەستوور و ڕك و ترسناکە و ڕۆڵی ئایین و پەروەردە زۆر کاڵ بوونەتەوە، ئەوا ئەو پەنجەرانەی ئینتەرنێت بۆ فێنککردنەوەی (خانەکانی شەهوەت و هەوس) بە هاسانی

دەكرێنەوە سەرپشت. داخی گرانم، لێرە ئامار وەدەستکەوتن زەحمەتە، دەنا دەكرێ لە سەنتەری ئەو خانانەی ئینتەرنێتەوە، زانیارییمان، بدرێتێ، تا بزانین ڕێژەی تەماشاچیانی ئەو ژوورانە چەندە. لێكۆڵینەوەكان دەڵێن، ڕێژەی تەماشاچییەكان و هامۆشۆكەرەكانی ئەم ماڵپەڕە پیسانە لە وڵاتانی كەنداو(٢٦٠٪) زیاترە لەچاو وڵاتانی وەكو ژاپۆن و ڕۆژاوا. بەندە، لە خوێندكاری كوڕ و كچی خۆمانم بیستووە كە ڕێژەكە لە ناو گەنجانی كوردستانیشدا بەرزە. بۆیە نابێ بترسێن و شەرمبكەین و بابەتەكە وەك (ماددەی هۆشبەر) بە هەند وەرنەگرین. كاتم نییە باسی لایەنە نەرێنی و خراپەكانی ماڵپەڕی ڕووتەمەنی بكەم، بەڵام دوو قسە لەسەر چارەسەرەكەی دەكەم، كە هەموومان دەبێ بە یەكەوە خەمی لێبخۆین و كاری بۆ بكەین:

١) هۆشیاركردنەوەی كوڕ و كچە هەرزەكارەكانمان، بێشەرم، ڕاستییەكانین بۆ بەیانبكەین و ڕێبەرایەتییەكی پاك و جوان و تەندرووستیان بكەین.

٢) دەبێ لاپتۆپ و كۆمپیوتەر و ئامێرەكانی دیكەی هەرزەكارەكان لە هۆڵی دانیشتنی ماڵەوە بن، بە بەرچاوی ئەندامانی خێزان بەكار بێن، ئەمە لە ڕۆژاوادا زۆر باوە.

٣) دەبێ دوگمەی هاتنە ژوورەوەی ئەم ماڵپەڕە ڕووتەمەنیانە دابخرێن و كلیل بدرێن، ئەمەیش بە دوو ڕێگە دەبێ: یەك: یەكسەر لە لاپتۆپەكە یان كۆمپیوتەرەكە ئەم دوگمەیە قوفڵ دەدرێت و هیچ شتێكی خراپ ناتوانێ نیشان بدرێت. دوو: دانانی ئامێری تایبەت لە ماڵەوە، هەموو ئەو ماڵپەڕشانە خامۆش دەكات و ڕێنادات، لە زوونی خۆیدا سایتەكان بكرێنەوە.

٤) باشترە دەوڵەت، وەك دەزگاكانی وەزارەتی ڕۆشنبیر و لاوان وناوخۆ و تەندروستی، ئەم سایتە ڕووتەمەنیانە لەسەر ئاستی هەرێم دابخەن و كلیل بدەن. ئەمە باشترین ڕێگەیە بۆ هەموو خێزانەكان.

٥) نەهێشتنی قاچاغیكردن و فرۆشتنی (CD) و فلیم و گۆڤار و وێنەی ڕووتەمەنی لە هەموو شوێنێك، بە هەموو شێوازەكانیانەوە.

**ماددەهۆشبەری تەکنەلۆژیا، ژمارە دوو: (مۆبایل و ئایپادەکان):**

تا بڵێت مۆبایل هاوڕێ و هاودەم و یارمەتیدەرێکی زۆر ئاسانکار و بایەخدار و پێویستە بۆ ژیانی ئیمرۆی ئێمە، بەڵام دیسان ئاست نزمی هۆشیاریی هەرزەکار و هێندێك جار گەورەکانیش، بەکارهێنانی ناتەندروست و هەڵەی مۆبایل کێشەی گەورەی لێدەکەوێتەوە. لێرەدا کە بابەتەکەی ئێمە مادده هۆشبەرەکانە، تەنیا قسە لەسەر یەك لایەنی خراپی بەکارهێنانی مۆبایل و ئایپاد دەکەین:

داخی گرانم، بێ ئاگایانە، هێندێك دایك و باوك، بۆخۆیان منداڵەکانیان تووشی ئاڵوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان دەکەن، وەك موبایل. چونکە منداڵەکانی ئەم ڕۆژگارەی ئێستا بێحەد بەناز پەروەردە دەکرێن ـ ئەمە بابەتێکی سەربەخۆ هەڵدەگرێ ـ یاریکردنی ئەو منداڵانە بە (گەمەکانی ـ Games) ناو مۆبیل و ئایپادەکان و ئامێرەکانی دیکە، وادەکات ئەو منداڵە نەزانە، شێتگیرانە خراپ ئاڵوودەی ئەو گەمە و یاریانە بن، جگە لە زیانەکانی تەندرووستی و ماددی، ئەوا ئەقڵی بێئاگا (نەست)ی ئەوان، وردە وردە پڕ دەبێ بە دیاردەی توندوتیژی و شکان وتێکدان و خراپکردن، ئەمەیش بەردەوام دەبێ تا دەگاتە ڕادەی حەزکردن لە کوشتن و لەناوبردن و خراپەکاریی گەورەتر.(هەر بۆ زەردەخەنە، منداڵێکی زۆر بە نازی ئاڵوودە بوو، بەم یاری و گەمانە، کە نزیك خۆمە، ڕۆژانە فێربووە دوو یان سێ پەرداغ دەشکێنێ و، بە قاقا دایك و باوەکەکەشی بەرابنەری پێدەکەنن.... ڕەنگ بێ ئێوەش شتی دیکەی لەم جۆرەتان دیبێ).

ئەمە بۆتە دیاردەیەك، کە منداڵ و قوتابی هەیە لە کاتی دەرسی مامۆستا (کەم بەئاگایەکان) لە پۆلدا بەردەوام یاری و گەمەی نێو مۆبایلەکان دەکەن. دەبێ پەروەردەکاران دوو شت بزانن: هێندێك یاریی هەیە تەنیا بۆتێکدانی مێشکی منداڵ داهێنراون، مەرج نییە هەموو شتەکانی ناو مۆبایل پیرۆز و جوان بن ، هەروەها بەردەوام بوون بە یاریکردن لەسەر گەمە باشەکانیش، شانەکانی مێشك فێرە جۆرە ئاڵودەیەك دەکات، کە پێی دەڵێن (ئاڵوودەبوونی پێشوەخت) کە دەبێتە بەردی بناغەی بە

ئالۆودەبوون، جا بە هەرشتێك بێ. كە ئایینەكان جەخت لەسەر پەروەردەكردنی سەردەمی منداڵی دەكەنەوە، بۆ ئەوەیە وەك نەمامێكی ساوا، بە رێك و ڕاستی دەق بگرن واتا كار لەسەر (ئالۆودەبوونی پێشوەخت) دەكەن، بەڵام بۆ شتە جوان و بەهادار و پیرۆزەكان. چارەسەری ئەم جۆرە ئالۆودە بوونە زۆر ئاسانە، دایك و باوكی هۆشیار و ڕۆشنبیر، هیچ كێشەیەكییان نییە، چونكە دەزانن چۆن منداڵەكانیان بە كار و یارمەتیدان و خوێندنەوە و یاریكردن و خۆخافڵاندن بە هیوایەتەكان و گەڕاندن و خەوتن و...تاد. چۆن چارەسەر بكەن. پێتان ناخۆش نەبێت، تەنیا ئەو دایك و باوكانە مۆبایل (و ئەو شتانە) زۆر دەدەنە دەستی منداڵەكانیان، كە تەمبەڵ ولەش قورس و بێ زەوق و خۆویستن! نایانەوێ بە پەروەردەكردنی تەندروستی ئەوانەوە خۆیان سەرڤ الكەن. دەڵێن:"دە بیدەیێ! ملی بشكێ! با چتیر نووزە نووزی نەیەت!" بەداخەوە. بە ڕاستی تۆ ملی ئەو منداڵە بێ تاوانە دەشكێنیت و پێشنازانی! ئایندەیبەگی گەش چاوەڕوانی ناكات.

**مادەهۆشبەری تەكنەلۆژیا، ژمارە سێ: (مادەهۆشبەری دیگیتاڵی Digital Drugs):**

ئەمەیان لەهەموویان ترسناكترە.

هەرچەندە لە دڵەوە زۆرم پێناخۆشە و حەزم دەكرد ئەم ئەلقەیە پەردەپۆش بكەم و لەچاڵی نێم، چونكە دەترسم نووسینەكەم، ئەو كەسانە بەخەبەر بێنێ كە زانیارییان لەبارەیەوە نییە و ئاشنایەتی لەگەڵدا پەیدا بكەن، بەڵام خۆ دەزانم، دڕەنگ یان زوو، نهێنییەكانی ئەم ئەلقەیەش ئاشكرادەبێ و دەزاندرێ ، بۆیە هیوادارم هەوڵەكەی من ببێتە زەنگی بەخەبەركردنەوە و چرای سووری ترافیكی تەكنەلۆژیایی ئینتەرنێتیی. چونكە بە قەولی زۆر لە دەروونناس و كۆمەڵناس و پەروەردەكار و پسپۆڕەكان ئەم جۆرە مادەهۆشبەرە ترسناكترین و مووزیرترین جۆریانە. ئەمەش پێیدەگوترێت: (مادەهۆشبەری دیگیتاڵی Digital Drugs). لێرەدا هەوڵدەدەم ئەم پرسیارانە وەڵام بدەمەوە:

- ماددەهۆشبەری دیگیتاڵی چییە؟
- چۆن پەیدا بوو؟
- چۆن کاردەکات؟
- چۆن نێچیری خۆی ڕاودەکات؟
- ڕادەی مەترسی و زیانەکانی چەندە؟
- بۆ لە ماددەهۆشبەرە تەقلیدییەکان خەتەرترە؟
- چۆن خۆمانی لێبەدوور بگرین و چارەسەری ئاڵوودەبووەکان چییە؟

سادەترین پێناسەی (ماددەهۆشبەری دیگیتاڵی) ئەوەیە کە دەڵێ:"بریتییە لە ئاواز و نەغمەی جۆرە مۆزێکیك کە هەڵگری جۆرە لەرەلەرێکی تایبەتییە توانای کارکردنێکی جیاوازی لە مێشکدا هەیە کە دەگاتە ڕادەی خەواندنی موگناتیسیی." کاریگەرییەکەشی هیچ لە ماددەی هیرۆین و کۆکایین کەمتر نییە. جا ئەو پارچە ئاواز و نەغمانە لەڕێی (MP3)دەگەیێننە کەسی ئاڵوودە بوو.

لە ساڵی (١٩٧٠)وە، دکتۆرە دەروونناسەکان زۆر بەپەرۆشەوە کاریانکرد، تا ڕێگەچارەیەك بدۆزنەوە بۆ ئەو کەسە خەمۆکییانەی تووشی ئازار و دەردەسەریی نیگەرانیی و خەوزڕان و کەم خواردن و نائارامی دەروونی بوون، بە بەکارهێنانی شتێك غەیری داودەرمان، کە نەخۆشییەکان بێزییان لێدەبێتەوە و حەزی لێناکەن و بە ڕێوپێکی، دەمو ژەم، وەریان ناگرن. ئەوەبوو لە ساڵی (١٨٣٩) دا زانای فیزیکی هێنریج و. دۆڤ (Heinrich W. Dove) دیاردەیەکی فیزیکی دەنگیی دۆزییەوە، بەوەی کە ئەگەر دوو جۆرە ئاوازی مۆزێکی لە ڕێی دوو گوێبیستەوە (Headphones) بگەیێندرێتە گوێی کەسێکەوە بەو مەرجەی هەر ئاوازەی لەرەلەرێکی جیاوازی لەگەڵ ئەوەکەی دیکەدا هەبێ، ئەوا ئەو کەسە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی لەرەلەری (کارومۆگناکاریی Electromagnetic) و مێشك ڕژێنی وەزبەخشی وەك (دوبامین و بیتا ئەندرۆفین) دەڕژێنیت و کاردەکاتە سەر هێورکردنەوەی مێشك و دەروون و ئاساییکردنەوەی خەو وخواردن.

چۆن ئەم بیرۆکە فیزیکییە کرا بە ماددەی هۆشبەر؟ بە کوردی و کرمانجی (ماددەهۆشبەری دیگیتاڵی) فۆڵدەرێکی دەنگییە(Sound Folder) زۆربەیجار ئاوێتەدەکرێت بەوێنە و دیمەنی بینراوی ڕەنگاوڕەنگیی سەرنجڕاکێش، جا ئاوازی ئەو دەنگە بە گوێرەی ئەندازەییەکی زانستییانە داڕێژراوە و بەرهەمهێنراوە کە بتوانێ سەر لە(مێشك) بشێوێنێ و یاریی پێبکات و نەهێڵێت کارە ئاساییەکانی خۆی جێبەجێ بکات. چۆن؟ کاتێك دوو ئاواز، بە دوو لەرەلەری جیاواز لە ڕێی هەردوو گوێچکەوە دەگەنە مێشك، مێشك سەیری پێدێ و دەیەوێ وەریان نەگرێ، بەڵام کە ئاوازەکان بەردەوام دەڕژێنە ناو مێشك، مێشك هەوڵدەدات ڕێکیان بخاتەوە و بیانکاتە یەك ئاوازی خۆش و پەسند. ئەمە لە قودرەتی مێشکی مرۆڤدا نییە، لەو بەزم و ڕەزمەدا، مێشکی بەستەزمان هیلاك و کەنەفت و ماندوو دەبێ، تا دەگاتە ئاستی خەولێکەوتن. ئالێرەدا، کەسی گوێبیست، هەست بە جۆرە نەشئە و لە ززەت و ختووکەیەکی دەروونی دەکات.... لەگەڵ دووبارەکردنەوە و زۆر گوێگرتن لەو ئاوازە، کتومت، وەك چۆن تووشی ئاڵوودەبوون بە کۆکایین و هیرۆین و مۆرفین دەبیت، ئاڵوودەی ئەو ئاواز و نەغمە موزیکییە دەبێت.

جا چۆن ماددەهۆشبەرە تەقلیدییەکان چەندان جۆریان هەیە، ئەوە ماددەهۆشبەری دیگیتاڵی دە هێندە جۆر و شێوازی هەیە و هەمیشە بەرهەمی تازەباوتر دەخەنە بازاڕەوە و هەر بەرهەمەش ناوی خۆی هەیە کە نامەوێ لێرەدا باسیان بکەم، با هەر نەزانن! ئەو دامودەزگا و کۆمپانیا نامرۆڤانەی، ئەو شتە بەرهەمدەهێنن، هەر بەوە نەوستاون، چەندین ڕێنمایی و ڕێبەرییان هەیە تا نێچیرەکانی خۆیان باشتر ڕاوبکەن و بگرن.

ئەوەی وای کردووە ئەم جۆرە ماددە هۆشبەرە ترسناکتر و موزیرتر بێت ئەوەیە کە نرخەکەی هەرزانە، چونکە لەڕێی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەخشدەکرێت و وەدەستدەکەوێ ئاسانتر و بەردەسترە لە هەموو شوێنێك و لە هەموو کاتێك و بۆ هەموو تەمەنێك بازاڕی کراوەیە. لەوەش ترسناکتر، دەکرێ ئەو (فۆڵدەرانە Folders) داگیرێن و بە ڕێگای جیاواز هەڵگیرێن و بگوێزرێنەوە و کەشفکردن و دۆزینەوەیان تا بڵێت بۆ شارەزاترین پۆلیس و پشکینەر زەحمەتە. ئەوانیش فۆڵدەری کورتخایەن و درێژخایەنیان

هەیە بە گوێرە نرخەکەی. ئەوەی کە قورەکەی خەستر کردووە، ئەوەیە، کە قاچاغچییەکانی ئەو ماددەهۆشبەرە دیگیتاڵییانە، لەسەرەتادا بە خۆرایی نموونەی بەرهەمەکەیان دەبەشنەوە و لەگەڵ دووبارەکردنەوەیان کەسە گوێبیستەکە ڕاودەکەن و دەیخەنە نێو تۆری خۆیانەوە و دەستدەکەن بە دۆشین و پێستەخۆشکردنی.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی لە زانکۆی (فلۆریدای باشوور) (٢٠١٠)، ئەم جۆرە موزیکە نابێتە هۆکاری دەردانی ماددەی کیمیاوی لە مێشکدا، بەڵام نووسینگەی نەهێشتنی ماددەهۆشبەرەکان لە (ئۆکلاهۆما) زۆر نیگەرانی نیشاندەدات و ترسی هەیە کە ئەو شەپۆڵە مۆزیکە بێئامانە، بگاتە جیهانی پاکیی منداڵان و دەستەخڕۆیان بکەن. یان فێرە جگەرکێشانیان بکەن. هەرچی دکتۆر (راجی العمده)یە - پسپۆڕی دەمار لە ڕاوێژکاریی لێژنەی پزیشکی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕاییەکی دیکەی هەیە و دەڵێ:" ئەو شەپۆڵە کارومۆگناتیکارییە، وا دەکات مرۆڤ تووشی داڵغەلێدان و خەیاڵڕۆیشتنی هەمیشەیی بکات، ئەمەیش ترسناکترین باری تیکچوونی مێشکە. بۆ؟ چونکە دوای ماوەیەك کەسەکە تووشی شیزیۆفرینا دەبێت و سەرجەم کاری دڵ و هەناسەدان و خوێن و ئەندامەکانی لەش تیکدەچن و کەسەکە تووشی لەرزین و لەش ڕەقبوون و هەڵوەسە دەکات." لە وڵاتی سعودییەش چەند راپۆرتێکی پزیشکی نافەرمی لەو دوایەدا بڵاوبۆوە، کە گۆیا بەهۆی ئەو مۆزیکە موسیبەتە بەشوومەوە، چەند کەسێك مردوون. بەڵام نابێ ئەمە وابکات ئێمە مۆزیك لەخۆمان حەرام بکەین و لە ئاوازی خۆش و هێمن دوور کەوینەوە.

جا ئێستا، ئێمە چیبکەین باشە تا خۆمان و هاووڵاتییان لەم ئافاتە بەدوومە بەدووربگرین؟

**(٣) ڕێکاری چارەسەری دەبێ بەیەکەوە کاریان لەسەر بکرێت:**

یەکەم: دەبێ هاوڵاتی بۆخۆی هۆشیار و ڕۆشنبیر و بە ئاگابێ، خۆی بەدوور بگرێ لەو شتانەی کە جێگەی گومانن و سەرچاوەکەیان ناروونە.

دووەم: پەروەردەکاران لە (وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی ئەوقاف و وەزارەتی ناوخۆ) دەبێ وەك یەك تیپی مۆزیکی یان وەرزشەوانی بەیەکەوە کاربکەن و هاوولاتیان، هۆشیاربکەنەوە، ئەمەیش لەڕێی چەندان بەرنامەی زانستیی پەیرەوکراو و سەرکەوتوودا.

سێیەم: ـ کە زۆر بایەخدارە ـ دەبێ حکومەت هەستیار و چاوکراوە و بەئاگابێ، چۆن (کۆنترۆڵی جۆری) بۆ دەرمان و گۆشت و شیری قووتوو هەیە، دەبێ چاودێری لەسەر هەموو بابەتەکانی ئینتەرنێت و بەرهەمەکانی تەکنەلۆژیا هەبێ، واتا دەبێ لە دەستوور و یاسا، جێگەی ئەو جۆرە تاوانە بکرێتەوە. دڵنیام ئێستا، گەر تاوانکارێك لەو قاچاغچیەتیە ببەیتە دادگای خۆمان، دادوەر تیدادەمینێ، چونکە هیچ بەندێکی یاسایی لەبەر دەستدانییە کە تاوانکاری پێ سزابدا. ئیمڕۆ لە وڵاتانی دراوسێماندا، وەکو لوبنان و سعودییە، کە لە پەرلەمان یاسایان بۆ ئەو جۆرە تاوانە دەرکردووە، دەتوانین لە ئەزمونەکانیان سوود وەرگرین.

لەجێی خۆیەتی لێرەدا، کەوانەیەك بکەمەوە و بڵێم: ئەمە دەیسەلمێنێت، کە هەمیشە هەنگوین و ماست ولۆر و گوێز و بەهێ و هەرمێی ڕەسەنی لای خۆمان خۆشتر و بەتامتر و سەلامەتترە لە ئەوانەی بێگانە، کە نازانین پێکهاتەکەیان چییە، بەهەمان شێوە، موزیك و گۆرانی ڕەسەنی کوردەواری خۆمان خۆشتر و هێمنتر و سەلامەتترە لە مۆزیکای بیانی کە نازانین ڕێژەی لەرەلەری دیگیتاڵی لەعنەتییەکەی چەندە و چیمان بەسەر دێنێ.

لێرەدا، وەك ئەرك و ڕەوشت و ئایین و مرۆڤایەتی، واجیبە لەسەر پەروەردەکار و باوانان، باشتر ئاگاداری شاگرد و منداڵەکانیان بن و لەکاتی بینینی هەرشتێکی نائاسایی لە ڕەوشت و ڕەفتاری ئەواندا، دەبێ زانستییانە هەنگاو هەڵگرن و چارەسەری بۆ بدۆزنەوە.

چیبکەین، ئەوەندی ئەم سەردەمە بە دەستی ئامێرە شەیتانییەکانە، نیوئەوەندە بەدەستی مرۆڤە پاکەکان نییە. بۆیە خۆڕۆشنبیرکردن و خوێندنەوەی بە سوود و بەردەوام فەرزوسونەتە بۆ ئایندێکی گەش و ڕۆشن.

# ئەریٚ! ئەو شەڕە ساردەی نێوانمان،
# لە کوێوە بۆ کویٚ؟! *

﴿ويدعُ الْإِنْسَانُ بِالشَّر دُعَاءَهُ بِالْخَيْر وكانَ
الْإِنْسَانُ عَجُولاً﴾
(سورة الاسراء)

| |
|---|
| *"نێوانمان"، ئاماژەیە بۆ (ئێمەی مامۆستا و ئێوەی خوێندکار) وە (ئێوەی خوێندکار و ئێمەی مامۆستا). |

دانیپیێدا دێنم، کە یاخەی بابەتێکی دژوار و ئالۆز و لێڵ وسەر بەگێچەڵم گرتووە، بەڵام لێی پەشێمانیم، لەبەر دوو هۆ:

یەك: وەك (Derek Landy) گوتەنی:"ئەو درۆیانەی کە بۆ خەڵکی دەکەین، کۆرە هەر هیچ نینە، لە چاو ئەو درۆیانەی لەگەڵ خوماندا دەکەین." جا ئەمجارە، درۆ لەگەڵ خۆمدا ناکەم و پەردە لەسەر نهێنییەکی حاشاهەڵنەگر هەڵدەدەمەوە.

دوو: لە یەك مانگدا، (٣) ڕووداوی پەرەردە ـ ڕوخسارم بەچاوی خۆم بینی:

أ) سەرپەرشتیارێکی پەروەردەیی گوتی:" کچەکەم، ڕاگوێزایەوە بۆ خوێندنگەیەکی تر، مامۆستاکەی زۆر بەڕەقی مامەڵەی لەگەڵ دەکرد و خۆشی نەدەویست."

ب) تازە ـ مامۆستایەکی ژن گوتی:" چ قسەی خۆشە بۆیان دەکەم، چیان گەرەکە بۆیان جێبەجێ دەکەم، کەچی، ئەو خوێندکارانە، وا دەزانن باب ـ کوشتەی ئەوانم!، هێندە ڕق یان لێمە."

ت) باوکێك :" سێ شەو و سێ ڕۆژان، کچەکەم، بۆ مامۆستا خانەنشینکراوەکەی خۆی گریا و مانی لە خواردن گرت. پێمگوت: کچم، گەر من مردم، نیو ئەوەندە لەسەرم بگریە، لەچاوم دایە !"

****

بەهێزترین دەستەواژە، هی ژنە تازە ـ مامۆستاکەیە، چونکە بوێرانە نهێنییەکی گەورەی درکاند، کە گوتی :" هێندە ڕقیان لێمە."، چونکە دەبێ مامۆستا لە شانۆگەری (ڕق و خۆشەویستی)دا، کورسییەکی هەبێ و بشزانێت لەسەر کامیان دانیشتووە.
زاراوەی (ڕق )، بەروەو کۆڵانەێکی تەسك وتروسك وتاریکمان دەبات، کە لەوێڕا وەك داردولك، دوو لقی لێدەبێتەوە:

لقێکیان دەمانباتەوە سەر زاراوەی (فطرة) و (تەبعی ) مرۆڤ. مەبەستمان لە (فطرة)، ئەو سروشتە خۆرسکەیە کە لە بوونی بونیاتی مرۆڤدا دێتە ئاراوە و پتر پێویستە بە خود و دەروون. چونکە هەر لە سروشتەوە،(رشق و خۆشەویستی) دووانەیەکن لە ناخی ئێمەدا خۆیان مەڵاسداوە. مەبەستیشمان لە تەبعی مرۆڤ، ئەو کەسێتی و هەڵسوکەوت و ڕەفتارانەیە کە پتر لەڕێی ئۆرگانەکانی جەستەوە هەستی پێدەکرێت و لە ژێر ئیرادەی خاوەنەکەیەتی و هەمیشە لە جێگۆڕکێدایە. لێرەدا زاراوەی (ڕق و خۆشەویستی) بۆ مرۆڤ، وەك(Anthony Burgess) دەڵێت، دەبێتە هەڵبژاردە، جا کەسێ نەیتوانی ڕووە(چاکە)کە هەڵبژێرێت، وەك ئەوە وایە بوونی خۆی بسڕێتەوە. چونکە بەشێکی کەسێتی مرۆڤ دەخاتە ژێر پێ."

ئەوشمان لە بیر نەچێت، لەوەتەی ئەو مرۆڤە، هاتۆتە سەر ئەم زەمینە، هەموو کێشمەکێشەکانی (ڕابردوو و ئێستا و ئاینده) لە نێوچەوانی ئەم دوو زاراوەدایە: (ڕق و خۆشەویستی).

لقەکەی تر، بۆ دنیایەکی سەیرترمان دەبات: بازدانی(ڕق ) بۆ مەیدانی شەڕ و شەڕگە و خوێن ڕشتن. وەك بڵێیت، ئەو خودا میهرەبانە، ئەو (ئەقلە جوانەی) بە ئێمەداوە، هەر بۆ داهێنانی ئامێر و ئامراز و نەخشەی کوشتن و شەڕ و شۆڕ و فیتنە و تەڵەکەبازیی. تۆ وەرە، لە (قابیل و هابیل) و (هاروت و ماروت)ەو بیگرە تا ئیمڕۆ، بڕوانە ئەوەندەی مرۆڤەکان بیر و هزریان بۆ شەڕکردن و ئەوەندی کاتەکانیان لەشەڕگەدا بەسەربردووە، یەك لەسەر دەیان لە پێناو ئاشتی و خێرخوازی و بەختەوەری براکانیان بەسەر نەبردووە!

نامەوێ بادەمەوە سەر زانستێك کە پێیدڵێن :(IR Theory) ، واتا (تیۆرییەکانی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان)، کە هۆکاری ئەو شەڕ و شۆڕانە شیدەکاتەوە کە یاخەی ئێمەیان گرتووە وبەرینادەن، کە هەر هەمووشیان لە ژێر دروشمی (بەختەوەری بۆ چەوساوە و زوڵملێکراوەکان) بەرپادەکرێن، و هەر ئەو(چەوساوە و زوڵملێکراوەکان) ەش دەبنە سووتووی ئەو ئاگرە بێئامانە!

(IR Theory)، سەروبەندەی دەها جۆرە شەڕمان بۆ باس دەکات، یەکێك لەو شەڕانە کە ناوەکەی نامۆ نییە، پێی دەڵێن :(شەڕی سارد). دەزانم، ئێستا هێندێکتان دەڵێن:" ئەو پیاوە، خەڵفاوە، لە باسی پەروەردە و خوێندنگا، بازی دا بۆ باسی شەڕی نێوان سێ فیلەکە: ئەمەریکا و ڕوسیا و چین .

خوێنەری هێژا: ئەو درۆیەی کە نامەوێ ئیمڕۆ لە گەڵ خۆم و ئێوەدا بیکەم و هەوڵدەدەم و پەردە لەسەر نهێنییەکی حاشاهەڵنەگر هەڵدەدەمەوە.ئەوەیە: ئەم شەڕ ساردەی لە (IR Theory) بە درێژی باسکراوە، کتومت، لە (نێوان ئێمەی مامۆستا و خوێندکار، وە لە نێوان خۆێندکار و مامۆستا دا) بوونی هەیە و ڕەنگدانەوەی خەستی لەسەر پڕۆسەی پەرەوەدەکاریدا هەیە و شەپۆڵەکانی هەموو کایەکانی ژیانمانی گرتۆتەوە، وەلێ خۆمانی لێبدزینەوە و نامانەوێ قسەی لەسەر بکەین.

ئەو سێ نموونەی لە دەستپێكدا (ا، ب، ت)، ئاماژەم پێدا، دەرهاویشتەی (شەڕی سارد)ن. بەداخەو، نە "سەرپەرشتیارەكە نە ژنە تازە ـــ مامۆستاكە، نە باوكەكە" دەركیان پێنەكرد، یان خۆیان لێدزییەوە. من خۆمی لێنادزمەوە و دەڵێم: " لەوەتەی یەكەم خوێندكار لەسەرتەژگەبەڕێك دانیشتووە و یەكەم مامۆستا بە خۆی و شوولەتەڕی دار هەناری، هاتۆتە نێو حوجرە و پۆل، ئەم شەڕە ساردە بوونی هەیە. كە دەكرێ وا پێناسە بكرێت:" مامۆستا وەك خاوەن پەیام، جار هەیە واهەست دەكات، خوێندكار ڕێگرە لە جێبەجێكردنی كارەكانی و ڕێنادات پەیامەكەی بگەیێنێت و كۆسپی بۆ دروست دەكات و بۆیە مامۆستاكە بەبێ ئەوەی پێبزانێت پەرچەكرداری شەڕانی دەبێت و باسیشی ناكات. جا لێرەدا، ئەویش وەك خوێندكارەكە تێدەكەوێ." [1] دیوێكی تری شەڕەكە بە پێچەوانەیە: "ئەمجارە خوێندكار واهەست دەكات، مامۆستاكەی كۆسپە لە ڕێی ئەوە و ناهێڵێت خەونەكانی بێتە دی و لە داخان، یاخییانە، دژی مامۆستاكەی، ڕەفتاردەكات، جا ئەویش هەرتێدەكەوێ."[2]

زۆر خوێندن، قورئان خۆشە. هۆكاری ئەم شەڕە ساردەی نێوانی ئێمە، وەك شەڕەكانی ئاغا و بەگ و كێخوا و میر و پاشایەكان نییە: لەسەر سەروەت و سامان بێت، لەسەر دەسەڵات و سەرەوەریی بێت ، لەسەر ئاسایش و شووناسنامە و ئایدیەلۆژیا بێت. بەڵكو لەسەر (ڕق و خۆشەویستی)یە. كەواتە ئێستا دەتوانین مەرهەمیش بۆ ئەو برین و زامە بدۆزینەوە.

---

[1] *) لە پشوودا، مامۆستا دەگەڕێتەوە بۆ ژووری مامۆستایان، سەركەوتنی خۆی لەم شەڕەدا، ناڕاستەوخۆیانە نیشان دەدات و دەڵێ:" بتاندیبا، تازە چۆن، ئەو ـ كارزان ـ ۆكەی پۆلی ـ٩ب-م، ڕسوا كرد، گریانی هاتە قوڕگێ، بۆ بابیشیمی تەمبێ كرد!"

[2] *) خوێندكارێك سەركەوتنی خۆی لەم شەڕەدا وا بۆ هاوپۆلەكەی دەگێڕێتەوە:" پێنج دەقیقە دوای زەنگەكە هاتمە ژوورە و لە دەرگاشم نەدا، ـ حوسەفەندی ـ منی دیت، نەیوێرا قسان بكات. دانیشتم و كتێبیشم بۆ دەرنەهێنا."

شەکسپیر دەڵێت:" مامۆستا جوانە، وەك گوڵە، هەڵمژینی بۆنە خۆشەکەی، ڕۆح و دڵ و دەروونت خۆش دەکات، وەلێ، خواردنی ناوکی ئەم گوڵە، ڕەنگ بێت ژەهربێت، بتکوژێ!"[٣]

خوێندکار، هەڵگری هەمان خەسڵەتەکانی مرۆڤی ئاساییە، ئەویش (ڕق و خۆشەویستی) هەیە، بە گشتی خوێندکار، ڕقی لە (٥) جۆرە مامۆستا دەبێتەوە. ئێستا، مامۆستای بەرێز..... برۆ لە بەرانەر بالآ ئاوێنەیەك رابوەستەوە، ئەم پرسیارانە لە خۆت بکە، ئەگەر هیچ لەو شتانەت تێدا بوو : ئەوا تۆ خۆشەویست نیت لە لای شاگردەکانت. بەڵام هیچ نیگەران مەبە. هەمیشە (٩٩.٩٨%) دەرفەتی چاکبوونت هەیە.

**پ. یەك: دەسەڵاتی تەواوت بەسەر پولدا هەیە؟**

جەڵەوی پۆلەکە لەدەست کێدایە، ئەگەر لە دەستی خوێندکارەکانت دابێت. تۆ خۆشەویست نیت!

**پ. دوو: باش باش گوێیان لێڕادەگریت"؟**

ئاگادار بە، قسەکردن یەك هونەرە. گوێگرتن دوو هونەری دەوێ، چونکە پرۆسەکە پتر لە لایەنێکی هەیە. ئەگەر دەڵێت: جا ئەوان چنە، تا من گوێیان لێڕاگرم. ئەوا بەداخەو، تۆ خۆشەویست نیت!

**پ. سێ: ئەوترسەت هەیە ئەوان بە گەمژەت بزانن؟**

قەت پێت شەرمە بڵێیت: ببورن، من نازانم؟ یان هەست دەکەی ناتوانیتینوویەتی ئەوان بشکێنیت.؟ ئەگەر هەستت کرد دەرسەکەت زۆر ئاست نزمە، دوور نییە ئەوان بە گەمژەت بزانن. ئەوا خۆشیان ناوێت!

---

[٣] *) مەبەست لە ناوکی گوڵەکە، درکەیە بۆ ئازاردانی مامۆستا، چونکە کە تۆ ناوکەکەی گوڵەکەت دەرهێنا، مانا وایە گوڵەکەت پەڕپەڕ کردووە، کوشتووتە.

**پ. چوار: کەسێکی پێشبینیکەریت و دەتوانی ئایندە بخوێنیتەوە؟**

چۆن چیرۆکنووس، بەند بەند دەزانێ چیرۆکەکەی بەرەوکوێ دەچێت، تۆش پێشبینی دەکەی ئەو خوێندکارە بەرەو چ ئاقارێك دەڕوات ؟ چی لێ دەردرچێت؟ لە کەسێتی ئەوتیگەیشتوویت؟ ئەگەر نا، ئەوا تویان خۆشناوێت!

**پ. پێنج: لە "یاسا زێڕینەکەی فێرکردن"تیگەیشتوویت؟**

لە زانستی پەروەدەکاریدا بابەتێك هەیە بەناوی: "یاسا زێڕینەکەی فێرکردن"، کە یەك ڕستەی سادەیە: (دەرس بۆتیگەیشتنە). ئەگەر دەزانی خوێندکارەکانت تێتناگەن، ئەوا موسیبەتێکی گەورەیە، تۆ لە خۆت بپرسە: خۆشیان دەوێم؟

باشە، پێش ئەوەی بێمە سەر چارەسەر بۆ وەگیرهێنانی (خۆشەویستی)، با بزانین خوێندکار چۆن سەیری مامۆستاکەی دەکات. لە دنیادا، ئەوان دەڵێن : (٩) جور مامۆستا هەیە، بزانە خۆت دەناسیتەوە، کامیانی؟

**یەك: مامۆستای هەڵخەڵەتاو:**

ئەو مامۆستایەیە کە یەکەم دەرس چووە پۆل خوشەویستی و ماچ وموچ دەبەشێتەوە وا دەزانی خوێندکار هەر زەردەخەنەی ئەوی دەوێ و ئاوێ بینەو دەستان بشۆ! دوای وەکو کەو بەداوەکەو دەبێت.

**دوو: مامۆستای دێوەزمە:**

هێندە توند وتیژە لە گەڵ سیبەری خۆی بەشەڕ دێ. دەڵێ هەرچی من گوتم ڕاست و مەناقەشەی لەسەر نییە. "هەر ڕەجەب سەرپاڵەیە!"

**سێ: مامۆستای نوکتەباز:**

جا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نوکتەکانی سارد و سوڕتر دەبنەوە و دوبارەیان تێدەکەوێ و کەسیش بۆی پێناکەنێ!

**چوار: مامۆستای مەلای فەندی:**

وەك مەلای حوجرەكان: هەر خوێندن، هەر خوێندن، هەر خوێندن، هەر لەبەركردن، هەر پێداچوونەوە هەر دار ڕاوەشاندن، هەر خۆتۆڕەكردن.

**پێنج: مامۆستای عەوسمانلی:**

هیچ گۆڕانكاریەگی پێ باش نییە. هەمیشە باسی جاری جاران دەكات و لە گوێ گادا نووستوە و نازانی چ پێشكەوتنێك ڕوویداوە." لەبێ خەبەران كەشكەك سەلەوات."

**شەش: مامۆستای منمنۆكی:**

لە یەكەم ڕۆژە و تا سەری ساڵ : من..... جارێك من..... خۆم...... ئەمن...... بەسەرخۆم هات.....كە لە زانكۆ بووم....... ڕۆژێكی جەژن....... جا یەكسەر خوێندكارەكان لەبەر خۆیانەوە دەڵێن: بابە، دە شتێكمان فێركە، با ملی خۆمان بشكێنین!

**حەوت: مامۆستای ڕۆبۆت:**

ئەو هەر ڕاڤە دەكات و ڕاڤە دەكات، حەقی نییەتیدەگەن، تێناگەن، دەخۆن، دەخۆنەوە، موبایل بەكاردێنن، سەیری یوتیوب دەكەن، دێن و دەڕۆن.......وەك میسرییەكان دەڵێن" بیت بیتك".

**هەشت: مامۆستای ـ كوڕی باش:**

هێمن، قسەخۆش، دەرەجەدەر، پرسیار ئاسان، لێبوردە، دڵی خوێندكار ناشكێنێ گەر واجیبیش نەكات. لە سەیرانانیش كۆنكان و پۆكەریشیان لەگەڵ دەكات...... لە دەرس و دەور لاواز و ئاست نزم!

**نۆ: مامۆستای نیمچەهاوڕێ:**

زیرەك، بەتوانا، هاریكار، موسەیتەر لەسەر پۆل، خۆشمەشرەف، دەستگری خوێندكار، كێشە چارەسەركەر، ڕاستگۆ، پۆزەتیڤ، توند لەو هەڵویستانەی توندیی

گەرەکە و هێمن لە هەڵسو کەتی ڕۆژانەیدا و پێوەندی خۆی گواستۆتەوە بۆ ناو خێزانی خوێندکارەکانیشی.....هاوڕێشە و هاوڕێش نییە لەگەڵ خوێندکارەکانیدا!

مامۆستا بەرێز.... وەك گوتم تۆ هەمیشە (٩٩.٩٨%) دەرفەت و هەلی دۆزینەوەی ڕێگەچارەت هەیە، ئەمە ئاکامی توێژینەوەیێکی ئەکادیمیی باڵایە کە پسپۆڕانی پەروەردەکاری بەدەستیان هێناوە.

ئەوەی لەسەرتۆیە، دوو شتە بیکەیت:

یەك: وامەزانە، دانانی یاسا و سزا، خراپکارییەکان کەمدەکاتەوە، بەڵکو ئەوە چاکەی پیاوچاکانە، دەبێتە ڕێگری لە پیاوخراپان، بە لەبەرچاو خستنی کارە خراپەکانیان. کە تۆ خۆشتویستن، ئەوانیش تۆیان خۆشیاندەوێیت.

دوو: کە خوێندەواریت هەیە، بخوێنەوە، بخوێنەوە، بخوێنەوە، بخوێنەوە، خۆت دەوڵەمەندتر بکە. بەشداری هەر چالاکییەك بکە کە پێوەندە بە پەروەردەو پەروەردەکاری.

لەم ڕێگەیە دەتوانین ئاوێك بەسەر ئاگری ئەو شەڕە ساردەی نێوانمان دا بکەین. و بە خۆشی ساڵ بەرێکەین....خوا یار بێت.

هیوادارم ئێستا، سەرپەرشتیارەکە بزانێ کارێکی چاکیکرد یان نا کە خوێندنگەی کچەکەی گۆری......ژنە مامۆستاکە بزانێ بۆ خوێندکارانی، خۆشیان ناوێت..... باوکەکەش بزانی بۆ وا کچەکەی بە کوڵ بۆ مامۆستا خانەنشینکراوەکەی دەگریا....!!!

# ٢ دەرس لە ١ دەرسدا

" هێندێ جار کە ڕێگای خـۆت ون
دەکەی، خـۆت دەدۆزیتــەوە."
**(Mandy Hale)**

چونکە لە قۆناغی چوارەمی زانکۆمدا، بەغدام بەجێهیچشتبوو و چووبوومە شاخ، کە لە ساڵی (١٩٧٥) بوومە مامۆســتای زمانی ئینگلیزی، گوتیان تۆ (عائدون)ی و بە یەك شــەق فڕێیاندامە شاری ڕومادی. لەوێشڕا چونکە کورد بووم، ڕادەستی خوێندنگەیەکی ناوەندی شــەوانیان کردم کە هەموو خوێندکارە کوڕەکانی، سەربازیی پادگانی حەبانییە بوون و کچەکان لە پۆلیشدا عەبایان بەسەرەوە بوو. پاش دوو مانگ دەستیان گرتم بۆ خوێندنگەی ناوەندی(الطلیعة) لەوێشڕا، پاش مانگێگ بۆ خوێندنگەی دواناوەندی (الانتصار)، پاش دوومانگی تر، لەسەر من بوو بەشەڕ و پەلکیشیان کردم بۆ ئامادەیی (فلسطین)ی کوڕان کە هەر (١٢) پۆلی هەبوو، ئەوانیش هەمووی قۆناغی (١٢) بوون. ئەوکات ناوبانگی ئەو خوێندنگەیە لە ئاست بەرزی و ڕێکوپێکیدا، وەکو ناوبانگی

(ئامادەیی کوردســتان) بوو لە هەولێر. دوای حەفتەیێك لە دەستبەکاربوونم لەوێ، بەڕێوەبەرەکە زەحفەتی کردم و هەموو مامۆستایەکانیشی ـ کە کوردێکی خانەقینیشمان لەگەڵدا بوو ـ بانگێشت کردبوو، یەکەم جارم بوو زەحفەتی وا ببینم، جگە لە مەڕێکی سوورکراوەی ســەر سینییەك بریانی، پتر لە (٢٥) چێشت و تەعامات لە ســەر ســفرە داندرابوون. ئەمە نەریتی دەعوەتکردنی خێڵەکی خەڵکی ئەو شارە بوو کە هەزارەها ساڵە پاڕاستوویانە و شانازی بە کەڕەم و بەخشندەیی خۆیانەوە دەکەن!

کە بەڕێوەبەر بەیانیان دەگەیشتە خوێندنگا، باغ و باغات و گوڵی ئینجانەکانم ئاودابوو، چیمەنە گەورەکەی بەردەم ژووری مامۆستایانم ئاوڕشێن کردبوو و چەپکێك گوڵیشم بۆ سەر مێزی ئەو چنیبۆوە. ئەوا جگە لەوەی ئەو پۆلەی کە خۆم ڕابەری بووم، دەستێکم پێدا هێنا بوو و نەرمە ئاوڕشــێنێکم کردبوو. زوو دەگەیشتمە ئەوێ، ئەو کات ڕەبەن بووم و دیمەنی دارخورما و درەختەکانی دەم ڕێگا بۆ منی شاعیر یەکجار دڵگیر و جوان بوون لە خۆشیی ئەوان، سەبینان، زوو لە ماڵ دەردەچووم. تا ئێستا کەم مامۆستای وا بە شەخسییەت و کارامە و گورج و گۆڵ و لێهاتووی وەك ئەم بەڕێوەبەرم بینیووە. مانگێگ نە ســووڕایەوە، تا وای لێهات بەڕێوەبەرو مامۆستاکان هەفتانە دەهاتنە موشاهەدەی دەرس وتنەوەی من و ســەرپەرشــتیارەکەم بە خێرایی ئامادەکاریی گوتنەوەی دەرسێکی نموونەیی بۆ ڕێکخستم تا هەموو مامۆستایانی بابەتی ئینگیزی بێن سەیری دەم و پلی من بکەن و لاساییم بکەنەوە. دەروێشــە مامۆستایەکی گەرمە تەریقەی بێ ئەزموونی گۆڕەپانی خوێندنگە بووم: تا بڵێیت جێبەجێکاری یاسا و ڕێسای خوێندن بووم... دەبێ لە پۆل هەر یەك کەس قسە بکات... دەبێ لە پۆل هەر شەش هەستەوەرەکەت لە گەڵ من بێت... باویشك و خاو وخلیچکیی و خەوتن و بێئاگایی کوفر بوو... ئەوەی ئیمڕۆ خوێندراوە بۆ بەیانی کراوەتە ئاووزرزرە.... ئیجازە و پشوو و خۆدزینەوە یەکسان بوو بە ســفر... دواکەتن و دڕەنگ هاتنە پۆل، ڕێ پێدراو نەبوو، چونکە نابێ دوای من کەس پێی بێنێتە ژوورەوە.... دەیانگوت لە ئامادەیی(فلسطین)، هەر بەڕێوەبەرەکەمان وا توند وتیژ بوو، کەچی ئەوا ئێستا (کاکا) لەوی بردۆتەوە.

سـبەینەبوو... سرووەی ڕووباری فورات دەموچاوی بەیانی باوەشێن دەکرد، ئاسمان تابلۆیێك بوو لە زیوو و خۆر تاسـێکی زێرینی لەسەر نابوو، گەڵای درەختەکان ڕەقس و سەمایان بۆ باڵندە دەنگخۆشەکان دەکرد و دەستە دەستە ئەو منداڵ و کوڕ و کچە نازدارانە بە کتێبی بن هەنگڵیانەوە شەقامەکانیان تەیدەکرد و و بەدەم خۆرەتاوەوە پێدەکەنین و دەگەشانەوە. پڕ بووم لە حەز و چالاکیی و لەخۆبایی... هەمیشە حەزم کردووە دەرسی یەکەمی بەیانیانم هەبێ. ئەو ڕۆژە، دەرسی یەکەمم لە پۆلی (١٢) زانستی (ج) بوو، هەر دەقیقەیەك دوای زەنگ، گەیشتمە ناو پۆلەکە و یەکسەر وەك جالّجالۆکە، تەختەڕەشەکەم، بە تەباشیری سـپی و سـوور و زەرد و شـین نەخشاند. هەر سـێ دەقیقەیەك تێپەڕی بوو، لە دەرگای پۆلەکەم درا، کە بە دوو هەنگاو بۆی چووم و کردمەوە، سـەیرم کرد (حامید)ە، بە دوو چاوە زیتەکانی تەماشای چاوەکانی کردم و کتێبەکانی لە سـەر دەستی ڕاستەی دانا بوو و دەستی چەپەی بە خۆیدا شـۆڕکردبۆوە ... بە چاو پێیگوتم:" ڕێـم پێدەدوەیت بێـمە ژوورەوە". ئەو یەك قسەی نەکرد نەیگوت لەل. منیش، بێ ئەوەی بە حەرفێك وەڵامی بدەمەوە، یەکسەر دەرگاکەم بە ڕوویدا داخست و دەنگێکی بەرزیشی لێوە هـات. گەڕامـەوە ناوەندی پۆلەکە و تووتی ئاسا کەوتمە گوتنەوەی وانەکەم. کە زەنگی پشـوو لێیدا ولە پۆل هاتمەدەر، چاوەڕوان بووم (حامید) لەبەر دەرگاگە ڕاوەستا بێت، بۆ ئەوەی بێت و داوی لێبوردنم لێ بکات کە دڕەنگ وێڕاگەیشـتووە، بەڵام هیچ ئەسـەرێکی ئە و دیار نەبوو.

(حامید) لەسـەروی (١٩) سـاڵی دابوو، تا بڵێیت کەڵەگەت، بەڵام لاواز و بنیس، پرچی لوول و کورت و شانە نەکراوی ناشیرین نەبوو، گەردنە درێژەکەی، باڵایەکەی هێندەی دی درێژ کردبوو، جلە کۆنەکانی بەری ڕەنگەکانیان لەگەڵ یەکدا نەدەگونجان بەڵام پاك و خاوێن بوون. هەمیشە سەندەڵی لە پێدەکرد، خوێندکارێکی زۆر کەمدوو بوو بەڵام لە چاوی ڕادیار بوو کە بەهرەدار و باوەڕ بەخۆیە.

بۆ بەیانی، لە پۆلەکەی (حامید) دەرسـێکم هەبوو، سـەیرم کرد لە پۆل نییە و پێش زەنگ لێدانەکە کە وەرەقەی غیاباتیان هێنا، سـەیرم کرد ناوی ئەویان نەنووسـیووە، بە خێرایی لەسـەر وەرەقەکە نووسیم (حامد شفیع) و واژووم لەسـەر کرد و دەرچووم.

بۆ دوو بەیانی (حامید) سـیبەرەکەشی دیار نەبوو لە پۆل... بۆ سـێ بەیانی دەرسی ئەوانم نەبوو... بۆ چوار بەیانی، سـەیرم کرد هەر غائیبە..... شـتێك دڵی گرتم، خوێندکارەکان هەسـتیان کرد ئەو زەق و جۆش و خرۆشـییەی ڕۆژانی ڕابردووم نییە. وەك نەخۆشـێك قسەم دەکرد، وەك گێلە مامۆستایەك، ڕەفتارم دەکرد، تەواو تەواو بێزار بووم...یەکێك لەسـیفەتە خراپەکانی من ئەوەیە زۆر زوو پێشبینی شـتەکان دەکەم. جار هەیە بە خۆم دەڵێم : "دەبێ من وەلی نەبم؟" خواخوام بوو زوو زەنگ لێبدا. کە لێیدا، بە پێچەوانەی ڕۆژان، یەکسەر دەرپەڕیمە دەرەوە و کە گەڕامەوە ژووری مامۆستایان، چایەکەم بۆ نەخـورایەوە ـ کە زۆر حەزیش لە چای پشـووەکان دەکەم و جار هەیە بۆ خۆم دەچم چایەکە تێدەکەم ـ، هاتمە دالآنەکە و یەکەم خوێندکاری ئەو پۆلەی کە (حامید)ی لێی بوو بە ئیشارەت بانگم کردو دوای دەستپێکێك، بە هێمنی بەلام بە بایەخدانەوە گوتم:" حامید هەر دەرسی من نایەتە پۆلەوە یان ناچێتە هەموو دەرسـەکان؟" یەکسەر، وەك بڵێت خەبەرێکی پێیەوە دەمێکە دەیەوێ پێمی بڵێت، گوتی:" مامۆسـتا! حامید وازی لە خوێندن هێناوە."

گوتم:" بـۆ؟"

گوتی:" ئاخر چونکە ئەو ڕۆژە تۆ نەتهێشت بێتە ژوورەوە!"

گوتم:" بەلام، ئەو دەزانێ دواکەوتن لە دەرسی من ڕێ پێدراو نیە!"

گوتی:" ئاخر مامۆستا، کە تۆ حامیدت دەرکرد و نەتهێشت بێتە دەرسەکە، ئەو برایەکی سەربازی، لە شیمال کوژرابوو، تازە جەنازەکەیان هێنابۆوە، ئەو لەبەر خاتری تۆ ویستی بێتە دەرسـەکە."

هیچ وشەیەك شك نابەم، تا وەسفی ئەو بارە دەروونییە ناخۆشەی ئەو سـاتەی خۆمتان، بۆ بکەم. یەکسەر وتەیەکی کارەکتەرێکی یەکێك لە ڕۆمانەکانی (James Joyce)م

بەبیرهاتەوە کە دەڵێ"پەشیمانی لە ژیاندا بوونی نیە، هەمووی هەر دەرسە." حەزم دەکرد ڕۆحم دەرچێ، هەستم دەکرد کە من کەسێکی ناکاملم، ئەقلم تەواو نییە، مامۆستایەتیەکەم شێتانەیە، بێ ڕیزم، بێ حەدد لەخۆم بایم و زاڵمانە ڕەفتار دەکەم.... وەك کەروێشکی تەڕبووی بەربارانی پەڵە، چوومە لای بەڕێوەبەر و عادز دانیشتم، نەمتوانی ڕەنگی هەڵبزڕکاوی خۆم بشارمەوە، بۆیە یەکسەر گوتی:" مامۆستا فازیل، خێرە؟ خوانەخواستە خوێندکارێك شتێکی بەرانبەرت نەکردووە؟"

گوتم: " دەترسم پێچەوانەکەی ڕاست بێ!"

هات لە تەنیشتم دانیشتوو و زۆر بە وردی وەك خۆی هەموو حیکایەتەکەی حامیدم بۆ گێڕایەوە. دەستی خستە سەر شانم و گوتی:" زۆر ئاساییە، ئەمە چارە دەکرێ." ئەو بەڕێوەبەرە یەکجار زۆر ڕێزی لێدەگرتم و خۆشیدەویستم و حەزی دەکرد هەر لەوان ژنێك بێنم ـ تا سەفەر کردنم بۆ دەرەوەی وڵات پەیوەندیمان هەر مابوو، ئەو دەهاتە کوردستان بۆ سەردانم ـ ئەو ڕۆژە دەرسم بۆ نەگوترایەوە. بەر لە گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە بە جەنابی بەڕێوەبەرم گوت:" حەز دەکەم هەر ئەم پاشنیوەڕۆیە سەردانی ماڵی حامید بکەین." ئەویش سەرێکی لەقاندو گوتی:" خۆم بە ئۆتۆمبیل شەو بەدوات دادێم و دەچین، ئەو کات باشترە."

ئەم سەردانەی من بۆ ماڵی حامید، هاوکێشەیکی هێندە ئاڵۆزوپاڵۆزی بە گێچەڵ و بە سەرئێشە بوو بۆ من کە نەمدەتوانی هیچ شیکاری و لێکدانەوێکی ئاقڵانەی بۆ بکەم. من ئەمشەو دەچمە پرسەی سەربازێکی عەرەب کە بە دەستی برایەکی من لە شاخەکانی کوردستاندا کوژراوە و من لەجیاتی سەرخۆشیی و دڵنەوایی، براکەی ئەوم لە پۆل دەرکرد دەرەوە. ئاخر (حامید) ناحەقی نەبوو، دوێنێ کوردێك لە شیمال برای ئەویان کوشت و ئیمڕۆ کوردێك لە ڕومادی ئەو لە پۆل دەرەدەکاتە دەرەوە و دەرگای بە ڕوودا دادەخات!، لە لایەکی دیکە کەسێتی من دەکەوێتە جێ گومان، کاتێ من داوای لێبوردن لە خوێندکارێکی لاساری خۆم دەکەم کە خۆم لە پۆل دەرمکردووە.

که گەیشتینە ماڵی (حامید) هێندە بە گەرموگوڕییەوە پێشوازیان لێکردین، تەریق بووینەوە و کەوتینە عوزرخواستنەوە لە دواکەوتنمان لە بەشداربوونی پرسەکەیاندا و (حامید)یش هات و تۆقەی لەگەڵ کردین. شێخێکی ڕیش سپیی نوورانی، لە مەجلیسەکەدا، ڕووی لە من کردو گوتی:"کاکە ئێمە، کوردو عەرەب، برای دینین، ئەو ڕژێم و ڕووداوانە ناتوانن لێکمان بکەن، ئێمە سەر بەرزین بە سەلاحەددینی ئەیوبی." ئەم قسەیە نەختێ ورەی بەرزکردمەوە دیقەتمدا قسەبێژەکە زۆر بە ویقارِ و هێمنی و باوەڕ بە خۆ بوونەوە ئەمەی گوت.

که ویستمان لە ماڵ بینەدەرەوە، بەڕێوەبەرەکەم، قۆڵی لە قۆڵی (حامید) هەڵکێشا و بۆ لای دیواری برد و بە دەنگێکی پڕ حوزن و دڵسۆزیی و خەمخۆرییەوە پێگوت:" وا پرسەکە کۆتای هات و، بەیانی دەگەڕێتەوە مەکتەب و دەوامی خۆت دەکەیت و مامۆستا فازیل و ئەوانی تریش تەعویزی دەرســە ڕۆیشتووەکانت دەکەنەوە. خەمی هیچت نەبی."

باوەڕ ناکەم ئەم بەڕێوەبەرەم لە ژیانی خۆیدا، قۆڵی لە قۆڵی خوێندکارێك هەڵکێشابێت. ئەوە لەبەر خۆشەویستی ئەو بوو بۆ من، خۆ (حامید)یش زانی کە ئەم ڕەفتارە جوانەی بەڕێوەبەرەکە وەك ئەوە وا بوو ســێنەجمە بخاتە سەر شانی، بەڵام سەرنجم دا کە (حامید) هیچ دڵگرانی و حقد و نارەزایی پیوە دیار نییە، بەرانبەر من، بەڵام هیچ ئاکارێکی ڕووخۆشیی و ئارامی و ئۆقرەشی پێوە دیار نەبوو. ئەوا هەر بە دکتۆرێکی دەروونناسی زانای وەك پرۆفیسۆر عومەر پەتی دەویست، تا بتوانێ دەروون و ڕەنگ و ڕوخساری ئەم کوڕە بخوێنێتەوە و ڕاڤەی بکا وتێیبگات.

(حامید) زۆر بە هێمنی بەبێ چاو ترووکاندن وەڵامیداوە و گوتی:" ببورن، من بریاری خۆم داوە، من ناخوێنم!"

ئەم شــەوە هێندە شڵــەژاو و حەپەساو بووم خەوم لێنەکەوت، دەمەویســت دڵی خۆم بدەمەوە کە دوور نییە (حامید) هەر خۆی پلانی وازهێنانی لە کەللەدا بوو بێت و ئەم مامەڵەکردنەی منی کردە بێتە هەنجەت... ناوە ناوەش لە دڵی خۆمدا دەمگوت:" نا، فازیل، تۆ تاوانباری، تۆ مامۆستای دروستکەر نیت، ڕوخێنەری.!"

سـەرتان نەهێشێنم، کە بەیانی لە خەو هەسـتام، شادەیەکی بە حەقم هێناو گوتم:" فازیلەکەی دوێنێ مرد ! ئیمڕۆ من مامۆستایەکم، توندوتیژیم لە فەرهەنگی خۆم فڕێداو، بریاربێ، کە خوێندکارەکانم هەر شتێکیان کرد، لێیان بپرسم : (بـــــۆ؟).

لەو ڕۆژەوە (بۆ / لماذا / Why) بوون بە زکری سەر زمانم وئێستا دەڵێم :"حامید گیان زۆر سوپاس، کە دوو دەرسـت لە یەك دەرسـدا فێرکردم. ببورە کە من هەڵـەم دەرحەق بە تۆ کرد."

دەرسی یەکەمم ئەوەبوو، کە ئێمە تەنها و تەنها بە خۆشەویستی فێردەبین و بە خۆشەویستی دەتوانین فێرخواز فێربکەین. تووندوتیژی قەت هیچ بەرهەمێکی باشی نییە!

دوو: فێربووم بە سایەی وشەی (بۆ) چەندەها کێشەو گرفتەکانی خوێندکارەکانم چارەسەر بکەم. تا دەمرم قەرزاری (بـــۆ)م، چونکە زۆر بە هانام هاتووە و یارمەتیشی لە دەستگرتنی هەزاران خوێندکار داوم. کە ئەگەر ئەو نەبووایە بە لانی کەم چوار پێنجێکیان ئێستا خۆیان کوشتبوو.

لەو ڕۆژەوە دەها حیکایەتم لە گەڵ (بـــۆ) دا هەیە. " شیرین کچی هونەرمەندێکی ناسراوی کوردە، کە لێم پرسی بۆ واجیبت نەکردوە؟ گوتی، بەیانی پێت دەڵێم. بەیانی دەفتخەۆیکی (٦٠) پەری دامێ کە وەڵامی پرسیارەکەم بوو. زۆر زۆر بۆ شیرین گریام، قەت نەمدەزانی وەزع و حاڵ و ژیانی ئەوانە لە ماڵەوە هێندە دژوار و ناخۆشە!.... بۆیە زۆر هاریکاریم کرد. ئەم ڕازەش یەکەم جارە لێرەدا باس بکەم...." دیسان دەڵێم :" سوپاس بۆ (بـــۆ؟)"

ئەگەر (بـۆ) نەبوایە ئەوا من نەدەبووم بە مامۆستایەکی سەرکەوتوو (ئەگەر سەرکەوتوو بوو بم!)

(Helen Keller) جوانی گوتوە:" ژیان زنجیرە دەرسێکە، تا تێیاندا قاڵەنەبینەوە، تێیان ناگەین"

دەرسی یەکەمم ئەوەبوو، کە
ئێمە تەنها و تەنها بە
خۆشەویستی فێردەبین و بە
خۆشەویستی دەتوانین فێرخواز
فێربکەین. توندوتیژی قەت
هیچ بەرهەمێکی باشی نییە!
دوو: فێربووم بە سایەی
وشەی (بۆ) چەندەها کێشەو
گرفتەکانی خوێندکارەکانم
چارەسەر بکەم. تا دەمرم
قەرزاری (بـۆ)م، چونکە زۆر
بە هانام هاتووە و یارمەتیشی
لە دەستگرتنی هەزاران
خوێندکار داوم. کە ئەگەر ئەو
نەبووایە بە لانی کەم چوار
پێنجێکیان ئێستا خۆیان
کوشتبوو.

# که پەیوەندی مامۆستا و بەڕێوەبەر درزی تێدەکەوەیٚ!

**"بەڕێوەبەر دەسەلاٚتێکی هێندە بالاٚی هەیە کە بۆ سەرۆکوەزیرانش وا مەیسەر نەبووە."**
**(ونستن جرحل)**

(Heywood Broun) ی نووسەر، وا دەگێڕێتەوە، بەڕێوەبەری خوێندنگەیەك، لە دانیشتنێکیدا لەگەڵ دەستە مامۆستایەکی تازەدەست بەکار دەڵێ:"ئێوە، ساڵانێك دەرس و دەوری تیۆری وتیۆرکاریتان لە زانکۆکاندا خوێندوە، بەلاٚم لێرە، تیۆرییەکان زۆر جێگەی متمانە نین، ئێرە تیۆریخانە نییە، قوتابخانەیە. ژیانیش لەسەر بنەمای واقیعخوازییدا دەڕوات نەك تیۆریٚ بازیی." ئەوەی ڕاستیی ئەو بۆچونەی ئەم بەڕێوەبەرە دەسەلمێنیٚ ئەوەیە: تیۆرییەکان ژمارەکەیان سنووردارە، بەلاٚم لە نێوان ئەو(٢٥) ملیۆن مامۆستایەی کە ئیمڕۆ لە جیهاندا دەرس دەڵێنەوە، مەحاڵە دوو مامۆستا هەبێت کتومت وەك یەك دەرس بڵێنەوە، ئەگەر زۆریش بە مامۆستایەکی خۆی موعجیبب بووبێت، ئەوا ئێستا ئەوە وەك مامۆستاکەی دەرس ناڵێتەوە بەڵکو لاسایی مامۆستاکەی دەکاتەوە. ئەوشمان

لەبیر نەچێت مامۆستاش مرۆڤە پێش ئەوەی مامۆستا بێت، کەواتا بۆچوونی جیاواز و بیرکردنەوی جیاواز و لە ئاکامیشدا هەڵسوکەت کردن و ڕەفتار نواندنی جیاواز شتێکی واقیعحاڵی بوونی مرۆڤە. لێرەدا جار هەیە جۆرە بەرکەوتنێك لە دوو بیرکردنەوەی جیاواز و دوو ڕەفتارنواندی جیاوازی نێوان بەڕێوەبەر و مامۆستایەك ڕوودەدات.کە من بە شتێکی ئاسایی دەزانم. بەڵام پرسیارێك:" ئەگەر من ئەم بەریەککەوتنە بە شتێکی ئاسایی دەزانم، بۆ لێرەدا کردوومە بە مانشێتی بابەتەکەم؟" لە وەڵامدا دەڵێم:" ئاساییە، ئەوکاتەی بە بیر و هۆش و دیدێکی کراوەی مرۆڤدۆستانە وەردەگیرێت و زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و خیرا چارەسەردەکرێت." ئەزموونی تەمەنی مامۆستایەتیم، نیشانی داوم کە، لە پرۆسەی پەرەودە و خوێندنی لای خۆمان ئەم مەسەلەیە هەم بە هەند وەرنەگیراوە و هەم زانستییانەش مامەڵەی لەگەڵدا نەکراوە، بە دەیان بەڕێوەبەری زۆر دڵسۆز و بە سەدان مامۆستای زۆر کارامە و شارەزا بوونەتە سووتوی ئەم ئاگرە و پێوەی سووتاون و زەرەرمەندی گەورەش جگە لەو دووانە، خوێندکار و قوتابی و پەروەردە و نیشتمان بووە!

هەمیشە، لێرە و لەوێ، لە بنگوێماندا دەخوێنن کە مامۆستای بە توانا و بەڕێوەبەری سەرکەوتوو کییە، دوایین لێکۆڵینەوەش ئەم (٨) پێپلیکانەی لە بەرپێی ئەو بەڕێوەبەرە داناوە کە نیازمەندە بگاتە مەقامی بەرزی سەرکەوتن :

١.**دووربینی:** بە پێشبینی کردنی ڕووداو و مەسەلە چاوەروانکراوەکانی ئایندەیی خوێندنگەکەی.

٢. **جەسووری:** چاونەترسان بەرانبەر ئەو تەحەددایانەی کۆسپی بۆ دروست دەکەن و بوونی ئیرادە بۆ تەختکردنیان.

٣. **جەرگسۆزی:** بۆ خوێندکار و مامۆستا و ستافی پەروەردە و پرشۆسەی پەردە و فێرکردن.

٤. **ڕۆحی هاریکاری:** ئەو دەزانێ بەبێ هاوکاری و هاریکاری یاوەر و خوێندکارەکانی، کارەکانی بە سانایی بۆ مەیسەر نابێت.

٥. **دادپەروەری:** دەستخۆشی لیّ کردن پێش ڕەخنەگرتن، هاندان پێش سەرکونەکردن، ئاگادارکردنەوە پێش سزادان.

٦. **نەرمونیانی:** هەموو شتیّ بە ئاسن و پۆڵا چاك ناکریّ ، هەرچەندە ڕەق و خۆراگرن. زۆربەی هەرە زۆری کێشەکان بە خەندەیێك و وتەیەکی شیرین دادەمرکێنەوە.

٧. **گوێگری:** گوێگرتن هونەرە و فێرت دەکات بە چ هونەرێك وەڵامم بدەیتەوە، تا لەم هونەرە تێنەگەی، نازانی جوان قسان بکەیت.

٨. **پرسنی:** دەبیّ بزانیّ، ڕەنگی مامۆستا و چاو خوێندکار و هەنگاوی کارگوزار و ڕۆخساری سەرپەرشتیار و لێوی باوانی خوێندارکاران بخوێنێتەوە و هەمیشە پرسن و بە ئاگا و وریا بێت.

زۆر گوتن قورئان خۆشە، پەروەردەکاریکیش، دەڵیّ، ئەم خاڵانەی سەرەوە، ئەگەر کەسیەتیی بەهێزی بەڕێوەبەری لە گەڵدا نەبیّ پۆلێکی قەڵپ ناهێنن!

لەبەر ئەوەی خوێندنگە، پرۆژە و کۆمپانیا و دەزگای وەدەست هێنانی بەرهەمی ماددی و سەرمایەداری نییە، کێشە و بەرکەوتنی نێوان ئەندامانی، جێگەی مەترسی نین و هۆکارەکانی زۆر دژوار نین. لە توێژینەوەیەکی مەیدانیدا، هۆکاری سەرەکی درزتێکەوتنی پەیوندی نێوان بەڕێوەبەر و مامۆستا لە دوو خاڵدا چڕکراوەتەوە.

**یەك: وردە ڕووداوی بچووکی بیّ بایەخ:**

لە (٧٥٪)ی بەرکەوتووەکان، لە ئاکامی کەڵەکە بوونی ڕووداوی زۆر پروپوچ بەرپا دەبن. بۆیە ئەگەر بەڕێوەبەرەکە وردبین و پرسن بێت هەر زوو دەرك بە شتەدەکات و بە چەند دەقیقەیەك چارەسەری دەکات و ناهێڵیّ گەورە بێت. هەر بۆ نموونە، خۆم ئەم ڕووداوەم بینی: (بەڕێوەبەرەکە بەیانیان زوو لە دەرگای حەوشەی خوێندنگەکە رادەوەستاو پێشوازی لە خوێندکارەکانی دەکرد، ناوە ناوە تەماشایەکی سەعاتەکەی دەستیشی دەکرد تا بزانی وادەی جەرەسەکە چەندی ماوە. مامۆستایەك بە ڕوویدا هەڵشاخا، کە بۆچی هەر کە ئەو پیّ دەنێتە ناو خوێندنگەکە، جەنابی بەڕێوەبەر تەماشای سەعاتەکەی دەکات، لە

کاتێکدا، کە ئەو دوانەکەوتووە!؟ ئەمە بووە گرێیەکی دەروونی بۆ مامۆستاکەو بەرە بەرە شتەکان کەڵەکەچن بوون و ئاڵۆزیان لێ پەیدا بوو.)

**دوو: کەم ئەزموونی:**

جا لە تەرەف هەرکامێکیانەوە بێت. (Tom Bodett) جوانی گوتوە:" جیاوازی نێوان خوێندنگە و ژیان ئەوەیە، لە خوێندنکەدا، فێرکردن پێش ئەزموون دێت، بەڵام لە ژیاندا، لە ئەزموونەکان، فێر دەبیت." بۆیە نەشیاوە، مامۆستای کەم ئەزموون و تازە دامەزراو ببێت بە بەڕێوەبەر، هەرچەند شێوازی پەروەردەکردنی (بەڕێوەبەر ایەتی) لە سیستەمی پەروردەی کوردستاندا، سەقەتە، چونکە هەم کۆلێژێك لە زانکۆکاندا نییە بروانامەی پسپۆریی بەڕێوەبەرایەتی ببەخشێتە زانکۆیان و هەم غەدرێکی گەورەیە مامۆستایەك کە عەیامێك لە ڕشتەی جوگرافیا یان کوردی، یان کۆمەڵایەتیی یان کیمیا ــ یان هەر ڕشتەیەکی دیکە، بخوێنێ و ممارەسەی رشتەکەی خۆی نەکات و مرداربکرێتەوە!

با دوو دێر، لەسەر سروشتی ئەو دزرتێکەوتنە بنووسین. دڵنیام کە بەڕێوەبەرەکان، زوو درك بە سارد و سوڕیی و کەمتەرخەمی و دڵڕەنجانی مامۆستای تۆراو دەکەن، بەڵام، لەبەر هەر هۆکاریك بێت ـ کە ڕەنگە لە خۆبایی و لووت بەرزی و خۆ بە شت زانین یەکێکیان بێت ـ زوو هەوڵی چارەسەرکردنیان نادەن. جالێرەدا، مینەکە لە ژێر پێی بەڕێوەبەرەکەدا دەتەقێتەوە! چۆن؟ دەبێ بەڕێوەبەر بزانێت، کە لەم کێبرکێیە و گوریس ڕاکیشانە، مامۆستایەکە لەو بەهێز ترە، ئەو ڕۆژانە لە گەڵ (٧٠.٨٠) خوێندکار، ڕووبەڕوو تەماسی هەیە و قسەیان بۆ دەکات، ئەگەر لە هەر حەفتەیەکدا، پلارێك بە بەڕێوەبەر دابدات: (ئەمەش شووشەی شکاوی پۆلی ١٢ی زانستی خوێندنگەکەمانە! دەوەرە لە ئامادەیی نموونەی ئاوت نەبێ بیخویتەوە! قەت بوو، ڕۆژێك پێش ئەزموون، خشتە دابەش بکرێت! ئێوە دارو درەختە جوانەکانی باغی خوێندنگەکەتان بینیوە؟ ئەوە چەند ڕۆژە مامۆستای بیرکاری بۆ خۆی لێیداوە دەوام ناکات و کەس لێی ناپرسێتەوە؟ هەر ئەوەمان پێ دەویست، ئەمساڵ دڵۆپەشمان زیاد کردوە لە سابیەی سەری...... !) جا

كە بەڕێوەبەر ئەم قسانە دەبیستێتەوە ـ چونكە زۆریان جاسوس و چاویان لە پۆلەكان داناوە ـ هەڵپەركییەكە و دەنگی دەهۆڵ و زۆرنایەكە خۆشتر و گەرمتر دەبێت!

با ئەمەیشتان بۆ بگێڕمەوە، لە ساڵی (١٩٧٧) درزی نێوان مامۆستایەك و بەڕێوەبەرێك، لە دواناوەندی (.....) لە كۆیە، هێندە گەورە بوو، لە وەزارەتی پەروەردەوە، لە بەغدا، چەند سەرپەرشتیارێك هاتن، كە كەوتنە دانووسان لە گەڵ لایەنەكان، گوتیان:" سوپاستان دەكەین، كە ئەو گەشتە خۆشەتان بۆ سازكردین، تا بێینە كوردستان و ئەم دیمەنە جوانانە ببینین، بەڵام چونكە كێشەكەتان هێندەبێ بایەخ و سادەیە، هی ئەوەی نییە كاتی پێوە بكوژین، یاڵڵا... با هەموومان بەرێكەوین بۆ هاوینەواری چنارۆك." هەر بە دوو قسەی خۆش كێشەكەیان چارەسەر كرد و وایان بە بەڕێوەبەرە كە گوت:" نرجوا ان لا تسبح مره اخرى فى ماء عكر." منیش ئەم پەندەم پێ جوانە كە نابێ بەڕێوەبەر لە گۆلە ئاوی لێڵدا زوو بكەوێتە مەلە.

(Tetsuko Kuroyanagi) ی نووسەریش دەنووسێ:"بەڕێوەبەرێك بە مامۆستایەكانی خۆی دەڵێ: من ئەو كاتەی دڵم دەخەمە ناو مستمم و زۆر دەترسێم، كە هەست دەكەم، چاوەكان هەن و جوانی نابینن، گوێیەكان هەن و ئاوازی خۆش نابستن، مێشكەكان هەن و درك بە پێشبینی ڕاستیی ڕووداوەكان ناكەن، دڵەكان هەن، بەڵام قەت شنەی سۆزێك نایان جوڵێنێت و چزیی پشكۆیەك نایان سوتێنێ!."

بۆیە منیش وەك خوشك و برایەكی ئازیز، بە بەڕێوەبەرەكان دەڵێم:" ئەگە یەك تاقە خوێندكاری لاسار كافیی بێت پۆلێك لە مامۆستا بشێوێنێ و ئاژاوە بنێتەوە، ئەوا یەك تاكە مامۆستای لالووت و دڵڕەنجاو، دەتوانێ هەموو قوتابخانەكەت لێ بكاتە ئاگر ــ بەتایبەتی ئەگە (لۆبی) بۆ خۆی پەیەیدا كرد".

لە ساڵی (١٩٧٧) درزی نێوان
مامۆستایەك و بەڕێوەبەرێك، لە
دواناوەندی (.....) لە کۆیە، هێندە
گەورە بوو، لە وەزارەتی
پەروەردەوە، لە بەغدا، چەند
سەرپەرشتیارێك هاتن، کە کەوتنە
دانووسان لە گەڵ لایەنەکان،
گوتیان:"
سوپاستان دەکەین، کە ئەو گەشتە
خۆشەتان بۆ سازکردین، تا بێینە
کوردستان و ئەم دیمەنە جوانانە
ببینین، بەڵام چونکە کێشەکەتان
هێندە بێ بایەخ و سادەیە، هی
ئەوەی نییە کاتی پێوە بکوژین،
یاڵڵا... با هەموومان بەرێکەوین بۆ
هاوینەواری چنارۆك."
هەر بە دوو قسەی خۆش
کێشەکەیان چارەسەر کرد و وایان
بە بەڕێوەبەرە کە گوت:
"نرجوا أن لا تسبح مرة اخرى في ماء
عكر."
منیش ئەم پەندەم پێ جوانە کە
نابێ بەڕێوەبەر لە گۆلمە ئاوی
لێڵدا زوو بکەوێتە مەلە.

# پۆشاکی مامۆستایەکانم

# چیان فێر کردم؟

**"مۆدە پۆشاك، زمانێکە لە زاندانی**
**جلوبەرگدا لە دایك دەبێ، بۆ راڤەکردنی**
**واقیعحاڵی ڕاستییەکان"**
**(Karl Lagerfeld)**

وەك بەرکولێ، تا باشتر چێژ لە بابەتەکە وەرگرن، ئەم (٣) تایبەتمەندییەی پۆشاکتان زۆر بە کورتی بۆ دەخەمە روو:

یەك: ئەگەر لە چاخەکانی بەردین و پێش بەردین، پۆشینی جلوبەرگ بۆ خۆپاراستن و خۆگونجاندن بووبێ لەگەڵ کەش و هەواو ژینگەی ئەشکەوت و دارستان و کەژ و کێو و بیابانەکان، ئەوا لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانییەت و گەشەکردنی هزر و ڕۆشنبیریی مرۆڤ، پۆشاکپۆشین، چەندین پەیامی تازەی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ستایل و مۆدیل و شێواز و ڕەنگ و کەرەستەکان هێنایە کایەوە، ڕشتەکانی دەروونناسی و کۆمەڵناسی، پۆشاك بە ئامرازێك دادەنێن کە دیوی ناوەوەی مرۆڤەکان نمایش دەکات. واتا ئەو پۆشاکەی دەیپۆشین تەعبیر لەوە دەکات کە (ئێمە چین) یان (ئێمە حەز دەکەین چی بین).

کەواتا پۆشاك تەنیا هـەڵگری ناسـنامەی نەتـەویی نییـە، بـەڵکو ناسـنامەی تاکـەکانی کۆمەڵیشی لە گیرفاندایە، بـە خوێندنـەوەی ئـەو ناسـنامە (دیـار و نادیـارە)، کەسـێتی جلپۆشەکە وەکو تاك، یان توێژ، یان چین، یان کۆمەڵ بەدیار دەکەوێ.

دوو: زانستییانە سەلمێندراوە، کە پۆشاك، هێز و وزەیەکی نەبینراوی شاراوەی تێدایە، کـە هەم کاردەکاتە سـەر جلپۆشـەکە و هـەم کاردەکاتـە سـەر کەسـی بەرانبـەر، ئـەم هێـزە موگناتیسییە، زۆر لێکۆڵینـەوەی تاقیگـەیی لەسـەرکراوە و زۆر ئاکـامی سەرنجڕاکیشـی ئاشکراکردووە، کە زۆرجـار کەسـی جلپـۆش، بۆخـۆی نـازانێ، کـە پۆشـاکەکەی چـەندە کاریگـەری لەسـەر دەوروبەرەکـەی هەیـە. پۆشـاك ئارامکـەرەوە و هێمنیبـەخش و خاوکەرەوەی گرژییەکانی دەروونە، لە هەمان کاتیشدا، تارمـایی خـەمۆکی و بێزەوقـی و ناڕەحەتیی لە گەڵدایە، ئەمەیش بە گوێرەی جۆری پۆشاکەکە.

سێ: دەگوترێت، ئەوە جەستەی مرۆڤە کە کەسێتی بە پۆشاك دەدات، بـەڵام لـە زانسـتی جوانپۆشیدا، پێچەوانەکەی ڕاستە. بۆ نموونە هەر ڕەنگێکی پۆشاکەکەت هـەڵگری هێـز و وزە و سرووش و سروشتی خۆیەتی، واتا ئەوەی تـۆ دەیبـینی هـەر ڕەنـگ نییـە، بـەڵکو گوژمەیـەك هێـزی وروژێنـەری تێکـەڵ و ئـاڵۆزە، وەك چـۆن ڕەنگـی پۆپیتـە و پـەڕ و پەڕەمووچی هێندێك باڵندە، لە جووتبووندا کاریگەرییان هەیە، ڕەنگ و جۆری پۆشاکیش لەسەر مێشك و دڵی مرۆڤیش کاریگەریی خۆیان هەیە. کەواتا ئەوە کەسێتی مرۆڤـە کـە کەسێتی بە پۆشاك دەدات نەك جەستە.

بەسـتەنەوەی ئـەم وتانـەی سـەرەوە، بەکەسـێتی مامۆسـتا و واقیعحـاڵی پیشـەی مامۆستایەتی لە کوردستانی ئەمڕۆی خۆمانـدا، ناچـارم دەکـات کـە بنووسـم:(بوون بـە مامۆستا مەحاڵنییە، بەڵام مەحاڵە بە سووك و ئاسانی و بی ماندوو بوون بتوانیت ببیت بە مامۆستا.) چونکە ئەوانەی پیشـەی مامۆسـتایەتیی هـەر لـە چوارچێوەی (قەڵـەم و کاغـەز و ڕەحلـە و تەختەڕەش)پێناسـە دەکـەن، بمبـوورن ئەگـەر بڵـێم، زۆر فـەقیرحاڵ و ناهۆشیارن بەم پیشە(سووك و قورس)ەی مامۆستا. داخی گرانم، زۆر کۆڵەگە و ئەستونگی بەهێز و پێویستیی (زانستیی فێرکردن Teaching Science)، لە کۆلێژە تایبەتمەندەکانی

پەروەردەكردنی مامۆستا، فەرامۆش كراون یان كەم بایـەخیان پێـدراوە، جـا خوێنـدكاری زانكۆ و پەیمانگایەكانیش گـەر بێخەبـەربن لـەم بنـەما و توخمـە سـەرەكییانەی پیشـەی مامۆستایەتی،، زۆر گلەییان لێناكرێت. لێرە دا پۆشاكی مامۆستا بە نموونە دێنمەوە.

دەمێكە پسپۆرانی دەروونناسی ـ لە (سیگموند فرۆید و یەنگ)وە بگرە تـا (سـكینەر و رۆجەر) ـ سـەرقاڵ و هیلاكـی ئـەوەن تـا نهێنییـەكانی ڕەفتـاری مرۆڤـ كەشـف بكـەن وتێیانبگەن و وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە:(چـۆن؟ بۆچـی؟ تاكـەكان وا بیردەكەنـەوە و وا ڕەفتاردەكەن، وا هەست دەكەن؟) دەبینین هەموویان كۆكن لەسەر ئەوەی كە لـە قالبـدانی هـەموو ڕەفتارەكـان بەیـەك پێـوەر و پێوانیـان بـە یـەك گـەز و گـوریس، كـاریكی نازانستییانەیە، چونكە هەرتاكێك خـاوەنی جیهـانبینی تایبـەت بـە خۆیـەتی و لـە ژێـر كاریگەری هێزێكی نادیار هەڵسوكەوت دەكات كە پێی دەگوترێت (هەوەسMood). بەڵام لە هەمان كاتیشدا ئەوان سنوور و نەخشە و پێگەی هاوبەشی مرۆڤـەكان ـ یـان توێـژ و چینی مرۆڤەكان ـ بە وردی دیاریدەكەن و لەسەر هەر خـاڵێكی هاوبەشـدا قسـەی خۆیـان هەیە. ئەگەر هەرتاكێك، بونەوەرێكی بـێ مەسـیل بێـت لـە بیركردنـە و ڕەفتارنوانـدن و كاركردندا و ئازاد بێ لەوەی كە خۆی حەزی لێدەكات و پێی شـیاو و پەسـندە، ئـەوا ئـەم جیهانە ئازادە و سەربەستە بۆ تاكی(مامۆستا)، نەختێ بەرتەسـك و بچـووك دەكرێتـەوە، تەنانەت هێندێ جار، بە گوێرەی یاسا و داب و نەریت و كەلتوور، سنووریشی بـۆ دیـاری دەكرێت.

چۆن و لەبەرچی؟ چونكە پیشەی مامۆستاییەتی، لەیـەك ئـان و سـات دا(بـە ئاسـت و ئاڕاسـتەی مێـژوویی و جوگرافیـایی پیشـەكە) لەسـەر (سـێ) تـەوەرەی پێكـەو بەسـترا وتێكهەڵكیشرا و قوفڵدراو، بەیەكە كاردەكـات. ئـەم (سـێ) تـەوەرە هێنـدە تێكئـاڵاو و جۆشدراو و ئاویتەبەكترین، كە موویان بەبەیندا ناچێت و زەڕڕەیـەك درزییـان لـە نیوانـدا نییە، ئەم (سێ) تەوەرەش بریتین لە:

- جیهانی ئەقڵ (فێركردن).
- جیهانی دەروون (بەئاشناكردن).

○ جیهانی ڕۆح (تێهزراندن).

جا سەیرەکە لەوەدایە کە لە ناوەندەکانی پەروەردەی و فێرکردن ـ لە زۆربەی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەندا ـ چەقی هێز و کارکردن و خۆ هیلاککردنەکە، تەنها و تەنها لە (جیهانی ئەقل)دا خەستکراوەتە و مەسرە ف و شەونخوونی هەر بۆ (فێرکردنەکە) دەکرێ. بێخەبەرن کە پرۆسەی فێرکردن، کاوێژکردن و خوولانەوەی بەردە دەستاری مەدارە* و بەبێ لەبەرچاو گرتن و بایەخدان بە جیهانی (دەروون و ڕۆح). ڕاگرتنی هاوسەنگی ژیان و دەستەبەرکردنی لاتایەکانی باری خۆبەرێوەبردن و گوزەراندن کارێکی زۆر زەحمەت و پر مەشەقەتە بەبێ بوونی ئەوان بە شێوە جوان و ڕاستەکانیان لە ناخماندا!

تۆ وەرە بیرەوەری و ژیاننامەی کەسە ناودارەکان بخوێنەوە، جا خاوەن هەر بیروباوەڕ و ئایین و فەلسەفە و هزرێك بن، مەحاڵە سەردەمی منداڵس و هەرزەکاریی ئەوان، خاڵی بێت لە ناوی مامۆستایەك ـ یان چەند مامۆستایەك، کە بەشێوەیەك لە شێوەکان، کاریگەری ڕاستەوخۆ و دیارییان لەسەر دروستبوون و ڕێچکەگرتن و گەشەکردنی ئەوان نەبوو بێ. جا تۆ لەخۆت بپرسە، دەبێ هێز و دەسەڵات و سیحری کەسێتی ئەو مامۆستایە لە چییەوە سەرچاوەی گرتبێ؟ جارێ لەپێشدا، باش بزانن کە هیچ قوتابی و خوێندکارێك نییە دەبەنگ و بێ ئەقڵ و مێشك داخراو بێت، ئەوەی هەیە پلە و نمرە جیاوازەکانە. بە واتایەکی تر، ئەوەند قوتابی سرنج و هزر وتیروانین وتیگەیشتنی بۆ مامۆستاکەی هەیە، کەمتر مامۆستاکە، بەهەمان ڕێژە لە قۆتابییەکە تێگەیشتووە. لەبەر چی؟ با وا دا بنێین لە (٣٦) هەفتەی خوێند لە ساڵێکدا، خوێندکار هەر (٢٨) حەفتە خوێندنی حەقیقی هەیە، ئەگەر پۆلێك، (٣٠) خوێندکار بێ و مامۆستا هەفتانە (٤) وانەی هەبێ، ئەوا لە یەك ساڵی خوێندندا (١٣٠٠٠٠) دەقیقە ئەو لەژێر چاودێری (٦٠) چاو دا بووە. کەواتا خوێندکارەکان نەك هەر شارەزای شێوازیی دەرس و دەور و ئەزموونکردن و قسە و ڕەفتاری ئەو مامۆستایەن، بەڵکو دەزانن، ئەو چەند قات و کراس و بۆینباغ و پشتێند و پێڵاو و سعات و ملپێچی و......تاد هەیە، ئاساییە کە بە بۆنی عەتر و کۆلۆنیا ئەو ئاشنا بن و بشزانن مامۆستا ژنەکان حەز بە چ ڕەنگ و میکیاژێك

دەکەن. کەواتە دوور نییە، یەکێك لەو کارتێکەرانـە، کـە لـە مێشـك و دڵ و دەروونـی، خوێندکاردا، جێی خۆی دەکاتەوە و جـێگیر دەبـێ و لـە ئایندەدا، لـە کەسـێتی ئـەودا ڕەنگدانەوەی دەبێ، پۆشای مامۆستایەکەیتی.

ئێستا، تۆ خۆت ڕوخسار و دیمەنی جیاوازیی هێندێك لە مامۆستایەکانی خۆت بێنـەوە پێش چاوخۆت و حوکمی خۆت بدە.. چـاکم لـەبیرە لـە پـۆلی دووەمـی ناوەنـدی بـووم، هاوپۆلێکم گوتی:(من هەر زوو زانیم (فلان) مامۆستا، لاواز و کەم عیلمـە، کـە یەکـەم دەرس هاتە ژوورەوە،ز نجیری پانتۆڵەکەی نیوە کرابۆوە و بۆیینباغەکـەی هـی سـەردەمی عوسملنییەکان بوو، دەتگوت دۆخینی لە مل کردووە.). لە پۆلی چـوارەمی گشـتی بـووم (پۆلی دەیەمی ئیمڕۆ)، مامۆستایەکی جوانپۆشی فەلەستینی بۆ ماوەیەکی کـەم وانـەی ئینگلیزی پێگوتین. لە یەکەم چاو پێکەوتنم گوتم: (شەرت بێ، کە لە زانکـۆ دەرچـووم و دامەزرام، دەبێ قاتێکی ئەوها (نیلی)، وەك قاتە جوانەکەی ئـەو، بۆخـۆم بکـەم!). کـە بەشـی ئینگلیـزیم لـە کۆلێـژی ئـاداب لـە زانکـۆی بەغـدا هەڵبـژارد، تـا ڕادەییـەك ئیختیارەکەم، لەژێر کاریگەریی ئەو مامۆستا فەلەستینییە دابوو.

لە کەناڵە تەلەڤزیۆنە ناودارەکانی جیهان، کە لەسەر بنەمایی پرۆفیشناڵی کاردەکـەن و ڕۆڵی دیاریان لە میدیای جیهانیدا هەیە، مەرجێکی سـەرەکییان بـۆ پێشکەشـکارەکانی بەرنامە بایەخدارەکان، وەکو دەنگوباس، هەیە، کە دەبێ ئـەو کەسـە (ئاسـاییپۆش یـان ڕێکپۆش بێت بەڵام ڕێی پێنادرێت کە وەك نمایشـکار و نـەوازەپۆش خـۆی بـەدیاربخات)، ئەمـەیش لەڕوانگـە دوو خـاڵ: یـەك، تـا پۆشـاك و میکیـاژ و خۆڕازاندنەوەکـەی پێشکەشکارەکە، نەبێتە هۆکاری زۆر سەرنجڕاکیشانی بینـەر و گوێنـەدان بـە نـاوەرۆکی دەنگ و باس و بەرنامـەکان. دوو، تـا ئـەو کەسـە نەبێتـە، دەڵاڵ و ڕێکلامکـاری ئـەو پۆشاکەی کە پۆشیوویەتی.

ئەزموونی، ساڵەکانی تەمەنی مامۆستایەتم، فێریکـردم کـە زۆر پێویسـتە مامۆسـتا: ڕێکپۆش و بەرچاو و پۆشتەوپەرداغ بێ، پێویستە لـە ڕوخسـار و دیمەنـدا ئاسـایی خـۆی بنوێنێ و موبالەغە نەکات. باشترە هـەر نـەبێ لـە پـێش دەسـتپێکی دەرسـی یەکـەم،

تەماشایەکی بەژن وباڵای خۆی لـە ئاوینـەدا بکـات. بۆیـە بەنـدە چـووبێت بـۆ هـەر قوتابخانەیەك، ئاوێنەبەندێکی بۆ مامۆستا و خوێنـدکاران دانـاوە. یەکـەم ئاوێنەشـم لـە ئامادەیی کوڕانی کۆیە لە ساڵی (١٩٧٧) هەڵواسی.

ئەوەی کەجێگەی هەڵوەستەکردنە، لەم بابەتە، ئەوەیە کە مامۆستا ژنـەکان لـە هـەر کوێ بن(لەخوێندنگەی کوڕانە یان کچانە) دەبێ ئەوە بـزانن، کـە ئـەوان زۆر کاریگـەری نەرێنییان لەسەر بیرکردنەوە و هەڵسـوکەوتی، نـەك هـەر خوێنـدکارەکان، بگـرە لەسـەر مامۆستا پیاوەکانیش هەیە، کاتێ بە پۆشاکێك خۆیان نمایش دەکەن کـە زۆر سێکسـی و تەسك وتروسك و گرانبەها و تازەمۆدیل و کەشخە بێ. ئەوا جگە لەوەی کە خوێنـدکار و مامۆستای کەمدەراماتتر تووشی نیگەرانی و پەشێوی دەکـات. دوور نییـە بـیرو زهـنی خوێندکار هێندە بەخۆییەوە مەشغول بکـات کـە زۆر ئاگـاداری دەرسـەکە نـەبێت و لـە ئایندەشدا تەقەمووسی کەسیەتییە نەرنییەکەی ئەو بکات.

لە پۆشاکی مامۆستاکانم فێربووم کە پۆشاك بەشێکە لە کەسێتی مامۆستا: رێکپۆشـی و پاك وخاوێنی و ڕۆخساری خوێنشیرین، خوێندکار هێوردەکاتە و باشتر لێی فێردەبێت و پـتر ڕیزگـرتن دەنـوێنێ. مامۆسـتای نـاڕێکپۆش و شـڕودڕ و بێـزەوق و لاموبـالی بـە پۆشاکەکانی خۆی، لە چاوی خوێندکاردا، کـەمتر سەرنجڕاکێشـەرە و ساردوسـورتر دێنـە بەردڵان. دووریش نییە، نارێکییەکە کێشە و هەراوهۆریاشی بـۆ بنێتـەوە.** ئـاخر نـە کەڵاشی هەورامانی لەگەڵ پانتۆڵی ئینگلیزی دەگونجێ و نـە پـاڵتۆی ئاودامـانی قۆچـپە پۆلیسیی بۆ ناو پۆل شیاوە و پانتۆڵی بێ قایش پشـتین، وەك کراسـی بـێ دوگمـە دێتـە بەرچاو......

نابێ ئەوەش فەرامۆش بکەین کە پۆشاکی ڕێکوپێـك و و ڕەنگـی پەسـند و ڕوخسـاری نـەرمونیان و شـیرین، زۆر کاریگـەریی لەسـەر خـودی مامۆسـتا هەیـە. ڕەنگنـاس (Faber Birren) دەڵێ:(هەموو ڕەنگێـك کایەیـەکی بازنـەیی موگنـاتیزیی نـەبینراوی تایبەت بە خۆی هەیە، کە وزە و هێز بە پۆشەرەکانی دەبەخشـێت، تاقیکراوەتـەوە، کـە گەر بە زۆر پۆشاکێك لەبەر کەسێك بکرێت کـە ڕقـی لـە ڕەنگـەکانی ببێتـەوە، یـەکرێ

هەڵسوکەوتی ئەو کەسە نەرێنی خۆی دەنوێنێ و کەسێکی لاواز و شەڕانگێز و نابەدڵ دروست دەکات.) واتا کاتێ مامۆستا هەست دەکات پۆشاکەکەی بە دڵی خۆیەتی و بەلایەوە جوان و پەسند و شیاوە، باشتر و گەرموگوڕتر دەبێ لە ڕاپەراندنی کارەکانی. ئەو ڕێنمای و ئامۆژگارییانەی کە بەڕێوەبەرێك بە پۆشینی جلوبەرگێکی جوان و ڕێکوپێك و پۆشتەو پەرداغ، لە نووسینگەکەی خویدا، ئاراستەی خوێندکارێکی دەکات، کاریگەرییەکەی زۆر زۆرترو و بەهێزترە لە پێشکەشکردنی هەمان ڕێنمای و ئامۆژگاریی، لەسەر هەمان خوێندکار، بە پۆشینی پێجامەی خەو و لە نێو دەرگەی ماڵەکەی خویدا. بۆیە مامۆستای زانکۆ لە کاتی گفتوگۆی بڕوانامە بالآیەکان و قازی و مەلا و قەشە.... پۆشاکی تایبەت بەخۆیان هەیە.

دەربارەیی یەکپۆشی مامۆستا. ڕاستە لە هێندێك ولاتدا، مامۆستا یەکپۆشە لە جلوبەرگ، بەلآم بەشێوەیەکی گشتی، لە هەرە زۆری قوتابخانەکانی دنیادا، مامۆستا، ئازادە لە هەڵبژاردنی پۆشاکی وەختی کارکردن، وەلێ، کەلتوور و داب و نەریت و ڕۆشنبیری و ئایین و باری ئابووریی ڕۆڵیان لەم هەڵبژاردنەدا هەیە. نابێ ئەمەش لەبیربکەین کە بابەتی پۆشك سنوورەکەی فراوانە، جگە لە جلوبەرگ، خشڵ و زێڕ و زیوو و سعات و ئەنگوستیلە و دارجگەر و چاوێلکە و جانتای دەست و دەسماڵ و تەزبیح و متوومورو و..... تاد تەنانەت شێوازی شانەکردن و ڕێکخستنی قژ و پرچ و بۆن و عەتر و گوڵاو و بنێشت جووینیش دەگرێتەوە.

بێگومان ڕێکپۆشی و جوانپۆشی، دەکرێ بە پۆشینی جلوبەرگی زۆر سادە و ساکار و ئاسایی بێ و مەرج نییە کالآیەکان گرانبەها و تازەباو و دەرەجە یەك بن. لێرەدا، پەیامەکەی ئێمە زۆر کورت و ڕوونە: پۆشاك بەشێکە لە کۆی کەرەستە پێکهێنەرەکانی کەسێتی مامۆستای سەرکەوتوو، کە ناڕاستەخۆیانە، لە سەر مێشك و دڵ و دەروونی قوتابی جێپەنجەی خۆی بەجێدەهێڵێت و تا عەیامێکی زۆریش کاریگەریی هەر دەمێنێت. گوتەیەکیش هەیە دەڵێ:"بەحەزی خۆت بخۆ، بەلآم بەحەزی خەڵك بپۆشە".

*) مەدار: ئەو بەردەیە کە قەبارەی بە قەد تایەیی تراکتۆر دەبێ بۆ هارینی گەچ بەکاردی دەهات، ئەویش بە راکێشانی تەوەرێك بە دوای ولاغێدا بۆ سورانەوەی بەردەکە بەسەر خرچانە سووتاوەکاندا.
**) فازیل شەورۆ، پۆشاك میراتە گەورەکەی کلتوور، گۆڤاری کلتووری کورد، ژمارە ٢، ٢٠١٦، ل. ٩١ _ ٩٢

## بۆ پەروەردەکاران.....

## وریابن! ڕەحلە شەیتانە!

**هونەر هەر خولقێنەری داهێنان نییە،**
**بەڵکو ئیلهام بەخشی فێربوونیشە! ""**
**(Mickey Hart)**

تا خۆشتر چێژ لەم نووسینە وەربگریت، کەمێك چاوەکانت دابخەو بگەڕێوە سەر ئەو (ڕەحلە) تەختدارە ڕەق و تەقەی کە بە سێ ڕیزی تەریب، لە ژوورەکەی پۆلی پێنجەمی سەرەتایدا، ڕوو لە تەختەڕەشە، زەقەی چاویان دەهات. ڕێك لەسەر ڕەحلەکەی خۆت دانیشەوە و هەموو هاوپۆلەکان، بە خەیاڵ، بێنەوە بەرچاوی خۆت. هەوڵدە دیمەنی چەند بیرەوەرییەکی ئەو ڕۆژگارە وەبیرخۆت بینیتەوە. لە بیرتە ئەو ڕۆژە بەهارەی لەو بەری شەقامەکەوە، گاجووتێك بۆڕاندی و چۆن هەر هەمووتان پێکەوە داتانە قاقای پێکەنین و مامۆستا بە هەموو هێزی خۆی هاواری کرد:"گاجووتینە! بەسە!" ئەدی بەبیرت دێ، ئەو ڕۆژە چ قەوما، کە مامۆستای زانست، بە قوتابییەکی گوت:" برۆ، قالبە سابوونێکم بۆ

بێنە" بێگومان ئەو مەبەستی قالبە تەپاشیر بوو. چەند بێ ڕەحمانە سزایدان. چۆن ئەو ڕۆژەت لەبیر دەچێتەوە کە لە ناوەندی دەرسی عەرەبیدا، فەرخە چۆلەکەیەکتان بەڕەڵا کردو بۆ بە هات و هاوار و گوتان:" ست..... مشکە، مشك" ئەویش خۆی بە دەرگایەکەدا کێشا و دەرپەڕییە دەرەوی پۆل و........... ! یان جار بووە، کە تەپاشیر یان ماجیکی دەستی خوێندکارێك، لە کاتی نووسیندا، لەسەرتەختە، زیکەیەکی لێوەهاتبێ، هەموو پۆلەکەی هێنابێتە پێکەنین! ڕوویداوە، پژمینی مامۆستایەکیش، لەسەر زاری خوێندکارەکانی بووبێتە نووکتەیەکی خۆش.

خوێندکار چەندە مات و کلۆڵ و هەژار و بێکەس بێت، لە ڕۆژانی ژیانی خوێندنیدا، زۆر بیرەوەر و یادگاری بۆخۆی تۆمارکردووە، کە بە ئەنقەست یان بێ ئەنقەست، لە ساتەوەختی خۆیدا، لە پۆل، جۆرە خەندە و پێکەنین و جوولەیەکی پێبەخشیوە، کە بۆ چەند دەقیقەیەك خۆی لەبیر چووبێتەوە. لەهەمان کاتیشیدا، خوێندکاری زۆر بلیمەت و بەتوانا و بەهرەمەند، کە خۆشەویستی هەموو مامۆستایەکانی بووە، لە پۆلدا، حەرەکات و هەڵسوکەوتی هێندە شەیتانیی کردووە کە خوێندکارە لاسار و سەرکێشەکان ڕێیان پێنەبردووە.

مامۆستایەتی یەکێکە لە پیشە هەر کۆنەکانی مرۆڤ. ئەم پیشەیەش، وەکو پیشەکانی تر، پێویستی بە کەرەستە و پێکهاتە و ئامراز و شتومەکی تایبەتە، جا لەپاڵ هەموو کەرەستە سەرەکییەکانی دیکە، پۆل بە بایەخترین، شوێنی ئەنجامدانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دادەندرێت. لەوەتەی خوێندن و نووسین داهێنراوە، قەت هەرگیز هیچ شوێنێك نەیتوانیوە جێگەی (پۆل) بگرێتەوە و هەمان سەنگ و کاریگەریی و کەسێتی خۆی هەبێ. خۆ هەرگیز دەرسی خسوسیی ماڵەو ناچێتە ڕیزبەندی پەروەردەکاریی، چونکە لە دەرەوی چوار دیواری پۆلدا ئەنجام دەدرێت. ئەو ژوورە لاکێشەییەی چەند ڕیزێك ڕەحلەی تێدایە و خوێندکاران لێکۆدەبنەوە، بە کونفەیەکۆنێك، هەر کە زەنگ لێدرا و مامۆستا پێی نایە ژوورە، هەموو شتەکان و دیمەنەکان و دەموچاوەکان و هەڵسوکەوتەکانی ئەو بەنیئادەمانە (بە مامۆستا و خوێندکارەوە) دەگۆڕێن. ئێستا ئێرە ژوور نییە، پۆلە. یاسا و دەستور

سەروەرن، بۆ هەمووان، دادپەروەرانە کاریان پێدەکرێ : قسەکردن، بە دەست هەڵبڕینە و بە ئیجازەی مامۆستایە. هەڵسانە سەرپێ، بە فرمانە! هاتنە ژوورە و ڕێورەسمی خۆی هەیە، جێگەگۆڕین، ڕێپێنەدراوە! جێبەجێنەکردنی ئەرکەکان، سزای خۆیان هەیە، دەستخۆشی بۆ شــتە جوان و دروست و سەرکەوتووەکانە! نە یاریی، نە هەڵپەڕکی، نە گۆرانی، نە خواردن و خواردنەوە، نەگاڵتەکردن وتیزپێکردن، نە خۆخوراندن و دەموچاو هەڵشێلان، نە باویشك و سەرەخەوشکاندن. نە...نە...نە.....! بە تەعبیرێکی تر، ئەو ژوورە ئاساییە بۆتە زیندانێکی دەرگا و پەنجەرە کراوەی ئارەزوومەندانی خوێندن.

گشت فەلسەفە و زانست و مەعریفەی پەروەردەکارییەکان، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە فەرزە مامۆستا ئەو پەڕی بلیمەتی و شارەزایی و بەهرەمەندی خۆی لە پۆلدا بنوێنێ، تا باشترین و جوانترین وبەنرخترین زانست و پەروەردە بگەێنێتە خوێندکارەکانی. بەڵام زۆریش هۆشیاری دەدەن، کە ڕەنگ بێ هەموو ئەوتیۆرییانەی کە لە کۆلێژ و زانکۆکاندا، خوێندویانە، نەتوانن، هەموو کۆسپەکان بۆ مامۆستایان تەخت بکەن و بێ گرفت پەیامەکەیان بگەێنن. چونکە (پۆل پڕە لە مین). ئەوان دەڵێن: چەند ڕەحلە لە پۆلدا هەیە، هێندە مینی چێنراو وشاردراوە لە پۆلدا هەیە.

چۆن؟! پسپۆڕانی پەروەردە و دەروناسان و زانایانی شیکەرەوەی هەڵسوکەوتی سۆسیۆلوژیی، کۆکن لەسەر ئەوەی کە دیاردەیەکی نائیرادەیی هەیە، کاتێك مرۆڤەکان لە هێندێك شوێندا بە کۆمەڵ کۆدەبنەوە، هەڵسوکەوت و حەرەکات و سەکەناتیان یەکسەر گۆڕانکاری بەسەر دادێت و جۆرە سروشتێکی تایبەت بە کەش و هەوای ئەو شوێنە وەردەگرن: وەك کۆبوونەوەکان لە کاتی ناشتنی مردوو، دانیشتن لە هۆڵی پرسەدا، بەژداربوون لە خۆپێشاندان، گەرم داهاتن لە هەڵپەرکێی دەهۆڵ و زوڕنادا........ جا یەکێك لەو شوێنانەی، ئەو دیاردەیە نا ئیرادییەی زۆر بە زەقیتیدا شەوق دەداتەوە، پۆلە! لە هەموو سەردەم و لە هەموو کۆمەڵگایەکدا ـ بە ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژاواییەوە ـ پۆل ئەو جێگەیە بووە کە ئامادەبووەکانی، کار و چالاکی و ڕەفتاری یەکجار سەیر و غەریب و عەجیب یانتێدا ئەنجامداوە. هەموو ئەکتەرەکانیش خوێندکارەکانن. لە (٦٠%) کردارەکان

بۆ سەغڵەت کردن و مشەوەشکردن وتیزکردن بە مامۆستاکان ئەنجامدەدرێت و باقیەکەشی، خوێندکاران، لە کاتی دەرسدا، لەگەڵ یەکتریدا دەیکەن. جا سەیرەکە لەوە دایە، گەر مامۆستاکان، خۆیان بەشداری لە خوولێکی ڕاهێنان بکەن، ئەوا ئەوانیش بەرانبەر مامۆستایی ڕاهێنەرە، هەمان جۆرە ڕەفتار دووبارە دەکەنەوە. دوور نییە ئەگەر بەرپرسێکی باڵای پەروەردە بۆ خۆی ببێتە مامۆستا و وانەیەك بۆ بەڕێوەبەرەکانی پەروەردە بڵێتەوە، ئەوانیش لەسەر ئەو ڕەحلانەدا، گاڵتە و نووکتە بە جەنابیان بکەن!

ئەم دیاردەیە لە زانستی پەروەردەدا پێیدەگوترێت (سروشتی ڕەحلە The Nature of the Desk) کەواتە دەبێ مامۆستا هەمیشە لە پۆلدا، (٣) شت لەبەر چاو بگرێت و هەرگیز لێیان غافل نەبێت، تا کەمترین (تیری خوێندکارانی) بەرکەوێت:

- هەر وشەیەك لە زاری دەردەچێ، لەسەری حیسابە، کوردیش دەڵێ:" قسە ببێژە، ئەوجا بیبێژە).لێرەدا سەرەد و بێژینگ و هێڵەگی مامۆستا، هۆشیاریی خۆیەتی.
- هەر حەرەکات و هەڵسوکەوتێك، ئەو لە پۆلدا دەیکات، یەکسەر کامیرای ڤیدیۆی چاوی خوێندکاران تۆماری دەکات و سڕینەوەی زەحمەتە.
- وریابە، زیرەکترین و هێمنترین و خۆشەویسترین خوێندکاری پۆل، بۆی هەیە تەقڵەت پێ لێبدا و بەخۆشت نەزانی.

باشە، ئەگەر ئەوە کەش و هەوای پۆل بێت، مامۆستای دەست لە هەویر چی بکات باشە؟ ئەو دەبێ هەمیشە سنووری نێوان خۆی و خوێندکارەکانی لەبەرچاو بێت و دەبێ باش بزانێت، کە هێندێك هێڵی سوور و خەتەر هەیە نابێ بیانبەزێنێت، وەك(سوعبەت و گاڵتەکردن، قومار و یاری کردن، هاوڕێیەتی لە دەرەوەی تەیمانی خوێندنگا و (چات) و گەشت و سەیرانی تایبەت و گرینگی پێدان زیاد لە حەددی پێویست و نازهەڵگرتنیان.)

* تازە لە شاری ڕومادی گەڕابوومەوە و یەکەم دەرسم لە پۆلی (نۆی بنەڕەتی) لە دواناوەندی کۆیە هەبوو. من هەمیشە یەکەم دەرسم تەرخان دەکەم بۆ قسەکردن لەسەر:

بەرنامەی ساڵ / ئەرك و واجیبی خوێندكار / شێوازی دەرس گوتنەوە و ئەزموونەكانم / خۆم چیم لە خوێندكاران دەوێ / ئەوان دەبێ چاوەڕوانی چی لە من بكەن/ جۆری دەفتەر و داپێویستییەكانی بابەتەكەم.....تاد). ڕۆژی دواتر كە چوومەوە هەمان پۆل و دوای چەند دەقیقەیەك، كاتێك خەریكی ئامادەكردنی تەختەڕەشەكە بووم. لە لای دەستە ڕاستمەوە، كەلایەكیان بۆ هەڵدام، تەق تەق تەق....كەلا هەڵ بەزیەوە تا گەیشتە بن دیوارەكە. من هەر خەریكی كارەكەی خۆم بوون، دەقەیەكی پێنەچوو، ئەمجارەیان لە لای دەستە چەپم، كەلایەكی تریان بۆ هەڵدام، تەق تەق تەق.... ئەویش تا بن دیوارەكە، لە نزیك پێم، ڕانەوەستا. یەكسەر زانیم، خەتەریاتێك بەڕێوەیە، پتر خۆم شل بكەم، هاوسەنگیی لە دەست دەدەم. بۆیە ڕووم كردە خوێندكارەكان و زۆر بە گەرموگۆڕییی كەوتمە دەرس گوتنەوەكەو قەت هیچ شتێكم بەسەر خۆم نەهێنا. خوێندكارەكان هەستیان كرد، كە هێندەم مشەوەش كردوون بە دەرسەكە، مەجالی ئەوەیان نییە، كە سەری خۆیان بخۆرێنن. هەر كە زەنگ لێیدا، پێش ئەوەی بچمە دەرەوە، چووم كەلایەكەی دەستە ڕاستم هەڵگرتەوە و خستمە نێو باخەڵی ڕاستەی خۆم و كەلایەكەی دەستە چەپشم هەڵگرتەوە و خستمە باخەڵی چەپەم و دەرچوومە دەرەوە. بێگومان، دوای من خوێندكاران وایان مەزەندە دەكرد كە ئێستا بەڕێوەبەر بە خۆی و داردەستەكەی دەنێرمە سەریان، یان بە دوای چاودێردا دەنێرم، یان بانگی دایك و باوكیان دەكەم. هیچیانم نەكرد. سێ ڕۆژی دواتر، هێندە بە جددی و بە گەرموگۆڕی دەرسەكەم دەگوتەوە، تەواو هەستیان كرد، كە من مامۆستایەكی وشیارم، بەڵام لوغزی كەلایەكانیان بۆ شاكرا نەبوو.......

بۆ ڕۆژ چوارەم، كە چوومەوە پۆلە و، من هەمیشە ناوی دوو خوێندكار لە دەفتەری دەرەجان، دەخوێنمەوە و لە ئەرك واجیبی دەرسی پێشتر دەپرسمەوە. یەكسەر ناوی ئەو دوو خوێندكارەم خوێندەوە كە دوو كەلایەكەیان بۆ هەڵدابووم، (لە دەرەوی قوتابخانە ناو ئەوانم بۆ ئاشكرا كرابوو). هەموو پۆلەكە حەپەسان.... بەندە زۆر بە هێمنی، وەكو ڕۆژانی پێشوو پرسیار لە دوای پرسیارم لێدەكردن. خوێندكاری دەستە ڕاست هەموو وەڵامەكانی ڕاست و دروست بوون. من زۆرجار جوكلێتێك، دنكە نوقلێك، بنیشتێكم

پێیە ناوە ناوە دەیبەخشمە خوێندکاری زیرەك... گوتم:" ببورە من ئیمڕۆ هیچ جوکلێتم پێنییە بەڵام فەرموو ئەم (کەلایە) پێشکەش بە تۆ بێت!" زاری بەش بۆوە و گوتی:" مامۆستا من کەلایانێناکەم." گوتم:"وەك دیاریی لە منی وەرگرە و هەڵی بگرە، حەزیش دەکەم خوێندکارەکانم حەز لە یاریی بکەن و گۆشەگیر نەبن." ئەوجا چوومە لای خوێندکارەکەی تر و کەلایەکەی خۆیم لە باخەڵی چەپەی خۆم، بۆ دەرهێنا و گوتم:"وەڵامەکانت باش نەبوو، دەنا ئەم کەلایەشم، دەکردە دیاری بۆ تۆ......" کوڕە، تەواو ڕەنگی هەڵبزرکا و شلەژا، چاوی خوێندکارەکانم دەخوێندەوە کەتێیاندا نووسراو بوو (..... کوڕە ئەو مامۆستایە چییە؟!) یەکسەر خوێندکارەکە خۆی پێنەگیراو بە ئارامی گوتی:" مامۆستا ببورە..." من هیچم بەسەرە خۆم نەهێنا و لێشم نەپرسی، خەتات چییە تا بتبۆرم، بەس ئەوەندەم گوت:" ئێستا تۆم لە دەرسی پێشتر زۆرتر خۆشدەوێ..... فەرموو دانیشە."

لەو تەمەنی مامۆستایەتیم دا، بای نامیلکەیەك شتی لەم جۆرەم لێ بەسەر هاتووە ـ ببورن بواری نموونەی ترم لێرەدا نییە ـ ئێستا خوێندکارەکەی دەستە چەپم، کە داوای لێبوردنی لێکردم، دکتۆرە و منداڵی لە زانکۆ دەخوێنن......!

خوێنەری ئازیز...

زانستی پەروەردە، ئیمڕۆ زۆربەی هەرەزۆری کێشەکانی فێربوون و پەروەردەی چارەسەر کردووە، یەکێك لە چارەسەرە سەرکەوتووەکان ئەوەیە، هەوڵ بدە، ئەو پۆلە (زیندانە) بکە بە پۆلی (ئاهەنگ). چۆن؟ هەوڵبدە جورەها چالاکی لە یەك دەرس ئەنجام بدەیت ـ تا خوێندکار لە بیری بچێتەوە کە ئێرە پۆلە.(دەرێل هەمۆند Darell Hammond)جوانی گوتوە:" چالاکی جەستەیی و فیزیکی لە ناو پۆلدا، فێرخواز سەرسام دەکات و هەڵسوکەوتی نێو پۆلی دەگۆڕێ و دەستماییەی زانستی باشیشی دەبێ. کوشتنی چالاکییەکان، گرفت پەیدا دەکەن و گەشـەی کۆمەڵایەتی و هزریی و داهێنان مردارەدەکەنەوە. " ئەوەشت لەبیر نەچێ، کە (رکی مارتن Ricky Martin) قسەیەکی پر

مانای هەیە کە دەڵێ :" ئەو کاتەی تۆ خۆت بە مرۆڤـ دەزانی، هەمیشە قارەمانییەتی لە کەسێتی تۆدا بوونی هەیە، هەر یەکێك، دەکرێ ، قارەمان بێ، لە غاندییە و تا مامۆستایەکی نێو پۆل، هەر یەکێك کە جورئەت بێنێ، ڕووبەڕووی کێشە و گرفتەکان ببێتەوە قارەمانە!. قارەمان کەسێکە حەز بە یارمەتیدانی کەسانی تر دەکات، ئەو کاتەی ئەو لە لوتکەی هێز و دەسەڵاتدایە. "

بەڵام ئەوەشت لەبیر نەچێ کە: ڕەحلە شـەیتـانـە! جا هەر دەرس و هەر دەرس و هەر دەرس، بۆ منالێ وەك ئەوە وایە هەرتەماشای کارتۆنێکی ڕەش و سپی بکات. فێرکردن و یاری کردن بەیەکەوە، لە پۆلدا. هەموو دیمەنەکان دەکاتە ڕەنگاوڕەنگی و تام وبونیان پێدەدات و ڕێگر ە لە شەیتانییکردنی منداڵان!

مامۆستا... لەبیرت نەچێ : ڕەحلە شـەیتـانـە!

ئەو کاتەی تۆ خۆت بە مرۆڤ دەزانی، هەمیشە قارەمانییەتی لە کەسێتی تۆدا بوونی هەیە، هەر یەکێك، دەکرێ ، قارەمان بێ، لە غاندییە و تا مامۆستایەکی نێو پۆل، هەر یەکێك کە جورئەت بێنێ، ڕووبەڕووی کێشە و گرفتەکان ببێتەوە قارەمانە!.

قارەمان کەسێکە حەز بە یارمەتیدانی کەسانی تر دەکات، ئەو کاتەی ئەو لە لوتکەی هێز و دەسەڵاتدایە."

بەڵام ئەوەشت لەبیر نەچێ کە: ڕەحلە شەیتانە! جا هەر دەرس و هەر دەرس و هەر دەرس، بۆ مناڵ وەك ئەوە وایە هەرتەماشای کارتۆنێکی ڕەش و سپی بکات. فێرکردن و یاری کردن بەیەکەوە، لە پۆلدا. هەموو دیمەنەکان دەکاتە ڕەنگاوڕەنگی و تام وبونیان پێدەدات و ڕێگر ە لە شەیتانیبکردنی منداڵان!

# یەکەمین ڕۆژی خوێندنی

# ساڵی (٢٠١١ . ٢٠١٢)

# لە وڵاتەکەی مندا

**"یەکەمین ڕۆژی مەکتەب هەمیشە بۆ من**
**خۆشتر بووە لە دوایین ڕۆژی، هەمیشە**
**یەکەمینەکان خۆشترترن."**
Jenny Han

تەمەن خڕە بەردێکی نابووتە، لە هەورازەوە غلۆردەبێتەوەو لە پەسێوێ یان پێدەشتێ یان لە سەر سینەی نشێوێ گیردەخوات و تا ئەبەد ئۆقرەی لێدەگرێ ! لەو هەورازو نشێوەدا، هەر ئەو ڕۆژو ڕۆژگارانە لە تۆقەڵەی بیرەوەرییە نەمرەکانی مرۆڤدا خۆیان مەڵاس دەدەن و کاتژمێری مێژوو لە جەڕەوسەقیل دەخەن و دەبنە فەنەری کۆلارەی عومری بابردوو کە بۆ یەکەمین جار نەقشێ لە جەستەی ڕابردوودا هەڵدەکەنن! یەکەم سەفەر، یەکەم دیاری، یەکەم سعات، یەکەم خەڵات، یەکەم ژووان، یەکەم پێگکەیشتن، یەکەم کۆچ، یەکەم دابڕان، یەکەم قەڵەم، یەکەم کتێب، یەکەم مامۆستا، یەکەم مووچە و

مزە، یەکەم نوێژ و یەکەم تەختەڕەش  یەکەم حەج، یەکەم......، یەکەم.....، یەکەم.....
سەت حەیف و مەخابن، ئەوانەی قەدرزان و نازهەڵگری (یادە یەکەمینەکان )ن بەدەگمەن لە نێو ئێمەماناندا دەبینرێن. ئاخر ئەوان لە پلەی و پایەیی فریشتەکانن، ئەوان لە مەقام و مەنیزیلەی حەکیمەکانن، ئەوان هەر یەك دوو سەکۆ لە خوارەوەی قاپی پێغەمبەرەکانن!. ئەوان هەست دەکەن کە یەکەمین جووتە کەفشی دیاری باپیرە، چ ڕێگایەکی دوور نزیك دەکاتەوەو لە بەردەم دەروازەی چ داهاتوویێکی ڕووگەش تەقولوباب دەکات. ئەوان دەزانن یەکەمین سەفەر، چەندین شارو گوندو دارستان و شاخ و دەریا لەناو جانتا بچکۆلاکەیدا بە دیاری دەهەێنێتەوە!
بەر لە چەند ڕۆژێ، یەکی لەو (یەکەمینانە) بیرەمانە گریاندمی، جەلادانە ئەشکەنجەیدام، بەعسییانە هەلیواسیم....، ئاخر (داریا) یەك حەفتەیە چاوە چاویەتی، ڕۆژی دەی سیپتەمبەری (٢٠١١) نەختێ زووتر خۆی گورج کات و دەرگاو دەروازەکانی خوێندنگەکان بکاتەوە. ئەو لەسەر پەنگرانە ـ دەی مانگ ـ دەبێ شەقاوەکانی بکاتە عەمباز و تەقڵە بە شەوگار لێدات و زووتر خۆر بێنێتە سەر کەپکی شاخی هەیبەسوڵتان.
ـ دەی مانگ ـ یەکەم ڕۆژی سالی خوێندنی ئەوە! ئەو دەیەویست هەر سەرلەئێوارە جلی تازەی مەکتەب بپۆشێ، بەهەزار نالەی عەلی دایکە مامۆستاکەی ژیریی کردەوە کە سبەینێ لە گەلّ دەنگی کەڵەشێرەکەی مالی حاجی مراد هەلسێ و جلی تازەی بکاتە بەر.
دایکەو کوڕە، هەر ئەو شەوە، دەفتەرو قەلەم و (دەبە)ی ئاوو دەستەسڕو سێوێك ونەختێ کولێچەی کۆییانەیان لە باخەلی جانتاکە ئاخنیی... خوا نەکا سبەینی (داریا) برسی یان تینووی بێ. باوکی (داریا)ش لە هندستانەوە بە مێسنجەر پیروزبای و ئامۆژگاری کوڕەی دەکرد، کە دەبێ سبەینێ چۆن هەلسوکەوت بکات و ڕێز لە مامۆستاو کارگوزارانی خوێندنگەکەی بگرێ. من پاشنیوەرشی دەی مانگ (داریا)م دێت، خەمبار، بێ مەیل، بێ زەوق و نەشئەو خەندە. ئاخر ناحەقی مەگرن، هەر دە دەقیقەیەك دوای چوونە قوتابخانە، مامۆستاکان پێیان گووتبوون " یالڵا هەمووتان بڕۆنەوە مالەو، نەیێنەوە، بڕۆن دوو سبەی وەرنەوە، یالڵا بۆ دەرەوە، یالڵا بۆ مالەوە....!" پرسیم " داریا،

خوێندنگەکەتان خۆش بوو؟" بە لچشۆڕییەوە گوتی" نا، ئەویٚ، خۆش نەبوو." گووتم " دە بۆم باس بکە توخوا چۆن بوو؟" بە تووڕەیەوە بۆلاندی :' وەڵڵا شێتخانە بوو." ئەو ڕۆژە توشی هەر منداڵی بووم، لە بازاڕو کۆلان و سەر دوکان و بەر ماڵەکان پرسیاری یەکەمین ڕۆژی خوێندنم لێدەکردن، هەر هەموویان دەیانگوت، ئیزنیاندایین، مەکتەب فشەبوو، گووتیان بڕۆنەوە. لە خزمانی ڕانیەو هەولێرو تەقتەق و شەقڵاوەو ڕەواندزم پرسی، هەموویان گووتیان مەکتەب هەبووەو نەبووە! باوەڕناکەم دەهۆك و سلیمانیش لە کۆیەو ڕانیە باشتر بووبن ـ گەر شتەکان بە مەنتق هەڵسەنگێنین ـ ڕەنگ بێ تاق و لۆقەش هەبێ دەرسی خوێندبێ! بەڵام چەند هەزار هەزار(داریا)، ڕۆژی دەی مانگ، دڵشکاو گەڕانەوە ماڵەوە، هەر لە دەرگا جانتایان فڕێدا، دەفتەرو قەڵەمیان بە دڵی خاڵی تەسلیم کردەوە. سێوو کولێچەو پیسکویتی ناو جانتاکەیان نە خستە سەرلێویان. منیش وەکو بێکەس و حاجی قاردی کۆیی و مەلای گەورەو کوردی و پیرەمێردو زیوەر لەو خەیاڵەدا بووم، دەی مانگ، لە کوردستانە ئازادەکەی مندا، سەف سەف چاوڕەشانی شارو لادێم بەدەوری بەیداخی کوردستان خڕببنەوەو سروودە خۆشەکانی کاتی منداڵی بەیەکەوە بڵێنەوە. من وام خەیاڵ دەکرد، مامۆستاکان بیکەن بە ئاهەنگ و داوەت، یادگارێکی ئەوتۆ لە نێو دڵی ئەو بێچوە کۆترو قازو مراویانە بەجێبهێڵن،کە ببێتە زادی تەمەن وتیشووی دوا ڕۆژ و خەرمانی پڕ بەرەکەت. کێ بەرپرسە کاتێ منداڵێکی تەمەن شەش ساڵە دەڵێ" خوێندنگەکەم شێتخانەیە؟" کێن ئەوانەی "خوێندنگەکانمان" دەکەنە " شێتخانە؟" بۆ ـ دەی مانگ ـ چ قەومابوو، مامۆستا و بەڕێوەبەرو سەرپەرشتیارو بەرپرس و وەزیرو گزیرەکان لە کوێ بوون؟ بۆ ئەو منداڵانەتان ئیزندا؟ چەند هەزار دەرس بەفیڕۆ چوو. سەبەب چییە لە وڵاتی مندا هەموو سەری ساڵێکی خوێندن، ئەو شانۆگەریە ناخۆشە دووبارە دەبێتەوە؟ لە ساڵی (١٩٥٧) ـ نیو سەدەیەك پێش ئێستا، مامۆستاکان بە (فازیل شەورۆ)یان گوت:" بڕۆن سبەینێ وەرنەوە." و لە ساڵی (٢٠١٠) ەش مامۆستاکان بە (داریا)یان گوت:" بڕۆن دوو سبەی وەرنەوە."بۆ باوك و دایکان بێ دەنگن؟ بۆ خێرخوازان مەدهۆشن؟ بۆ قەڵەمبەدستان بێخەبەرن؟

له سالّی (٢٠٠٦) له خوێندنگەیەکی شاری (دوبلن)، نیو سعاتێك یەکەم ڕۆژی خوێندنی سالّی تازە تەئخیر کرا. بۆ؟ چونکە دەبێ ئالاّی نیشتمان بەرزبکرێتەوەو ئاهەنگی سالّی نۆ بگێڕدرێت. کچەکەی (محەمەد درەیی ـ کە ناوکەیم لە بیر نەماوە) تاقە کورد بوو لەم خوێندنگەیە. بۆیە مەراسیمی ئاهەنگ گێڕان دواخرا، تا چوون ئالاّی کوردستانیان هێناو لە گەلّ ئالاّی ئێرلەندا و وڵاتانی دیکە لە گۆڕەپانەکەدا بەرزیان کردەوە.، گوتیان ناکرێ، خوێندکارێك مەحروم بکرێ لەم ئاهەنگەو ئالاّی وڵاتی خۆی لەم ڕۆژە پیرۆزەدا بەرزنەکاتەوە! باشە (داریا) کان سبەینێ چیمان پێدەڵێن؟ ئەدی ئێمە چ بەڕووی خۆمان بڵێین؟ شەرمەندەم... بێکەس و حاجی قادرو زیوەرەو کوردی وجگەرخوێن... شەرمەندەم لە ڕووی ئەو هەموو بەیتە شیعرە نازدارانەی بە ئاواتەوە بوون، ڕۆژێ بە ئازادی بکرێن بە سروودو منداڵە چاوگەشەکان بیانچڕن... ئای کە شەرمەندە و خەجاڵەتین!

# گه ردیلۆکەی خودا

# (God Particle)

**"خودا بەقەد بێسننوری گەردوون**
**دیار و مەزنە."**
**ف.ش.**

(Higgs Boson) زانای فیزیکی تیۆری، ئینگلیز نەژاد، بە هاوکاری دەستەیەك لە زانایانی دیکە، ساڵی(1964)، پێشبینی گریمانێکی فیزیکی کرد، کە دواتر لە میدیاکاندا بە نموونەی (Higgs Boson) ناسرا و لە زانستی (فیزیکی تازە )شدا ناوی (گەردیلۆکەی خودا God Particle)ی بۆدانرا. لە ڕاستیدا ئەوا (Leon Lederman) زانای (فیزیکی ئەزموونی) بوو کە ئەو ناوەی بۆ ئەو گریمانە داتاشی، کاتێ کتێبە بەناوبانگەکەی (گەردیلۆکەی خودا: گەر گەردوون وەڵام بێ، دەبێ پرسیارەکە چێ بێ؟) بڵاوکردەوە. ئەو وشەی (خودا)ی خستەپاڵ ئەم گەردیلۆکە، بۆ نیشاندانی مەزنی و بایەخی بێسنووری ئەو شتە تازەیە ، لە جیهانی فیزیکی سەردەمدا. هەرچەندە (Higgs) ئەو ناوەی پێپەسند

نەبوو، نەخوازەڵا باوەڕدارەکان دڵیان برەنجێ و دڵگـران بـن. گۆیـا (Leon Lederman) خـۆی، ناونیشـانی (گەردیلۆکـە نەفرەتلێراوەکـەی خـودا)ی هەڵبـژاردبووە، کـە چـی سەرنووسەری بابەتەکە، دەستە واژەی (نەفرەتلێکراوەکەی) قرتاندبووە !

پوختـەی تیۆرییەکـەی (Higgs) ئەمەیـە : مەودایـەکی نـەبینراو (invisible field) هەموو کون و قوژبنی ئەو گەردوونەی داگیرکردووە. هە رچی شت هەیـە بەئاوێتـە بـوونی مەودای (هیگز)، ـ کیش ـ پەیدادەکا. تا ڕادەی ئاوێتـەبوونی مـەودای (هیگـز) لـە نـاو گەردیلۆکەیەکی گەردیلەکان (با بلێین قلە ئەتۆمێك) بە هێزتربێ،کێشەکەی قورستر دەبێ. "

(Higgs) لە گەڵ تیۆرییەکەی هاوپێچێکی نەخشە ڕێگاشـی کێشـابوو، ئـەو خاڵـە بـە هادارەی (Higgs boson) جەختی لە سەردەکاتەوە ئەوەیە، کە ئەلقەیەکی ونبـوو هەیـە لە تێگەیشتنی چۆنیەتی خەلق بـوونی گـەردوون. کەواتـە زۆر لـە تیۆرییـەکانی فیزیکـی گەردوونی ناکامیل و ناقسن، بە بێ دۆزینەوەی ئەو ئەلق ون بووە، کـە ئـەویش (Higgs boson)ە . مەوادیەك هەیـە وەکـۆ سـەمغ ئـەم گەردوونـەی بەیەکـەوە نوسـاندوە و بـە ستووەتەوە، ئەو ـ کێش ـ دەداتـە تەنـەکان، تـا خێراییـان کـەمتر بێتـەوە و لـە بۆشـای گەردووندا لە سنووری خۆیـان دەرنەچـن. ئەگـەر ئـەو مەودایـە نـەبێ هـیچ شـتێك لـەم گەردوونە ، بە مرۆڤیشەوە ، وجودی نابێ.

زانایانی ئەنجومە نی ئەوروپا بۆ توێژینە وەی ناوەکی

(Conseil Europeen la Recherche Nucleaire) (CERN)کـە لەسـاڵی (1954) دامەزراوە وتاقیگە زانیستییەکەی (2400)کارمەندی هەیە و ساڵانە(10000) میوان بـۆ گەشتی زانستی سـەردانی دەکـەن و (608) زانکـۆ هاریکـاری تێـدادەکات و (113) نـە شناڵەتی تێدایە کە لە بیست دەوڵەتە ئەندامەکەی ئەورپاوە هاتوون، کارگەیەکی یـەکجار زەبەلاحیان، وەك تاقیگەیەك، بۆ دۆزینـەوەی ئـەو گەردیلۆکـە، بـە نـاوی (The Large Hadron Collider) دامەزراندوە. تا ئێستا دوو تاقیکردنەوەی گرینگـی ئەنجامـداوە بـە ناوی

(CMS)ـCompact MuonSolenoid ـ( ATLAS)ـA Toroidal LHC Apparatusـ

وە تاقیگەی(The Large Hadron Collider) کە (300) پێ لە ژێرزەویە لە نزیـك گونـدی (Crozet)ە لە سەر سنووری نێوان فەرەنسا و سویسرا، تونێلێکی (27) کیلۆمــەتر درێـژە وتیرەکەی (10) پێیە، لە ناو ئەو لوولەیە شەفتێکی ئەستوری ســوورخۆری تیشـك هاوێـژ هەیـە، کـە گەردیلـەکان بـە ناومەودایـەکی ئـەلکترۆنی دادەبـات و لـە پێکـدادانی دوو گوولـلەی دژبەیەك، گەورەترین پێکدادان ـ لە مێژووی مرۆڤدا ـ دروست دەکات. لـە نـاو ئەو تونێلە، لوولەکە بە هە زارە هاکیبلێ و وایـە ر و جەمسـەرو موگنـاتیس وکەرەسـتەی سەیروسەمەرە و بست بە بست، وەك تەونی جاڵجاڵۆکە، تەنراوە. تەنیا کێشی لوولوکە بـە قەدکێشی ـ تـاوەری ئیڤلـە ــ، دوای ئەنجامـدانی هـەزاران تاقیکردنـەی پـڕ وردەکـاری، زانایـانی (CERN) بریاریـان دا کـە لـە ڕۆژی (٤ / ٧ / ٢٠١٢) بەیاننامەیـەکی فـۆرمی دەربارەی ـ گەردیلۆکەی خودا ـ ڕابگـەیێنن. بـەڵام زانایـان ترسـی ئـەوەیان هەبووکـە ــ ڕێکخراوی وزەی ناوەکی ئەمەریکا ـ، دەستکەوتەکەیان بـدزێ و بیکـات بـەهی خـۆی ــ دوای بڵاوبونەوەی دەنگۆی هەوڵی دزینی بیردۆزەکە ـ، بۆیە بەرنامەی کارەکایان لەو پەڕی نهێنییدا ئەنجام دەدا، تەنیا دوو یان سێ لـە زانایـانی فیزیکـی ئـەو دەزگایـە ئاگـاداری ناوەڕۆکی بەیاننامەکە بوون. ئەمەریکییەکانیش چەند ساڵێك بوو لە تاقیگەیەکی نهـێنی سەرقاڵی دۆزینەوەی تیۆریی (Higgs Boson) بوون، ئـەوانیش ڕۆژی (٤ / ٧ / ٢٠١٢) بـۆ ئاشکراکردن بیردۆزەکایان دەستنیشان کردبـوو. لـە ڕۆژی (٤ / ٧ / ٢٠١٢)، (CERN) بـە فۆرمی ئاشکرایکرد، کە دوای ئەنجامدانی نزیکەی (500) تریلیۆن تاقیکردنەوە، توانیـان بە ڕێژەی (99.9936%) دۆزینەوەی (Higgs Boson) ڕابگەیێنن. ئەویش بەم شێوەیە:

**Mass (125.3 ± 0.6 ) Gev /c2 within (4.9)Ó**

ڕێکخراوی جیهانی بۆ سەلماندنی فۆرمی تاقیکردنەوەکان، پلەی (5 Sigma)یان بەم دۆزینەوە بەخشی، ئەویش پێوەری پلەی دەرچوونی تاقیکردنەوەکانە بە سەرکەوتووی.

ئێستا، گەیشتینە ئەو خاڵەس کە بپرسین، دۆزینەوەی (Higgs Boson) بۆ زانستی فیزیك چی دەگەیێنی؟

پێش ئەوەی ئەم پرسیارە وە لاّم بدەینوە، لە جێگای خۆیەتی ئاماژە بە لێدوانەکەی (Leon Lederman) زانای (فیزیکی ئەزموونی) خاوەن خەلاّتی نۆبل بکەین، کە لە ڕۆژی ئاشکراکردنی (Higgs Boson) پێشکەشیکرد: "ئەمە گەورەترین دۆزینەوەی ئەم سەدەیەیە. ئەم دۆزینەوە نەك هەر تەنها چۆنیەتی دروست بوونی گەردوونمان بۆ شیدەکاتەوە بەلّکو دوور نییە زانیاری بوونی ژیانمان لە سەر ئەستێرە و ناو هەسارەکانی دیکەشدا پێبدا."

(Higgs Boson) ئەو دۆزینەوە زانستییەیە کە لە شەست سالّی رابردوودا هاوتای نەبووە. گرینگترین دەسکەوتی ئەوبوو کە (تەئکیدی بوونی ـ ئەو شتەی کردکە پێیدەلّێن ـ (نموونەی میعیاری) زانستی فیزیك، کە پێیوایە گەردوون لەسەر دوانزدە بنەمای پێکهاتەیی لە سەریەك کەلّەکەکراوە و چوار هێزی بنچینەی بەڕێوەی دەبات.) ئەو گەردیلۆکە وزەیەکی لە دەوردایە، کە (126 – 125) گیگا ئیلکترۆن فۆلّتە ، واتا (126) ملیار ئیلکترۆن فۆلّت، یان (132) نانو جۆل، کە (20) جاران پارستایی پرۆتۆنی هەیە. ئەمەیش یارمەی تەواوکردنی هێندی لەو تیۆرو کێشە فیزیکیانە دەدا کە تا ئێستا سەرکەوتوانە ئەنجام نەدراون.

(Higgs Boson)ی تەمەن هە شتاو سێ سالّ، کە مامۆستای فیزیك بوو لە زانکۆی (ئیدنبەرا) لە (ئینگلتەرا)، دەلّێ :" قەت لەم باوەڕە دانەبووم کە تیۆریەکەم وا زوو بێتە دی و بە چاوی خۆم دۆزینەوەکەی ببینم. (گەردیلۆکەی خودا) بوو بە مایەی گفتۆگۆیەکی گەرم و توندوتیژ نەك هەر لە نێوان زانایانی فیزیك ـ بە هەموو لقەکانییەوە ـ بەلّکو لە نێوان دیندارو باوەڕدارەکانیش. ئەوەی کە دلّخۆشم دەکات، ئەوەیە، ئەم دۆزینەوە نەك زەڕڕەیەك لە گەورەیی خودای کەم نەکردەوە، بەلّکو دۆزینەوەی نێهنییەکی گەردوونی لەم شێوەیە، باوەڕدارانی پشت ئەستوورترکرد، بە بەلّگەیەکی زانستی، کە دەتوانن بە دەنگێکی بەرز مەزناتەتی خوای پێئاشکرا بکەن! "

پێشتر زانای فیزیکی ناسراو (ئەنیشتاین ـ Einstein) گوتوبووی:" من قەت لەم باوەڕدا نە بووم، کە خودا بە گاڵتەجاڕی، ئەم گەردوونەی خەلقکردبێ. ئەو شتانەی کە دوێنێ خەیاڵ بوون، ئیمڕۆ ڕاستین و وجودیان هەیە."
کاروانی نەپساوەی زانایان (Einstein; Rutherford; Max Planck; Niels Bohr; Werner Heisenberg ) ئەوانی تر ئەلقە لە دوای ئەلقە لە زنجیری داهێنان و دۆزینەوەکان لە یەکتر دەبەستن و ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو زنجیرە زانستییە لە درێژ بوون دایە. لە سەرەتادا سەلماندیان کە گەردیلە (Molecules) لە ئەتۆم پێکهاتووە و، ئەتۆمیش لە پڕۆتۆن و نیۆترۆن و ئەلیکترۆن. پڕۆتۆن و نیۆترۆن ـ کە بە شە ڕەقەکەن لە تەندا ـ لە شتێکی غەریب پێکدێن پێیدەگوترێ (quarks & gluons) ئێستا دەمانەوێ بزانین کە ئایا(quarks & gluons) بچووکترین پێکهاتەی ئەتۆمن یان لەوانیش بچووکتر هەیە. ئەوەشمان لەیادنەچێ بە گوێرەی تیۆرە فیزیکییەکان و ئەم گەردوونە لە یەك قلە ئەتۆم خەلقکراوە ! وەدەست هێنانی ئەو گریمانەی بە شێوەیەکی پراکتیك ئامادەکردبوو. ئەویش بە جێبەجیکردنی ئەو بیرۆکەیە:"ئەگەر لە کارگەیەکی خێرا خولقێنەر، بە خێرایی تیشك بتوانین گەردیلەکان بە یەکتری دادەین، بە مەرجێ سەدان ملیۆن پێکدادانی گەردیلە لە بەشێکی زۆر بچووکی چرکرێکدا ڕووبدات و پێکهاتەکانی خڕ تێکوپێك بشکێنرێت و گەردیلەکان بۆ بچوووکترین بچووکترین تەن وردوخاش بکرێن، ئەوا دەگەینە دۆزینەوەی ئەو دەنکە بچووکەی ناومان ناوە گە ردیلۆکەی (Higgs Boson).

لە سەرتا زانایان زۆر بە ساردوسوڕیەوە پێشوازیان لەو تیۆرییە کرد. ئاخر چۆن دەتوانرێت کێشی شتێك بدۆزریتەوە لە مەودایەکی نەبنیراوی نەسەلمێنراو کە وجودی نەبێ؟ بەڵام لەگەڵ ڕۆژگاردا هێندێ دیاردەی سەیروسەمەرە سەرنجی زانایانی فیزیکی ڕاکێشا، وەك: ئەو توخمانەی کە دەبنە بەشێك لە پێکهاتەی ئەتۆم و هیچ ـ کێش ـ ێکیشیان نییە، لە کاتێکدا ئەتۆم بۆخۆی کێشی هەیە! کەواتە دەکرێ ئەو مەودایەی هەم بەراورد بکرێت و هەم پەیوەندیشی بزانرێ بە کێشی موگناتیسەوە، کە کاتێ لە تە

رازوێکی کێشان نزیکی دەکەیتەوە، تای تەرازووەکە قورستر دەکات بە بێ ئەوەی هیچ ـ کێش ـ ی زیادی خستبێتە سەر.

نزیکەی پەنجا ساڵ بەسەر ئەو گریمانە تیپەڕی، بەبێ ئەوەی کەس بتوانێ (Higgs Boson) ـ بەرپرسی پەیدا بوونی ئەو مەودایە ئیفترازیە ـ بدۆزێتەوە.

تا ئیمڕۆ زانایان نازانن کە دۆزینەوەی ئەم گەردیلۆکەیە چەندە کاریگەری دەبێ لەسەر ئاسانکردنی زانینی چۆنیەتی خەلقبوونی ئەو گەردوونە و ناساندنی خەڵك بە و هێزە خوداوەندیە بێسنوورەی کە ئەم گەردوونە ڕێکوپێکەی بەم شێوازە پڕ ئەندازە و نەزم و سەروبەرە خولقاندوە!

# (بۆ):

# ئامرازی پرسە

# یان ئامرازی بەردەوامبوونی (بوون)؟!

**هەرچەندەکە عومری خدرو جامی جەمت بوو**
**چونکە ئەمەلت زۆرە، چ عومرێکی کەمت بوو**
**(نالی)**

(بـۆ)، دوو پیتی قشتیلەی ڕۆحسووکی ئاوازخۆش ومانابەخشی زمانی کوردیە و لە هێندێ زارو شێوەزاریشدا بە بەرگی:(بۆچی، بۆچ، لەبەرچی، ئەرا، لۆ، چما......هتد) خۆی دەنوێنێ و لە (٦١٠٦) زمان و زارەکانی ئەمڕۆی نەتەوە جیاجیاکاندا حزوور و ڕواڵەتێکی بەرچاو و کاریگەری لە هەموو بوارەکانی ژیاندا هەیە. توێژینەوە ئەکادیمی و فیکری ومەعریفییەکان ئەوە دەسەلمێنن کە لەوەتەی مرۆڤـ فێرە ئاخاوتن و داهێنانی زمان بووە، یان سادەتر بڵێین، لەوەتەی مێشکی کەوتۆتە گەڕ و بیرکردنەوە، قەت هیچ وشەیەك بە قەد ئامرازی(بـۆ) پانتای ژیان و بوونی داگیرنەکردوە وکردار و پەرچەکردی بۆ مەیسەر نەکردوە. تەنانەت یەکێك لە حەکیمەکان دەڵێ:" گەر (بـۆ) نەبووایە ژیان

نەدەبوو و نەشماندەزانی کە خودا هەیە!" جا بەها و بایەخی (بـۆ) لەوەدایەکە لە ئەمڕۆی سەدەی بیست و یەکەمدا، نەك هەر بووەتە داهێنەری داهێنانە مەزن و سەرسوڕهێنەرەکان، بەڵکو وەتە ڕشتەی زۆر لە بابەتە زانستییەکانی ئەدەبی و زانستی ڕووت و بە دەیان کتێبی گەورەگەورەی لەسەر نووسراوە و دەخوێندرێت.

ڕەنگ بێ بۆ مرۆڤە سەرەتاییەکان، (بـۆ) زۆر ساکارانە ڕەنگریژی ژینگە و دەوربەرو بوونی ئەوانی کردبێ و وەڵامی ئەو دوو پیتۆکە بۆ ئەوان لە بۆتەی لوغز و سیحر و خورافات و ئەفسانە ودەستخڕۆی مرۆڤـ بەرانبەر گەردوونی گەورە، بە ناکامڵی و فەریك وکرچ وکاڵ مابێتەوە:

(بـۆ) ئاسمان شینە؟ (بـۆ) ئەستێرە دەرژێ؟ (بـۆ) خۆر بەشەو هەڵنایەت؟ (بـۆ) ئاو شلە؟ (بـۆ) باوکم مرد؟ (بـۆ) من بووم؟ بە هەزاران پرسیاری تر...... دانایەکی وەکۆ (ئەفلاتون ٤٢٣؟ – ٣٤٨؟ پ.ز.) و (ئەرستۆ ٣٣٨ – ٣٢٢ پ.ز.) سەری مەجلیسی دیوەخانان دەگرن و جارێ سەریان بۆ ئاسمان هەڵدەبڕن و جارێ بە نووکی گۆچانەکانیان وردە خۆڵی بەرپێیان شەنەدەکەن و ڕوخسارو سیماکانی دەروونی مرۆڤـ دەخوێننەوە، ئەوا (بـۆ)یەکان، بە هەیئەت و سەڵتەنەتێکی زۆر جیاواز و مەزنتر دێنە سەرخوان و مێشکی ئالۆزبەندی ئەوان ئالۆزتر دەکەن و تا ئەم ساتەوەختەشی لەگەڵدابێ ـ سەرەدەزوولەکانی بیرو بۆچوون و لێکدانەوەکانی ئەوان ـ هەر بە گرێکوێری و ئالۆزکاوی ماونەتەوە، ئەوەنییە، بەندە لەم نووسینەیدا بە قەڵەمێکی ناتۆخ دەیەوێ قەرەی خۆی لەقەرەی ئەو (بـۆ)یانە بدا!

لە ئاخیرو ئۆخری سەدەی ناوەند و ڕۆژگاری دواتردا، (بـۆ)، بە سەروسیما و هەیکەلێکی بەرچاوترو پەسندتر خۆی نمایشکرد و بە سیحری پرتەوژم و شەپۆلی نوێخوازی خۆیەوەو زۆر لە هاوکێشەکانی ژیان و بوونی گۆڕی:

(بـۆ) سێوەکە کەوتەخوارەوە و بەرو ئاسمان هەڵنەچوو؟ (کێشی زەوی)

.1643 ـ 1727 .Isaac Newton

(بــۆ) دڵۆپە ئاوەکەی کەوتە سەر حەرفی کاغەزەکە، قەبارەی حەرفەکەی گەورەترکرد؟ (زەرەبین)

1781 - 1868 Davis Brewster

(بــۆ)کە ئاوەکوڵاوەکە هەڵمیکرد، سەری کتڵییەکە کەوتە لەرزینەوە و ڕەقس وسەما؟ (شەمەندفەر)

1736 - 1819 James watt

(بــۆ) کە چەنگاڵە مسەکە بە قاچی بۆقەکەی ناو ترشەلۆکەکە کەوت، قاچەکە جولەیەکیکرد؟ (کارەبا)

- ؟؟-

(بــۆ) شیری کوڵاو درەنگتر تێکدەچێ؟ (تاقیمکردن)

.1822- 1895 St. Louis Pasteur.

(بــۆ) بۆ شەمشەمەکوێرە ئەو جێکەجیکە دەکا و وا سەیر دەفڕێ؟ (رادار)

2010 - 1914 Robert Galambos

بەکوردی کرمانجی، خوێنەری هێژا، هەرچی تۆ ئەمڕۆ بە ئەقڵ و بە پێنج هەستەوەرەکەت، دەیبینی و هەستی پێدەکەی، لە نووکی دەرزییەوە بیگرە تا دەگاتە پاپۆڕە شار - ئاساییەکان، لە نوقتەیەکی سەر ئەم کاغەزەوە بیگرە تا ئاڵۆزترین فەلسەفە و دید و بیروباوەڕەکان، هەموویان زادە و نەوەی ڕۆحسووکی ئەو (بــۆ)یانەن، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان منداڵێك، ژنێك، خوێندکارێك، پیرەمێردێك، پێغەمبەرێك بۆ پرسیارێکی سادە یان پرسیارکی ئاڵۆزو گرێکوێراوی بەکاری هێناوە.

بابەتەکە، ئاوێکی زۆری دەوێ، بۆیە لێرە نوقتە دادەنێم و دێمە سەر بەیتی مەقسەد.

لە دیدی منەوە، ئەمڕۆ، کۆمەڵگای کوردەواری، بە هەموو توێژ و چین و خانە و شانەکانیەوە، تا بڵێت حەوجە بەو دوو پیتەیە. (بــۆ)، بۆ ئێمەمانانی تازە پێگرتوو، وەك ئاو و ئۆکسجین و بەنزین و قەڵەم و دەرمان پێویستە. هیچ کەسێك نییە، بەگوێرەی پلەو پایە و تەمەن و جێگە و پێگەی خۆی مەحتاجی ئەو (بــۆ) یە نەبێ. پرسیارەکەت ڕەوایە و بەجێیە کە دەپرسی: بۆچی ؟ جا (بــۆ)، چی پێدەکرێ بۆمان ؟

ئەری تۆ لە خۆت پرسی:

(بـۆ) ئەو یەك دوو ڕۆژە نەختێ نیگەران و خەمۆكی دیار بوویت؟

(بـۆ) شۆفێرەكەی دواوەت سێ جار هۆڕنی بۆ لێدایت؟

(بـۆ) مندالّەكەت لە بابەتی زمانی ئینگلیزی ئاست نزمە؟

(بـۆ) پاشەكەوتیت پێناكرێ ؟

(بـۆ) بەهەردووكتان نەتانزانی كە مەمكی هاوسەرەكەت نەخۆشە؟

(بـۆ) شارۆچكەی (شنگال) وا بە ئاسانی كەوتە دەست داعش؟

(بـۆ)كورد نەبۆتە دەوڵەت؟

(بـۆ) ئەمەریكا زلهێزە؟

(بـۆ) خوا خەلقیكردوم؟

(بـۆ) دەمرین؟

كەواتە هەریەكێكمان قەڵتارەیەك (بۆمان) لەسەر پشتە و خۆمانی لێ بێئاگادەگرین و نە هێندە بوێرین سەری قەڵتارەكە هەڵدەینەوەو بزانین چی تێدایە ، نە هێندە بەتوانا و كارامەشین كە بتوانین بەبێ ئەو (بۆ)یانە كارەكانمان بگەێنینە ترۆپكی سەركەوتن و ئومێد.

دەبێ بشزانین هەر مرۆڤـ و هەر پیشە و هەر زانستێك قامتی (بۆ)ی تایبەتمەندی خۆی هەیە و هەر یەكێكیان پێناسە و یاسا و ڕێسا و دەستوری خۆی هەیە، وەك (بـۆ)یەكانی سەربازی، پەروەردەكاری، میداكاری، پیشەوەری، یاسایی، ئایینی، فەلسەفی، سیاسی، مۆرالی، حكومرانی، گەردوونناسی، دەروونناسی، ...... هتد.

**(٥ بـۆیـەكان) چین؟**

با نەختێ بەزمانی زانست بدوێن: هەرچی لەم گەردوونە بێسنوور و زەبەلاحەدا بوونی هەیە وەك (دوو) تای تەرازوو بە هاوكێشەیەكی یەگجار مەحكەم و ورد و هەستیار بەستراوەتەوە و بەندە:

تایەکیان پێدەگوترێ: (هــۆ : Cause) کە بارووت و چەخماخە و پەلاپیتکەی تەقاندنەوەی تۆپەکەیە. هەر ڕشتە و زانست و بوارێکی مەعریفی و فیکری و فەلسەفی کۆمەڵێ (هــۆ)ی خۆی هەیە.

تایەکەی تریان پێدەگوترێ: (ئــاکام : Effect)کە بە دەرهاویشتە و ئەنجام و دەستکەوتی ئەو (هــۆ) یە یان ئەو (هــۆیانە) دادندرێ کە بەبێ بوونی ئەوان دروستبوون و خەلقبوونی ئەوان مەحاڵە. شێوازی داڕشتنی هاوکێشەکە لە ئێستادا، ئەم هاوبەندەییەی وەرگرتووە:

**هــۆ ←→ ئــاکام**

ئەمڕۆ زانستە هەمە ڕەنگەکانی بەردەست، بە گوێرەی پێویست و ویست و داخوازی خۆیان ئەو دوو جەمسەرەی هاوکێشەکە شیدەکەنەوەو ئاکامی لێ هەڵدهێنجن. جا سەیرەکە لەوەدایە زۆربەی هەرەزۆری ڕشتەکان، ڕەشماڵێکیان هەڵداوە کە لەسەر (پێنج) ئەستونگ ڕاوەستاوە. ـ زۆر بەکەمی دەیکەنە شەش و حەوت ئەستوونگ ـ هەر بۆ نموونە، لە بواری تەکنەلۆژیای ئۆتۆمبیلدا کۆمپانیای (تۆیۆتا) بۆ خەملاندن و چارەسەر بەرنامەڕێژیەك پەیڕەو دەکات کە بە ناوی ئەندازیار (Sakichi Toyoda) ناسراوە، ئەویش ملەوکانە (پێنج ـ بۆ ـ یەکەیە)، سەیرکە لە کۆتا پرسیاری پێنجەم دەگاتە هۆکاری سەرەکی گرفتەکە، کە ڕێخۆشکەرە بۆ چارەسەری بنەڕەتی:

(ئۆتۆمۆبیلەکە کار ناکات.)کێشەکە.

(بــۆ؟ ـ پاتریەکەی مردووە) ـ بۆ ـ ی یەکەم

(بــۆ؟ ـ داینەمۆیەکە کارناکات) ـ بۆ ـ ی دووەم

(بــۆ؟ ـ قایشەکەی پساوە) ـ بۆ ـ ی سێیەم

(بــۆ؟ ـ قایشەکە نەگۆڕدراوە) ـ بۆ ـ ی چوارەم

(بــۆ؟ ـ لەکاتی دیاریکراوی خویدا سێرڤیس نەکراوەتەوە) ـ بۆ ـ پێنجەم

پرسیاری پێنجەم کلیلی دۆزینەوەی چارەسەرەکەیە و پێیدەگوترێت (نیشانە شکێن Trouble Shooter).

ئێستا، خوێنەری ئازیز، تۆیش، دەتوانی گرفت وکێشەکانت بە ئاسانی شیبکەیتەوەو دەست نیشانی هۆکارەکەشی بکەیت، بە پەیڕەوکردنی ئەم (پێنج بۆ ـ یە)، بەمەرجێ بوێرانە پرسیارەکان بکەیت و لە وەڵامی ناماقولی ـ وەك: کاتم نییە، ناتوانم، زەوقم پێنایە ـ خۆت دوورەپەرێز بگریت.

گریمان بەرێزتان مامۆستای بابەتی زمانی ئینگلیزی قوناغی نۆی بنەڕەتین و هەست دەکەی ئاستی خوێندکارەکانت وەك پێوەیست بەرز نییە:

(ئاست نزمی خوێندکارەکانم لە قۆناغی نۆی بنەڕەتیدا.)کێشە.

(بـۆ؟ ـ خوێندکارەکانم هەڵە زۆر دەکەن) ـ بۆ ـ ی یەکەم

(بـۆ؟ ـ لە ڕاڤەکردنەکەی من تیناگەن) ـ بۆ ـ ی دووەم

(بـۆ؟ ـ شیکرنەوەکانی من ئالۆزا و قورسن) ـ بۆ ـ ی سێیەم

(بـۆ؟ ـ پلە بە پلە بەرەو ئامانجەکان ناڕۆم) ـ بۆ ـ ی چوارەم

(بـۆ؟ ـ لەسەر خاڵێك بازنادەم تا دڵنیا نەبم هەموو خوێندکارەکان تێیگەیشتوون) ـ بۆ ـ ی پێنجەم.

ئەمڕۆ ئەم (پێنج بۆ ـ یە) دەستی گەیشتۆتە زۆربەی هەرە زۆری بوار وکایەکانی ژیان، تەنانەت زۆر لە پسپۆرانی بواری پزیشکی و ئەستێرەناسی و سیخۆری و پەروەردەکارییەکان...... هتد کاری پێدەکەن. هێندێ لە شارەزایانی ئەم تەکنیکە چارەسەر ـ ئامێزە پێیان وایە دەکرێ لە هێندی کات و شوێنی تایبەتدا، ئامرازی پرس (بـۆ ـ Why) بگۆڕدرێت بە ئامرائی پرس(لەکوێ ـ Where) بەتایبەتی کە گرفتی ڕۆحی و باوەڕ و دەروونی دێتەئاراوە. بەڵام بۆ میدیاکاران ئەوان، (پێنج ئامرازی هەمە ڕەنگیان دەست نیشانکردوە وەکو پاکێجێك)کە بریتین لە:

(کێ؟ ـ باسدەکرێت) ـ پرسی یەکەم ـ

(چی؟ ـ ڕوویداوە) ـ پرسی دووەم ـ

(کەی؟ ـ ڕووداوەکە ڕوویداوە) ـ پرسی سێیەم ـ

(لەکوێ؟ ـ ڕووداوەکە ڕوویداوە) ـ پرسی چوارەم ـ

(بـۆ؟ ـ ڕووداوەکە ڕوویداوە) ـ پرسی پێنجەم ـ

سەرەرای ڕەخنەیەکی زۆر و پێداچوونەوەی بەردەوام، ئەم تەکنیکە هاوچەرخە ڕۆژبەڕۆژ پتر گەشەدەکات و لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا هەوڵ دەدرێت هەموو تاکێکی کۆمەڵ بەو دەستەواژە سادەیە ئاشنا بکەن و دەستیان بگرن بۆ ئەوەی خۆیان بە دەستی خۆیان گرفتەکانیان بخەنەڕوو و چارەسەری گونجاو وماقوولیان بۆ بدۆزنەوە. جا بۆ ئەوەی بەرنامەکە سەرکەوتووانە ئامانجی دیاریکراوی بپێکیت. ئەوان، پێنج مەرجیان داناوە.کە نابێ فەرامۆش بکرێن:

- زوو پێشبینیکردنی بوونی گرفتەکە.
- خستنە ڕووی گرفتەکە کتومت وەکو خۆی.
- دەستنیشانکردنی لایەنە پەیوەستەکان.
- هەڵسەنگاندنی ئاکامەکان.
- داڕشتنی پرسیارەکان بە گوێرەی ستانداری دیاریکراو.

ئەوەی کە دەبێ لێرەدا بگوترێت، لە پێناو بونیاتنانی نەوەیەکی ساغ و پتەو و خۆڕاگر، گۆشکراو بە زانستی (پەروردەی داهێنەرانە) ـ کە لە لای ئێمە زۆر هەژارە ـ دەبێ بەرنامەڕێژیەکی جوان و پەسند، کە قابیلی جێبەجیکردن بێت لە لایەن (باوانی خوێندکاران) و (مامۆستایان) پەیرەرو بکرێت، بۆ ناساندن و ئاشناکردن و پراکتیزەکردنی فەلسەفەی ئەم (پێنج بۆیە)ی لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا. چیتر نابی مێشکی منداڵ و خوێندکاری کورد بکرێت بە (کفتەو شێخمەحشی) بە زۆر دایك و باوك و مامۆستایان ـ زانیاریەکانی تێپەستن. دەبێ ئەوان ڕێنمای بکرێن لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستن و خۆیان گرفتەکانیان چارەسەر بکەن. دەبێ ئەوان بە چاوی خۆیان ببین، بە گوێچکەی خۆیان ببیستن، بە دەستی خۆیان خرووشتەکانیان دامرکیننەوە. ئەگەر وانەکەن، ئەوا نەوەکانی داهاتوومان وەك (مریشکی پەلەوەرخانەکان) ژیان بەسەر دەبەن و ئێمەمانانیش بەرانبەر خودا و نەتەوە و مێژوو گوناحباردەبین!

بەکوردی کرمانجی، خوێنەری
هێژا، هەرچی تۆ ئەمڕۆ بە
ئەقڵ و بە پێنج
هەستەوەرەکەت، دەیبینی و
هەستی پێدەکەی، لە نووکی
دەرزییەوە بیگرە تا دەگاتە
پاپۆڕە شار ـ ئاساییەکان، لە
نوقتەیەکی سەر ئەم کاغەزەوە
بیگرە تا ئالۆزترین فەلسەفە و
دید و بیروباوەڕەکان، هەموویان
زادە و نەوەی ڕۆحسووکی ئەو
(بـۆ)یانەن، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان
منداڵێک، ژنێک، خوێندکارێک،
پیرەمێردێک، پێغەمبەرێک بۆ
پرسیارێکی سادە یان پرسیارکی
ئالۆزو گرێکوێراوی بەکاری
هێناوە.

# که مامۆستا درۆدەکات!

**"بە درۆ کردنەکەت نیگەران نیم، لەوە**
**نیگەرانم چیدیکە ناتوانم باوەڕت پێبکەم."**
**(؟)**

(درۆ)کە دژەکەی (ڕاستگۆیی)یە، قسە و گوتارێکەکە هەمووی یان بەشێکی نادروست و هەڵبەستراوە لە لایەن کەسێك یان تاقمێك ئاراستەی کەسێك یان تاقمێکی تر دەکرێت بە مەبەستی شاردنەوەی ڕاستییەکان و هەڵخەڵەتاندن لە پێناو بەرژەوەندی ماددی و دەروونی وکۆمەڵایەتی و.....هتد.

ئەمکردەیە لە هەموو ئایین وکەلتوورو عورفی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکاندا وەك سیفەتێکی دزێوو وناشیرین و قێزەوەن ـ تەنانەت لە هێندێ باردا وەك تاوان ـ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت! هەر سێ ئایینە ئاسمانییەکە حەرامیانکردووە و لە قورئانی پیرۆزیشدا بە گوناهێکی گەورە داندراوە بۆیە خودا دەفەرمووێ: ﴿ان اللە لا یهدي من هو مسرف كذاب﴾ سورة غافر: (٢٠)و ڕێنمایی مرۆڤەکان دەکات کە خۆیانی لێ بەدووربگرن: ﴿واجتنبوا قول الزور﴾" سورة الحج: (٣٠)، تەنانەت پێغەمبەری ئیسلام درۆی بە یەکی لە سیفەتەکانی کەسی مونافیق داناوە کە دەفەرمووێ :" اربع منكن فية كان مونافقا

خالصا، و منكانت فية خلة منة مكانت فية خلة من النفاق حتي يدعها: اذا حدث كذب، واذا عاهد غدر، و اذا وعد اخلف، و اذا خاصم فجر."

بۆیە هەر لە دێرزەمانەوە درۆ بنێشتە خۆشەی سەر زمانی پیاوانی ئایین و بیرمەند و پسپۆڕانی دەروونناسی وکۆمەڵناسی و پەروەردەکارەکان بووە. ئیمڕۆیش لە جەنگی دەروونی و ڕاگەیاندن و میدیاکاری سەردەمی تەکنەلۆژیایی تازەدا بە چەندین ڕەنگ و ڕوخسارو دەمامك و سەرپۆشەوە بۆ خزمەتکردنی بەرنامە و پلان و نەخشەی دارێژڕاو و مەرامی جیا جیا لە لایەن خاوەنەکانیانەوە نمایش دەکرێت. لایەنە تایبەتمەندەکان زۆر بە وردی و بە جدییەوە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستیی لە مەر درۆ لە دوو گۆشە نیگای دژبەیەکەوە دەکەن:

دەستەیەکیان شەو بە ڕۆژ گرێدەدەنەوە وکاردەکەن بۆ گەیشتن بە باشترین ئامرازو هۆ بۆ ئاسانکردنی چۆنیەتی داماڵینی سەرپۆشە ساختەکان وکەشفکردنی حەقیقەتەکان بۆ دۆزینەوە و پووچەڵکردنەوەی پلان و نەخشەی پیاوانی دەستڕەش وتیکدەر لەسەر ئاستی تاکی مرۆڤ وکۆمەڵگاو نەتەوەدا.

تاقمەکەی دیکە، کە ئەوانیش هەر خەریکی شەونخونی و سەعیکردنن، وەلێ بۆ مەرامێکی پێچەوانەی تاقمی یەکەم، عەوداڵی وەدەست هێنانی کارگەرترین و باشترین ئامرازو هۆ، بۆ داهێنانی درۆ و دەڵەسەی عەنابی و نایابی ئەوتۆ کە بە ئاسانترین و هەرزانترین وەسیلە زۆرترین خەڵك و خوا هەڵخەڵەتێنێ!

پسپۆڕانی بابەتی درۆ دەڵێن : درۆزن لەکاتی درۆکردنیدا، تروکاندنی چاوەکانی نائاسایی دەبێ و هەوڵ دەدا چاو داگرێتە خوارەوە و بەکەمترین وشە و دەستەواژە ـ کە بە دەرنین لە دووبارەکردنەوە ـ مەرامی خۆی بپێکێت. زۆر جار جوولە و حەڕەکەی نائاسایی بە شێوەیەکی ناویستانە لە ئەندامی جەستەیدا بەدیدەکرێت، وەك دەست بردن بۆ لووت و گوێ، سەرخوراندن و یاریکردن بە پەنجە. هەمیشە دەیەوێت لە جیاتی جێناوی (من / خۆم) وشەی (ئێمە، ئەو، ئەوان، خۆت، خۆیان) بەکاربێنێت وکام ئاوڵناو جوان و شیرینە

به خۆیەوە دەلکێنێ و هەرچی قێزەوەن و ڕەزاگرانەکانیشە بە سەرکەسی بەرانبەریدا دەبەشێتەوە!

ئیمڕۆ، بۆکەشفکردنی درۆ، جگە لە خوێندنەوەی ڕەمز وکۆدەکانی شێوە و ڕوخسارو جوولە و هەڵسوکەت وشڵەژان وکربوون وگۆرانی نەغمە و تونی دەنگی کەسی درۆکەر، ئامێرێکی تەکنەلۆژی سەردەمییانە داهێنراوە پێیدەگوترێت (درۆدۆزەرەوە Lie Detector / Polygraph)، کە لە زۆر دەزگای لێکۆڵینەوە و ئاسایشدا بەکاردێت. ئەم ئامێرەکە بە سەرو جەستەی کەسەکەوە دەلکیندرێ ، ڕێژەی گۆڕانکارییە دەروونی و دەماری و جەستەیی ئەو تۆماردەکات و بەراوردی دەکات لە گەڵ پێوەرە ئاساییەکان. وەلێ تا ئێستا هەموو خوێندنەوەکانی ئەم ئامێرە جێگای قبوڵ و متمانە نییە. هەر بۆیە دەمێکە دەزگای (The CIA) سەرقاڵی دۆزینەوە و دروستکردنی دەرمانێکە کە توانای ئەوەی هەبێ ـ درۆی ئەوکەسەی دەرمانەکەی پێدراوە ـ سپیی بکاتەوە و ڕاستییەکان ئاشکرابکات.

پێش ئەوەی رAیزبەندی جۆرەکانی درۆ بخەینە رAوو، وا باشتر بپرسین:"ئەرێ بۆ مرۆڤ درۆ دەکات؟"

تویژینەوە زانستییەکان ئەوە دەسەلمێنن کە درۆ داهێنانێکی یان کردەێکی گشتگیر و نەپساوەی مرۆڤە بە درێژایی مێژوو، ڕاستەوخۆ بەندە بە باری دەروونی کۆمەڵایەتی کەسی درۆکەر و گەشەکردنی ئەو بارە دەروونییەکە بەستراوەتەوە بەتیۆرییەکانی مێشك و بیرکردنەوە کە دەکەوێتە گەر لەکاتی پێویستدا بۆ داهێنانی قسەیەك بە مەبەستی خۆ دەربازکردن لە گرفتێك یان وەدەست هێنانی دەستکەوتێك! تەنانەت ئیمڕۆ بۆچوونەکانی (میکاڤیلی Machiavelli ١٤٦٩ ــ ١٥٢٧)کە ناسراوە بە (زیرەکی میکاڤیلی Machiavellian Intelligence) دەچیتە خانەی بە گەڕخستی مێشك بۆ داهێنانی درۆ.

بایەخدار لێرەدا ئەوەیەکە درۆکردن وەك چالاکی خوێندنەوە و نووسین قابیلی وەرگرتن و فێربوونە لە لای مرۆڤ بە و گەورە و بچووکیەوە. واتا ئەوکردەیە لە ڕێگای

لاساییکردنەوە و شوێن هەڵگرتن و خووپێوەگرتن دەکرێ ببێتە تەلەسمێکی یان سیمایێکی ڕەوشت و هەڵسوکەوت، لێرەشدا ژینگە وکۆمەڵگا و دەرووبەر فاکتەری سەرەکی خولقاندن و نەشونماکردنی ئەوکردە ناپەسندەنە. نابێ ئەوەشمان لە بیرچێ کە هێندێ حاڵەتی درۆکردن ناچنە خانەی ڕەوەشت و نەریتەوە چونکە جۆرێکن لە نەخۆشی دەروونی کە خۆشبەختانە ئیمڕۆ چارەسەریان ئاسانە، وەك نەخۆشی (حەزلەدرۆکردن Myth Omnia)وە نەخۆشی(خووگرتن بە درۆکردن Pseudo logia Fantastical).

## کەسێتی درۆزن:

جگە لەوەی کە درۆزن دەبێ ئامادەییەکی دەروونی و ڕەوشتی و پەروەردەیی تایبەتمەندی تێدابێ، ئەوا پێویستی بە ژینگەیێکی لە بارو گونجاو هەیە، کە وەك سەکۆی شانۆ پێویستە، بۆ نمایشکردنی درۆیەکانی. مرۆڤە سادە و دڵساف و خاکییەکان زۆر بەزەحمەت دەتوانن درۆ و بوختان هەڵبەستن، تا ڕادەیك مەرجە کە درۆزن خاوەن بیرکی هۆشمەند و یادێکی بە هێز و لۆژیکێکی گونجاو و خەیاڵێکی فراوان بێت. ئەوا سەرەڕای گەنجینەیێکی دەڵەمەند لە پاساوی ماقوڵ وبەجێ. لەمانەیش گرینگتر دەبێ لەکاتی پێویستدا هاندەر و مۆتیڤێکی کاریگەر وجودیان هەبێ تا وەك پاڵنەر و داینەمۆ بتوانن درۆ و بوختانەکان لەکاتی خۆیدا بورووژێنن.

## جۆر و شێوەکانی درۆ:

گوتمان درۆکردەیێکی ناپەسندی خودی مرۆڤە و دەرهاویشتەی ئەو ژینگە و پەروەردە و نەریت وکەلتوورەیە کە درۆزنی تێدا دەژی، بۆیە ڕێژەی درۆکردن لەکەس وکۆمەڵگاکاندا ناجێگیرو ڕێژەییە. بە هەر حاڵ لەکۆمەڵگەی وەك کوردەواری خۆماندا ڕۆژانە چەندین دیمەن و ڕووداو و پێشهات دەبینین یان دەخوێنینەوە کە بە جۆرێك لە جۆرەکان ڕەنگڕژکروان بە درۆ یان ڕەنگی درۆیان تێدا بەدیدەکرێ.

چەندین جار ڕوویداوەکە لە گەڵ خودی خۆمان درۆمانکردووە وکەسیش پێی نەزانییەوە (سارتەر J. P. Sartre 1905ــ1980) بەم جۆرە درۆیە دەڵێ (بەد باوەڕی Bad Faith). کە دایکە نەخۆشەکەت داوات لێدەکا بیبەیتە سەر مەزاری پیاو چاکێك و تۆیش هەر وەك ئەوە دەستەو نزا لەو دیوەی کیلەکەوە ڕادەوەستی و دوعای چاکبوونەوەی بۆ دەکەیت و باش باشیش دەزانی کە ئەمکردەوەیە هیچ پەیوەندیەکی بە چاك بوونەوەی نەخۆشییەکەی دایکتەوە نییە، ئەوە جۆرە درۆکردنێکە لە گەڵ خۆدی خۆت.

جارهەیە کەسی درۆکەر چاو لە چاوت دەبڕێ و بەبێ هیچ شەرم و شکۆیك درۆێکی شاخدارت لەگەڵدا دەکات و تۆیش سەری ڕەزامەندی بۆ دەلەقێنی و هەردوکیشتان باش دەزانن کە ئەو گوتەیە سەروبەر درۆیە، ئەوا گوێت لە درۆیێك دەبێ پێیدەگوترێ (درۆی چووختیانیی Barefaced Lie).کە پەیامنێرێك لە بەرپرسێکی ئاسایش دەپرسێ" هۆکاری ئەو هەموو تەقەکردنەی دوێنێ شەو چێ بوو؟" ئەویش یەکسەر دەڵێ:" من نەمبیستووە تەقەکرابێ!" لەکاتێکدا هەردووکتان باش دەزانن کە دوێنێ شەو تەقەکراوە.

جارهەیە درۆکەر هێندە بە لێزانی و وەستایانە درۆکەی دەۆنێتەوەکە لە زۆر گۆشەوە ناوئاخنکراوە بە زانیاری ڕاست و دروست و قبوڵنەکردنی وا ئاسان نییە، لەکاتێکدا چەند دەستەواژەیەکی درۆ ئامێزیتیدایە. ئەوجۆرە درۆیە دەچێتە خانەی (درۆی مەزن Big Lie ) هەمیشە دەزگا هەواڵگەرییە پڕوپاگەندەچییەکان لە چنیینەوەی ئەو جۆرە درۆیە شارەزان. بۆ نموونە حکومەتی میسری بەدەیان هاوڵاتی لە سێدارەدا بە تومەتی نانەوەی ئاگرەکەی بازاڕی قاهیرە ـ لە (٢٦ / 1 /١٩٥٢) بە درۆ مەزنەکانی خۆی خەڵکی وڵاتەکەی هەڵخەڵەتاند بە تاوانبارکردنی ئەو بێگوناحانە، کەچی دوای سی ساڵ هەواڵگری ئیسرائیلی ئەنجامدانی ئاگرەکەی خستە ئەستۆی خۆی و درەچوو کە ئیعدامکراوەکان بێ ئاگا بوون لە ڕووداوەکە!

جارهەیە درۆکەرە هێندە بە وردی و پێ بە پێ سەین و بەینی ڕووداوێك وا دەگێڕێتەوە وەك ئەوەی کە خۆی کارەکتەرێکی شانۆگەرییەکە بوویێت، لەکاتێدا ئەو حیکایەتە پڕە لە

درۆ و بڕگەی نادروست. ئینگلیزەکان بەم جۆرە درۆیە دەڵێن (درۆی ڕیخی مانگا Bullshit lie).

جارهەیە لووتت پێوەدەبێ. کابرای درۆزن هەموو قسەکانی ڕاست و ڕەوان و حەقیقەتن وەلێ کۆتا دەستەواژەی درۆیێکی گەورەیەوە یەکسەر ڕووت تێدەکاو دەڵێ :" کاکی برا قسەکانم وانییە؟" تۆیش یەکسەر تیچدەکەوی و دەڵێیت:" ئەشهەدو وایە!" ئەو جۆرە درۆیەش ناونراوە (درۆی پێچراوە Contextual lie).

(درۆی دەستەویاخە Emergency Lie) ئەوەیەکە باش دەزانی ئەو گوتەیە درۆیەوە زۆر دوورە لە ڕاستی کەچی دەبێ بڵێیت: " گەورەم ڕاست دەفەرمووی!" وەك "" ژنە بەشەڕهاتووەکەی دراوسێتان هاوسەرەکەی خۆی بە شتێکی نا دروست تاوانبار دەکا و تۆیش بۆ هێورکردنەوەی گرژییەکەوە وکوژاندنەوەی ئاگرەکە بێ سێ و دوو پشتگیری درۆی ژنەکە دەکەیت."

ڕوویداوە لە دیوەخان و مەجلیسی کوردەواریدا یەکێك هێندە بە جوانی کلك و گوێ بۆ درۆیەکانی دەکا و لە دەستپێکدا هەر هەموو قسەکانی ڕاست و بەچێن و حەز دەکەی هەر گوێی لێبگریت، بەڵام لە دوا بڕگەی حیکایەتەکە شتێکت دێتە بەرگوێکە بەهیچ مەنتقێك ئەقڵ قبوڵی نەکا لەبەر گەورەیی درۆیەکە، ئەمەیش پێیدەگوترێ (فیشاڵ Exaggeration) وەك "......کە لەو نیوەشەوە ساردەدا و لەو چیاوچۆڵە دایکردە باران، هەر (٤٥)کاروانچییەکانی کە لە گەڵمدا بوون لەگەڵ ولاغەکانماندا خۆمان کوتایە ناو ئەشکەوتێك و لێی پاڵکەوتین، کە بەیانی ڕۆنیکردەوە، تەماشامان کرد هەموومان لە بن قارچکێکدا خەوتووبووین!"

ئەو جۆرە درۆیەی کە خاوەنەکەشی نازانێ چەندی ڕاستە و چەندی درۆیە پێیدەگوترێ (درۆی هەڵبەستراو Fabricated Lie). لە گەرمەی بانگەشەی هەڵبژاردن و پڕوپاگەندەی بازرگانیدا گوێبیستی ئەو جۆرە درۆیە دەبین.

ڕیزبەندی درۆیەکان دوروو درێژە، بۆیە بە ئاماژەکردن بە دوو جۆرە درۆی دیکەکوتایی پێدێنم:

(درۆی سپی White lie)کە لە ئایینی ئیسلامیشدا بە گوناح داناندرێ چونکە لە پێناو ئاشتکردنەوە و سولّح و ئاشتەواییدا دەهۆنرێتەوە، لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا بوونی هەیە. نابێ ئەوە درۆیانەشمان لە بیرچێکە دایکمان پێیدەگوتین: "..... وانییە چولەکەکە هەموو شتەکانی بۆ گێڕامەوە....." ئەمە لە نێو هەموو میللەتاندا هەیە، بەڵام بە گوێرەی جێگاکە، چۆلەکە کە دەکرێت بە حاجی لەقلەق یان کۆترەباریکە یان پەرەسێلکە....ئەمەیش ناسراوە بە(درۆ بۆ زارۆکان Children ـ to ـ Lie).

(بۆختان Falsity)یش کە درۆیێکی فیتنە ئامیزو گەورەیە بە مەترسیترین و ناپەسندترین درۆ ئەژمار دەکرێت. وەك، تاوانبارکردنی هاوسەری هاوڕێیەکت بە دەست تێکەڵکردنی لە گەڵ کچە فەرمانبەرێکی خۆی و........!

## درۆ لە جیهانی منداڵدا:

چونکە جیهانی مامۆستا هەمیشە ئاوێتە و درێژەپێدەری جیهانی منداڵە حەزدەکەم زۆر بەکورتی پووختەیەك لە (درۆکردنی منداڵان) پێشەکێش بە خوێنەر بکەم: منداڵی سێ چوار ساڵان هیچ زانیارییەکی دەربارەی درۆ و درۆکردن لە لای دروست نەبووە و هەرکردارو گوفتارێك بکات ئەوە ڕەنگدانەوە و دەرهایشتەی جیهانە پاك وبێگەردە پڕ بەرائەتەکەی خۆیەتی. بە واتایێکی ڕوونتر، لەو تەمەنەدا منداڵ هێشتا لە جیهانی خەیاڵدا دەژی و ناتوانێ درك بە هەموو شتە حەقیقیەکانی دەرووبەری خۆی بکات. تەنانەت نازانێ ڕاستگۆیی چییەو درۆ چییە، ئەو تازە زمانی پژاوە و هەر حەز دەکا چێژ لەو دەنگە تازانەی لە زمانی دەردەچی وەرگرێت. بەڵام لە شەش حەوت ساڵاندا، بە حوکمی ئەو ژینگەی کە تێیدا پەروەردە دەکرێت دێ بزانێ کە جۆرە جیاوازییەك هەیە لە نێوان هێندێ لە قسەکاندا لە ڕووی شیرینی و پەسندکردندا یان ڕەزاقورسی و نابەدڵیدا، دواتر تێدەگا ئەوەی دەچێتە خانەی قسە ناشیرین و ناخۆشەکان ئەوانەن کە درۆیان تێدایە یان درۆ و بوختانن. لە هەمانکاتیشدا لەوەتێدەگا کە هێندێجار لە ڕێی درۆکردنەوە دەتوانێ خواستێك بەدەست بێنێ یان خۆی لەکێشەیێك دەربازکات یان کەسێکی تر سزادات.

وەك لە بڕگەیەکی پێشتر ئاماژەمان پێدا کە درۆکردن سیفەتێکە قابیلی خوو پێوەگـرتن و پێ فێربوونە. بنەما و بنەتۆی ئەم فێربوونـەش ژینگـەی منداڵـەکـەیـە واتـا خێـزان و قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگای دەرووبەری بە هەموو میراتە کەلتووریە پاشمـاوەکـانی باوباپیرانی بە چاك و خراپییەوە. جا لەم ژینگەیـەدا، لێـرەدا دەبـێ یەکسـەر پـەنجـە بـۆ مامۆستا، ـ وەك کارەکتەرێکی پێشڕەوی دەسەڵاتداری پرۆفیشناڵ لە پیشەکەیـدا ـ درێـژ بکرێت. حەز دەکەم کە خوێنەر بزانێ کۆمەڵە کەسێکی تریش هەنـە لـە ژیـانی منداڵـدا دەچنە نێو بازنەی مامۆستاوە، وەك (سەرۆککۆمار یان سەرۆك هـەرێم / بـاوك و دایـك / پیاوانی ئایینی / بیرمەند و ئەدیب و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە منداڵ).

## مامۆستا و درۆکردن:

هەرگیز لەو باوەڕەدا نیم کە مامۆستا هەبێ بە نەخشە و بەرنامـەی دارێـژڕاو پـەیـام و وانەی ئاخێنراو بە درۆ و دەڵەسە پێشکەش بە شاگرد و خوێندکارەکانی بکـات جگـە لـە هێندێ حاڵەت بەدەر لە سنووری پەروەدەکاری و مرۆڤویسـتیدا ـ وەك مامۆسـتا ویـژدان فرۆشراوەکانی سەردەمی ڕژێمی بەعس لە وتنەوەی بابەتی بەنـاو (الثقافة القومیـة) کـە بەزۆرملێ خوێندکارە بـێ دەسـەڵاتـەکانیـان لـە پـۆل دەخزانـدە وانـەی خیانـەتکـاری و دۆژمنکاری پر درۆ و دەڵەسەیان بۆ دەگوتنەوە .

لە بڕگەی (جۆرو شێوەکانی درۆ) هەر هێنـدێك نموونـەمـان پێشـکەشـکرد، وا ئێسـتا بەشێکی تری لێرەدا درێژە پێدەدەین، حەزمان نەکرد پێشتر باسـیان بکـەیـن تـا دووبـارە نەبنەوە.

مەرج نییە درۆ هەموو گوتارەرکانی ڕاستەوخۆ بن و لە گەڵ یەکەم پـەلاپیتکـە نیشـانە بپێکی. جارهەیە درۆ لە قاڵبی وشە و ڕستە دا دێتـەدەرەوە، لـە ژێـر پۆشـاك و ڕەفتـارو پەرچەکرداری خاوەنەکەی خۆی نمایش دەکات. زۆربەی هەرە زۆری ئەو درۆیانـەی بـە نێـو تەوێڵی مامۆستاوە دەلکین لەم تەرزە درۆیانەن. چۆن؟

بازنەی مەیدانی کارو یاریکردنی مامۆستا خوێندنگە و ئەو شوێنانەیەکە لەگەڵ خوێندکارەکانی چالاکی تێدا ئەنجام دەدات. ئەو بە دەیان شێوە مامەڵە و هەڵسوکەت و تەماسی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە شاگردەکانیدا هەیە لە ناو پۆل و تاقیگەکان و گۆڕەپان و سەر سەکۆی شانۆ و یارگە و دەشت و دەر ـ لە گەشت و سەیراندا ـ. جا زۆر ئاساییە لە ئاکامی ئەو هەموو چالاکی و بگرە و بەردەدا، لە هێندێ حاڵەت بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ڕەفتاری ناویستانەی بێ ئاگایی هەست وکاردانەوەی هەست و خۆی لە بیربچێتەوە و هێندێ قسەو گوفتارو ڕەفتار بکات کە لە هزر و ئەقڵی خوێندکاردا وەك درۆ خۆیان بنوێنن.

لەکاتێکدا کە پسپۆڕانی پەروەردەکاری دەڵێن کەم مرۆڤ هەیە وەك خوێندکار چاوتیژ و بە دەیقەت و وردبین بێت. کەم کەس بە قەد ئەوان زیرەکن لە چاودێریکردن و شوێن پێ هەڵگرتنی مامۆستاکانیاندا. کەواتە گەر مامۆستا متمانەی تەواو بە خۆی نەبێت، ئەوا بە ئاسانی دەکەوێتە نێو داوی تانەو تەشەری خوێندکارەکانی.

وا لە پێنج ڕەهەندەوە دەروازەی ئەو بابەتە دەکەینەوە:

## یەکەم: هاوسەنگی و یەکگرتنەوەی گوتارو ڕەفتار:

واتا تا چ ڕادەیەك ئەو وانانەی ئەو بۆ خوێندکارەکانی دادەدات ڕەنگدانەوەی لە خودی خۆیدا هەیە: خۆی پۆشتە و پەرداغ وکۆکە؟ سەرو سیما و ڕوخساری لە پرچ وقژ و ددان و نینوك و دەست و پەنجە پاکژ و تەندروستن؟ ڕەنگی جگەرکیش و بۆنی بادەنۆش و ڕەفتاری قومارچی پێوە دیارە؟ خاو خلیچ و لەشگران و سادروسووڕە لە جوولە و چالاکیدا؟... هتد

کاتێ خوێندکار ئەوە شتانە وەك پارادۆکس لەکەسێتی مامۆستاکەی دا دەبینێ، هیچ تەفسیرێکی نییە غەیری ئەوەی کە بە خۆی بڵێت : "مامۆستاکەم درۆمان لە گەڵدا دەکات."

## دووەم: بەتاڵکردنەوەی گوفت و پەیمان:

خوێندکار باشتر لە سەرپەرشتیاران توانای هەڵسەنگاندی مامۆستاکەی خۆی هەیە.کە یەك دوو جار مامۆستاکەی گفتێکی پێدان ـ وەك دەست نیشانکردنی ڕۆژێ بۆ ئەنجامدانی ئەزموون یان پێداچوونەوەی چالاکیی ـ بەڵام ئەو بە بێ پاساو و لێبوردن گفتەکەی ناهێنێتەدی و خۆی لێ غەشیم و نابەڵەد دەکات، ئەوا خوێندکار ئەو مامۆستایە دەکاتە هاوشانی کەسە درۆزنەکان و ئامادە نییە خۆی بۆ جێبەجێکردنی گفتەکانی ئایندەی ئەو رابینێت.

## سێیەم: درۆکردن بۆ خاتری خوێندکار و بابەت:

جار بووە مامۆستا زۆر ناماقوڵانەو و پاڵەوانانە دێتە ناو بابەتەکەی و بۆ تامخۆشی دەرسەکە و خۆنمایشکردن لە سنووری واقیعحاڵی خۆی دەردەچێت و هەر بە خەیاڵ وخەون و ڕووداو و چیرۆك دەۆنێتەوە، وەك :"..... خۆم لەکارەساتی هەڵەبجەدا بە دەیان منداڵ و پیرەمێردی بەرکەوتەی چەکی کیمیاویم گەیاندە نەخۆشخانە و.........."کەچی دوای ماوەیەك خوێندکارەکان لە ڕێی دایك و باوکییانەوە دەزانن کە مامۆستاکەیان ڕاستی نەکردووە. ئەمەیش کیرڤی پلەو پایەی ئەو لە نێو خوێندکارەکاندا دادەبەزێنێ.

## چوارەم: ڕەفتاری شیزۆفرینانە یان دووکەس لەکەسێکدا:

کاتێ کەسێکی درواسێ یان کوڕ وکچی مامۆستاکە لە هەمان پۆلدا دەبن بە خوێندکاری ئەو، سەرنج دەدەن کە پەیام و دەرسەکانی ئەو لەگەڵ ڕەفتاری ڕۆژانەی ئەودا لە ماڵەوە و لە بازاڕ و لە دەرەوەی خوێندنگەدا زۆر جیاوازە، هەر وەك مرۆڤێکی تر خۆی نیشاندەدات. ئەوا لە نێوان یەقین و گۆماندا ئەوان پتر مەیل بۆ لای گومانەکەدا دەکەن و وردە وردە ئەو گومانە گەشە دەکات و گەورە دەبێت تا دەگاتە ئەو ڕادەیە کە مامۆستاکە

وەك كەسێكی درۆزن بێتە بەرچاو." ئەوە لە نێو پۆلدا هەمیشە دژی توندوتیژییە لەگەڵ ژن و منداڵدا،کەچی لە ماڵەوە شەو تا بەیانی بەشەق و شوولاق ئەوان داركاریدەكات.

**پێنجەم:کە مامۆستا دەبی بە تووتی:**

چاكم لە بیرە، لە ساڵی (١٩٦٥) دا لە پۆلی دووەمی دواناوەندی ـ پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی ئێستا ـ مامۆستای وانەی مێژوو لە كتێبەكەدا ئەوەی خوارەوەی زۆر بە حەماسەتەوە بۆ خوێندینەوە:" وڵاتی یەمەن یەكجار بە ڕەزو باغ و باغات بەناوبانگە و باشترین بەرهەمی میوەجات وكشتوكاڵییان هەیە. جارێ وەك دیاری یەك هێشوە ترێی ڕەشی زۆر گەورەیان لە سەر پشتی وشترێك بۆ خەلیفە هارونە ڕەشید هاورد نارد!"

تا ئیستاش نازانم ئەمە نوكتە بوو یان حەقیقەت، چونكە مامۆستاكە هیچ ورتەیێكی لێوە نەهات بەڵكو بە گەرموگوڕییەوە خەبەرەكەی پێداین. خۆ دوای وانەكە خوێندكارەكان دەیانگوت:" پەكوو لەو فیشاڵە گەورەیە!". من پێم باشە لەم جۆرە هەڵوێستەدا بۆ ئەوەی لە هزر و دڵی خوێندكار گرێ و گومان دروست نەبێت، مامۆستا ڕاو بۆچوونی خۆی دەربڕێت و خۆی لە گێژاوەكەدا دەربێنێ.

دەبێ مامۆستا باش بزانێت كە دوای خانەنشین بوونیشی گەر دوكانێك بكاتەوە و كەرەستەی بەسەرچوو و خراپ و بێفەڕ بفرۆشێت و گرانتر لە هاوپیشەكانی نرخ دانێت ئەوا ئەوكاتیش خوێندكارەكانی، ئەو بە مرۆڤێكی (درۆزن) دەناسن، چونكە ئەو پێچەوانەی ئەو پەیامە جوان جوانانە ڕەفتار دەكات كە بە درێژایی ساڵانی مامۆستایەتی جەختی لەسەر دەكردەوە.

بۆ مامۆستایانی بەڕێز دووپاتی دەكەمەوە كە خاڵی بایەخدار لێرەدا ئەوەیەكە درۆكردن وەك چالاكی خوێندنەوە و نووسین قابیلی وەرگرتن و فێربوونە، بۆ گەورە و بچووكان. واتا ئەوكردەیە لە ڕێگای لاساییكردنەوە و شوێنهەڵگرتن و خووپێوەگرتن دەكرێ ببێتە تەلەسمێكی یان سیمایێكی ڕەوشت و هەڵسوكەوت، لێرەشدا ژینگە وكۆمەڵگا و دەرووبەر فاكتەری سەرەكیی خولقاندن و نەشونماكردنی ئەوەكردە ناپەسندەنە.

چاکم لە بیرە، لەساڵی (١٩٦٥) دا لە پۆلی دووەمی دواناوەندی - پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی ئێستا - مامۆستای وانەی مێژوو لە کتێبەکەدا ئەوەی خوارەوەی زۆر بە حەماسەتەوە بۆ خوێندینەوە:

" وڵاتی یەمەن یەکجار بە ڕەزو باغ و باغات بەناوبانگە و باشترین بەرهەمی میوەجات وکشتوکاڵییان هەیە. جارێ وەک دیاری یەک هێشوە ترێی ڕەشی زۆر گەورەیان لە سەر پشتی وشترێک بۆ خەلیفە هارونە ڕەشید هاورد نارد!"

تا ئێستاش نازانم ئەمە نوکتە بوو یان حەقیقەت، چونکە مامۆستاکە هیچ ورتەیکی لێوە نەهات بەڵکو بە گەرموگوڕییەوە خەبەرەکەی پێداین. خۆ دوای وانەکە خوێندکارەکان دەیانگوت:

" یەکوو لەو فیشاڵە گەورەیە!".

من پێم باشە لەم جۆرە هەڵوێستەدا بۆ ئەوەی لە هزر و دڵی خوێندکار گرێ و گومان دروست نەبێت، مامۆستا ڕاو بۆچوونی خۆی دەربڕێت و خۆی لە گێڕاوەکەدا دەربێنێ.

# ماڵه ـ کۆلێژەکانی

# هونەره جوانەکان

**"هونەر، تۆزوگەردی ژیانی ڕۆژانە، لەسەر ڕۆح دەشوواتەوە."**
**پێکاسۆ**

نەقاشی و نیگارەکانی مرۆڤـ پیش مێژووی نووسین، بەڵگەنە کە خۆشەویستی و مەیلی مرۆڤـ بۆ (جوانی) و ڕازاندنەوەو ئارایشت، لە ناو جیینەکانی میشك و جەستەدا بوونیان هەیە. لەگەڵ گەشەسەندن و پێگەیشتنی مێشکەیش بەرەبەرە هونەرو ئامرازو کەرەستەکانی ئەو جوانکارییە بەرەو پێشەوەچوون و داهێنانی پڕ حونەری و دەستڕەنگینی و لێهاتووی خاوەنەکانی، ئەقڵی ئاسایی مرۆڤیان زۆرجا سەرسامکردوە. سەردانێکی سەرپێی مۆزەخانە بەناوبانگەکانی کەلتوورو هونەری ـ وڵاتە قەدرزانەکانی هونەرو کەلتوورو مێژوو ـ ئاشنای دەیان، بگرە سەدان هونەرمەندی جیهانییت دەکەن کە هەرەیان لەبرە نەکردۆتەوەو، نە سیوادداروو نە خوێندەوارو نە دەرچووی زانکۆکان بوون. بەڵام کارو بەرهەمەکانیان لە بەرزترین زانکۆی دونیادا بۆتە ماددەی خوێندن و بڕوانامەی باڵایان لێ دەخەملێنریت. چاوپێداخشانێکی سەرپێی بەسەر نەخشەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەکان،

ئەوەت پێدەسەلمێنێ کە ئەوان عەودالْ و مەفتوون و دێوانەی (جوانیین)، بگرە هەرچی ئایین و ئەدەب و هونەر و کەلتوور و داهێنانە لە ناو یەك بازنەی داخراودا کاردەکەن و یەك پەیام و خیتابیشیان پێیە ئەویش: جوانکردنی ناشیرینەکان و جوانترکردنی جوانەکانە.

هونەرەجوانەکان ـ وەك بابەتێکی خوێندن لە خوێندنگەکانی کوردستاندا ـ ئەوەندی من کە وەك و خوێندکارو مامۆستا پەنجاو دوو سالْی تەمەنم تێدا زایعکردبێ، نابینم دارێکیان لەسەر بەردێ دانابێ و دەستی ناسکی مندالْێکی لادێیان گرتبێ و پەنجەی نازداری کچۆلەیێکی بەرمەکتەبیان ڕاهێنابی و هەر بە خەلْۆز و گەچ و قەلەمی ڕەش فێری نیگارکیشانی سەلکەکەرێك یان کلکە ڕێویەکیان کردبن، هەر بۆیەش مامۆستاکانیان، بەهەوەس نمرەی ئەو بابەتەیان بەسەر خوێندکارە نەخوێندەوارەکانیاندا دەبەخشنەوە ـ کە خوێندکاران هیچ سووچ و قەباحەتێکیان لەو دەست و پێ سپی بووبەدا نییە. مامۆستا محەممەد عارف و مامۆستا عەلی جۆلاو و مامۆستا دارا محەممەد عەلی و ڕۆستەم ئاغەلە و عوسمان نەسرەوت و.... و..... و..... خڕ هەموویان خۆڕسك و بەهرەدارو خۆ پێگەییوبووین و دەستی هیچ عیبادی خوایان لەپشت نەبووە و قەد مامۆستایەکی هونەر، لە سەرەتادا، فێری خەتختۆکەیێکی شەقلیپەقلیشیان نەکردوون، ئەوان لە کولێژ و پەیمانگەکان بەهرەکانی خۆیان ئاوجوشداوەتەوە. ئیمڕۆشی لەگەلْ دابێ، حالْی هونەرەجوانەکان، سەرەڕای ئەو هەمووکۆلێژ و پەیمانکە هونەریانە، لە دوێنێ زۆر باشتر نییە!

مالْ، کە خانەی نەهێنی و خۆشی و سەترکردنی مرۆڤە، هێورکەرەوە و جوانیبەخش و ئارامگای ڕۆحی مرۆڤەکانیشە. ئەوان پتر لە نیوەی تەمەنی خۆیان لە نێو چواردیواری مالْەکانیان بەسەردەبەن، کەواتە پێویستە فێربکرێن، چۆن ئەم شوێنە پیرۆزە،(جوان ) و پاك و دلْگیرو دلْکەرەوە بکەن. چۆن ئاشنایەتی (ڕۆح)ی لە نێوان دەرگاو شووشەی پەنجەرەو قولابی جلکان و فەرشی بەرپێ و بەرمالْی نوێژ و وێنەی سەردیوارەکان و ئادەمییەکانی ئەو مالْە دروست بکەن. بەداخەوە، زۆرن ئەوانەی کە ڕۆژانە، بەرەو مالْ دەبنەوە، وا هەنگاو هەلْدەگرن هەر وەك بلْێی بەرەو کوورەی جەحەنەم یان دەروازەی

بەندیخانەیان دەبەن. وەك بڵێی، ئەو حوجرە و هەیوانەی ئەوان سەری پێدادەکەن، خاڵی بن لە هەرچی شتێ پێیبڵێین : (جوانی). ڕەنگ بێ گلەییەکە زۆرتر بەر ژنانی ناو ماڵ و کەیبانوو بکەوێ، بەحوکمی پیاوسالاری کۆمەڵی کوردەواری و خانەتەپیوە کەلتوورە کۆنەکەی ئێمە. جگە لەکەم تەرخەمی مامۆستایانی هۆنەرەجوانەکان،کە لەسەریان، فەرزو سونەتە، شاگردەکانیان فێرە خۆشەویستیی (جوانی) بکەن.

ڕاستە، بووژانەوەی گوزەرانی خەڵك، بە بەراورد بە ژیانی کوولەمەرگی سەردەمی بەعس، بەرەو هەوراز دەروا و خانوو و دیزاینی هێندی لە ماڵەکان گۆڕانکاری جوانیان پێوەدیارە، بەڵام بۆ کەسێکی هەستی ناسکی خۆمئاسا، جوانییەکان پتر بە ڕوخساری (جوانیی) پلاستیکی و بووکەشووشەیی وسینەمایی دێنە بەرچاو. کەم زۆرکەم هەست بە بوونی ڕۆحێکی زیندوو وەبەرکەرەستە و ئامراز و شتومەکەکانی ئەوان دەکەی. بۆ؟ چونکە ئەوان هەر ڕەنگە تەڵخ و قەبارە زلّ و شێوە ڕەزاگرانەکان دەحوبێنن و لە هونەری ئامێتەداری ڕەنگ و دەنگ و نیگاکان تێناگەن و ئاستی ڕۆشنبیریی هونەری و چێژی زەوق وەگرتنیان نەخاراوە. ئاساییە گاشەبەرێکی دوو حۆقەیی بەبەر دەرگای دیوەخانی ماڵێکی مەرمەری سێ چوار نهۆمی ببینی و ساتمەشی لێبەکەی! ئاسایە،کیسە خاشاکی دراوی بەردەروازە دارساجە نەقاشکراوەکە، لە پێت بئاڵێ و هێڵنجیشت بۆ بێنێ! یان ئاسایە، وێنە شانخزاوەکەی سەردیوار، تەپوتۆزی زەمانی عوسمانلی لەسەر دانەتەکابێ!

بەڵام، نابێ (جوان)ی ئەودەست و پەنجە ڕەنگینانەش پەراوێزکەین کە هێندی لە ژنان بەهرەمەندانە بەکاری دەهێنن و تابلۆی شاکاریی (جوانی) پێدەخولقێنن! لەکاتێکا ئەوان تەنها بڕوانامەی هونەرەجوانەکانی ماڵەویان هەیە! ماڵەکان زانکۆ وکۆلێژ و پەیمانگەی ئەوانن، مامۆستاکانیان گۆشەی نەخشاو و گولاودانی بریقەدارو پەردەی هێمن و ئاوێنەی بریسکەدارو گەسکی نەگەچراوی ئەوانن. هێشتا پام نەخستبووە ناو دالانەکەی ماڵی دکتۆر کەمال غەمبار لە هەولێر، هەستم بە بوونی مرۆڤێکی هونەرپەرستی جوانیناس کرد. تا زۆرتر هەنگاوەکانم بەرەو ژوورەوە ڕێیانکرد، قەبارە و کەناری ڕووبارکەی (جوانی) فراوانتر و دڵگیرتر دەبوون. ئاخر هێشتا تەعارفم لە گەڵ خاتوو (زیبا)ی هاوژینی دکتۆر

کەمال نەکرد بوو، وامدەزانی ئەو خاتوونە مامۆستایە لە کۆلێژەکانی هونەرەجوانەکان، نەمزانی ئەو هەر ژنێکی ئاسایی و خاکییە، بەڵام دەکرێ مامۆستاکانی هونەر لە بابەتی (Work Experience) خوێندکارەکانیان بێنن بۆ ماڵەکەی، تا چێژی هونەریی لەکەرەستە ئاسایەکانی ئەوێ وەرگرن: باخەکەی بەکونج وکۆنە شەربە و ساپەبەردی ڕووباران و چەقەنەی بەیاران تەیمانکردوە. هەر بنجەگوڵەی لەسەر سەکۆی بووکینی خۆی دانیشتووە و چاوان دەگێڕێ! خورج وکۆچ وپەت وکاری داری قەدیمی دیکۆری سەردیوارەکانن. هەموو گۆشەکانی ژوور هێلانە و گارەی تەیروتوار و سمبورە و کەروێشکانن!. لە ژێریان خووڕەی ئاوی نافوڕەی بچکۆڵە دێ وکەروێشکان بەدوریان بازنەیان بەستووە! حەوزە و ماسییە ڕەنگاو ڕەنگەکان هێندە ساو و خاوێن و بێگەردە، هەر دەڵێی شووشەش نییە! پەلك و گەڵای گوڵەکانی ژوورەوە دەڵێی لە ئارایشگە هاتوونەتەوە و دەچن بۆ ماڵێ زاوا! گوشەی کتێبێ نابینی نووشتابێتەوە و پەڕەکاغەزێکی مامۆستا نییە وەك توحفەی موزەفەرییە لە شوێنی خۆی هەڵنەگیرابێ! لەگەڵ هەر فڕە چایەك، چەهچەهەی بولبولی ناو ماڵەکە سەرمەستت دەکا! گۆشەیەك شك نابەی لەم ماڵەدا ڕۆحی لەبەر نەبێ و قسەت لەگەڵ نەکا و نەتدوێنێ. هەموویان هەر باسی (جوانی) دەکەن و ئافەرینیش بەسەر سەری خاتوو (زێبا) دا دەبارێنن! منیش هەر هێندەم پێدەکرێ بڵێم: هەر ساغ و دەستڕەنگین و بەهرەمەند بێ ئەو پەنجانە. ماڵتاناوا و ژیانتان سەرفیرازی ئەبەدی بێ لەگەڵ (جوانیدا)!

# بێبەشکردنی منداڵ لە شیعر و مۆزیك = خنکاندنیان بە پەتی نەرم

" گەر نەبووبام بە زانـای فیزیك، ئـەوا دەبـووم بە مۆزیکژەن. ئەز زۆربەی جاران بیر لە مۆزیك دەکەمەوە. زیندەخەونەکانی من مۆزیکن و لە نێو زاراوەکانی مۆزیکیشدا ژیانی خۆم دەبینمەوە."
(ئەلبەرت ئەنیشتاین)

ڕووی حەوشەی ماڵەکەمان دەیڕوانییە چیای باواجی لەو تخوبەشڕا، لە دووری پانزە ماڵێکدا، دەنگ و سەدای سروود و گۆرانییەکانی بەیانیانی سێ قوتابخانەی دەست لەمل یەککردوو، هەموو سبەینەیەك گەڕەکی کۆنە قەڵاتی دەهێنا جۆش و خرۆش: بەرانبەر دائیرەی تووتن، دواناوەندی کۆیەی کوڕان بوو، هەر لە خوار ئەویشەوە قوتابخانەی سەرەتایی ئامینەی کچان بوو، ڕێك بەرانبەر ئەمەشیان قوتابخانەی سەرەتایی زانست بوو. تەمەنم هەر پێنج ساڵان دەبوو سبەینان زوو زوو لە پاڵ ستارەی ماڵەکەمانەوە چەناگەم دەخستە سەر دەستەکانم وشل شل گوێم بۆ سرووده خۆشەکانی مامۆستا (باکوری) و مامۆستا (ئەنوەرتاهیر) ڕادەگرت. خودایە دەنگ و سەدای ئەو منداڵانە بۆ هێندە خۆش

بوو! چ سیحرێك بوو ئەو ئاوازە بە جۆشانە زەنگوڵ زەنگوڵ دەرشژانە ناخی ڕۆح و مرۆڤەکانیان ڕادەژاند:

خوایە وەتەن ئاوەکەی چەند دڵگیر و شیرینە

یان: سێوو مێوێکی جوانە ترشە و شیرنە و هەرزانە،

ڕۆژێ چوومە ناو باخان.....

ئەوە هەر من نەبووم وا تامەزرۆی ئەو دەنگ و ئاوازە کیویانە بووم، پیرێژن و پیرەمێردەکانی گەڕەکیش دەیانگوت:" وای لە چریکەی مەکتەبلییان چەندە بە سۆز و تاسەیە!" ئێستێشی لەگەڵ دابێنازانم بۆ ئەو دەنگ و سەدایانە هێندە بە هێز وتیژڕە و بوون، کۆڵان کۆڵان ماڵ ماڵ دڵ و دەروونی گوێگریان دەسمی.

لەم ڕۆژگارەی ئیمڕۆدا، لە پشت پەردەی گوڕانکاری و شارستانییەتی سەردەم، داب و نەریت و دەستور و سیستەمی خوێندن و فێرکردن، لە وڵاتەکەت مندا، کتومت پێچەوانەی سەردەمی جارانە لە رشووی بایەخدان بە شیعرو مۆزیکەوە. گاشەبەردەکەم گەورە نییە گەر بڵێم: هەر دەڵێی ئەو سیستەمە تازەیەی پەروەردە بە ئانقەست و بە بەرنامەکاری بریاری خنکاندی شیعر و مۆزیك و سروود و گۆرانی لە قوتابخانەکاندا داوە!

ڕۆڵی شیعر و مۆزێك لە پرۆسەی فێرکردن و پەروەردەکاریدا زۆر لەوە مەزنترە بە بابەتێکی لاوەکی بێ بەهای ساردوسوڕ سەیربکرێت. بایەلۆژیستەکان لە زانستی توێکاریدا ساغیانکردۆتەوە کە گوێ یەکەمین ئەندامەکە لە جەستەی کۆرپەلەدا خەلق دەبێ. هەر لە هەفتەی دووەمی تەمەنیدا لە زێدانی دایکیدا کۆئەندامی بیستن دروست دەبێت. کۆرپەلەی تەمەنی چوارمانگان لە ناو سکی دایکیەوە توانای بیستنی هەیە. لە (٢٤) هەفتەدا هەر سێ بەشەکەی گوێ: دەورەوە و ناوەند و ناوەوە کامیل دەبن و پەیوەندی نێوان کۆرپەلە و جیهانی دەرەوەی سکی دایك دەست پێدەکا. بۆیە ئێستا ــ زۆر لە دایکە دووگیانەکان لە وڵاتی ئینگلتەرادا ڕۆژانە چیرۆك و شیعر بۆ کۆرپەلەی ناو سکی خۆیان دەخوێننەوە! سەیرەکە لەوەشدایە کە لەکاتی مردندا، دوا ئۆرگانی جەستەی مرۆڤ کە لەکار دەکەوێ گوێچکەیە.

گوێ یەکێکە لە هەرە هەستیارە بەهادارەکانی جەستەی مرۆڤە کە قامتیَ تایبەتمەندی خۆی هەیە:

- گوێ، شەپۆڵی دەنگەکان وەردەگرێت و دەیانکات بە زنجیرەیەك لە ڕەمز و هێمای دەماریی، دەیدا بە مێشك.
- لە ڕێی بیستنەوە زمان فێردەبین.
- بیستن لە هەمووکات و شوێنێکدا کارایە. گوێ ، بە پێچەوانەی چاو ناخەوێ.
- لە ڕێی بیستنەوە چێژ لە دەنگە خۆشەکانی مۆزیك و سروشت و دەوروبەور وەدەگرین.

منداڵ لە خۆڕسکەوە بەقەد شیری دایکی شەیدا و عەوجەی مۆزیك و دەنگی خۆشە. هەر چەندە ئەو لە مانا و مەغزای لایلایەکانی دایکی تێناگات وەلێ دەنگ و ئاواز و هارمۆنی ڕتمەکان کە لە گەرووی دایکی دەردەچێ، جۆرە هێمن و ئارامێکی خوداوەندی پێدەبەخشێ.

تا منداڵ هەراشتر بێت پتر گوێ خۆی بۆ مۆزیك و گۆرانی شل دەکات. جا چونکە مۆزیك زمانە، وەك هەر زمانێکی تر ڕەمز وکۆد و هێمای خۆی هەیە. لێرەدا بایەخی مۆزیك و شیعر لە پڕۆسەی پەروەردەکردن و فێرکردندا بۆ منداڵ بەدیار دەکەوێ. چۆن و لە چ ڕوویێکەوە؟

پەروەردەی مۆزیك و گۆرانی ئیمڕۆ بۆتە بابەتێکی زانستی و ئەکادیمی و لق و پۆپی لێبۆتەوە. یەك لە بنەمایێکی فێرکردن پێی دەگوترێ (زیرەکی بیستن)کە ئاکامەکەی خراپ وناشارەزایی پەورەردەکار لێرەدا دەبێتە هۆکارێك بۆ مەحرومکردنی ئەو منداڵە یان ئەو قوتابییە نیگەتیڤانە لەسەر کەسێتی ئەو منداڵەدا دەشکێتەوە. دەبێ منداڵ فێربکرێ کە:

- لە هێمای دەنگەکانر تێبگات.
- دەبێ دەسەڵاتی بەسەر دەنگەکاندا هەبێ لە سازکردنیاندا.
- دەبێ پێکهاتەی دەنگەکان بناسێتەوە.
- دەبێ بتوانێ هاوسەنگی لە نێو ڕستە مۆزیکەدارەکاندا دروست بکات.

- دوا خالێش، دەبێ بتوانێ دەنگی خۆش و ناخۆش، دەنگی بەکەلك و مەترسیدار لێك جیابکاتەوە.

با لە سونگەی (زیرەکی بیستن)ەوە بچمە ناو بابەتەکەوە.

خوێنەری ئازیز:
ڕشتەی مۆزیك ڕاستەوخۆ تێکهەڵکیشراوە بە سروود و گۆرانی. کە ئەوانیش ڕەنگێکی تری ئەدەبین و دەربڕی هەستی ناخی مرۆڤن و گوزارشت لە سروشت و دید وکەلتوور و ئایین و نەتەوە و ژینگەی کۆمەڵایەتی دەکات. هەر چەندە منداڵ لە سەرەتادا ناتوانێ جیاوازی لە نێوان سروود و گۆرانیدا بکات وەلێ تێدەگا کە ئەوان هەڵگری دەنگ و ئاواز و نەغمەی خۆشن، بەڵگەش ئەوەیە هەر زوو لاسایی ئەو دەنگانە دەکەنەوە وتێکەڵیان دەکەن بە دەنگی سروشت و تەیرو توار و ئاو و ڕووبار و بروسکە و باران.....لەوەش تێدەگات کە ئەو سردوو و گۆرانییانە هەڵگری پەیامێکن و پڕیشن لە وردەکاریی هونەری و ئەدەبی و مۆزیکی لە بۆتەی ئەدەبێکی باڵادا هۆنراونەتەوە. ئێستا یەکسەر ئەم دیارەدە بە پرۆسەی فێرکردن و پەروەردە دەبەستینەوە، وادام ئەو منداڵ و قوتابییانە حەزیان لە سردوو و گۆرانییە، ئەوا ئێمە ناڕاستەوخۆیانە پەیامەکانی خۆمان لە زانست و ئەدەب و ڕەوشت و ئایین وکەلتوور و نەتەوایەتی و مرۆڤایەتیدا دەئاخنیینە نێو سروود و گۆرانییەکانیان، دەکرێ ئەمانیش تێکەڵ بە ژانری تری ئەدەب وەك چیرۆك و نمایشکردن و ئۆپرا و بالێ بکرێن.

گوتمان مۆزیك زمانە و زمانێکی جیهانییە و هەمووکەسێ تێیدەگا کەواتە دەکرێ مۆزیکی نەتەوەکەمان بەکاربێنین بۆ خۆناساندن و تەعارفکردن لە گەڵ میللەتانی تری دنیا و منداڵەکانیش بەیەك ئاشنا بکەین و لە پاڵ ئەمەشدا بەرنامەی فێرکردنیش پێشکێش بکەین.

شیعرو مۆزیك و سروود و گۆرانی وەك ئاو بۆ منداڵ و قوتابی پێویستن چونكە:

- دڵی ئەوان خۆشدەكەن و ڕۆحیان دەورووژێنن. توێژینەوە زانستییەكان سەلماندویانە ئەوانەی گوێ لە مۆزیك دەگرن هەم خەمۆكی نابن و هەم تەمەنیشیان درێژترە.
- لە ڕێی ئەو هونەرانەوە خوێندكار فێری جولە و سەما و نمایشكردن دەبێ. بەتایبەتی بۆ گۆڕینی كەش و هەوای پۆل دوای دانیشتنێكی زۆری بێزاركەر. هەمیشە ڕتم و نەغمە وكێش و سەروا هەستی مرۆڤ دەبزوێنن و حەز دەكەیت لە گەڵیاندا هەڵپەڕی.كە ئەمەش دیاردەیێكی سروشتییە تەنانەت هێندێ باڵندە و گیاندارەكانیش لە گەڵ بێچوەكانیاندا سەما و هەڵپەڕكێ دەكەن.
- مۆزیك بیر و هزری منداڵ بەهێز وتیژ دەكات، لێكۆڵینەوەكان ئاماژە بە زیرەكی ئەو خوێندكارانە دەكەن كە زۆر گوێ لە مۆزیك ڕادەگرن یان مۆزیكژەنن، بەتایبەتی لە ڕشتەی بیركاریدا.
- منداڵ حەز دەكات بووكۆكە و یاری هەبێ تا خۆی پێ بخافڵێنێت و یاری لە گەڵدا بكات. زانستی مۆزیك دەڵێ باشترین بووكۆكە بۆ یاریكردنی منداڵان (دەنگی خۆیەتی)كە لە ڕێی فێركردنەوەی دەتوانێ یاری لەگەڵدا بكات، بەتایبەتی لاساییكردنەوەی ئەو دەنگانەی كە لە ژینگەكەی خۆیدا دەیانبستێ.
- خەیاڵی منداڵ بەبێ مۆزیك و دەنگی خۆش فراوان نابێت و زەحمەتتر دەبێتە كەسێكی بەهرەدار و هونەرمەند.

(UCIA – James Cattera) لە ساڵی (١٩٩٧) دا توێژینەوێكی لە گەڵ (٢٥) هەزار قوتابیكرد بۆ ماوەی دە ساڵ، گەیشتە ئەو ئەنجامەی ئەو قوتابییەی ڕۆژانە دوو تا سێ سەعات گوێ لە مۆزیك دەگرێ هیچ كێشەیەكی خوێندنی نییەوە لە هەموو بابەتەكانیدا باشە. ئەوانەی كە زۆرتریش گوێیان لە مۆزیك گرتووە ئەوا پلەی زۆر بەرزیان وەدەست هێناوە.

ئیمڕۆ مۆزیك بۆتە داوودەرمان بۆ چارەسەری خەمۆکی و هێندێ نەخۆشی دەروونی بەکاردێت. (Music Therapy) بۆ ئالۆودەکانی دەرمانی بێهۆشکەر و بۆ بەسالاچووەکان و هێندێ نەخۆشی دیاریکراو ئەنجامی باشی بەدەست هێناوە. لە سایکۆلۆژیشدا مۆزیك بۆتە ڕشتەیکی بە سوود و فرە ڕەهەند بە ناوی (Musicology) باس لە هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی مۆزیك وکاریگەری بەسەر مرۆڤەوە دەکات.

بەکوردی و کرمانجی مۆزیك و شیعرو گۆرانی هەم ئامرازو هەم پەیامی پڕۆسەی پەروەدە و فێرکردنن گەر زانستییانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. جێگای نیگەرانی و نائومێدییەکە ساڵ بە ساڵ لە قوتابخانە و مەڵبەندە پەیوەستدارەکانەوە ئەم هونەرو بابەتانە نەك هەر بە گەرمی پێشوازیان لێناکرێ بەڵکو بە ئانقەست مردار دەکرێتەوە و لە نێو ئەو سەنتەرانەدا بە چاوی سووکەوە سەیردەکرێ. لەمێژە بابەتی وەرزش ونیگارو مۆزیك لە زۆربەی هەرە زۆری قوتابخانەکاندا هەر بۆ پڕکردنەوەی خشتەی وانەکان دادەنرێن و سەرپەرشتیارەکانی ئەو بابەتانەش گلەیی و گازەندەیان لە دەزگا پەروەردەکارەکاندا زۆرە. هەر بۆ نموونە تەنانەت لە خوێندنگە نموونەییەکاندا زۆربەی خوێندکاران هەر یەکەمین دوو دێڕی سروودی نیشتمانی (ئەی رەوقیب) یان لەبەرەو لە دێری سێیمەوەو تەناشان لێدەدەن! بەداخەوە!.

ئەوەندەی بە پەرۆشەوەم بۆ چارەسەری کێشەکان ئەوەندە خوولیای ڕەخنەگرتن نیم، بۆیە بۆ وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ئەم دەسکە ڕاسپاردەیە دەخەمە بەرچاو:

- دابینکردنی مامۆستای پسپۆڕی بابەتی سروود و مۆزیك بۆ قوتابخانەکان بەشێکی چارەسەرەکەیە.
- ڕۆژانە بەکۆمەڵ ڕیزکردنی قوتابیان لە سەرەتای دەستپێکی خوێندن و ئەنجاندان و پێشکێشکردنی چالاکیی هەمە جۆر مۆتڤێکی کرداری سەرکەوتووە لە پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردندا. خۆزیا وەك جاران ئەو چالاکییە زیندوو دەکرایەوە. هیچ

پاساوێکی پەسند بۆ ئەنجامنەدانی لە ئارادا نییە. مامۆستا و قوتابی و گۆڕەپانی قوتابخانە کە بوونیان هەیە، سێ کەرەستەی ئەو پرۆسەیەن.

- ڕازاندنەوەی بەرنامەکانی خوێندن بە تایبەتی بابەتی زمانی کوردی و عارەبی و ئینگلیزی بە شیعری جوان و پەیامهەڵگری بە پێزوکاریگەر لەسەر ڕەوشت و زانست و نیشتمان پەروەری و مرۆڤدۆستی و ژیتگە زۆرکاریگەری باشی دەبێت.
- دروستکردنی پردی هەماهەنگی لە نێوان مەڵبەندەکانی مۆزیك و هونەر (وەك سەنتەری گەنجان و پەیمانگایەکانی هونەرە جوانەکان) لە گەڵ قوتابخانەکان بۆ مەشق پێکردن و هاوکاریکردنی منداڵان و قوتابیان هەنگاوێکی بەکەڵکە.
- سەرجەم بابەتەکانی باغچەی ساوایان دەبێ شیعر ڕێژ و مۆزیك پۆش بکرێت. مۆزیك و گۆرانی تاکە وەسیلەی پەگەیاندنن لەم قوناغەدا.
- پێکهێنانی تیپ و گروپی مۆزیك و هونەرو ئەدەب لە نێو قوتابخانەکاندا بە هاوکاریی مامۆستایانی پسپۆڕ و هەوادارو بەهرەمەند زۆر پێویستەکارا بکرێ.
- گرینگیدان بە سازکردنی ئاهەنگ و فیستڤاڵ و گەشتوگوزاری هونەری لە شار و لادێیەکاندا و هاندانی قوتابیان بۆ بەشداریکردن و بەڕێوە بردنیان نابێ فەرامۆش بکرین.

پێش داخستنی بابەتەکەم دەمەوێ ئەو خاڵە گرینگە بخەمە بەر دیدی مامۆستا و دایك و باوکی قوتابییەکانمان کەوا هێندێ لە گورانییە تازەباوەکانی کوردی بە وشە و واتای سێکسی و ئیرۆتیکی ناوئاخن دەکرێن. لێکۆڵینەوەکانی زانکۆ ناودارەکانی ڕۆژاوا دەمێکە خەریکی شەنوکەوکردنی ئەو دیاردەیەن. گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامە کە ئەو جۆرە گۆرانییانە کاریگەریی خراپی لەسەر دواڕۆژی منداڵ وکەسێتی و ژیانی خێزانییدا هەیە. بۆیە زۆر پێویستە دایك و باوکان لە ڕێی هۆشیاریکردنەوەو دەستگرتن، وا بکەن منداڵەکانیان ئاڵوودە و خوولیای ئەو جۆرە گۆرانییانە نەبن و بەشێکی ئەرکەکەش دەکەوێتە سەر ئەستۆی ئەو لایەنە بەرپرسانەی مۆڵەتی تۆمارکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو

جۆرە گۆرانییانە دەدەن لە ژێر پەردەی هونەری سەردەم و جیهانگەریی سەرتاسەری دنیا،کە ئەمەشیان لە لایەنی لاواز و نێگەتیڤ بەدەر نییە.

(Langston Hughes) وەسیەت دەکاتکە لەسەرکێلەکەی بنووس:

**ژیــن بــۆ ژیــان**

**مــردن بــۆ مــردوو**

**بــا ژیان بکەینە مۆزیك و**

**مەرگیش گوتەیەك بێ نەگوتراو...!**

# خوێندكارانی لادێیەكانی كوردستان

# یان كەرۆێشكەكانی تاقیگەكان!

" منداڵ دەبێ فێربكرێت چۆن بیربكاتەوە،
نەك بیر لە چ بكاتەوە."
**Margaret Mead**

گەر وەك جاری جاران زەندی دەستمان بخەینە ناو ڕێشـمەی گوێدرێـژێك و بەنێوكۆڵانـە كەڵكەبەردە تەسك و تەنگـژەكانی گونـدەكانی كوردسـتاندا گۆزەرێـك بكـەین و ورد ورد دیقەت لە شوێنپێی ئەو سوارچاك و مێرخاسانە بدەین كە بە درێژایی مێژوو لادێیەكانیان كردبووە مەنزڵی موقەدەسی خۆیان و لە پێناویاندا ڕۆحیان لە سەر دەست بوو، تیدەگـەین كە ئەو بەو پەڕی سەخاوەتەوە چیان بە ئێمەمانان و مرۆڤایەتی بەخشیووە!

مزگەوتی سەركاریز و پیرە دارگوێزی بەرماڵان، كە شایەتحاڵی نەگبـەتی و نـەهاماتی و سەرگەردانیی خەڵكی ڕۆحسووكی ئەو گوندانەن، پێمـان دەڵـێن كـە شمشـێری هـەژاری و نێزەی نەخۆشی و جەور و جەفای ژیـان و دەسـتكورتی و جەهالـەت هـەرگیز نـەیتوانیوە زەفەریان پێبەرن و لەو سرووشتە هەزار ڕەنگەی كوردستانیان بكەن....

ڕاستە مێژووی چڵکن، بێڕەحمانە هەوڵیداوە دەستی قورسی تاوانی خۆی بە جەستەی پاك و بێگەردی ئەوان بسڕێتەوە، لادێیەکانی کوردەواری، عەیامێکی دوورودرێژ، کەلاکی هەڵقرچاوی ماکی وەرەم و پێشوولەی مەلاریا و سووتووی لاڕەشە و چاوکوولیی و دەردە دڵەی بێداو و دەرمان و دکتۆر و حەکیم بوون! ئەوان دەمێ کۆیلەی دەرەبەگ و دەمێ یەخسیری تفەنگ بەدەستان و دەمێ کراوەن بە خزمەتکاری سەرمایەدارە سەرەخۆرەکانی شار، بە ژەمێك تێر و بە دەیان برسی.... ! جا سەربار و بنباری هەموو خەمان، هەرگیز کەڵاوە قوڕەکانی ئەوان لەبەرتازەترین فرۆکەی شەڕکەری دوژمنان چۆکیان نەشکاوە و قەت سەریان بۆ زوڵم و زەبر و زەنگی حەرەس قەومییەکانی ڕۆژگار دانەنواندوە. قارەمانانە ڕووبەڕووی درندەترین لەشکری چەنگ بەخوێنی سەردەمەکان بوونەتەوە و لە ئەنفال بەهێزتر و لە ژەهر کوشندەتر و لە مەرگ سەربڵندتر هاتوونەتەوە سەر زێدی باپیران و لە چەرەگەی سووتا و لا دەرگای شان هەڵتەکاو و قوڕەسۆرەی بەرماڵان خانوو وکۆڵێتیان هەڵێناوەتەوە و بە وەفایکی خەستر لە جاران ژیانیان لە ئامێز گرتۆتەوە.

ئا لەم ژینگە قورس و تاریك و خنکن و خەمناکەدا، منداڵانی چاو ڕەشی کوڵمە سووتاوی ئەوان، بە جووتێ پێڵاوی لووت هەڵقلیشاو و شڕە قەمسەڵە و تۆربەی (جانتای) شڕودڕ، ڕۆژانە ڕوویان لە قوتابخانۆکەی سادە و ساردوسورش و بێخزمەت کردووە و لەوێوە دەستیانکردووە بە تاشینی پەیکەری ژیان و زیندەگی. خوێندکاری لادێیەکان قەت یەك زەڕڕە لە بیر و هزر و هۆش و دەروون و ئۆرگانەکانی جەستەدا جیاوازیان لەگەڵ خوێندکارە هاوپۆلەکانی شاردا نەبووە. تاکە جیاوازی ئەوان ـ خوداکردەیە ـ کە گوندنشین و لادێین، دوورە دەستی شارەکانن. زۆرجار، ئەوان خوێندکاری ناو ئەشکەوت و نێوکونەتەیارە و ژێر چادر بوون! بەڕاستی پێم سەیرە کە چۆن منداڵی ئەم گوندانەی کوردستان دەگەنە زانکۆ و چۆن دەتوانن بەسەر پەیژەی ڕك و چرووکی ساڵەکانی خوێندنیاندا سەرکەون! من وەکو ئەزموونداریکی پەروەردەکار، سەرم لەم بەندە دەرناچێ: چونکە باش باش درك بە موعاناتی ئەو دایك و باوکانە دەکەم کە شارنشینن و هەرچی تۆ بە خەیاڵت دادێ ـ لە خۆشگوزەرانی و داپێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی سەردەم ـ بۆ ڕازیکردنی دڵی

منداڵەکانیان ئامادەو تەیاریانکردووە، کەچی پلە و پایەیان لە ئاستی خوێندندا لەو پەڕی شەپرزەیی و شکەستیی دایە! گەر لە ڕووانگەی ناز و نعمەت و تێر و تەسەڵییەوە بەراوردی ماڵ و حاڵی خوێندکاری لادێیەکان لەگەڵ خوێندکاری شار بکەین، دەبووایە منداڵی گوندەکان نەتوانن پۆلی یەکەمی بنەڕتی ببڕن و هەر زوو بچنەوە بەر مەڕ و بزنەکانیان و تا مردن هەر شوانکارە و گاوانی پیشەیان بێت. ئاخر لە نێوان خوێندنی گوند و خوێندنی شاردا چەندین فەرسەخ بۆشایی هەیە، ئەم هەویرە ئاوێکی زۆری دەوێ، بۆیە، خوێنەری ئازیز، هەر بە نووکە قەڵەم ئاماژە بە هێندێك لەو جیاوازییانە دەدەم:

## یەکەم: ساختومانی قوتابخانەکان:

ئەلحەقی، ئیمڕۆ ساختومان و بینای قوتابخانەی گوندەکانی کوردستان بە گشتی باشتر و پڕ کەرەستەترن لە چاو ساڵانی پێشوو، گەرچی بە گوژمە پارەیان بو خەرجکراوە وەلێ ئێستاش زۆرکون وکەلەبریان تێدایە کە لەگەڵ نەخشەسازیی پەروەردەکارانە و ژینگەی فێرکردن و فێربوون ناگونجێ. هەمیشە کێشەی ئاوی خواردنەوە و ئاوی بەردەست هەیە، بۆیە قوتابخانە هەیە دەرگای ئاودەستەکانی هەرداخستووە. سەرەرای فراوانی هێندێ قوتابخانە و بوونی زەوی و زارێکی باش، بە دەگمەن درەختێك یان سەوزاییەك دەبینیت. نەمدیوە ئەوان هۆڵی وەرزش و یاریگا و بەشی هونەر و مۆزیکیانی هەبێ. تاقیگەی زانستی کە پێویستییەکی گەورەیە بۆ بابەتە زانستییەکان هەر بوونی لەوێدا نییە. ئەمانەش هوکاری دروستکردنی جیاوازی ئاستیی زیرەکی وتێگەیشتنی خوێندکارن.

## دووەم: پێکهاتەی پۆلەکانی قوتابخانەی گوندی:

ژمارەی خۆیندکار لە پۆلی ستاندەر دا (١٥ - ٢٥)ە، زۆربەی قوتابخانەکانی دەرەوەی شار کێشەی کەمی ژمارەی قوتابیان هەیە، بۆیە ئاساییە پۆلێك هەر یەك یان دوو قوتابی تێدا بێت یان دوو پۆل تێکەڵ بکرێن وکاتی وانەکانیان دابەش بکرێت بە سەر دوو: وەك پۆلی (١ + ٢)،(٢ + ٣)، (٣ + ٤ ).....کاردانەوەی خراپی ئەم حاڵتە ئەوەیەکە

گەر مامۆستا تەواوی دەرسەکە لە گەڵ ئەم دوو قوتابییە بە سەر بەرێت ئەوا هەردوو لا بێزار دەبن وکاتەکە نارِوات و خو ئەگەر پۆلی تێکەڵەش بن ئەوا هەر دوو پۆلەکە زەرەرمەند دەبن بەوەی هەر یەکێکیان نیوەی دەرسەکەی بەردەکەوێ و لە پۆلیشدا بە بەندکراوی دەمینێتەوە. (لە برِگەیەکی تری ئەم بابەتە بادەدەمەوە سەر ئەم دیاردەیە).

## سێیەم: سعات و ماوەی دیاریکراوی ساڵی خوێندن:

رِۆژمێری ساڵی خوێندنی ئاسایی خوێندنگە بەراییەکان لە ناوەرِاستی مانگی ئەیلول دەست پێدەکا و لە مانگی ئایار کۆتایی دێت، بەڵام خوێندکارەکانی نێو گوندەکان کەمتر دەرفەتی ئەوەیان بۆ رِەخساوە وەك هاو پۆلەکانی شار سوود لەم ماوەیە دیاریکراوە ببینن. چۆن؟

١. تا قوتابخانەکە دوورتر بێت لە شار، ئەوا بە شێوەیەکی گشتی لە زۆر خوێندنگەی کوردستاندا، رِۆژانە درِەنگتر (دوای سعات ٨ ی بەیانی) دەست بە دەوام دەکەن و زووتریش دەچنەوەماڵەوە.

٢. ماوەی کاتی وانەکانیان کورترە و زۆر پابەند نین بەکاتی خشتە و هەشن هەر زەنگ بەکار ناهێنن. باسی ئەوەشمانکرد چۆن لە پۆلە تێکەڵەکاندا (٤٠) یان (٣٥) دەقیقەی دەرسێك دابەش دەکرێت بە سەر دوو. واتە ئەو مامۆستایەیی لە خشتەی حەفتانە (٢٤) وانەی بۆ نووسراوە ، لە واقیعدا (١٢) دەرس دەڵێتەوە.

٣. زۆر جار ئەو مامۆستایانەی لە دووری گوند دەژین، رِۆژانە بە یەك ئۆتۆمبیل هاتووچۆ دەکەن، لە کارکەوتنی ئەو ئۆتۆمبیلە یان نەهاتنی مامۆستای شۆفێر، زۆر جارکۆسپ بۆ خوێندنگەی گوندی دروست دەکات. بە هەمان شێوەش، زۆر جار ئەو خوێندکارانەی لە گوندێکی دراوسێوە دێن بۆ خوێندن هەمان کێشەیان رِوو بە رِوو دەبێتەوە و لە دەرسەکانیان مەحروم دەبن.

٤. بە گشتی، مامۆستای خوێندنگەی گوندەکان پتر پشوو وەردەگر ن و زۆرتر غائیب دەبن، بە حوکمی ئەوەی دوورە دەستن و چاوپۆشی بۆ یەکتری دەکەن. جا گەر لە

شاردا دوو مامۆستاش ئامادەنەبن زۆر گرفت نییە ، بەلاّم بـۆ قوتابخانەیـەکی سـێ مامۆستایی نە هاتنی دوو دەرس بۆشاییەکی گەورە دروست دەکا. لێرەشدا ، بە با بێ یان بە باران، هەر لە تەمەنی ساڵی خوێندنی خوێندکار دەروات!

٥. چونکە هێندێ لە مامۆستای پیاو لە خوێندنگەی گوندی خاوەنکـار و بەرژەوەنـدن خوێنـدکارەکانیش کـوڕ وکچـی لادێـین وکاریـان زۆرە، لــە هێنـدێ دەرفەتـدا، پشووەکانیان درێژترە و لە نیوان پشووانیش، ڕۆژان لێدەدەن، ئەمەیش ناڕاستەو خو لە عومری ساڵی خوێندنی ئەوان کەمدەکاتەوە.

٦. لە ناوچە سەخت و شاخاویە بەرزەکاند، زۆر جار بەفر و باو باران و زریـان ڕووداوی سروشتی، بەبێ مۆڵەتی وەزارەتی پەروەردە، دەیکاتە پشووی چەند ڕۆژە و دەرگـای خوێندنگەکان دادەخات.

## چوارەم: توانا و ئەزموونی مامۆستا:

مامۆستای خوێندنگەی لادییەکان، بە هیچ شـێوەیەك توانـا و بـەهرە و چـالاکییان لـە مامۆستاکانی خوێندنگەکانی شـارکەمتر نییـە، وەلـێ چـەند خالێـك هەیەکـە، لـەڕووی پەروەردەکارییەوە ناکرێت بە هەندی وەرنەگرین. سیسـتەمی پـەروەردەی هەرێمەکـەمان، هەمیشە مامۆستای تـازە دامـەزراو بـۆ گونـدەکان دەنێـرن و دوای چـەند سـالێك گـەر ئارەزوویان لێبوو، دەیانگوازێتەوە بو شار و زێدی خۆیان. ژیان خۆی زنجیرەێك ئەزموونـە و مامۆستای تازە دەست بەکاریش ماوەیەکی دەوێـت تـا دەسـتەکانی دەخارێـت و لەگـەڵ ژینگەی پیشە نوێیەکەی دەگونجێت. زۆر جار پێش ئـەوەی مامۆسـتا بتـوانێ و دەرفـەتی هەبێ بەرنامەیکار و خەرمانی دەسـتی خـۆی ببینێـت نـەقل دەکرێـت و خوێنـدکارەکان دەدرێنە دەست ئەزموونی مامۆستایەکی تازە دامەزراو. هەر وەك بلێت خوا ئـەو گونـد و ئـەو خوێنـدکارە بەسـتەزمانانەی بـۆ ئـەوە خـەلقکردووە تـا وەك بـۆق و کەروێشـك تاقیکردنەوەیان لە سەر بکرێت و بکرێن بە ماددەی پێگەیاندنی خەڵکی بێگانە بۆ ئـەوەی خەڵکی دەڤەرێکی تر لە سەر حسابی مێشك و دەروون و تەمەنی ئـەوان فێـرە زانسـت و

عیلم و مەعریفەت بن. ئەم بۆچوونەم مانای ئەوە نییەکە هەموو مامۆستایەکانی شار فەیلەسوف و بلیمەت و هزرمەندن! وەلێ دەبێ ئەو ڕاستییەش فەرامۆش نەکرێت، کە خوێندکارەکانی لادێیەکانیش هەموو ئەو ماف و ئەرکەیان هەیە کە کەسانی غەیری گوندەکان هەیانە. (لە بڕگەیەکی تر دێمەوە سەر ئەم پنتە).

## پێنجەم: جیاوازی ڕۆڵی دایك و باوکی خوێندکارەکان لە نێوان شار و دێدا:

لە ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەندا، زۆربەی دایك و باوکی خوێندکاری گوندەکان نەخوێندەوارن، بە تایبەتی دایکەکانیان، خۆ ئەگەر شڕە خوێندەوارێکیشیان هەبێ، ئەوا بە حوکمی ژیانی پڕ ئیشی لادێ، ئاستی ڕۆشنبیر و هۆشیارییان وەك پێویست بەرز نییە، کە یارمەتیدەر بێت، بۆ پێداچوونەوەی دەرسەکان و هاوکاریکردنی منداڵەکانیان ـ بە تایبەتی بۆ قۆناغە بەرزەکان . بە پێچەوانەی دایك و باوکە شارنشینەکان، کە ڕەنگ بێ خۆیان مامۆستا و خاوەن بروانامەی بالاٌبن کە سەریان لە زۆربەی بابەتەکان دەرچێت و گەر گرفت وکۆسپیش هاتەڕێ و ئەوا مامۆستای دەرسی خسوسی لە ئامادەباشیدایە! ئەم خاڵە بە بۆچوونی زۆر لە خودی مامۆستاکانی لادێیەکان، بەربەستێکی گەورەیە و ڕێگرە لە گەشەکردنی پڕۆسەی خوێندنی گوندەکان. هەمووشمان دەزانین کە ئەندامانی خێزانی گوندەکان چەندە پڕ ئیش وکار و مەشغەلەتی کشتوکاڵ و ئاژەڵدارین، بە بەراورد لەگەڵ خۆشگوزەرانی شارنشینەکان بە شێوەیەکی گشتی نەك ڕەهایی.

## شەشەم: بار و دەرفەتی خوێندن لە گوندەکاندا:

لە هەموو ئان و زەمان و شوێنێکدا (گوند) یانی جوتیاری و باغچەوانی و ڕەزداری و ڕەنجبەری و سەپانی و وەرزێری و شوانکارەبی و گاوانی و ئاژەڵداری، هەمووشمان دەزانین ئەرك و مشەقەتی بەڕێوەبردن و دەستەبەرکردنی ئەم جۆرە کارانە چەندە زەحمەت و پڕ ئیش وکاتگرن و چەندە عەوجە بە ئیشکەر و کرێکار وکەیبانۆ و یارمەتیدەر و مشورگێرن. کەس نییە لە گوندە لە ڕۆژێکدا ـ تا دەچێتە ناو پێخەفەکەی ـ چەندکاران

ڕانەپەڕێنێت و ماندوو نەبێ. لە خڕوعامی قوتابییانی قوتابخانەیەکی گوندێکم پرسی :" دوای گەڕنەوەتان بۆ ماڵ، چیدەکەن؟" یەك تاکە قوتابی نەیگوت دەرس و دەورەکانم دەخوێنم و پێداچوونەوەیان بۆ دەکەم. بە پێچەوانەی خوێندکارانی شارکە زۆریان نەك هەر خەریکی سەعیکردن دەبن و بەڵکو لە لایەن خێزان و مامۆستای تایبەتەوە یارمەتیش دەدەرێن. کەواتە ژیانی ڕۆژانەی لادێ ڕاستەوخۆ کاریگەریی نەرێی بەسەر خوێندکاری لادییەکانەوە هەیە و ڕێگر ە لە باش بوون و بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندن و ڕۆشنبیری و هۆشیارییان. ئەوان تەنیا بە شەو فورسەتی سەعیکردنیان هەیە و خۆ ئەگەر لە هەر شوێنێکی دەرسەکانیان بچەقن ئەوا دەستێك نییە هاوکاریان بکات و دەریان بێنێت. (دێمەوە سەر ئەم خاڵەش).

## حەوتەم: کەمی مامۆستای پسپۆڕ لە گوندەگاندا:

لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٣ – ٢٠١٤) لە ناو خودی شاری هەولێر نزیکەی (٦٠) مامۆستای پسپۆڕی زمانی ئینگلیزی بۆ پڕکردنەوەی خشتەی خوێندنگەکان لە بەر بڕابوو.کەواتە هەقمانە گەر بپرسین ئەدی حاڵی گوندەکان لە مەڕ بوونی مامۆستای پسپۆڕی پێویست دەبێ چۆن بێ! ئەوەی زانیارییەی لە بەردەستم دایە دڵخۆشکەر نییە. پاساوی بەرپرسانی ئەم بوارەش زۆری ژمارەی قوتابخانەکانی دەرەوەی شارە. جا زۆربەی ڕشتەی بابەتەکانی گوندی بریتین لە دەرسە مرۆیی و هونەرییەکان و هێندێ شتی وەك کومپوتەر و دەروونزانی و توێژەر و....... ـ کە ناتوانن پارسەنگی ئاستی زانستیی خوێندن ڕاگرن و بەڕێوەببەن. مامۆستای ئەم جۆرە بابەتە لە لادێیەکان زۆرن: (کوردی، مێژوو، جوگرافیا، کۆمەڵایەتی، هونەر، وەرزش، گشتیی.... ) ئەم خۆێندنگەیەی کە خۆم بو سۆراغ سەردانمکرد ـ بە بەڕێوەبەرەکەشەوەـ (دوو مامۆستای بابەتی کوردی، یەك بابەتی هونەر، یەك بابەتی گشتیی ) هەبوو. جاریواش بووە خوێندنگەیەك (٤ ــ ٥) مامۆستای یەك بابەتی هەبووە ـ بۆ نموونە هەموویان مامۆستای پسپۆڕیی جوگرافیا بوون.

## هەشتەم: بواری چالاکی زانستی و هونەری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی خوێندارەکانی لادێ:

ئەم زانیارییەی بۆ ئەم بابەتە(کە لەزاری هێندێ مامۆستا و قوتابی گوندەکان هەڵمکڕاندووە) ئەمەیە: لەزوربەی هەرە زۆری خوێندنگەی گوندەکان کوردستانی باشووردا: ئاهەنگی مۆسیقا و گۆرانی نییە. پێشەنگای نیگار و هونەر نییە، تەمسیل و شانۆ نییە. پۆستەر و نەشرەی سەر دیوار نییە. پێشەنگای فۆتۆگرافی نییە. نمایشی وەرزشی و پێشبڕکی نییە. گەشتی زانیاری و ڕاپۆرت نووسین نییە. بەشداری بوون لە چالاکییە دیارەکانی شارە نزیکەکان نییە. لە نێو میدیا و ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و سیمینار و بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانی و ئایینەکان بوونیان نییە. چالاکیی کەلتووریی وکەلەپور و پیشەییان نییە. سەردانی سەیرانگا و هاوینە هەوار و شوێنە مێژووییەکانیان نییە. لەکاتێکدا خوێندکارانی شار لەزۆر لەم چالاکییانە بەشداریی دوو سەرەیان هەیە : هەم لەگەڵ خوێندنگەی خۆیان و هەم لە گەڵ خێزان و برادەرو هاوڕێیەکانیان.

بڕوانە ئێمە خۆمان چەندە بەشدارین لە مەحرومکردنی ئەم منداڵە بێنازانە لە خۆشیی و سوود و قازانجی ئەم جۆرە چالاکییانەکە بوونەتە سیمای شارستانی و پێشکەوتن و سەرفیرازی ژیانی ئەم سەردەمە.

با پتر سەرتان نەئێشێنم ـ دەنا لایەنی تریش ماوەکە قسە هەڵبگرێت وەك باری خێزان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێو گوند، بۆیە نوقتە لێرە دادەنێم.

خۆێنەری ئازیز :

من داتای وردو دروستی ژمارەی خوێندکا ر مامۆستایەکانی گوندەکانی کوردستانی باشوورم لەبەر دەست دانییە و هەر واشمەزانی تێکرای ژمارەیان زۆر لە ژمارەی خوێندکارو مامۆستایەکانی شارکەمترە. بەلاّم کە برێك داتای وردم لە هاوکارانم پێگەیشت، بەڕاستی تووشی شۆك بووم و نەمزانی هاوکێشەکە پێچەوانەیە: هەر بوو

نموونـە: سـاڵی خوێنـدنی (٢٠١٣ – ٢٠١٤) لـە (١٨١) خوێندنگـەی بنـەڕتی سـنووری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی (کۆیە) (١٤٢) یان لە ناحیەو گوندەکانن، تەنیا (٣٩)یان لە ناو شاری (کۆیە)ن وکۆی ژمارەی خوێنـدکارانیش (٣٢٨٢٦) خوێنـدکارە. لـەکۆی ژمـارەی مامۆستایانیش (٣٣٤٩) مامۆستایە و (٢١٣٥) مامۆستا لە گوندەکان دامەزراون. بـەڵام لە بەڕێوەبەر یەتی (ڕانیە) لە (١١٨) خۆێندنگەی بنەڕەتی (٦٨)یان لـە دەرەوەی شـارن و (٥٠) دانـەیان لـە نـاو شـارە وکـۆی ژمـارەی خوێنـدکارانیش لـە سـەرووی (٧١٠٠٠) خوێندکارە. ئەمانە بەڵگەن کە دەبێ وەزارەتی پەروەردە و لایەنە پەیوەندارەکانی تر، وەك وەزارەتی پلاندانان و تەندروستی زۆر بە جددیتر مامەڵە لەگـەڵ خوێنـدن و خوێنـدکارانی لادێیەکان بکەن.

وا چەند ڕێنمایەك دەخەمە روو : ـ کە ڕەنگ بێ، گەر بە هەندیان وەربگرن ـ ڕێخۆشـکەر بێت بۆ پڕکردنەوەی بۆشایە گەورەکانی نێوان خوێندکارانی گوند و خوێندکارانی شار:

## یەکەم: داڕشتنەوەی نەخشەی دامەزراندن و دابەشکردنی مامۆستایان:

بۆ دەبێ مامۆستای تازە دامەزراو هەر لە گوند و لادێیەکان دەستبەکاربن؟ پرسـیارێکی ڕەوایە. ئەدی ئەوان بڕوانامەیان پێنەدراوە بـۆ ممارەسـەکردنی پیشـەی مامۆسـتایەتی لـە هەرکۆی بێـت؟ بەتێگەیشـتنی مـن پێویسـتە مامۆسـتای نـوێ، یەکـەم جـار لـە شـار دابەمەزرێت و دوای (٤) ساڵ بۆ ماوەی چەند ساڵێك لە گونـد دەرس بڵێتـەوە. بیرۆکەکـە نەشاز و غەریب دێتە بەر چاو، بۆیە بەم شێوەیە شییدەکەمەوە:

ا) ئەو یەك یان دوو مامۆستای نوێیەی لە خوێندنگەیەکی ناو شار دەست بـەکاردەبن، زوو لە ئەزموون و چالاکیی ئەو (١٥ ـ ٢٠) مامۆستا کۆنانەی ئەوێ شت فێردەبن و زووتـر خۆیـان پێدەگـەێنن نـاتوانن لـە بەرپرسـییەتی کارەکـەیان درێغـی بکـەن. لەکاتێکداکە (٤ – ٥) مامۆستای تازە بەیەکەوە لە گوندێك کاردەکەن، هـەموویان کەم ئەزموون و چاونەکراوەن و دەست و پێ سپین، جا کە گەڕانەوە شاریش هەرکـەم ئەزموون و شەرمنن.

ب) زوو ترسی گۆتنەوەی دەرسی قۆناغە بەرزەکانیان دەشکێت. مامۆستا هەیە دوای (١٥) ساڵیش لە دامەزراندن ناوێرێت خۆی لە پۆلەکانی دواناوەندی بدا. چونکە هەر لە سەرەتا بە پۆلی یەك و دووی بنەرتی ئاشنا بووە.
ج) ئەو مامۆستایەی گوندنشینە یان نزیکە لە گوند یان خۆی ئارەزوومەندە با هەر لە گوند دابمەزرێت و بمینێتەوە.

## دووەم: دانانی پلانی تازە و سەردەمیانە بۆ خوێندن لە لادێیەکان:

ا) گوتمان جار هەیە پۆلێك لە گوند هەر دوو یان سێ قوتابی تێدایە، ئێ باشە مامۆستاکە بە (١٥ – ٢٠) دەقیقە، زانستییانە و پەروەردەکارانە، بابەتەکەی دەڵێتەوە و تێیان دەگەیێنێ. ئەدی (١٥ – ٢٠) دەقیقەکەی تر چی بکات؟ مامۆستایەك گوتی:"وەڵڵاهی جارێك هەر خوێندکارەی (٤٠) جارم بابەتەکە پێ خوێندەوە."
دەبێ مامۆستای خوێندنگەی گوندەکان زۆر شارەزاتر و دەسترەنگینتر و بە تواناتربن. مامۆستای شار ئەم کێشەییەی نییە و پۆلەکانی زیاد لە حەددی خۆی خوێندکاری تێدایە. دەبێ کتێبی خوێندنی ئەم جۆرە پۆلە جیاواز بێت و بە ڕاهێنان و چالاکی زۆرتر و هەمە ڕەنگتر دەوڵەمەندکرابێت. هەر بۆ نموونە گەر خوێندنەوەی بابەتەکە دەربارەی (سەگ یان ئاو یان بەلەم) بوو، با هەر لەم دەرسە وێنەی (سەگ و ئاو و بەلەم) بکێشن. با گۆرانی و شیعریان بە سەردا هەڵبڵێن و با لە کاغەز وکوتاڵ و قوڕ و فلین و هەویر شێوەیان دروستبکەن. جا هەر دەرسەی بەگوێرەی جۆری بابەت و بەرنامەکان. ئەوانەی دەڵێن جا ئەمە بەکی دەکرێ، دەبێ خوولی تایبەت و ڕاهێنانیان بۆ بکرێتەوە.
ب) گوتمان لە خوێندنگەکانی لادێدا کێشەی کەمی یان نەبوونی تاقیگەی بابەتە زانستی و زمانەوانییەکانمان هەیە. دەبێ و فەرزەکە مامۆستای شارەزایی باشی لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و بەرنامەکاندا هەبێ. ئەمە باشترین و

هەرزانترین چارەسەر و یارمەتییە. یەك (لاپتۆپ) بۆ پۆلێکی وا بچووك بەسە، تا مامۆستا تاقیکردنەوەی فیزیك وکیمیا و زیندەزانی و بابەتی زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و...... بە پراکتیك و زیندوویی ڕاڤە بکات. ئەمە جگە لە وەی کاتەکە بە خۆشیی و بێ بێزار بوون بەسەردەبەن. ئەو مامۆستایەی ئیمڕۆ لەکۆمپیوتەر و ئینترنێت نەزانێ ـ لە گەڵ ئەو پەڕی ڕێزم بۆی وەك مرۆڤێك ـ ئەوا مامۆستایەکی کەمئەندامە لە پیشەکەیدا!

## سێیەم: برەودان بە چالاکییەکانی خوێندکارانی لادێ:

گوتمان خوێندکارانی لادێیەکان تا بڵێت لە چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل مەحرومن. بۆیە دەکرێ:

ا)کێبڕکی و گوریسڕاکێشان لە نێو خودی خوێندنگەکە دروست بکەین. پۆلە نزیکەکان لەگەڵ یەکتری و دواتر لەگەڵ نزتکترین خوێندنگەی گوندە دراوسێیەکان..... تا دەگەنە کێبڕکی کردن لەگەڵ خوێندنگەکانی شار.

ب) بۆ گەشتی زانیاری و سەردانی شوێنە مێژوویی وکەلتوورییەکان با دوو یان سێ یان چوار خوێندنگەی دراوسێی یەکتر پێەکەوە بەرنامەی کاریان ڕێکبخەن و بە چەند ئۆتۆمبیلێك گەشت و سەیرانەکانیان بکەن.

ج) دەبێ خوێندنگەی گوندەکانی کوردستان کۆتی گۆشەگیریی بشکێنن و بۆ خویان بکەونەکار و ڕێکلامکردن: داوا لە خوێندنگەکانی شار و مەڵبەند و بنکە ڕۆشنبیری و ئەدەبی و هونەرییەکانی دەڤەری خۆیان بکەن و دەعوەتیان بکەن بۆ سازداتی چالاکییەکانیان بۆ خوێندکارەکانیان و یەکتر ناسینیی باشتر.

د) دەبێ بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردەی کوردستان بە فەرمی خوێندنگەکانی گوندەکان هۆشیاربکەنەوە بۆ بەشداریکردنیان لە چالاکییەکانی ساڵ. وەك: نمایشی وەرزشی، پێشەنگای هونەری، کێبڕکیی زانستی... .

هـ) با ناوه ناوه مامۆستاکانی گوند، لە ڕۆژە خۆشەکاندا، پۆل پۆل بچنە ناو مەزرا و ڕەز و باغچە و بێستانەکان و لەوێ دەرس بخوێنن و هەوا گۆری بکەن. من خۆم کە لە شار مامۆستا بووم ئەمە جۆرە چالاکییەم ئەنجام دەدا و خوێندکار زۆر زۆر حەز بە گۆرینی شوێن دەکا. هەر نەبێ یەك دوو دەرسمان لە سەربانی خوێندنگە دەخوێند!

## چوارەم: کاتی دەوامکردن و خشتەی وانەکان:

چونکە زۆربەی مامۆستاکانی گوندەکان لە شارەکانەوە ڕۆژانە هاتووچۆ دەکەن. پێم باشە لە پێناو بە فیرۆنەدان و دەستگرتن بەکاتەوە ئەم دوو خاڵە ڕەچاوبکرێت:

ا) با خوێندنگەکانی گوند ئازاد بن لە دەست نیشانکردنی کاتی زەنگی دەرسی یەکەم، بەو مەرجەی لە (٩)ی بەیانی تێپەرنەکات. ئەمە لە گوندەکانی هێندێ وڵاتی ئەوروپاش پەیڕەو دەکرێ.

ب) با ئازاد بن لە دانانی کاتی خشتەی دەرسەکان بە مەرجێ هەقی هیچ بابەتێك نەسووتێ و هیچ بابەتێکیش فەرامۆش نەکرێ. دەکرێ چەند بابەتێکی بایەخداریش لە دەرەوەی ئەم خشتە بن و تایبەتمەندی خۆیان لە بەر چاو بگیرێ.

## پێنجەم: دەستگرتنی خوێندکارەکان لە جیاتی دایك و باوك:

زانیمان کە لەبەر زروفی دایك و باوکی خوێندکارانی لادێ لە ڕووی ئەوەی کە زۆریان نەخوێندەوارن و سەرقاڵی کاری ڕۆژانەن و ناتوانن بپرژێنە سەر پێداچوونەوەی دەرس و دەوری منداڵەکانیان، جا بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە دەبێ مامۆستایەکانی گوند بەم ئەرکە هەڵسن. چۆن؟ لە هێندێ ولاتانی تریشدا بۆ چارەی ئەم کێشەیە، ئەم پلانەیان دارشتووە: خشتەی وانەی هەفتانە وا داندراوەکە ڕۆژانە (٥٠) دەقیقەی کۆتایی تەرخان بکرێ بۆ یارمەتیدانی خۆێندکارەکان لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی کە پێویستی بە هاوکاری هەیە، وەك بابەتی زانستی و بیرکاری و زمانەوانی. هەموو خوێندکار و

مامۆستایەکان بەیەکەوە دادەنیشن و قسەدەکەن وکاردەکەن. ئەم دانیشتنە کۆتوبەندی ناو پۆلی نییە و هەموویان ئازادانە هەڵسوکەوت دەکەن. دوای تەواوکردنی ئەرکەکانیان دەتوانن بڕۆنەوەماڵەوە.

ئەمە کورتە ئاماژەیەك بوو بە ژیانی خوێندکاری لادێیەکانی کوردستانی باشوور. لێرەدا دوو خاڵ ڕووندەکەمەوە. من بە ڕەهایی قسەناکەم. ڕەنگ بێ خوێندنگەی لادێ هەبێ ئاستی لە هی شار بەرزتر بێت. دووەم، بەڕاستی بواری پێشکەوتنی پەروەردە لە گوندەکان لە چاو سالآنی زوو زۆر باشترە. خەونی من ئەوەیەکە ڕانەوەستین و شتە جوانەکان بخەینە ڕوو، هیودارم هەمووکەسێك خۆی بە ڕاوێژکاری خۆبەخشی نیشتمان و نەتەوەکەی بزانێ. جا گەر ئەوان یەك تاکە حەرفم پەسند بکەن من خوم بە سەرکەوتوو دەزانم... .

بۆ دەبێ مامۆستای تازە
دامەزراو هەر لە گوند و
لادێیەکان دەستبەکاربن؟
پرسیارێکی ڕەوایە.
ئەدی ئەوان بڕوانامەیان
پێنەدراوە بۆ مارەسەکردنی
پیشەی مامۆستایەتی لە
هەرکوێ بێت؟
بەتێگەیشتنی من پێویستە
مامۆستای نوێ، یەکەم جار لە
شار دابمەزرێت و دوای (٤)
ساڵ بۆ ماوەی چەند ساڵێك لە
گوند دەرس بڵێتەوە.
بیرۆکەکە نەشاز و غەریب
دێتە بەر چاو

# خوێندکارە (ناجوان)ەکان

# پڕن لە جوانی

**" لَقَدْ خَلَقْنَا الآِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ."**
**سورة التين (٤)**

زەحمەت نەبێ چەند چرکەیەك چاوەکانت داخەو دیمەن و ڕوخساری ئەو هاوپۆلانەی خۆت بێنەوە بەرچاوکە لە قۆناغێکی خوێندنتدا، لە ڕۆژگارێکی ژیانتدا، هاوڕێ و برادەرو دەستەخوشکت بوون. هەوڵدە نەختێ بەدیقەتتر یادگار و بیرەوەرییەکانت لە گەڵ ئەواندا وەبیرخۆبینیتەوە! ئێستا بەبیرت هاتەوەکە ڕۆژێك مامۆستا (X) چۆن بە سووکی و بێحورمەتییەوە، فلان خوێندکاری بەبەرچاوی هاوپۆلەکانیدا شکاندەوە و گاڵتەی پێکرد و تۆش لەگەڵ مامۆستاو خوێندکارەکانی تری پۆل تا ئاو لە چاوانت هاتەخوارێ هەر پێکەنیت! ئێستا، من تۆ سەرزونشت ناکەم، چونکە دڵنیام ئەو ڕاستییەی کە ئەمڕۆ دەیزانی، گەر لەسەردەمی منداڵێتدا بتزانیبایە، ئەوا دەستەویەخە، ڕووبەڕووی ئەو مامۆستایە دەبوویتەوە. ئێستا باش درك بەوە دەکەی کە ئەوەی ئێوەی هێنایە پێکەنین لووتە درێژەکەی (حەمە لووت جێزەر) بوو، یان دەستەگۆجەکەی (نەوە گۆج) بوو، یانی

پشتەکوورەکەی (نازە پشتکوور)بوو! وا دەزانم دوێـنێ بووکـە سـت (X) لـە پـۆلی سـێی سەرەتایدا، بە خوێندکاریکی خۆی گوت: " ملخوار ! ئەوە بۆ واجیبت نەکردووە؟" واییی! کە ئەو ڕۆژە (ملخوار) گریا و هەرکە زەنگی فورسەتەکە لێیدا، وەك ئاسك بۆی دەرپـەڕی وکتێب و دەفتەر و جانتای شڕی بەجێهێشت و ڕەوەو ماڵ غاریدا و بۆ جـارێکی تـر ڕووی لە هیچ خوێندنگەیەك نەکردەوە بوو بەکچی ماڵ. (ملخوار) تا بڵێت خانوومان و قشتیلەو زرینگ وزیرەك و قورس بوو، کەچی بە ئەنقەست یان بێئەنقەست مامۆسـتاکەی نەزانانـە بە گوللەیەکی کوشندە، ڕۆحـی پـاکی ئـەو پەپوولـە نـازدارەی کوشـت. چـونکە بـاوانی (ملخوار) هەژار وکۆڵـەوار بـوون، نـەهاتن بـەردەرگای مەکتەبەکـەی سـت (X) بگـرن و ناڕەزایی خۆیان دەربڕن. ئەوەی جەرگبڕتریش بـوو مامۆسـتای پـەروەردەکاری کەتنکـەر، ویژدانی لە جەستە و ڕۆحدا نەبوو، تا پەلی بگرێت و بیبات بۆ مـاڵی (ملخـوار) و بـەدەم پیاڵە چایەکی کوردەوارییەوە عوزرێك بخوازێتـەوە و ماچـێك لـە نێوچـەوانی (ملخـوار)ی دڵشکاو بکات و دەستی بگرێت و لەناو پولدا ئاشتیکاتەوە!

هەرچی بوونەوەرو داروبەردی ئەم گەردوونە زەبەلاحە ـ کە دەستکردی خالقی مەزنن ـ و تۆ دەیبینی (بەها)یەکی قورس و گرانـی خۆیـان هەیـە. درککردنـی تـۆ بـەو (بەها)یـە، پەیوەندە بە ئاستی هوشیاری و ڕۆشنبیری و پەروەردەیی تۆوە و نرخاندنەکە ڕێژەییـە. جـا لە سەرووی هەرە سەرەوەی قوچکی ئەو (بەها)یە، مرۆڤ، وەك بەیداخ، دیـارەو مـەقام و پێگەیەکی پیرۆزی پێدراوە. بڕۆ گەشتێ بەناو کتێبە ئاسمانییەکاندا بکەو بە وردی سـەرنج لە (بەهای مرۆڤ)بدە. بـڕۆ کتێبـە پـەرزەردەکانی زەمـانی یونـانیی و گریکـە کۆنـەکان هەڵدەوە، یان وەرە ڕووماڵێکی ماڵپـەڕەکانی ئینتـەرنێت بکـە و هەولبـدە شـتێ لەمـەڕ (بەهاکانی مرۆڤ)بۆ خۆت هەڵکرێنی، جاتێدەگەی کە (خۆت و بەرانبەرەکـەت) چ پایـە و نرخ و سەنگێکت پێدراوە ـ پێبزانی یـان نـەزانی ـ تۆکەسـێکی مـەزن ودیـاری. کەواتـە بەرانبەرەکەشت کەسێکە هەڵگری هەمان خەسڵەتە. "بەهاکان کۆمەڵێك بنەما و پێـوەرن کە کۆمەڵگا لەژێر ڕۆشنایی کەڵکەبوونی زانیارییـەکان هەڵیـدەهێنجێت و لـە ئـەنجامی

کردارەکانی هەڵبژاردەیەك وەلاوە دەنێت، بە مەبەستی ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان تاکی کۆمەڵ."

یەکی لەو بنەمایانەی کە بەزەقی لە سەرتەوێڵی (بەها)کاندا دەدرەوشێتەوە خەسڵەتی (جوانیی)یە. ئەم(جوانیی)ە "بەکۆنترین زانست دادەنرێ کە فەیلەسوفەکان و وانەبێژانی کاروباری فیکر و هونەر و فەلسەفە گفتوگۆیان لە سەرکردبێت. ئەوان پێیان وایە کەرەستەی هونەر جوانییە." بۆیە ئەمڕۆ زانستی (ئیستاتیکا) پەیوەستە بەم بابەتە "کە تەنیا لە جوانی ناکۆڵێتەوە، بەڵکو لە دزێویش دەکۆڵێتەوە." ئەوەی کە ئەمڕۆ بۆتە پرسیارگەلێك ئەوەیە کە بۆچی خەڵك مەرجی دیاریکراو دادەنێن بۆئەوەی جوانی لە بابەتێکی دیاریکراودا بەرجەستە بکەن؟ کەواتە لە هەڵسەنگاندنی جوانیدا سێکوچکەیەك هەیەکە بریتین لە (جوانیی/ هەستپێکردن بە جوانیی/ پێوەرە دەستکردەکانی کۆمەڵگا). جا لەبەرانبەر بنەمای (جوانیی) بنەمای (دزێو)یش هەیە، کە لە بەر ڕۆشنایی گەشەکردنی زەین و هزر و هوشیاریی مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە وردە وردە"بەهاکانی ناتەواوی و دزێوی بەهای ئیستاتیکی خۆیان وەرگرت و چوونە بواری جوانییەو، نەك هەر ئەوە بەڵکو بوونە شێوەیەکی تر لە شێوەکانی جوانی و بوارێك بۆ چێژی هونەری و دەربڕینێك بۆ خودی مرۆڤ و ئاوێنەیەك بۆ ناخی، کە پڕە لە نهێنییەکان."

خۆێنەری هێژا، تکایە لەگەڵم بە، وا ئێستا لەو گوتەیەی سەرەوە، دەروازەی بابەتەکەم بۆ تۆ دەخەمە سەرپشت:

دیاردەیەکی زۆر ئاساییەکە لە نێوکومەڵێك خوێندکاری خوێندنگەیەکدا، ژمارەیەك هەبن ڕوخسار و شکل و شێوەیان، نەختێ جیاوازتر بێ، یان نوقستان وکەمئەندام بن وکۆمەڵ، ئاوەڵناوی (ناشیرین)یان بۆ بەکاربێنێ و لە ئەنجامیشدا، لە بەر نزمی ئاستی هوشیاریی و ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و ئایینی، هێندێ کەس (بەها)ی نزمتریان پێ ببەخشن، بە بەراورد لەگەڵ ئەو (بەها)ییەکە دەبەخشرێتە هاوەڵە جوان و ئێسکسووك و بەرچاوەکانی تر. من بۆ خۆم لەم باسەمدا، ئاوەڵناوی (ناجوان)یان بۆ بەکار دێنم. هەرچەندە خوای مەزن بە دڵگیرترین ڕۆخسار مرۆڤی خەڵقکردوە، وەلێ بە هۆی بۆماوەیی

و زگماکی و ڕووداوی ڕۆژانە، هەیە ئەندامێکی جەستەی ناتەواوە یان شێوەیەکی (ناجوان)ی وەرگرتووە. ئەمە لەکۆمەڵگا هۆشیار و پێگەیشتووەکاندا، بە هیچ کڵۆجێ قابیلی باسکردن و گفتوکۆکردن نییە و باسکردنی سزاشی لێدەکەوێتەوە، وەلێ بەداخەوە، لە ناوکۆمەڵگای ئێمەماناندا پاشماوەیەکی هەرماوە، تەنانەت سەیری ناوناتۆرەی دراوسێیەکانی دەورەبەری خۆتان بکەن، بۆچوونەکەم پەسند دەکەن.

ئەوەی ئاوەکەی پتر لێڵ کردووە ئەوەیە، چونکە مامۆستاکانمان ـ بە گشتی ـ لەگەڵ هەموو ڕێزکم بۆیان، دەرهاویشتەی پەروەردەیەکی سەقەتن، نەیانتوانیوە خۆیان لەم دەردەکوشندەیە ڕزکارکەن و ئەو قۆناغەتیپەرێنن. ڕەنگبێ مامۆستا هەبێ لە ماڵەوە ئاوەڵناوێکی ناجوری بۆ برا سەرگەورەکەی خۆی یان بۆ خەشکە پێ پانەکەی خۆی داتاشیبێ!

ئەوەی لەمەش پتر خوێی کردۆتە سەر برینەکە، ئەوەیەکە ئەو خوێندکارە (ناجوان)نانە زۆر زۆر هەستیارن و هەست ناسکن و درك بەو سیفەتە خولقییەی خۆیان دەکەن و هەمیشە پتر لە ئێمە، کە خاڵین لەو سیفەتە، گوێ هەڵدەخەن، دیقەتدەدەنێ، سەرنج دەدەنن، هەست ڕادەگرن، تا بزانن کە کەسێ ئاماژەیەك بە (ناجوانی)یەکانی ئەوان دەدا یان نا. لە ماڵێکدا بووم، منداڵێکی پارچەرەی(کەڕ)یان هەبوو، ئەوەندەم زانی کردیە هات و هاوار، کە لە هۆکاری ئەو هات و هاوارەییم پرسی، دایکی گوتی:" ڕاستە ئەو (کەڕ)ە ـ بەڵام تێگەیی کە باسی ئەو دەکەین" ـ باشە ئەدی دەبێ (ناجوان)ێك چەند پەرێشان و نیگەران بێت، کە بە هەر پێنج هەستەوەرەکانی درك بە دەرووپشتی خۆی دەکات کاتێ بە سیفەتێکی ناجور یان ناپەسند باسبکرێ. هەموو نووسراوە پیرۆز و بەهادارەکان زۆر بە وردی پێناسەی (جوانی)یان کردوە، ئەوەتا (ئەفلاتون ٤٠٢ .٢٧٠ز) دەڵێ:" جوانی لە ڕۆح دایە نەك لە ماددە. بۆیە بابەتی جوانی خۆشەویستی ڕۆحە و هەتاوەکو ڕۆح زیاتر لە تۆزوخۆڵی ماددە پاك بێتەوە زیاتر لە جوانی نزیك دەبێتەوە."

کەواتە هیچ گومانمان نەما کە مرۆڤ، بەهەموو کەموکووڕیەکانییەوە، کائینێکی زۆر جوانە.

بەڵام گرێکۆیرەکەی نەزانینی (بەهای جوانی) هەر پەروردەی سەقەت نییە. باسەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە، بۆیە (ئەلبێرت کامۆ ١٩١٣ . ١٩٦٠) دەڵێ:"تراژیدیای مرۆڤایەتی لە ناماقوولی ژیاندایە: ئەو ناماقوولێیە تەنها لەوەوە سەرهەڵنادات کە مرۆڤ بەرانبەر مردن وەستاوە، بەڵکو لەبەر ئەوەیەکە لەنێو ئاژاوەدا و لەنێوبێداری و ناعەدالەتیدا دەژیت."

ئێستا، ئەرکی مامۆستا لە پۆل و خوێندنگەدا چییە تا بتوانی نەختێ لەو (نا عەدالەتییە)کە (کامۆ) باسیکردەوە، هاوسەنگ کەینەوە، یان هەوڵدەین پێشگری (نا)ی لێبقرتێنین؟

مامۆستای بەڕێز، گەر تۆ مەیلت لەسەر بێ و نیازی هەنگاو هەڵگرتنت لێنابێ، چارەسەر زۆرە و ئاسانە و بەردەستە و زۆریشی چێژبەخشن، بە مەرجێ توانای هونەریی خۆت جۆشدەیتەوە وکاری بۆ بکەی. چۆن؟

کاتێ لەگەڵ یەکەمین چوونە ژوورەوەت بۆ پۆل هەست دەکەی خوێندکارێك یان دوو خوێندکار لەو پۆلەدا (ناجوان) لە شکل و ڕوخساردا دێنە بەرچاو، بەبێ ئەوەی بهێڵیت ئەوان هەست پێبکەن،، زۆر بە شارەزایی و هۆشمەندییەوە، هەوڵ بدە، لەگەڵ ڕۆژگاردا، ئەو سیفەت و توانا و بەهرە و هونەرییە بدوزەوەکە لەواندا بەدیدەکرێ. زانستەکان ئەمڕۆ دەیسەلمێنن، کە هەموو منداڵێك، هەموو خوێندکارێك بەهرەیەك یان چەند بەهرەیەکی خۆرسکی تێدایە. بەڵام دۆزینەوەی ئەو بەهرانە، کەسی شارەزاو ئەزموونـدار و خەمخۆری جددی دەوێ. جا هەرکاتێ تۆ توانیت بەهرەیەك یان بەهرەکانی ئەو خوێندکارە (ناجوان)ە بدۆزیتەوە، ئەوا دەتوانی بە ئاسانی بیکەی بە مرۆڤێك بە هیچ شێوەیەك بیر لە (ناجوان)ی خۆی نەکاتەوە وکارێکی ئەوتۆش ئەنجام بدەی ئەوان ببن بە خۆشەویستترین کەسی دیاری پۆل و خوێندنگە.

فەرموو لەگەڵ چەند نموونەیەکی زیندوو، کە لە ئەزموونی ژیانی مامۆستایەتی خۆم هەڵم هێنجاوە و بە پراکتیك سووم لێ وەرگرتوون:

- خوێندکارە (ناجوان)ەکە دەستخەتی یەگجار خۆشە، ڕۆژانە دەیهێنمە سەرتەختەڕەش و شتی پێدەنووسمەوەو لە دڵڕا ئافەرینی دەدەمێ و حەسوودی خۆم بە دەستخەتی ئەو نیشاندەدەم.
- خوێندکارە (ناجوان)ەکە تا بڵێیت جست وچالاك و زرینگە، دەیکەم بە چاودێرو بەردەستی خۆم، لە هەرکاری کە بۆم ڕادەپەڕێنێ، دەستخۆشی گەرمی لێدەکەم.
- خوێندکارە (ناجوان)ەکە زۆر دەنگ خۆشە، زۆر پێی دەخۆێنمەوە گۆرانی پێدەڵێم و پاداشتی دەدەمێ.
- خوێندکارە (ناجوان)ەکە بەهرەیەکی هزری هەیە لە دارِشتن، یان لە خوێندنەوەی شیعر یان لەکاری شانۆگەریدا، بەگوێرەی بەهرەکەی پەروەردەی دەکەم و چەپڵەی بۆ لێدەدەم.
- خوێندکارە (ناجوان)ەکە نیگارکێشە یان لە هونەری شێوەکاری دەستی هەیە، دەستی دەگرم و هانی دەدەم و خەڵاتی دەکەم.
- خوێندکارە (ناجوان)ەکە دەها بەهرەی تر............. !

لێرەدا دوو خاڵی گرنگ هەیە:

یەکەم: دەبێ مامۆستا ماوەیەك خۆی ماندوو بکات تا بەهرە ڕاستەقینەکەی خوێندکارە (ناجوان)ە دەدۆزێتەوە. باوانی خوێندکار دەتوانن هاوکاری مامۆستاکان بکەن لە زووتر دوزینەوەی بەهرەی خوێتدکارەکە و باشتریشە مامۆستاکان خۆیان بە دوای ئەو هاوکارییە بگەڕێن.

دووەم: بە هیچ شێوەیەك نابێ مامۆستا بڵێ ئەوکارە لەدەرەوەی بازنەی پسپۆڕیی منەوەیە. خۆم پسپۆڕ بووم لە بابەتی زمانی ئینگلیزی، بەڵام بە درێژ یی (٣٥) ساڵ، بەشداریمکردووە لە پێشەنگا هونەرییەکان و ئاهەنگ و سیمینار و سەیران و چالاکییە ناپۆلیەکانی خوێندنگەکانم، وابوو باوکی خۆێندکار وایزانیووە، کە بەندە، پسپۆڕی بابەتی زمانی (کوردی یان نیگار)م.

کاکڵەی باسەکەم ئەوەیە، هەرکاتێ، مامۆستا توانی خوێندکارە (ناجوان)ەکان بێنێتە ڕیزی هاوپۆلە (جوانەکان)، ئەوا نەوەیەك پەروەردە دەکات کە فەرق و جیاوازی نێوان (جوان) و (ناجوان) نازانێت و دوارۆژی نەتەوەکەم زۆر گەشتر دەبێ. مامۆستای سەرکەوتووش هەرگیز نالێت"ئەمڕۆ خۆشترین و پڕکارترین ڕۆژم بوو، چەنکە ئەوە مانای ئەوە دەگەێنێ کە دوێنێکە هیچ کارێکی گرنگی ئەنجام نەداوە."

زانستەکان ئەمڕۆ دەیسەلمێنن،
کە هەموو منداڵێک، هەموو
خوێندکارێک بەهرەیەک یان
چەند بەهرەیەکی خۆرسکی
تێدایە. بەڵام دۆزینەوەی ئەو
بەهرانە، کەسی شارەزاو
ئەزمووندار و خەمخۆری جددی
دەوێ. جا هەرکاتێ تۆ توانیت
بەهرەیەک یان بەهرەکانی ئەو
خوێندکارە (ناجوان)ە بدۆزیتەوە،
ئەوا دەتوانی بە ئاسانی
بیکەی بە مرۆڤێک بە هیچ
شێوەیەک بیر لە (ناجوان)ی
خۆی نەکاتەوە وکارێکی
ئەوتۆش ئەنجام بدەی ئەوان
ببن بە خۆشەویستترین کەسی
دیاری پۆل و خوێندنگە.

# که مامۆستا،

# مامۆستای دەمرێت!

**﴿قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لاَ يَعْلَمُونَ إِنَّمَا يَتَذَكر أُولُو الأَلْبَابِ﴾**
**سورة الزمر الآية (٩)**

ـ بەرێزتان مامۆستان؟

ـ زۆر باشـە، سەرکەوتوو و بەختەوەر بن!

ئـەریٚ! لەبیرتـە کـە ئـەو ڕۆژەی بـۆ یەکـەمین جـار پێـت نایـە نـاو پـۆل و دڵـت وەك فەرخەکێشکەی ناو مستی منداڵان ترپە ترپی بوو و چاوە زیتـەکانت وەك جـووتێ ماسـی ئۆقرەیـان لێـبڕا بـوو و ئـەوکت وەك نـاو پـەل ئیشـك و بـرینگ بـوو لـە تـرس و خـۆفی چاوەڕەشەکانی خوێندکارە کوڵمە سووتاوەکانی گونـدی؟ ئـەدی، لەبیرتـە، هەرکـە یەکـەم پرسـیارت لـە منداڵـە ژیکەڵانـەکان کـرد، چـۆن وەك زەڵـی دەم ڕووبـار دەسـت وپەنجـە ناسکەکانیان هەڵبڕی و هێندەی نەما بوو بینێنە نێو چاوەکانت و هـەر هەمووشـیان، وەك کۆڕاڵی تیپێکی موزیکژەنی بـەهرەدار، بـێ پسـانەوە، هاواریـان دەکـرد:" مامۆسـتا... مامۆستا... مامۆستا!"؟

ئێستا، دوای ئەو عومرە دوورو درێژەی مامۆستایەتیت، قەت لە خۆت پرسیووە" ئـەو چۆن بوو،؟ خۆ من تا سەعات هەشت و چل و پێنج دەقیقە، مرۆڤێکی ئاسایی بێنازنـاو و

شوهرەت بووم، کە لەگەڵ دەستپێکی دەرسی دووەم چوومە پۆل، خوێندکارەکانم، نازناوی (مامۆستا)یان بەسەردا بڕیمەوە، لەو ڕۆژە و پیر و پیر و منداڵ، کیژ وکوڕ، دانا و نەفام، ئاغا و گەدا، بەم ناوە تازەیەم بانگ دەکەن؟ چ سیحرێك بوو؟ چ سڕێك بوو؟ بە چەند دەقیقەیەك، لە چاوی خەڵك وخوای دەووربەرم، بووم بە مرۆڤێکی تر؟ ئەدی! قەت پرسیارە ترسناك و مەزن و پیرۆزەکەت لە خۆتکردووە: "من بە ڕاستی مامۆستام؟!"

ئەگەر وەڵامەکانی تۆ بۆ ئەو پرسیارانە (ئەرێنی) بن، ئەوا مژدەت پێدەدەم و خەڵاتت دەکەم و دەڵێم:" بەڵێ، ئێوە مامۆستان." خوانەخواستە، گەر زمانت تەتەڵەی کرد و تەمومژی گومان نیگەرانی کردیت و شەرمەزاریی، بەرانبەر(پیرۆزی مامۆستا) ڕەنگ زەردی کردی، ئەوا دەڵێم:" ئەفسووس! بەڵام، دامەروخێ! دنیا سەری بە پووش نەگیراوە، نەتبیستووە،کورد دەڵێت: "ئیشکەرەم بمری، مشورگێڕەم نەمری!؟"

پ١) تۆ هەست دەکەیت، پتر لە دایك و باوك ڕێزت لێ دەگیرێت؟ چونکە ئەوان تەنها منداڵەکانیان هیناوەتە نێو ژیان، بەڵام تۆ ئەوانت هێناوەتە نێو هونەریی چۆنیەتی ژیانکردن. (ئەرستۆ).

پ٢) ئەوەندەی خوێندکارەکانت لە جدیەت و ڕاستگۆیی و جەرگسۆزیی تۆوە فێردەبن، هێندە لە شێوازی دەرسەکانت فێرنابن. وایە؟ (William Glosser)

پ٣) تۆ هەر دەرس ڕاڤە ناکەیت، تۆ هەر شتەکان ڕوون ناکەیتەوە، تۆ ئیلهام بەسەر خوێندکارەکانت دا دەبارێنیت. وانییە؟ (William Arthur ward)

پ٤) ئایا تا تۆ پیرتر دەبیت، مامۆستاکانی خۆت لە لا جوانتر و شکۆدارتر دەبن؟ (Ally Canter)

پ٥) ئایا تۆ خۆت لە لای خوێندکارەکانت مەزنتر و درەوشاوەتر و سەنگینتریت لە دەرسەکانی دەیڵێتەوە؟ (Carl A. Menninger)

پ ٦) تۆ هەرگیز هەست ناکەیت کە مامۆستایەکی نەفامی. وانییە؟ (فارابی)

پ٧) تۆ هەر پارێزەری ڕابردوو نیت، تو لە (ئێستا)ش تێدەگەیت و ئایندەش دەخوێنیتەوە. وایە؟ (Confucius) ـ ئەمە پەیامی خوداوەندە ـ

جا، پەیامەکانی خوداوەند زۆرن، دەزانیت؟ هێندێکیان، زۆر بەگرانی لەسەرتۆی مامۆستا دەوەستێ.

ـ بۆ، بۆمن؟

ـ چونکین، ئەتۆ فیتەرچی نیت، مامەڵە لەگەڵ ئیسپانە و ئیسپرینگ و واشەر بکەیت. چونکین، ئەتۆ پینەدۆز نیت، چەرم و بزمار و نارچە و سیکۆتین هاوڕێت بن. چونکین، ئەتۆ کەبابچی نیت، دەستت بۆنی گۆشت و قیمە و سکل و خەڵوزی گرتبێت. چونکین......، چونکین......، چونکین.....تاد.

تۆ ئەو ڕۆحلەبەرە قسەزانە بەمێشکە بەهرەمەندەی، مامەڵە لەگەڵ (ڕۆح و هزر و خەیاڵ و دەروون و ویژدان و بووندا) دەکەیت. بە واتایەکی تر:

١. تۆ مروڤ دروست دەکەی.

٢. تۆ دوارۆژ ئەندازەدەکێشیت.

٣. تۆ ڕابردوو لە پێناو سبەینێدا دەپارێزیت.

٤. تۆ جوانەکان جوانتر و ناشیرینەکان ناشیرینتر دەکەی، تا جوانیمان لا پیرۆز بێت و ناشیرینیمان لا دزێو بێت!

بۆیە، دەبی هەمیشە ئەوەت لەبیربێ کە تۆش وەك ئەم هەسارەیە، بۆ گاڵت و گەپ و قەشمەرجاری ـ دوور لە ڕووتان ـ خەلق نەکراویت"رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذا بَاطِلاً سُبْحَانَك فَقِنَا عَذَابَ النَّار." سورە العمران (١٩١). بەڵکو هەڵگری پەیامێکی مەزن و پیرۆزیت.

ڕەنگبێ بڵێیت، ئەم ڕستانە پتر دەچنە خانەی قسەی دیوەخانان و مەجلیسی (چاتی فێیسبووکی کوردی)یەوە، دوورن لە واقیعی کوردەواریی ئیمڕۆ.

خوێنەری ئازیز، من ڕووی ئاخاوتنەکەم لە (مامۆستا)یە و چاکیش درك بە موعانات و ژان و زامەکانی ئەوان دەکەم. بۆیە ناکرێ بۆ چارەسەری دەردەکانمان و دۆزینەوەی ڕێگەچارە، چاو لەم سێ ڕەهەندەی حاڵی حازری بپۆشین:

یەك: تا بڵێیت مامۆستای بلیمەت وکارامە و دڵسوزمان هەیە، وەلێ زۆریشیمان هەیە، ئاستی زانستی تەنکاوە وکەشکۆڵی مەعریفەی بەتاڵە و ئەزموونی پەروەردەکاریی هیچە و لە پیشەکەیدا دەستو پێ سپییە !

دوو: هەیە پڕ هیمەت و ورەبەرز و ئومیدبەخشە، وەلێ دەروون داروشاو وکەسێتی بریندارکراو و دڵتەنگ و بێهیواشی زۆرە!

سێ: هەنە، باوەڕدار و خاوەن بریار و رێبینن، بەڵام، هەشیانە بێ فەلسەفە، بێ پلان، بێ بەرنامە، بێ مشوور و بێ تەگبیر ملی ڕێیان گرتووە و ڕێدەکەن!

ڕەنگبێ ئەم دیاردەیە ڕێژەیی بێت و لە نێو نەتەوە و میللەتی تریشدا هەبێ، ئەوەی بەلای منەوە گرینگە ئەوەیە:

مامۆستا وەك هەمووکەسانی تر، لە ڕۆژگارەکانی ژیانیدا، مامۆستا و خەمخۆری خۆی هەبووە. بەڵام ئەمڕۆ:(٢٠١٥)، من وا دەبینم مامۆستاکانی ئێمە، زۆربەی هەرەزۆریان مامۆستاکانیان مردووە. کە مامۆستا مامۆستای دەمرێ: خوێندن دەمرێ! پەروەردە دەمرێ، بەردەوامبوون و پێشکەوتن دەمرێ ! خودی مامۆستاش دەمرێ!

مامۆستا وەك ڕووبار وایە، باران نەبێت وشك دەکات. وەك گوڵ وایە ئاودێری نەکرێ ژاکاو دەبێت، وەك منداڵ وایە چاودێری نەکرێ لارێ دەبێت، وەك جۆگەڵە وایە ئاوی نەڕژێتەناو وشك دەبێ.

مامۆستای مامۆستا، خوێندنەوەیە. لە لێکۆڵینەوەیەکی (محەمەد فەریق حەسەن) بە ناوی (بەکەلتوورکردنی خوێندنەوە) لەساڵی (٢٠١١)دا دەڵێت:"کەسی ڕۆژئاوایی ساڵانە (٣٥)کتێب دەخوێنێتەوە، بەڵام بە (٨٠)کەسی ڕۆژهەڵاتی ساڵێ یەك کتێب دەخوێننەوە. لە لێکۆڵینەوەیەکی (بەندە) دا، کە لە ساڵی (٢٠١٢) ئەنجامدا، (٤٣٪ )ی مامۆستای کورد ساڵێ یەك کتێب دەخوێنێتەوە.

مامۆستای نوێی سەردەم (Modern Teacher)، گەر بەخۆی ڕانەگات، خراپ تووش دەبێت، چونکە منداڵی نەوەی ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیای تازە لەو چاوکراوەتر دەبن و باشتر لە شتەکانتیدەگەن. جا قوڕ بەسەر ئەو مامۆستایەی ئاستی زانستی و مەعریفی

لەژێر ئاستی زانستی و مەعریفی خوێندکارەکەی دابێت! ئەوەی مامۆستا شانازی پێ دەکات عیلمەکەیەتی،کە نەیبوو، سیفەتی مامۆستایەتی لێدەسرێتەوە و دوور نییە بێتەکاڵای نوکتە و پێکەنین.

دوو ڕێگەچارە، بەیەکەو، دەرمانی دەردەکانی مامۆستان، یەکێکیان زاتییەو ئەوتی تریان لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەوە:

یەکەم: خوێندنەوەی بەردەوام و بە سوود و تازەگەر و سەردەمییانە.

دووەم: کۆشش وکار و سەعی حکومەت بۆ بەرزراگرتنی کەسێتی مامۆستا و باشترکردنی باری گوزەرانی ژیانی. ئاخر مامۆستا،کە لێپێچینەوە لەگەڵ خوێندکارێك دەکا، هەست بە لاوازی خۆی دەکات، چونکی دوێنێ هەمان خوێندکاری دوو هەزار دیناری لە مستنا کاتێ ئەو سەری تاشی (ئەو سەرتاشیشە). یان لە خوێندنگە ناحکومییەکە هەست بە جۆرێك لە زەلیلی دەکات نەکۆ خاوەن ماڵ پێڕازی نەبێت، هەرگیز نایەوێت بێ دڵی خوێندکارەکان بکات!

ئەمڕۆ، مامۆستا ئەوکاتە دەچیتە ڕیزی مامۆستای سەردەم کە ئەم (١٠) بەهرەیە یان خەسڵەتت تێدا بێتە وجوود:

١. بەرپرسیاری: بەو واتاییەی بە ڕەزامەندی و خۆشیی خۆی ئەو ئەرکە مەزنەی خستۆتە سەر شانی خۆی و بە جددی کاری بۆ دەکات و خۆی بە بەرپرس دەزانێت. نەك هەر بۆ مووچە وەرگرتن.
٢. ئامادەکاری: بۆ هەموو دەرسێك، بۆ هەموو ڕۆژێك، بۆ هەموو هەفتەیەك و مانگێك بەرنامەی ئامادەکراوی سەردەمییانەی لەبەر دەستە.
٣. ڕێکخستن: هەروەك هەنگ، هەمووکارەکانی بە جوانی ڕێکخستوە و بێ بەرنامە کارناکات.
٤. لێخۆشبوون: ئەوەی کە لە دڵ و دەروونی ئەودا هەرگیز بوونی نییە: ڕق و بوغز و فەرق و جودایی و نادادییە.

٥. خۆ ـ کەلتوورناس: دەبێ تەواو ئاشنا بێت بەکەلتوور و داب و نەریت و عورف و عادەتی کۆمەڵگای خۆی. فۆلکلۆری خوی بزانێ.
٦. پرس و پرسیارخواز: هەمیشە خوولیای ئەوە بێ پرسیاری لێ بکرێ و لە پرسیار نەترسێت.
٧. نوێخواز: زەوی (١٢) جوولەی هەیە نەك (٢)، تیۆرییەکانی ئەنیشتاین تەواو تەکمیل نین، بێکەموکوڕیی نین.......تاد و هەمیشە شتی تازە بەڕێوەیە.
٨. تەکنەلۆژیا ـ باز: وەکوکەوباز وکۆترەباز هەمیشە عەودالّی زانستە تازەکانی تەکنەلۆژیا و بەکارهێنانی ئامێرە تازەکانە.
٩. خۆشمەشرەف: قسە خۆش، مەجلیس خۆش، دەم بە پێکەنین، هەمیشە لە ناو خەڵك و هاوڕێیانە لە خۆشی و ناخۆشیدا.
١٠. پرسن" قەت تێرنابێت لە زانست و مەعریفە، لە هەموو شتێ دەپرسێت و حەز دەکات شتی نوێتر بزانێت.

مامۆستای بەڕێز، لەم سەردەمەدا، پڕۆسەی پەروەردەو فێرکردن، خۆی بەدوور دەگرێت لە دەرغکردن و ئەزبەرکردنی تووتی ئاسا. گفتوگۆکردن و بەژداربوون لە جێی گوێگرتن و گوێ هەڵخستنە. کاری گروپ وکۆمەڵ پشتی کاری تاکەکەسی شکاندووە. وانەکان لێوانلێون لە خۆشی و یاری و هاریکاریی. خۆ فێرکردن و خۆ ڕۆشنبیرکردن فەلسەفەی خوێندنی سەردەمە.

بە ئاگابە، بە خۆ نەکەویت، دەگەینە خاڵێك کە" نەوەی ئەمڕۆ بەکەلکی ئەوە نەیەن ئایندە بەڕێوەببەن و خۆشت، لە پنتێکدا چەقببەستیت کە نەتوانی هاوشانی پێشکەوتنی ئەم سەردەمە بیت. تا تۆ کەتەلۆکی (هەلیکۆپتەرەکە) دەخوێنیتەوە و پارچەکانی لێکدەبەستێ، منداڵە (٨) ساڵییەکەت، دەمێکە وا ئەم هەلیکۆپتەرە بە ئاسماندا دەخوولێنێتەوە و هونەرمەندانە وازیی بە (Remote Control)کەی دەکات و تۆش هەر خەریکی کەتەلۆکەکەیت!

# ماچکردنی منداڵ،
# لە هەنگوینەوە بۆ ژەهر

**"ماچێك، بۆی هەیە سەرتاپای ژیانی**
**مرۆڤـ تاڵکات."**
**(Oscar Wilde)**

چونکی تاکو ئێستا کۆمـەڵی کـوردەواری، بـە حـوکمی سروشـت و جوگرافیـا و بـاری دەروونی کۆمەڵەکە و زۆر هۆکاری دیکە، پابەنـد و یەخسـیری داب ونـەریت وکـەلتووری سەردەمەکانی زووە، هەمیشە جۆرە ترسێك لە دڵیدا هەیە کە نـابێ گوفتـار و ڕەفتارێـك نیشان بدات لە دەرەوەی بازنەی ئەو نەریت وکەلتووره بێ یان دژ بەوان بێـت. ئـەم ترسـە دڵی نووسەر و ئـەدیب و پـەروەردەکارەکانیش ڕاچـڵکاندووە. بـەکوردی وکرمـانجی، لـەم ڕۆژگارە جەنجاڵ و ئاڵۆز و پرکێشمەکێشمەی ئەم سەردەمەدا، چـەندان بابـەتی هەسـتیاری زۆر بایەخدار هەیە کە پەیوەستە بە ژیان و ژینگـەی هـەموومان و هەسـتی پێدەکـەین و حەزیش دەکەین کە چارەسەر و بنبڕبکرێن بەڵام نە دەوێرین خۆمان دەستی بۆ بەرین و نـە ڕێ بەکەسیش دەدەین، جەسـوورانە باسـیان لێـوە بکـات. بەنـدەش دەمێکـە وەسواسـی نووسینی ئەم بابەتەم و گیرۆدەی ئەم ترسە بووم، بـەڵام خوێندنـەوەی کتێبێکـی عەلامـە

(عەلی وەردی) ـ ڕۆحی شاد ـ ئەو ترسەی لەلا ڕەواندمـەوە و وا بەسـتەڵەکی سـەر ڕێـی بابەتەکە دەشکێنم و دەروازەیەك بۆ قەڵەمە بوێرەکان دەکەمەوە.

بابەتەکەم بە وشەی (ماچ)ێك دەست پێکردووە کە سـنووری نووسـینەکەم دەستنیشـان دەکات و پەیامگرەکان لە بازنەی(منداڵ و دایك و بـاوك و مامۆسـتا و خـەڵك) قـەتیس دەکات ـ وشەی مامۆستا لێرەدا پەروەردەکار و مەلا و قەشە و ڕێبـەرانی کۆمەڵایـەتی و سەرۆك و سەرکردەکان.... تاد. دەگرێتەوە ـ. بابەتەکەم پاراسـتنی کەسـێتی منداڵـە لـە تەمەنی حەوت ساڵییەوە تا سێزدە چواردە ساڵی، بەکوڕ وکچەوە. هەوڵدەدەم، تـا بۆم بکرێت، نموونەکان لە سنووری ژینگەی هەرێمەکەی خۆماندا هەڵـدەهێنجم، تـا، تـۆی خوێنەرە باشتر لێی سوودمەندبیت و چێژی لێوەر بگریت.

هەمیشە دەگوترێت:" منداڵەکان نیوەی ئێستا و هـەموویی دواڕۆژن." بـەڵام ناپرسـین: کام جۆرە منداڵ و چ دواڕۆژێك؟

لەوەتەی یاسـای حـامورابی نووسـراوەتەوە و لـەوەتی پێغەمبـەرەکان و فەیلەسـوف و بیرمەند و حەکیمەکان خەریکی دارشتنەوەی چەمك و بیرۆکەی ڕەوشت و بەها جوانـەکانی کۆمەڵگەن، منداڵ و جیهانی منداڵ رووەرێکی زۆر فراوانی داگیرکـردووە، هـەر بۆیـە لـە (٣)کتێبە ئاسمانییە پیرۆزەکانیش، ئەوان نەك فەرامۆش نەکراون بـەڵکۆ بایـەخی زۆرییـان پێدراوە. تا دەگەینە سەردەمی جارنامەی مافەکان، ئەوا منداڵەکانیش دەتوانن جارنامەی تایبەت بە مافەکانی خۆیان هەبێ، کە(یۆنیسـێف UNICEF) لـە سـاڵی (١٩٩٠) دا لـە (٩) بەندا تۆمارییان دەکات و بە وردی ئاماژە بە مـافی ژیـان و مـافی مانـەوەی و مـافی گەشونماکردن و مافی ریزگرتن لەوکائینە بچووکە کەم دەسەڵاتەی ئەوان دەکات. کە دەیـان حکومەت واژۆیان لەسەرکردووە هەرچەندە دڕەنگ وەختیش یاسایەکانی دەرچوون.

خوێنەری ئازیز، زانسـتییانە سـەلمێنراوەکە مێشـك و زەیـنی مرۆڤـ وەك کـانی وایـە، هەمیشە بڵقدەدات و ئاوی پاك و سازگار و شیرینی تازە دەڕژێنتە ناو چـاوی کانییەکـە و ئەو گەڵا و پۆش و پەڵاشانەی کە دەکەونە سـەر ئاوەکـە، وردە وردە ڕێـرەوی ئـاوە لەبـەر ڕۆیشتوەکە لەگەڵ خۆیانی دەبات وکانییەکە بە پاك و خاوێنی دەمینێتەوە... بەڵام، ئـەو

خرەبەرد و گاشە بەردانە فڕێ دەدرێنە ناو ئەو کانیە، هەتا هەتایە لە بنی ئەوکانیەدا دەمینێنەوە. پرسیارێك: جا ئەو خرەبەردو گاشەبەردانەی کانی مێشکی مرۆڤ کامانەن؟ هەموو ئەو شتانەن کە لەسەر دەمی منداڵیدا، منداڵ دەیانبینێ و دەیانبیستێ و هەستیان پێدەکات. هەموو شتەکان: جوان و ناشیرین، چاك و خراپ، ڕەوا و نارەوا... تاد.، وەك بەردی بن گۆم هەتا هەتایە لەوێدا جێ لەقناکەن! هەر پسۆرانی دەروونناس و قازی و دادوەرەکان دەرهاویشتەی ڕەوشتی ناتەندروست و نەشیاوی سەردەمی منداڵی چەندان تاوانی گەورە گەورەی بۆ مرۆڤەکان ناوەتەوە و چەندان هەزار ژن و پیاوی بە هۆی هەڵەیەکی سەردمی منداڵییەوە لە زیندانەکاندا پەستاوە، ئێستا لەوێدا دەتلێنەوە یان ژیانیان لێ تاڵ بووە.

لەوەتەی یەکەم منداڵ لە دایك بووە، هەر چەند دەقیقەیەك دوای هاتنەدونیاوە، یەکسەر دایك، کۆرپەلە تازەکەی لە باوەش دەگرێت و ماچی دەکات. ئەم یەکەم (ماچکردنە) سەرەتا وکۆتایی دروستبوونی پەیوەندییەکی خوداوەندی پر لە خۆشەویستی و هەست و سۆز و نهێنییەکە تاکو ئێستا لە هەموو راز و سیحر و لوغزەکانی حاڵی نەبووین. ماچی دووەمی ئەو دایك وکۆرپەیە لە هی یەکەم خۆشترە و هی سێیەمی لە دووەم پر سیحرترە، بەم جۆرە، تا دوایی.... لەگەڵ گەشەکردن و گەورەبوونی منداڵەکە (ماچەکان) تام و بۆن و مەغزایەکانیان گۆڕانکاریان بەسەر دادێ تا دەگاتە ئەو ڕۆژەی کە دێ منداڵ چەند سەد مەترێك لە لێو و باوەش دایکی دوورکەوێتەوە. ئا لێرەدا، ترس و دڵەڕاوکیی ئێمەمانان، لە چارەنووسی ئەو منداڵە سەرهەڵدەدات.

بۆ؟ لەبەرچی؟

مەسیح(سەلامی خوای لێبێت)، بەم شێوەیە وەڵامی ئەم پرسیارەمان دەداتەوە و دەڵێ:" لە ئاکامدا، خۆ نابێ ئێمە هەر ئەو منداڵە بین کە شەپۆلەکان هەڵبەز ودابەزی پێدەکەن و شنەبای ڕێبازەکان هەڵیدەگرن، ئەمەیش بە فرتوفێڵی پیاوەکان و بە پلانی نیازپیسی کاراماکان." جا ئەو (کارامانەی)کە ئێمە دەبێ لێرەدا، جەسوورانە پەنجەیان بۆ درێژ بکەین، (٣)کۆمەڵن کە لە ژینگەی منداڵ، نزیکن:

یەك: ئەو مندالانەی کە حەز و هێز و دەسەڵات و خوویێکی نائاساییان هەیە لە چەوساندنەوە و چاوترساندن و قاچ شۆڕیکردنەوە بەسەر سەر وملی منداڵە بەناز و ڕۆحسووك و دڵپاکەکان. کە زۆربەی جار لەخۆیان بچووکترن.

دوو: ئەو هەرزەکارانەی کە خاوەن ئەزموونی لە لەخشتەبردن و هەڵخەڵەتاندن و دەستدرێژیکردن، بەهەردوو رەگەزەکەوە: کوڕ وکچ.

سێ: ئەو پیاوانەی کە لەدەروونداا نەخۆشن و ئالوودەی فیعلی بەد و بەدڕەوشتین و ئەزموون و دەسەڵاتی ماددی و مەعنەوییان لە هەڵخەڵەتاندنی منداڵدا هەیە. دوور نییە ئەوانە کەسانی دیار و خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتیش بن و ڕێزیشیان لێبگیرێت و نزیکی بێ لە منداڵەکە.

لەگەڵ گەورەبوونی منداڵ وچوونەدەرەوەی لەماڵ، جیهان و ژینگەی ژیانی ئەو گۆڕانکاری بەسەردادێ، جا ئەوانەی دەستدرێژی دەکەنە سەر منداڵ، شارەزایی ئەو جیاوازییانەن و لە بەرژەوەندی خۆیان بەکاریاندێنن. چۆن؟ جیهانی ماڵی منداڵ: باوش و ماچ و ریز و جێبەجێکردنی داخوازییەکانییەتی و بەکەسانێك دەورەدراوە هەمیشە پارێزگاری لێدەکەن و چاویان لەسەریەتی... جیهانی دەرەوەی منداڵ، بۆ نموونە کۆڵان یان قوتابخانە، خاڵییە لە باوش و ماچ و ریز و جێبەجێکردنی داوخوازییەکانی و لەوکەسانەی کەهەمیشە پارێزگاری لێدەکەن و چاویان لەسەریەتی.... منداڵ بە منداڵیەتی خۆی، ئەگەر تەمەنی لە دەوری هەشت نۆساڵیش دابێ، هەست بەو گۆڕانکارییانە ناکات، ئاخر دەفتەری ئەزموونەکانی ئەو پەرەکانی سپییە و جارێ ساتمە وکەندوکۆسپ و چاڵی ترسناك نەهاتۆتە سەر ڕێی....! ڕەنگبێ زۆر لە باوان و مامۆستایەکانیشی، هێندە پر ئەزموون نەبن کە بپرژێنە سەر راڤەکردن وتیگەیاندنی ئەوان بەو مەترسییانە. (٣٥) ساڵ مامۆستایەتیم کرد و لە کۆبوونەوە و دانیشتنی پەروەردەکاران (لە قوتابخانەکان و دەرەوەی قوتابخانەکاندا و لە زۆر شوێنی جیاوازدا) بەشداریمکرد، بۆ سۆدرەی سەران، نەمدیت، نەمبیست، جارێك بەڕێوەبەرێك، سەرپەرشتیارێك، مامۆستایەك، ئاماژەیەکی بچووك بۆ ڕێکاری(پاڕاستنی ڕەوشتی منداڵە کەم ئەزموونەکان) بکات، وەك بڵێی کۆڵان

و قوتابخانەکان، باغچەکانی بەهەشت بن و هەرکێ لەویدا دەبینرێن پەری و فریشتە و مەلائیکەتن! با ئەوەتان بۆ بگێرمەوە:

"بەندەکە لە سالّی (١٩٧٥) لە شاری رومادی بۆ یەکەمجار بوومە مامۆستا، زوو لە قوتابخانەی شەو، گواسترامەوە بۆ دواناوندی، دوایی بۆ ناوەندی، دواتریش بۆ ئامادەیی فەلەستین ـ کە ئەوکات هاوشانی ئامادەی کوردستانی هەولێر بووـ، مامۆستایەکی بیرکاریمان لەگەڵ بوو، لە پشووەکانیش هەر لەناو قوتابییەکان بوو، رێککەوت منیش یەك دوو جار لەگەڵیان لە گۆڕەپانی قوتابخانە رادەوەستام، رۆژێك بەڕێوەبەرەکەم ـ کە نموونەی بەڕێوەبەری کاریزما بوو، تا ئەو دوایەش پەیوەندیمان هەر گەرم بوو ـ بانگی کردمە ژوورەکەی خۆی و دوای چاخواردنەوە، پێیگوتم: حەز ناکەم تۆ لەگەڵ ئەم مامۆستایە لەناو قوتابییەکان ببینم، تۆکەسێکی پاکی و با بەچاوی خراپ سەیر نەکرێیت. ئەو مامۆستایە (فیعلی) باش نییە!" لەو رۆژەوەتیگەیشتم کە مرۆڤ، هەموو مرۆڤەکان، بەدەرنین لە هەڵەکردن و (نەفسی فاحیشە) لە نێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا بوونیان هەیە.

لەولاتانی رۆژئاوا و یاسادا، ساڵانەی ئاماری ئەو منداڵانەی کە دەستدرێژی سێکسیان دەکرێتە سەر، بەیاندەکرێت، بەڵام لەکەلتووری شەرمنی خۆمان ئەم جۆرە ئامارانە تابۆیە، بەڵام نابێ وا بزانین کە ولاتەکەی ئێمە کەعبەی شەریفە و مرۆڤەکانی هەمووی مەلائیکەتن!

بۆ دەستیشانکردنی زۆنی جوگرافیایی ئەو بازنەی کە (کەسەکاراماکان)تییدا دەست بۆ منداڵ دەبەن، بە گشتی، پسپۆرانی ئەم بابەتە، باسی ئەمانە دەکەن:

یەك: زۆنی ئەو شوێنەی کە خزم وکەسوکاری منداڵێتیدایە، چونکە بەرزترین رێژەی دەستدرێژی بۆ سەرکچ وکوڕە منداڵەکان لە نێو ئەو بازنەدا بوونیان هەیە. (بێگومان ئێمە باس لە بارە نائاساییەکان دەکەین، نەك بەرەهایی هەموو خزمان بخەینە نیو ئەو بازنەوە).

دوو: زۆنی ئەو شوێنانەی (وەك قوتابخانە و یاریگە و شانۆ و سینەما وکوڵان وکۆروکۆبوونەوانەی)کە لە چاودێریی دڵسۆز وئەمەکداریی منداڵەوە دوورن. لێرەدا

ڕۆڵی بایەخداری مامۆستای چاودێر و بەڕێوەبەری کاریزما بەدیار دەکەوێ ـ کە بەداخەوە لە سیستەمی پەروەردەی ئیمڕۆی هەرێمەکەماندا، ئەم چاودێرییە نەختێ کاڵ ۆتەوە و وەك ئەرکێکی پیرۆز و پربەهای پەروەردەکاریی، کۆر و سیمینار و گۆڤار و نامیلکەی بۆ سازناکرێ و مامۆستا تازەکانی پێ ئاشنا ناکرێ ! دوو نموونەی زەمانی زوو: (١)کە من خوێندکاری ناوەندی بووم، مامۆستا(سەلاح سەعدی کە یاریدەدەری بەڕێوەبەر بوو ـ ڕۆحی شاد)، بەیانی زوو جەولەیەکی بەناو هەموو پۆل و هۆڵ و دالان و گۆڕەپانی قوتابخانەکەدا دەکرد، بە ئاودەستەکانیشەوە. (٢) کە مامۆستا(شەفیق تۆفیق چەلەبی) بەڕێوەبەر بوو لە ئامادەیی کۆیەی کوڕان، بەندەش مامۆستای لەوێ بووم، چاودێری قوتابییەکانی نەك هەر لە ناو قوتابخانە بەڵکو لەدەرەوەی قوتابخانەش دەکرد، دەیزانی کام قوتابی سەگی هەیە وکام قوتابی شاگردی و بەردەستیی باوکی دەکات، سزای ئەوانەی دەداکە لەدەرەوەی قوتابخانەش کاری ناشیاویان دەکرد.

سێ: زۆنی ئەو شوێنانەی کە منداڵ کاری لێدەکات یان دوور لەچاودێری دایك و باوك، کاتی لێ بەسەردەبات. (بەندە بە ئەنقەست، جارێك سەردانی یەکێك لەو برلیاردخانانەم کرد کە یاریچییەکانی مێرمنداڵ بوون، و چارکە سەعاتێك خۆم لەوێدا خافڵاندن. بەداخەوە هیچ مورتاح نەبووم، شوێنەکەم پێ پەسند نەبوو، شتی ناشیاوم لە هێندێکیان بینی. ناکرێ ئەم جۆرە شوێنە بەبێ چاودێری وکامێرای چاودێری بن).

کەسەکاراما داوێن پیسەکانی هەر سێ زۆنەکەی سەرەوە، لە دەستەمۆکردن و ڕاوکردنی منداڵە پاك و بەریئەکان، یەك جۆرە تاکتیك بەکاردهێنن، ئەویش بەکارهێنانی ماسك و دەمامك بۆ لاسایکردنەوە و خۆنیشاندان، لە شێوەی دایك و باوك، تا منداڵەکە وا هەست بکات، هەموو ئەو ڕەفتار و گوفتارەی کە ئەوان(داوێنپیسەکان) دەینوێنن، ڕەنگدانەوەی ئەوانی دایك و باوکی خۆیەتی. دەروونناس (Paul L. HarrisDana Gross ) لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیدا لە ساڵی (١٩٨٣)، لەنێو پۆلێك منداڵ، گەیشتە ئاکامێکی سەرنجراکیش،کە ڕەنگبێ هێندێك لە دایك و باوك و مامۆستاکانیش پێی ئاشنانەبن. ئەویش ئەوەیەکە منداڵ لە لێکدانەوەی (ڕەفتار و گوفتاری) گەورەکان، هەر یەك

گوزارشت و یەك راڤە و یەك تیگەیشتنی هەیە، بە واتایەکی دیکـە، ماچـکردن و دەسـت لەکولّمەدان و دەستبازی و گەمەکردن ئەگەر لەلایەن کەسێکی دیکەشەوە ئـەنجام بـدرێت، هەر ئەو مەبەست و ئامانجەیان هەیەکە لە دایـك و باوکیـان بینیـووە. بـەڵام منـداڵ زۆر خراپ گوزارشت لەو گوفتار و ڕەفتارانە دەکـات، کـە بەئەنقەسـت بـۆ بەخشـینی مانـای (نەشیاو و گوماناوی) بەکاردێن. بۆیە داوێنپیسەکان لەڕێی دووبارەکردنەوەی کردارەکـانی باوانی منداڵەکان، ئەوان راودەکەن، واتا خۆیان بە خۆشەویست و نزیك و پـارێزەری ئـەوان نیشـاندەدەن و وایانتیدەگـەیێنن کەکەسـی نزیـك لـەوانن، بـە هەرەشـە و گـەڤکردن و ترساندنیش، رازییان دەکەن کە لەلای کەس باسی ئەوان نەکەن نە بە چاك و نـە بـەخراپ. هەر بۆیەش ناونیشانی بابەتەکەمکردە:" ماچکردنی منداڵ، لە هەنگوینەوە بۆ ژەهر".

لێرە پرسیارێك زەقدەبێتەوە: ئەدی منداڵە چەقاوەسووە بەد ڕەوشتەکان لەکێ فێری ئـەو شتانە بوون؟ لە دوو سەرچاوەوە: یان ئەوەتا خۆیـان بـەو قوناغانەداتیپـەریوون، یـان لـەو برادەرانە فێربوون کە پێویستیان بە هاوکاریی کەسانی دیکەیە لە راوکردن و چاودێریکردن و پارێزگاری کردنیاندا.

## نیشانەکانی منداڵی دەستەمۆکراو:

دەبێ دایك و باوك و مامۆستا، هەستیاربن لە بەدیکردنی هێندێك ڕەفتار و گوفتـار و گۆڕانکاری کە لە پرتاو ولە ماوەیەکی کەمدایەن بەسـەر منـداڵ دادێـت، بەواتایـەکی تـر منداڵەکە لە بارێکی ئاسایی و هـێمن و ئـارام دەکەوێتـە بـارێکی نائاسـایی و نائـارام و گوماناوی. ئەم نیشانەنەش بەم شێوەیە پۆلینکراون ـ هەرچەند مەرج نییەکە ئەم نیشانانە دەرهاویشتەی ئەو حاڵەتەبن:

یەك: جەستەی منداڵ: وەك بینینی نیشانەی زامـدارکردن و شـینبوونەوەو سـووربوونەوە لەسەر جەستە و دەموچاو و جلکوبەرگی دراو وخوێناوی و پیسکراو.

دوو: ڕەفتاری منداڵ: وەك هەستکردن بەوەی ڕۆژ بـە ڕۆژ پـتر شـەڕانگێز و سەرسـەخت و سەرەرۆ دەبێت، ئەرکەکانی باش جێبەجێناکات و لە ئیش وکاریدا خـۆی دەدزێتـەوە و

پتر درۆکردن لە قسەکانیدا هەیە و زۆر نازدەکات و حەزناکات پرسیاری هاورِیٚ و هاوپۆلەکانی لێبکەیت. یان خراپ بوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هاوپۆلەکانی و لاساریکردن لە قوتابخانە و دابەزینی ئاستی زیرەکی و جگەرەکیشان و خوودانە یاریی قومارانیٚ و...تاد.

سیٚ: تیکچوونی باری دەروون و تەندروستی: وەك خەمۆکی بوون و حەزکردن بە تەنیایی و دوورکەوتنەوە و خەوزران و بینینی خەونی ناخۆش و نیگەرانی و ترسان و میزبەخۆداکردن وتیکچوونی شێوازی خواردن و خواردنەوە و پۆشینی جلکوبەرگ و خۆ ئارایشتکردن، یان لەهۆشخۆچوون و باسکردنی خۆکوشتن و خۆئازاردان و دورکەوتنەوە لە هێندێك کەسکە بزانیٚ پرسیار و تەحقیقی لەگەڵ دەکات... تاد.

چوار: گۆرانی شێوازی گفتولوتف: وەك بەکارهێنانی وشەی نابەجیٚ و جنێودان و پەلاری پیس.

پێنج: هەستکردن بە شێوازی بەکارهێنانی مۆبایل و ئینتەرنێت: لەوێنەی پرۆفایل و ئەو ماڵپەرِانەی سەردانیان دەکات و ئەوکەسانەی پێوەندییان پێوەدەگرێت.

ئێستا، دوای ئەو رووماڵکردن و خستنە رووی ئەو زانیارییانە، پێش ئەوەی رێنمانی و ئامۆژگاری پێشکەش بە منداڵ بکەین، وای بەباش دەزانین ئەرکەکانی باوانی منداڵیش، لەم رووەوە بخەینە بەرچاو، کە ئەم خاڵانە دەگرێتەوە:

یەك: سەلامەتی منداڵ پێش هەموو شتێك: سەلامەتی باری دەروونی و جەستەیی و مێشکی منداڵ، چەندین بار لە ئامادەکردنی خواردن وخۆراك و پۆشاك گرینگترە.

دوو: بزانەکیٚ هاورِیٚ و برادەری منداڵەکەتە و چیدەکەن: لێرەدا دەبیٚ هەمیشە دەستت لەسەر دڵت بیٚ و هەمووکەس بە فریشتە و مەلائیکەت نەزانی. چونکە تەنیا ئەوکەسانە دەتوانن زەفەر بە منداڵەکەت ببەن کە لێی نزیکن.

سیٚ: هەولبدە، منداڵەکەت رابێنەکە هیچت لێنەشارێتەوە و هەموو نهێنی و رازێکت لە لا بدرکینێت و لێت نەترسیٚ و هەست نەکات کە تۆ پەرچەکرداری توندوتیژت دەبیٚ.

چوار: منداڵەکەت رابینەکە پتر پشت بەخۆی ببەستێت و چاوی لە دەستی کەسانی دیکە نەبێ، چونکە نەبوونی ئەو متمانە هاندەرە بۆ خۆ نزیك کردنەوەی لەکەسانی دیکە و داواکردنی یارمەتی و هاوکاری لەوان وکردنەوەی دەرگای رامکردنیان.

دایك و باوکی زیرەك و ڕۆشنبیر، بە هاریکاریی دەروونناس و دکتۆری پسپۆر دەتوانن بەسەر هەر حاڵەتێکی نەخوازراوە دا سەرکەون. پتر ڕێنمای و ئامۆژگارییە پێویستەکان دەبنە ئەرکی مامۆستا، کە هەمیشە لەلای منداڵ، کەسێکی کاریزما و بە هەیبەت و بە شکۆیە. ڕەنگبێ کەمتر قسەی باوانیان بەهەند هەڵگرن. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، کە مامۆستا، لەکەشوهەوای شارستانییەتی ئەم سەردەمە شارەزابێت وکارامانە و جەسوورانە شان بداتە بەر ئەوکێشانەی کە کەلتوور و نەریتەکەمان بەشەرمەوە ئاماژەیان پێدەکات. مامۆستای بەتوانا و بەهرەدار، بۆخۆی دەزانێ چۆن دەروازەی ئەم جۆرە بابەتە دەکاتەوە بە چ شێواز و زاراوە و تەکنیکیکی سەرنجراکیش گوزارشتی لێدەکات. بەڕاستی میدیا و تەکنەلۆژیای سەردەم زۆر زوڵم لە منداڵ دەکات و دەبێ مامۆستاکان پەنجە بخەنە سەر زامەکان و نەترسێن. با ئەوەشتان بۆ بگێرمەوە": لە قوتابخانەیەکی کچان دەرسمدەگوتەوە، خوێندکاریکی نوێمان بۆ هات کە لە قۆناغی نۆ بوو و شووی کردبوو. بەندە هەستم کردکە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری زۆربەی کچەکانی ئەم پۆلە دوای مانگێك گۆڕانکارییان بەسەر داهات، لە خۆ ئارایشتکردن و پۆشاکی جوان و عەتر و بۆن و گوڵاو... بەلامەوە سەیر بوو... دواتر، نهێنییەکەم زانی، کە ئەو خوێندکارە بەمێردە، ڕۆژانە هەموو ئەو شتانەی کە لەماڵەوە دەیکات، لەلای کچەکانی هاوپۆلیدا باسیان دەکات... خۆشبەختانە، بەڕێوەبەرەکەشم هەستی بەو شتەکردبوو زوو چارەسەری کرد...." لە ئەزموونی مامۆستایەتیم، وام هەستکردووەکە مامۆستای ژن بە بەراوەرد بە مامۆستای پیاو، پتر خەمخۆری و جەرگسۆزیی قوتابییەکچەکانن، مامۆستای پیاو بایەخ بەم لایەنە نادات یان گەر شتێکیش بزانێ خۆی لێ بێ ئاگادەکات ـ ئەمەیش هەموو مامۆستایەکی پیاو ناگرێتەوە ـ.

ماوەتەوە بڵێین کە لە جاڕنامەی جیهانی مافی منداڵ، لە (٤) بەند لە (٩) بەندە سەرەکییەکەیدا، ئاماژە بەو بابەتەی ئێمە دەکات و پاڕاستنی منداڵ بە ئەرکی سەرەکیی دایك و باوك و لایەنە بەرپرسەکانی حکومەت دەزانێت و فەرزیشی دەکات. بەڵام دەکرێ هەموو ناوەڕۆکی ئەو (٤) بەندە لە فەرموودەیەکی پیرۆزی پێغەمبەردا چر بکەینەوە، کە ئەگەر بە دروستی و بەدڵ پەیرەوی بکەین، ئەوا بە یاوەری خودا، لە زۆر لەوکێشە وکۆسپ وکەندانەی کە ئاماژەمان پێدان، بەدوور دەبین. فەرموودەکە دەڵێ:" أَكْرِمُوا أَوْلاَدَكُمْ وَأَحْسِنُوا أَدَبَهُمْ".کەواتە بەخشینەوەی کەرامەت و شکۆداری و پایەداری بەمنداڵ، بەهێزترین بەربەست و تەیمان و شوورەیە بۆ پاراستن و پێگەیاندنێکی جوان و سەربەرزانە بۆ ئەو منداڵانەی کە "هەموو دوارۆژن ئەوکاتەی ئێمە لەژێر خاکین".

# پێزدار مامۆستا (TECH)

**"غروورم بەکەم نەزانینم، غروور نابم بە زۆر زانیم، نەکۆ وشکوبرینگ ببمەوە."**
**(ف. ش)**

(فاتەکۆر)، پیرێژنێکی پشتکووڕی بنیس و ڕەقەڵەی دەموچاو چرچولۆچاوی بوو، سەرەڕای ئەوەی کە یەکجار هەژار و لاکەوتەو لانەوازبوو، هەردوو چاویشی لە دەست دابوو خۆی و تاقەکوڕەکەی لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لە کۆنە ئاشێکی خوار تەمتەمان لە گەڕەکی بایزاغا لە شاری کۆیە دەژیان. ئەگەر دەرودراوسێ و خێرەوەمەند تێکەنانێکیان نەدابانایە، ئەوا زادی خوایان شك نەدەبرد بیخۆن. ژنانی خێرکەر، مانگێ جارێك لەگەڵ خۆیاندا، فاتەکۆریان لەڕاییخوا دەبردە حەمامێ. هەموو جارێ فاتەکۆرکە لەبەر جورنە دادەنیشت بە دەنگێکی بەرز دەیگوت:" ئەدی بۆ دەرێن دنیا ناخۆشە، هێچ جار نییە ئەمن بێمە ئەو حەمامە، یەك دوو بووك و دوو سێ ژنە زەیستانی لێنەبی!"

فاتەکۆر گوتەنی، خۆ ناکرێ ئێمەش لەبەر قەیرانی و گرانی و ناخۆشی ئەو ڕۆژگارەی ئیمڕۆی هەرێم، دەست لەئەژنۆ دانیشین و دەست بەرداری هەموو شتێ بین و چاوەڕوانی

(گۆدۆ) بین، کەنگینێ ڕستەکلیلی چارەسەری قەیرانەکانمان بەدیاری بۆ دێنێ.... ژیان بەردەوامە و بەردەوامیش دەبێ و زەوی خاتروخۆتری موچەوبوجە نازانێ و لەسوڕانەوەی خۆی ناوەستێ... بۆیە دەبێ ڕۆشنفکر و باوەڕدار و پەیامدارەکان، قەرەمیان نەشکێ و وەك سەرقافڵەچییەکی وەفادار و ئەمەکدار، کاروانی خزمەتکردن و خەباتی خۆیان بگەێینە قوناغی مەبەست.

زانستی وانەبێژی، مێژوویەکی دێرینی هەیە و بەردەوام لە گۆڕاندایە و شێواز وکەرەستە و بەرنامە و پەیامی هەمیشە لە نوێبوونەوە دایە. ئیمڕۆ بە هەزاران هەزارکتێب دەربارەی مامۆستا و مامۆستایەتی و قوتابی و شاگرد لەبەر دەستی پەروەوردەکارانە، جا سەیرەکەی لەوە دایە، لەگەڵ ئەوەشدا لە نێو ئەو (٢٢) ملیۆن مامۆستایەی کە ئیمڕۆ لە جیهاندا هەیە، دوو مامۆستا نییە شێوازی وانە وتنەویان وەك یەك بێ. گۆڕانکارییەکانی زانستیی وانەبێژی و فێرکردن عەمبازی هێندە گەورەیان هاویشتووە، مەمانان، گەر هەوڵێکی جددی نەدەین، زەحمەتە بە غاردانەش بیانگەینێ. ئێوە بڕوانن، ئەو ولاغە بەستەزمانە بۆ ماوەی (٣٥٠٠) ساڵ عارەبانەی بەدوای خویدا راکێشا، تا نەوت و بەنزین نەبوون بە سووتەمەنی ماشینەکان، ئەوان ڕۆژێك نەحەسانەوە و عەرەبانەکەی حاموڕابییان هەر بە دواوەبوو.. تۆ وەرە سەرپێیی، دیقەتێك لە پێشکەوتنی ڕەرەوی تەکنەلۆژیای هاوچەرخ بدە، بزانە لەم (١٠) ساڵەی دواییدا، چ پشکەوتنێکی گەورەو عەجایبی بەخۆیەوە بینیووە. هیچ زانایەك نییە بزانێ شاڵاوی ئەو لافاوە، بۆ نموونە، لە (٢٠٦٠) بەرەو چ ئاقارێکمان دەبات. هەموو دەرگاکانی خەیاڵ لەسەرپشتن.

ئەم نووسینەم، زۆرتایبەت و بایەخدارە، لە دڵڕا حەزدەکەم بگاتە بەرچاوی دایەن و مامۆستای باغچەی ساوایان و مامۆستا و هەموو پەروەدەکارێك تا دەگاتە مامۆستای زانکۆکان و جەنابی وەزیرانی مەعنیش، (جەنابی وەزیری پەروەردە و وەزیری خوێندنی باڵا).

نووقوستانێك هەر چاو و زمانی کاربکات، باشترە لەوەی هەر چاوی ببینێ، خۆ ئەوەی چاو و زمان و گوێی کاردەکات لە ئەوەکەی دیکە باشترە، باشترینیشیان ئەوەیە کە

هەموو هەستەوەرەکانی باش کاربکەن و لەش و هۆش و ڕۆح و دەروونێکی تەندروستی هەبێ. لێرەدا نوقوستانەکە پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردنە، کاراکردنی چاو و زمان و گوێ و هەموو هەستەوەرەکانی قوتابی، دەوەستێتە سەر شێوازی وانە وتنەوەی مامۆستاکەی. مامۆستا هەیە هەر وا دەزانێ قوتابی چاوی هەیە، هەیە وادەزانێ قوتابی هەر چاو و زمانی هەیە... تاد. ئەوەی کە ناڕاستەوخۆ وادەکات مامۆستا بەم شێوەیە سەیری قوتابییەکانی بکات، شێوازی وانەوتنەوەکەیەتی لەپاڵ فەلسەفە پەروەردەکەیدا.

لە ئەزموونی مامۆستایەتی خۆم، بۆ گەیاندنی پەیامێك، لە ناو پۆل: گریاوم. هاوارمکردوە، شتێتانە دەرگا و پەنجەرم بەتوندی بەیەکداداوە، خۆم نەخۆش و نیگەران کردووە، جانتای قوتابیم دڕاندو قەڵەمم لێشکاندون، قژم ڕاکیشاون، لە باوەشم کردوون، بە تەپاشیر و ماجك کراس وکوڵمە و دەستم نەخشاندون، بە فرت و فێل لەگەڵ قوتابی ڕێککەوتوم درەنگ بێتە ژوورەوە تا شانۆگەرییەکی لەگەڵ بگێرم، قوتابییەکان نەیانزانیوە ئەو گفتوگۆیە نائاساییەی نێوانمان، فلیمە یان ڕاستیی... زۆرکردار و گوفتاری سەیروسەمەرەی منداڵانە و شێتانە و ئاقڵانەم بۆ قوتابییەکانم نواندوە. بۆچی؟ بۆ گەیاندنی پەیام و مرازەکەم بە باشترین شێوە. باشترین شێوە چییە؟ زانستی وانەبێژی دەڵێ: بۆ گەیاندنی پەیامەکەت وا بکە هەر پێنج کۆئەندامی هەستەوەرەکانی، قوتابی تێیاندا بەشداربێ: چاو و زمان و گوێ و لوت و دەستلێدان.

خۆشبەختانە، کوردستان، ئیمڕۆ بێ بەش نییە لەو پێشکەوتنە مەزنەی تەکنەلۆژیای سەردەم. ڕۆژبەڕۆژ ژمارەی بەکاربەرانی ئامێری مۆبایل وکۆمپیوتەر و ئینتەرنێت لە زیادبوون دایە، باوەڕ ناکەم مامۆستا هەبێ ئامێرێکی مۆبایلی نەبێ. جا با ئەوەی بنبەڕە بخەینە سەربەڕە.

لە ساڵی (٢٠١٠) ڕێکخراوێکی پەروەردە وفێرکردنی ئینگلیزی، بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی خوێندنی عیراق لە بەریتانیاوە هاتبوون و سەردانی چەند شارێکی دیاریکراویان کرد، لەسەردانیان بۆ قوتابخانەیەکی ناوەندی یەکێك لە شارەکانی هەرێم، بەندەش یاوەریان بووم، دوای قسەوباسی پەیوەندیدار بە زانست و پەروەردە وکێشە و گرفت،

میوانەکان کەوتنە گەڕان وسوڕان بەناو پولەکاندا، پێش ئەوەی بەرەو ئیدارە ببنەوە، لە تاقیگە زانستییەکانیان پرسی، بەڕێوەبەرەکە، دەستی بۆ ژوورێکی لادەستی ئەو پەڕی حەوشەی مەکتەبەکە درێژکرد و گوتی هەمووکەرەستەکامان لەو ژوورەیە. دیار بوو وایزانی بوو، پرسیارکەرەکە، لە خۆشی مۆز و سێو پرتەقاڵ و پاقلاوەی سەرمێزە، بەرەو ژووری ئیدارە دەگەڕێتەوە. بەڵام پرسیارکەرەکە گوتی: دەکرێ بچین سەیرکی بکەین؟ بەڕێوەبەر گوتی، ئاساییە، بەڵام مامۆستای بەرپرسی تاقیگە ئیمڕۆ نەهاتۆتەوە. کە بەلای میوانەکە وەڵامێکی نەزۆك بوو، کە چۆن دەرگای تاقیگە دەبێ دابخرێت. دواتر میوان پرسی. ئەوکەرەستانە چین کە لەم تاقیگەیەدا کۆکراونەتەوە؟ ئێ تاقیگە وجودی نییە.کەرەستەی چی و ئامێری چێ! بۆیە بەڕێوەبەرەکە گوتی: ئەو ڕۆژەی مامۆستای کیمیا بۆ نموونە دەچێتە تاقیگە، بە قوتابییەکان دەڵێ کەرەستەی پێویست لەماڵەوە لەگەڵ خۆتان بێنن. کاکی میوان، زاری بەش بۆوە. ئاخر ئامێر وکەرەستەی تاقیگەی کیمیا بۆ لە ماڵی قوتابییانە؟ عوزر لە قەباحەت گەورەتر! کاکی میوان سەری خۆی لەقاند، وەك ئەوەی پێمان بڵێ: سوپاس لە مەسەلەکە تێگەیشتم. (من بۆخۆم زۆرتەریق بوومەوە.)

خوێنەری ئازیز، ئیمڕۆ مامۆستای هەموو ڕشتە ئەدەبی و زانستییەکان، دەتوانن زۆر بەئاسانی تاقیگەی تایبەت بەخۆیانیان هەبێ، پۆل بە پۆل لەگەڵ خۆیاندا بیگێڕن، بەبێ ئەوەی خۆیان ماندوو بکەن. گرنگ نییە ڕشتەکەی تۆ چییە، زمانە وەك کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی، زانستییە وەك فیزیك و بایەلۆژی وکیمیا و بیرکاری و زیندەزانی یان ئەدەبیە وەك مێژوو و جوگرافیا و ئایین و پەروەردە و فەلسەفە و ژینگە یان هونەرییە وەك بابەتی مۆزیك و نیگار و وەرزش و دیدەوانی.

فەرزو واجیبەکە مامۆستا شارەزایی هەبێ لە بەکارهێنانی ئامێرەکانی مۆبایل وکۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، ئێستا ڕێکخراوی جیهانی یۆنیسکۆ خەریکی ئەوەیە، بە پێناسەی خوێنەوار و نەخوێندەوار دابچێتەوەو بڵێ: نەخوێندەوار ئەوکەسەیە کە نەزانێ تەکنەلۆژیای سەردەم بەکاربێنێ!

جا هاوتا لەگەڵ شارەزایی، دەکرێ مامۆستا مۆبایل، لاپتۆپ، کۆمپیوتەر، تەلەڤزیۆن، داتەشۆ و سکرینی سینەمایی بەکاربێنێ. ئەمە دەوەستێتە سەر جۆری قوتابخانەکە، بۆ قوتابخانەی گوندێك مۆبایل و لاپتۆپێك کافییە، بۆ قوتابخانە پێشکەوتووەکانیش ئامێرەکانی دیکە.

## مامۆستا چۆن دەتوانێ سوود لەو ئامێرانە وەرگرێت؟

دەکرێ بە گوێرەی پێویستیی بابەتەکە، مامۆستا لە ماڵەوە، بڕگەی مەبەست دەستنیشان بکات و لە پۆلدا بۆ قوتابییەکان نمایشی بکات، بە دەنگ و وێنە. بەمەرجێ بەرنامەکەی لەکاتێکی دیاریکراو ئەنجام بدات وکەش و هەوا و ئارامیی پۆلەکە بپارزێت. جۆری وانەکە، بابەتەکە دەستنیشان دەکات، بۆ مامۆستای ئایین، با دەقی سورەتەکە لەلایەن قورئان خوێنێکەوە بێ، بۆ مامۆستای ئینگلیزی، دایەلۆگ و نمایش، بۆ مامۆستای فیزیك، نمایشکردنی تاقیکردنەوەکە بە ڤیدیۆ، بۆ مامۆستای جوگرافیا نیشاندانی نەخشە و وێنە و ڤیدیۆ، بۆ مامۆستای وەرزش، نمایشی وەرزشی دیاریکراو. بەم شێوەیە هیچ مامۆستایەك نییە کە زگی بەخۆی بسووتێ و بەشی ئەوەی تێدا نەبێ.

بۆ ئاسانکاریی بەڕێوەبردنی ئەم شێوازە سەردەمییانەی وانەبێژی (بۆ قوتابخانەکانی ئێستای کوردستان) دەبێ مامۆستاکان هەوڵ بدەن شارەزایی لەم (١٢) ماڵپەڕ و بەرنامەی خوارەوە پەیدابکەن.ـ گوتم: قوتابخانەکانی ئێستای کوردستان، چونکە لە ڕۆژئاوا و وڵاتە پێشکەوتووەکان دەمێکە تەختەڕەش بۆتەکۆمپوتەر و خوێندکار لاپتۆپی خۆی هەیە و تاقیگەکانی ئەوان بای هەزاران دۆلار تازەترین ئامێر وکەرەستەیان تێدایە، جگە لە چەندان هۆڵ ووێرکشۆپ و ژووری چالاکیی نواندن... تاد.

ئەمانە ئەو (١٢) ماڵپەڕو بەرنامانەن:

**یەك: بەرنامەکانی (YouTube):**

ئەمە ئاسانترین و باشترین یارمەتیدەری مامۆستا و قوتابییە، مامۆستا ئازادە لە هەڵبژاردنی بابەتەکەی ودەستنیشانکردنی کاتەکەی بەگوێرەی پێویست.

**دوو: (Google Feu):**

ئێرە سەرچاوەی زانیاری باش و پوخت و خاوێنە، بە ئاسانی بابەتی خۆت دەدۆزیتەوەکاری لەسەر دەکەی، دەتوانین بڵێین ئەمە تایبەتە بە پەروەردە.

**سێ: (Dear Photographer):**

هەر چێ وێنەیە لێرەدا چەنگت دەکەوێ و خۆشت دەتوانی یاریی بەوێنەکە بکەی یان پارچەپارچەی بکەی یان قەبارە و ڕەنگی بگۆڕییت وەك خۆت دەتەوێ.

**چوار: (Mathway):**

زۆر بە شێوازێکی زانستی و سەردەمییانە هەرچی کێشەی بیرکاری و یاساکانی فیزیکی و کیمیایی هەیە ئەم ماڵپەڕە بۆت ئاسان دەکات.

**پێنج: (Autodraw):**

بۆ هەموو مامۆستایەك باشە بۆکێشانی وێنەی خوازیار وەك خۆی دەیەوێت.

**شەش: (Quick Draw):**

ئەمە هەموو ێنەکەت بەخێرای بۆ دەکیشێت وگەر نەشتزانی بۆخۆی بۆت تەواو دەکات.

**حەوت: (Offline Maps & Navigation):**

بەتایبەتی بۆ مامۆستای جوگرافیا، تۆ دەتەوێ باسی چیای هەڵگورد بکەی، لێرەدا دەتوانی لەگەڵ قوتابییەکان بچیتە چیای هەڵگورد و بست بەبستی ئەو چیایە و هەموو شتەکان وەك خۆی ببینی و هەر لەناو پۆلەکەی خۆشتاندان.

**هەشت:(The Rasterbator) :**

ئەمە یارمەتیت دەدات بۆ ئامادەکردنی پۆرترێت و پاوەرپۆینت و هەرشتێك خۆت بتەوەێ دایبهێنی کە پێشتر نەکرابێت.

**نۆ: (Internet Archive):**

ئەمە تا بڵێت پێویستە هەرچی تۆ دەتەوێ لە مێژوودا بیزانی دەیخاتە بەردەستت، بۆ نموونە حەز دەکەی بزانی ئۆتۆمبیلی مارسدیس لە ساڵی (١٩٣٣) چۆن بوو، ڕۆژمێرەکە بە دیاردەکەوێ و داواکاریەکەت بنووسە ئەو یەکسەر زانیارییەکەت دەداتێ و هەچی تۆ بە خەیاڵت دادێ لێرە بەچەنگ دەکەوێ.

**دە: (New Tab):**

ئەمە پێویسە بۆ گۆڕینەوی زانیاری لە گەڵ قوتابی یان باوانی قوتابی. یان قوتابییەکان لە نێوان خۆیاندا.

**یانزدە: (Instructable - Youtube):**

ئەمە تایبەتەبە فێرکردن. تۆ دەتەوێ قوتابی فێرکەی هەنگ بەخێوبکات، یان چۆن پایسکلەکەی چاکبکاتەوە، یان چۆن هێلانەی تەیرێك دروست بکات، هەچی دەتەوێ فێربی لێرە بۆت ئامادەکراوە.

## دوانزده: (Adobe Color CC):

ئێمە وا فێرکراوین  کە (٣) ڕەنگی سەرەکی و (٧) ڕەنگی شەبەنگی هەیـە. لێـرەدا تـۆ دەتوانی (٣١) ملیۆن ڕەنگ بۆخۆت دروستبکەی.

خوێنــەری ئــازیز، بێگومــان بەرنامــە و ماڵپــەڕی دیکــە زۆرن،  مــن تــەنیا ئەوانــەم هەڵبژاردووە کە لە قوتابخانەکانی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا ئیمڕۆ کەلکیان لێوەردەگرن.

کەلك وەرگرتن لەم بەرنامانە، ئەم لایەنە باشانەی هەیە:

- ●خوێندکار بە هەموو هەستەوەرەکانی لە فێربوونی بابەتەکە بەشدار دەبێ.
- ●کەش وهەوایەکی خۆش لەناو پۆل دروستدەکات و قوتابی خۆی لەبیردەچێتەوە.
- ● یارمەتی مامۆستا بە ئاسانی بابەتەکەی بێتە بەردەست وکاتیشی بۆ دەگێڕێتەوە.
- ●هانی قوتابی دەدات لە ماڵەوە بۆخۆی کارەکان دووبارەبکاتەوە.
- ●قوتابی بەتوانا دەتوانی پێشـوەخت بـۆ مامۆسـتاکەی بابـەت هەڵبـژێرێت، وا باشـتر مامۆستا ڕێنمایی ئـەوان بکـات لـە چۆنییەتی بـەکارهێنانی ئـەو (١٢) خاڵـەی سەرەوە.

مەرج نییە لە هەموو دەرسێك و لە هەموو ڕۆژێك ئەم کارانـە دووبـارە ببنـەوە، ئـەوە جۆری بابەتەکەیـە کـاتی بـەکارهێنانی ئـەو ماڵپەڕانـە دەستنیشـان دەکـات. جـا نـابێ کاتەکەش لە چەند دەقیقەیەك زۆرتر بێت.

هیوادارم دام ودەزگاکانی پەروەردە لە هەریمی کوردستان، ئەم بابەتە، دەوڵەمەندتر بکەن و بیکەنە بەرنامە و پڕۆگرامـی خوێنـدن لـە باغچـەی سـاوایانەوە تـا قونـاغی زانکـۆ و بڕوانامە باڵاکان. دەتوانن لە نامیلکەیەکی تایبەت بەسەر هەموو مامۆسـتایانی دابـەش بکەن و ڕێنمایەکان وردتر ڕوونکەنەوە.

# (Facebook)

## نارنجۆکە سوارەکەی

## ناومستی هەرزەکاری کورد

**"Give everyone the power to share anything with anyone."**
**Mark Zuckerberg**

بەخەونی شەوانیش نە - (Ernest Rutherford١٨٧١- ١٩٣٧) دەیزانی پرۆژەکـەی (کەرتکردنی ئەتوم)ی بۆمبی ئەتۆمی پێدروست دەکرێ و دەبێتە هۆکاری کوشتنی و قڕکردنی هەزاران ژن و منداڵی بێ تاوان، نە (Mark Zuckerberg ١٩٨٤- )دەیزانی داهێنانە نوێیەکەی(facebook) ی کە بۆ خۆشیی هاوپۆلەکانی زانکۆی سازی کردبوو، دەبێتە ئامرازی (خێر و شەڕی) بەردەستی چەندان ملیارکەس! ڕەنگبێ بۆکەسانێ بێ ئاگا و بێ خەبەر (کۆمپیەتەر و ئینتەرنێت) هەر ئەو سندوقۆکە و دەستەباشییە و پاکەتۆکە بن کە بەچەندان شکڵ و شێوە لەبەر دەستماندان و وەك تەزبیح ڕۆژانە بە پەنجەکانمان یاریان پێدەکەین.

لەوەتەی ئەو مرۆڤە (بە مێشکە) لـە ئـەشـکەوتـەکـان هاتۆتـەدەرێ، شـەووڕۆژ هـەر سەرقاڵی داهێنانی نوێترە و عەوداڵی کـەشـفکردن و دۆزینـەوەی نـەهێنی و سـڕە لـەبـن نەهاتووەکانی ئەو هەسارە و گەردوون و بوونەیە. لێ بە درێژایی ئەو پێنج هـەزار سـاڵەی مێژووی (نووسین)، مرۆڤ نەیتوانیووە بە قەد ئەو (٥٠) ساڵەی دوایی شەقاو و عەمبـازی گەورە و مەزن و گرنگی بهاوێت. بۆیە گـوتراوە هـەمـوو شارسـتانییەتـی مرۆڤـ بخـەرە تاییەکی تـەرازووەوە گۆڕانکـاریی و پێشـکەوتنـەکـانی ئـەو (٥٠) سـاڵەی دوایـی بخـەرە تاییەکەی دیکە، هێشتا لە زۆر بواردا، تایی (٥٠) ساڵەکە قورستر دادەکەوێ. جا لـەنێـو خەرمانی داهێنانەکانیش ـ تا ئێستا ـ (کۆمپیەتـەر و ئینتـەرنێـت) تـاجی شـاهانەیـان بردۆتەوە و خۆیان سەرپاڵەی هەموو بوارەکانن. نەهێنییەکانی ئەو دوو داهێنانە، زۆر لەوە گەورەتر و ترسناکترن لەوەی کە ئێمە پێی دەزانیین. تۆ دەزانیێ ئیمڕۆ ئەو کۆمپوتەرۆکـە و ئینتەرنێتۆکەی (لەبەر دەستی تودایە) دەتوانێ ڕووبەڕووی زۆر هێزی سەربازی ئەتـۆمی و وشکانی و دەریایی و ئاسمانی وڵاتە زەبـەلاحـەکـانی وەك ئـەمریکـا و ڕوسـیا و چین و ژاپۆن.... ببێتەوە؟ دەتوانن مۆشەکـەکـانی ڕوو لـە مـانگ و مـەرێـخ بەهێنـەخـوارە و غەواسەکان ژێر زەریاکاندا بکەن شاخەکێوی بێ ڕۆح و وابکەن نووزەی سەرانی زلهێزتـرین دەوڵەت خەفە وکپ بکەن. هەروەك دەتـوانن سـەدان و هـەزاران خزمـەت وکـارگوزاری و ئاسانکاریش بۆ هەمووان پێشکەش بکەن.

(کۆمپیەتەر و ئینتەرنێت) هەر ڕۆژەی دەرگای بوارێکی زانستی دەخـەنـە سـەر پشـت، باوەڕ بفەرموون، داهێنانەکانیان هێندە خێرانە، کاتێك لە فەرهەنگەکاندا بـەدوای مانـای زاراوەکانیاندا دەگەڕێی، نایاندۆزیتەوە، چونکە دەروەست نایەن تۆماریانکەن. ئەو دووانە، ژیان و زانست وکۆی پەیوەندییەکانیان گۆڕی. جاران ئەدەب بە خولقێنـەر و نوێکـەرەوەی زەمان دادەندرا، ئیمڕۆ ئەو (جووتە خوشکە) ئەو بوارەشیان بۆخۆیان زەفتکـردوە، ئـەگـەر سەرێك بە فەرهەنگی (وشەزانی تۆڕناسی (Netymology) دابگریت، دەبینیت بە سـەدان وشەی نوێ داهێنراون یان داتاشراون یان خواستراونەتەوە و بەرگێکی دیکەیان لەبەرداکراوە کە مانا تازەکەی زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەوەی لە فەرهەنگە ئاساییەکاندا هەیە، جا زۆربـەی

ئەو وشانەی کە ئەو جووتە خوشکە بەکاری دەهەێنن وکردوویانن بە هی خۆیان، لە زانستی (وشەزانی Etymolog)دا مێژووی کۆنیان هەیە، هەیە بۆ سەردەمی گریك و ڕۆمانییە کۆنەکان دەگەڕێتەوە و هەشیانە داستان و ئەفسانە و حیکایەتی خۆش خۆشیان لەپشتەوەیە لێ هەمووکەس پێیان نازانێ.

زۆر گوتن، قورئان خۆشە، با بێنە سەر بەیتی مەقسەد کە (فێیسبووك و هەرزەکاری کوردە): وا دەگێڕنەوە: "مەلای مەشهور نیوەڕۆ دەگەڕێتەوە ماڵەوە دەڵێ حورمێ، زۆرم برسییە و سەرو دڵیشم ئەمڕۆ ڕحەتە، خوا چیداوە، سفرەکەم بۆ دانێ. هەرکە مەلاژن سینیەکە دەخاتە بەردەمی مەلاو مەلا دەست بۆ نانەکە دەبا، لەکۆڵان یەکێك هاوار دەکات و دەڵێ: دەرویش عەلی...دەرویش عەلی، نەتزانیوە: کەرەکەی ئۆمەرە شەلی لە قۆڕێ چەقیووە. یەکسەر مەلای مەشهور بە پشتی دەستی سینییەکە ڕادەدا و بە ژنەکەی دەڵێ: ئەوە نەمانخواد... دە وەرە هەڵێ گرە! مەلاژنیش جەرگسۆزانە پێی دەڵێ: جا مەلا، کەری ئۆمەرە شەل لە قۆڕێ چەقیووە، تۆ بۆ نانی خۆت ناخۆی؟ مەلاش لە دەمی دەداتەوە دەڵێ: ئاخر دەزانم، ئێستا دێن بانگی من دەکەن بچم ئەوکەرە لەو قوڕە دەربێنم. مەلا قسەکانی تەواو ناکات، لەو دیوی دەرگا، دوو زەلام دەڵێن: یاڵڵا...مەلا ناوی خوای لێ بێنە.. ئەوە کەرەکەی.....". جا ئیمڕۆ باوانی هەرزەکار و پەروەردەکارە دڵسۆزەکان، وەك مەلای مەشهوریان لێهاتووە، هەرکە منداڵە هەرزەکارەکانیان داوای مۆبایلی خۆیان کرد، خەمێك سەرو دڵی ئەوان دەگرێ، چونکە دەزانن، ئەو ئامرازە، زۆر جار لەو وڵاتە دا ژانەسەر و گێچەڵی بەدواوەیە! ناحەقیشیان نییە، مۆبایل و (فێیسبوك)ی دەست هەرزەکارانی کورد، بوونەتە هۆکاری دڵ لێکعادزبوونی برادەر و ئەندامانی خێزان و خزمو خوێ، بوونەتە هۆکاری شەڕچەقە و شەڕەچەقۆ، بوونەتە هۆکاری دواکەوتن و ساقیت بوونی خوێندکاران، بوونەتە هۆکاری بەخشینی هەزاران دۆلار، وەك سەرانە لە بڕی ئەنجامدانی ناماقوڵییەکی کۆمەڵایەتی، بونەتە هۆکاری خێزان هەڵوەشاندنە و تەڵاقدان، بوونەتە هۆکاری زیندانیکردن، بونەتە هۆکاری دوژمنایەتی، تەنانەت بونەتە هۆکاری بۆ دەستدرێژی سەر ناموسی خەڵك تا خوێن ڕشتنیش. (ئەم

ڕێزبەندییەی سەرەوە جیگەی سەرسورمان نییە، لە دادگاکاندا دۆسییە و پەڕاوی زۆریان لەسەرە).

(فێیبسبوك)، وەك ئامرازێکی پەیوەندیکردن لەگەڵ خەڵکانی سەرتاسەری جیهاندا، قازانج و سوودی یەکجار زۆر بۆ بەکاربەرانی دەستەبەردەکات. وەك دەشزانین، هەمووکەسێك دەتوانێ و مافی بەکارهێنانی ئەو ئامرازەی هەیە بەبێ لەبەر چاوگرتنی ڕەگەز و تەمەن و ئایین و بیروباوەڕ. ئەم ئامرازە بەکاربەر ئازاد دەکات لە هەڵبژاردنی هاوڕێیەکان و لە ئاستی قەوارەی بازنەی ئەو پەیوەندییانەدا، هەمیشە قامتێك بژاردە بۆ زۆربەی هەوارەکانی خراەوەتە بەردەست، دەتوانی بەگوێرەی حەزو ئارەزووی خۆت قەوارەی ئەو بازنە لە (تایبەتی و نیمچەکراوە و والای تەواو ) بۆخۆت هەڵبژێریت. ئیمڕۆ ژمارەی بەکاربەرانی (فێیسبووك)لەو (٧) ملیارو نیوەی حەشیمەتی جیهان، دوو ملیار و نیوی تێپەڕاندووە.

دەتوانینن ڕووە جوانەکانی (فێیسبووك) لەم خالانەدا چڕبکەینەوە:

لەسەر ئاستی بەکاربەر:

- دەتوانێ پەیام و بیروڕا و بۆچوون و لێکدانەوەکانی بخاتەڕوو.
- دەتوانێ هاوکاری و پشگیری و پشتیوانی خەڵکانی دیکە بکات.
- دەکرێ وەك کانگا و سەرچاوەیەکی زانیاری سوودی لێوەرگیرێت.
- دەتوانێ بە دەنگ و ڕەنگ و نامە پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێیانی بکات لە هەرکونجێکی ئەو سەرزەمینە بن.

لەسەر ئاستی هاوڕێ و هەوادارەکاندا:

- دەتوانی لە ئەحواڵ و بارودۆخی ئەوان وکەسانی دیکە ئاگاداربێت.
- دەتوانی لەچالاکی وکارەکان و بەرنامەکانیاندا بەشداربێت.
- دەتوانی لەبوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگا و نەتەوەکاندا شارەزایی پەیدابکەیت و سوودیان لێوەرگریت.
- دەتوانی لەوان فێرە زمان و زانست و ئەدەب و هونەر و مەعریفە بێت.

○ ڕێکلام و بازرگانیی سەرتاسەری پێدەکرێت.
○ بە چێژوەرگرتن لە چالاکی و بەرهەمەکانی ئەواندا دەتوانی باری دەروونی بێزار ئاوجۆش بدەیتەوە.
○ یاری و گێم وکات بەسەربردن، بەشێکی ئەو داهێنانەیە.
○ دەکرێ بۆ وەرگرتنی زانیاری تایبەت و توێژینەوەی ئەکادیمی و ئەدەبی و زانستی، پەیوەندی لەگەڵ کەسانی شارەزا وکارامە ببەستی.
○ لە چوارچێوەی کار و فرمانی خۆشتدا، وەك خوێندکار و مامۆستا و فەرمانبەر وکاسبکار و.......دەتوانی ئەو ئامرازە لەبڕی زۆر ئامێری دیکەدا بەکار بێنیێ، وەك ئیمێڵ و وێنە ناردن و وەرگرتن و دۆسیە گۆڕینەوە و...... تاد.

(فێیسبووك)ی تەمەن (١٣) ساڵان، پێشکەوتنی مە زنی بە خۆیەوە بینیووە، بەشداربووانی لە یەك کاتدا دەتوانن چەندان کار و چالاکی و نمایشی جۆراوجۆر ئەنجامبدەن. چۆن؟ ئیمڕۆ (فێیسبووك):

**ڕۆژنامەیە:** وەك سەرنووسەر و پەیامنێر دەتوانی بابەت بنووسی و ڕەخنە بگری و وەڵامی خوێنەرانیشت بدەیتەوە.

**تەلەڤزیۆنە:** دەتوانی ببیت بە بێژەر و پێشکێشکارو ئەکتەر، هەر هەواڵ و بەرنامەیەکت هەیێ پەخشی بکەت، هەر وەك دەشتوانی تەماشای کەناڵی کەسانی دیکەش بکەی.

**ڕادیۆیە:** ئەوەی ئیستگەیەکی ڕادیۆ دەتوانی پەخشی بکات، تۆش دەتوانی بابەتی خۆتی لێپەخش بکەی.

**سینەمایە:** دەتوانی هەم فلیمی خۆت و هەم هی خەڵکیش نمایش بکەی و تەماشاکەی.

**پێشەنگایە:** وەك هونەرمەند دەتوانکار و بەرهەمە هونەرییەکانت لەوێدا نمایشکەی.

**کۆنستێرتە:** جا خۆت پێشکێشکار بی یان بە شداربووی کۆنسێرتی کەسانی دیکەبی.

**سەکۆی ئازادە:** وەك سەکۆی گۆڕەپانەکانی ئەورووپا دەتوانی بێتە سەر سەکۆ و بیروبۆچوون وهزری خۆت ببێژی.

**پەرلەمانە:** دەکرێ وەك پەرلەمانتار داخوازی ویاداشتەکانی جەماوەر تاوتوێ بکەی و بیخەیتە بە رچاوی بەرپرسانی وڵات.

**پۆستەخانەیە:** هە رچی نامە و وێنە و دیاریت هەیە دەتوانی بۆ وەك پۆست بنێری.

**دادگایە:** دەتوانی تومەتباران ڕاکێشیتە بەردەم یاساو لێ پێچینەوەیان لەگەڵدا بکەی.

**بازاڕە:** دەتوانی ببیتە فرۆشیاری هەرکاڵایەکە هەتبێ، هەر وەك دەتوانی لە بازاڕی دوورترین وڵات ئەوەی دەتەوێ بیکری و داوای بکەی.

**قوتابخانەیە:** دەتوانی هەم ڕۆڵی مامۆستا و هەم ڕۆڵی قوتابی ببینی وەك (فێرکەر و فێرخواز).

**یاریگایە:** هەرچی یاری هەیە لەوێدا، دەتوانی ئەنجامی بدەی، تییدا بەشدار بی یان تەماشای بکەی.

**دیوەخانە:** دیوەخانێکی مەسرەف سووکە، دەتوانی لەگەڵ دۆست و ئەحبابان بەیەکەوە دانیشن وکات بەسەربەرن.

**گازینۆیە:** وەك گازینۆی ئاسایی، جیاوازییەکەی ئەوە یە چایی و قاوەیتیدا ناگێردرێ و لە سەر سکرینە.

**سەکۆی کۆڕی سیمینارە:** دەتوانی زۆرترین هەواداری بابەتی خۆت لەوێدا خڕکەیتەوە وکۆڕ و سیمینارو فیستیڤاڵیان بۆ بگێری.

**چاپخانەیە:** هەر بەرهەمێکت هەبێ لە ئەدەب و زانست و مەعریفە و هونەر دەتوانی لەوێ چاپی بکەیت وبیگەێنیتە هەر چوار ئیقلیمی دونیا.

**جێی ژووانە:** ڕەنگە بۆ هەرزەکاری کورد، کە دەرگاکانی دیکەی لێ قوفڵدراوە، ئەوێ ئەمانترین و بە ردەسترین و خۆشترین جێگە بێ بۆ پێگ گەیشتنی دوو دڵدار و بیروڕا گورینەوە.

**سەیرانگەیە:** کام شوێنت پێ خۆش و دڵگیرە، سەردانی بکەوە لێی ڕابوێرە.

**ژووری چاودێرییە:** دەتوانی چاودێری و موتابەعەی هە ر بە شداربووێك بکەی، لە دۆست و دوژمن، بەبێ ئەوەی ئەو پێبزانێ. (بۆیە وا باشترە کە لە سەفەر گەڕایتەوە، وێنەکانت بڵاوبکەیتەوە، نەکۆ تاکو دێیتەوە ماڵەکەی برابێت.

**ماڵی موختارە:** ناونیشان و ئەدرێسی هەر بە شداربوویەکت دەوێ لەوێدا چەنگت دەکەوێ.

**شوێنی کات بەسەربردنە:** خۆت سەرپشکی لە دەست نیشانکردنی ئەو شوێنەوە ئەوکاتەی بۆ پشوودانت هەڵیدەبژێری. (ئەرکی دیکە شی ڕەنگە هەبێ من پێمنە زانی بێ).

جا تو وەرە بەبێ بەشداریکردن لە هیچ خوولێك و بە بی چاودێرو سەرپەرشتیار و سانسۆر، ئەو هەموو ئیمکانییاتە بایەخدارو مەزنە و مەترسیدارە، بخە بەردەستی هەرزەکارێکی کورد، دەبێ چۆن ڕەفتار بکات!؟

ئێستا (فێیسبوك) حەقییەتی، بێ و یاخەمان بگرێ و بڵێ: کە من ئەو هەموو سوود و قازانجەم بۆ ئێوە هەبێ بۆ جێگەی مەترسیم و منتان کردۆتە نارنجۆکێکی ئەلقەترازاوی مەترسیدار؟

لەوەڵامدا دەڵێین: ببەخشە.. تۆ هیچ گوناح و خەتاییەکت نییە، ئەوەی کە مەترسییەکەی دروستکردوە، ئەو دووانەن کە بەیەکەوە گرێدراون:

(١) هەرزەکارەکان.

(٢) بارودۆخی ڕۆشنبیر وکۆمەڵایەتی و گوزەرانی ئەو کۆمەڵگایەی ئەو هەرزەکارانەی تیدا دەژی.

لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، بە ڕەفتە کتێب و لێکۆڵینەوە لەلایەن پسپۆڕ و شارەزایان، لە سەر ئەو دووانە نووسراون وکاریان پێدەکرێ. ئەوان پێشوەخت منداڵەکانیان لە هەموو لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەو ئامرازە ئاگاداردەکەنەوە و ڕێنمایی وردیان پێشکێش دەکەن. پێش وەخت بەربەست و بەنداو لەبەردەم مەترسی و دەرهاویشتە نەخوازراوەکان دادەنێن و ساتمە وکۆسپەکان تەخت دەکەن.

چۆن ئێمەش دەتوانین، بەمتمانە و بێخەم ئەو ئامرازە بکەینە دیاری جگەرگۆشەکانمان و دەستمان لەسەر دڵمان نەبێ؟

با شەرم لێکدی نەکەین، قورسایی هەڵە و خەتا وکارە نەشیاوەکانی هەرزەکارەکان، هەموو ناکەوێتە ئەستۆی ئەوان، دوو ئەندامی کارا وکاریگەری کۆمەڵ لەگەڵیاندا بەشداری ئەو هەڵە و خەتا وکارە نەشیاوانەن:

(١) باوانی هەرزەکار و خێزانەکەی.

(٢)مامۆستا و پەروەردەکارەکانی.

بۆئەوەی ئەو دووانە بتوانن ڕۆڵی کاریکەریی خۆیان بگێرن، دەبێ لەپێشدا ئەوان ڕەچاوی ئەو خاڵانە بکەن:

- باوانەکان دەبێ خاوەن فرمان و دەسەڵات و ئیرادە و پێگەی بەهێز بن کە هەرزەکارەکان گوێڕایەڵ و موتیعیان بن. (ئەم بابەتە لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ هەڵدەگرێ) داخیگرانم، لەبەر سەختی شێوازی پەروەردەکردنی منداڵ و نازپێدان و لاوانەوی بێحەد، زۆر لە باوانەکان ئەو خاڵەیان لە دەستداوە. بۆیە دەبێ ئەوان هۆشیارانە و ژیرانە و سەردەمییانە منداڵەکانیان پەروەردە بکەن و پێبگەیێنن.
- مامۆستا و پەروەردەکارەکان دەبێ کاریزمایانە و بەهەرەدارانە و بەرپرسانە هەوڵدەن هەرزەکارەکان بکەنە مورید و هەواداری خۆیان تا وەك قودوە ئەوان ڕێزیان لێبگرن و قسەکانیان بکەنە گوارە لەگوێ. ئەمەیش لەکۆمەڵگای کوردەواری ئیمڕۆدا ئاسان نییە، بەبێ بەرپاکردنی شۆڕشێك بۆ گەڕاندنەوەی (شکۆ و سەروەری بۆ مامۆستا و پەروەردەکار)،کە داخیگرانم، بە ئەنقەست و بێ ئەنفەست، زۆرکاڵبوونەتەوە و لەکەدارکراون.

خاتوو (Shawn Marie Edgington) لەکتێبی:

(The Parent’s Guide to texting Facebook and Social Media)ﺋ*

بۆ ڕێنمایکردنی باوان و مامۆستاکان لە چۆنیەتی بەکارهێنانی (فێیسبوك) لەلایەن هەرزەکارەکانەوە زۆر ئامۆژگاری دەخاتە ڕوو بۆئەوەی پێشوەخت ئەوانی لێ ئاگادارکەنەوە. ئەو دەنووسێ :

دەبێ هەرزەکار زانیاری لەو (یاسایانە) هەبێ کە تایبەتن بە (ڤێیسبووك) وەك :

- ئەوەی لە (فێیسبوك) لە دەنگ و ڕەنگ و ڕەسم بڵاودەکرێتەوە جارێکی دیکە ناسڕێتەوە و تاهەتایە دەمینێتەوە.
- شتەکان زۆر بەخێرای بڵاودەبنەوەو دەگەنە بەرچاوی هەموو جۆرەکەسێك.
- ئەو فۆتۆ و ڕەسمانەی بڵاوی دەکەنەوە، دەتوانرێ بە ئاسانی دەستکاری بکرێن.
- دەکرێ لە ڕێی (فێیسبووك)ەوە چاودێری بکرێت و جاسووسیت لەسەر بکرێ.
- بیگانە دەتوانێ بە ئاسانی بێتە ژوورەکەت و خۆت لێنزیك بکاتەوە.
- (هاککەرەکان) دەتوانن بەبێ پێزانینی تۆ بێنە ناو (ئەکاونتەکەت).

لەو وڵاتە پێشکەوتوانەدا، نابێ لە خوارتەمەنی (٨) ساڵی مۆبایلی تایبەت بەخۆی هەبێ و بەیاسا، تەمەنی هەرزەکار دیاریکراوەکە لە خوار (١٤) ساڵییەوە نابێ (ئەکاونتی فێیسبووك)ی هەبێ. ئەو هەرزەکاری مافیکردنەوەی ئەو ئەکاونتەی هەیە دەبێ پەیڕەوەی ئەو ڕێنمایانە بکات :

- بە هیچ شێوەیەك نابێ (پرۆفایل) دابنێ،
- نابێ وێنەی خۆی بە تەنیا یان لەگەڵ هاوڕێیانی بڵاوبکاتەوە.
- دەبێ (پاسویردی ئەکاونتەکەی) بداتە باوانی خۆی.
- دەبێ باوانی بزانن هاوڕێکانی کێنە و بەبێ پرسی ئەوانیش هاوڕێ وەرنەگرێ.
- گۆڕینەوەی نامەی تایبەت ڕێ پێدراو نییە.(Private Message)
- دەبێ ڕێز لە ئایین وکەلتوور و داب و نەریت و ڕەگەز و بیروبۆچوونی هاوڕێکانی بگرێ.

- دەبی بە هەموو شێوەیەك خۆی بەدوور بگرێ لە گۆڕینـەوەی (Sexting) نامـەی سێکسبازی.
- نابی بە هیچ شێوەیەك کامیرای ڕاستەخۆ (Alive) بەکار بێنیٚ.

دەبیٚ ئەو هەرزەکارانە، خوولی فێرکردنی (فێیسبووك) ببینن، لەوێدا فێـر دەکـرێن کـە دەبیٚ چی بکەن وچی نەکەن. فێری یاسای (IBR) یان دەکەن، واتا بەرکارهێنانی (Ignore, Block, Report)

تا زوو مەترسییەکان بڕەوێننەوە. فێر دەکرێن چۆن (Text) بنووسـن و چ جـۆر شـتێك (Tag)بکەن. خۆیان بەدوور بگرن لە هەراسانکردن و ئیحراجکردن و سووکایەتی پێکـردن و جنێودان و پەلار وتیروتانە. لەوانەش گرنگتر چەند جار دەبیٚ بیربکەیتـەوە پـێش ئـەوەی شتێك (پۆست) بکەی، چونکە دواتر بڵاودەبێتەوە ناتوانی بیسڕیتەوە.

ئیمڕۆ باوانەکان دەتوانن بە بڕە پارەیەکی زۆرکـەم بـەشـداری لـە (Parental Control) بکەن بۆ چاوێریکردنی منداڵەکانیان.

لەو وڵاتانەدا دوو جۆر لایەن هەنە کە یارمەتی باوان و مامۆسـتایانی هـەرزەکـارەکـان دەدەن ئەگەر پێویستییان بە هاریکاری بوو لە بواری (فێیسبووك)دا:

١) ئەوکۆمپانیانەی بە بڕێك پارەی مانگانە یـان سـاڵانە، بـە گـوێرەی یاسـا، چـاودێری (ئەکاونتی فێیسبووك)ی هەرزەکارەکان دەکەن، وەك:

WWW. Computer Cop. Com
Wired Safety
The Trevor Project
The Cyber bullying
One _ click _ Safety K.F.

٢) چەندان ڕێکخراوی مەدەنی هەیە کە یارمەتی و هاریکاری بەخۆڕا پێشکێش بە بـاوانی هەرزەکارەکان، لە بواری(فێیسبووك) دا دەکات، بەداخـەوە سـەرەڕای ئـەو هـەمـوو ڕێکخراوە مەدەنییانەی لەکوردسـتانی باشـووردا هـەیـە، تـا ئێسـتا نـەمبیسـتووە ڕێکخراوێکی تایبەت بە (فێیسبووك) یان تۆڕەکۆمەڵایـەتییـەکـان هـەبـیٚ، کـە زۆر بایەخدار و سوودبەخشە.

بۆ هەرزەکاران چەند ناونیشانێك هەیە کە دەبیٚ بە بەرپرسییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین و بەهەندیان وەرگرین:

١) ئاڵودەبوون بە (فێیسبووك (Facebook Addiction) وە ئاڵودەبوونە بەتیکستنووسین (Text Addiction):هەرچەندە تاکو ئێستا بە وردی ئەو دوو جۆرە ئاڵوودەبوونە دەستنیشان نەکراون و بۆچوونەکان جیاوازن، بەڵام بەگشتی هەرزەکار ڕۆژانە پتر لە (٢) سەعات خەریکی فێیسبووك بیٚ، یان پتر لە (١٢٠) نامە بنووسیٚ، دەبیٚ بە ڕێنمایی و ئامۆژگاری دەروونناسان و چاودێرانی قوتابخانە چارەسەر بکرێن.

٢) دەستەمۆکردنی منداڵ (Child Bullying) دەبیٚ هەرزەکار لەژێر چاودێری دابیٚ نەکۆ لەخۆی گەورەتر بە وەسیلەی جیاواز(وەك قسەی خۆش و لاوانە و بەرتیل دان و ترساندن) بۆ لای خۆیانی ڕاکیشن و دەستەمۆی بکەن. ئەمەیش ئەرکی باوان و پەروەردەکارانە.

٣) منداڵ ڕفاندن :(Child Kidnapping) هەرچەندە ئەوە لەلای ئێمە نییە یان زۆر زۆرکەمە، بەڵام دەبیٚ ئەو مەترسییە بخرێتە بەرچاوی منداڵ و لێی ئاگاداربکرێتەوە.

٤) بازرگانی ماددە هۆشبەرەکان :(Drug Dealer) ئەو تاقمە دەست پیسە هە وڵدەدەن سوود لە هەموو ئامرازێك وەرگرن بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکانیان، پێویستە هەرزەکار ئاگادار بکرێتەوە لەو موسیبەتە کوشندەییە.

پێش ئەوەی کۆتایی بە بابەتەکە بێنین، ئەو پێشنیازانە دەخەینە بەرچاوی ئەوکەسانەی بەرپرسی کێشەی هەرزەکارەکانی کوردن:

یەك: دەبیٚ ساڵانە بەلانی کەم دوو سیمیناری زانستی لەلایەن کەسانی بەتوانا و شارەزا دەربارەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و (فێیسبووك) بۆ هەرزەکارەکان سازبکرێت، لەو قوتابخانانەی هەرزەکاریان هەیە.

دوو: باشترە بۆ باوانی هەرزەکارەکان سیمیناری تایبەت بەو مەسەلەیە بگێڕدرێت و نامیلکە و بڵاوکراوە و زانیاریی سەردەمیانەییان پێشکێش بکریٚ.

سێ: هەوڵبدرێت ڕێکخراوی مەدەنی تایبەت بە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و (فیسبووك) دروستبکرێ و ڕێکلامی بۆ بکرێ تا بتوانن ببنە هاریکار و پشتیوانی باوان و هەرزەکارەکان ئەگەرتووشی کێشەیەك هاتن وکۆڕ و سیمینار بگێرن و و فلیم و ڤیدیۆیی تایبەت ئەو مەسەلەیە نمایش بکەن.

چوار: لە قوتابخانەکاندا دەبێ بە گوێرەی یاسا و بەرنامەکان چاودێری ئەو هەرزەکارانە بکرێت کە ئالۆودە بوون بە (فێیسبووك یان تیکست نووسین) و چارەسەریان بۆ بکرێت.

باوان و مامۆستایانی ئازیز: ئەگەر هەستت کرد کوڕ وکچە هەرزەکارەکانت پەیڕەوی ئەو یاساو ڕێنمایانەی بەکارهێنانی (فیسبووك) ناکەن وەك لێرە دا ڕوونمانکردە وە، ئەوا دەبێ موراجەعەتێکی شێوازی پەروەدەکردنەکەت بکەیتەوە و خۆت سەرکونە بکەی، پێش سەرکۆنەکرنی کەسانی دیکە!

---

*(The Parent’s Guide to Texting، Facebook and Social Media، By Shawn Marie Edgington، USA، A New Era in Publishing، 2011 )ﻻ

# مامۆستا،

# بە ڕێزتان، چەند زمانان دەزانن؟

**(مامۆستا، نیوەی زمانە و نیوەکەی**
**دیکەی زانست و مەعریفە و ئەدەبە.)**
**ف. ش.**

زمان هەر ئەو گوژمە دەنگە نییە کە لە گەرووماناوە دروست دەبن و لە لێوەکانمانەوە بە خش و بڵاودەبنەوە و بە نووکی قەڵەمەکانمان لە سەر کاغەز دەیاننەخشێنین، سەرچاوە وکانگاکانی داهێنانی زمان زۆرن، بە شێکیان ئەفراندنی کۆمەڵایەتین و بەشێکی دیکەیان داهێنانی مرۆڤن و داهێنانی بێئاگایانەی کۆمەڵگاش، لەو سەرچاوانە، پشکێکیان بەردەکەوێ. پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، باعیسی بنەڕەتیی پێشکەوتن و گەشەکردنی زمانن و پێچەوانەکە شی دروستە. زمان کتومت وەك مرۆڤ وایە: دوای ئەوەی پێدەگرێ، دەکەوێتە هەنگاو هاویشتن وبەرەوپێشەوە چوون، ئەگەر وەرزش و خۆراك و ژینگەی باش و تەندروستیی نەبێ، بەرەبەرە دەکەوێتە دارەدارە و پاشەکشە و و دواتر شەپڕەی لێدەداو دەکەوێ و دەمرێ... .

ڕەفتەکانی کتێبخانەکان، پشتیان کۆمبۆتەوە بەو هەموو کتێبە زۆرانەی کە دەربارەی مێژووی زمان و زانستی زمان و هونەری زمان و ئەدەبی زمان نووسراون. بە درێژای مێژوویش قەد زمان بە قەد ئەمڕۆ، بە قیمەت و بایەخدار نەبووە، بۆچی؟

- **چونکە زمان زێڕە:** لە بازاڕەکاندا دە فرۆشرێت. لە ساڵی (٢٠١٦) بەریتانیا بای یەك بلیۆن و (٧٤٠) ملیۆن دۆلار زمانی ئینگلیزی فرۆشتووە وکۆماری ئایرلەندای خوارووش ـ کە حەشیمەتەکەی هەر (٤) ملیۆن و نیوە ـ بای (٤٢٠) ملیۆن دۆلار، هەمان کاڵای فرۆشتووە.
- **چونکە زمان، چەك و جبەخانەیە:** کە ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی، وڵاتی میسریان شەپرزەکرد، داوای بڕێك قەرزیان لە فەرەنسا کرد تا خۆدەگرنەوە، فەرەنسا لە جیاتی سووختنە سەر ئەو قەرزە، کردییە مەرج، کە زمانی فەرەنسی لە قوتابخانەکانی میسر بخوێندرێت، ئەوانیش لە ناچاری نەیانتوانی ئەو مەرجە قبوڵنەکەن.
- **چونکە زمان سیاسەتدارە:** لەبەر ئەوەی زمانی فەرمی (بورکینافاسۆ)، هەر فەرەنسییە، کە (ئیمانیۆل مارکۆن)ی سەرۆکی حکومەتی فەرەنسا لە (٢٨ / ١١ / ٢٠١٧) سەردانیکردن، وەك سەرۆککۆماری خۆیان پێشوازییان لێکردوو هێندە داواکاری و مە تالیبیان لەو زۆر بوو، (ڕۆك مارك کریستیان)ی سەرۆکی (بورکینافاسۆ) بە تووڕەییەوە هۆڵەکەی بەجێهێشت.
- **چونکە زمان هێبەت و ناسنامە و شکۆیە:** کە (جارلس دیگۆل)ی سەر ۆکی فەرەنسا لە (٢٣/ ٤/ ١٩٦٩) سەردانی ئایرلەندای کرد، ڕێی پێنەدار بە زمانی فەرەنسی لە ناو هۆڵی پەرلەمانی (دبولن) وتار بخوێنیتەوە و ناچاریانکرد بە زمانی فەرمی ئایرلەندا ـ کە ئینگلیزییە ـ وتارەکەی پێشکێش بکات.

زمان زۆر لەوە مەزنتر و پیرۆزتر و بە نرخترە، لە وەی وەك وشە و ڕستەی سادەی ساردوسوڕ سەیر بکرێت.

گۆڤاری (Ethnologue Catalogue)، ژمارەی زمانەکانی دونیای، لە ساڵی (٢٠١٦) بە (٦٩٠٩) زمان ئەژمارکردووە، بەربڵاوترین زمان، وەك زمانی دایك، زمانی (چینییە)، وەك زمانی دووەمیش، بێگومان زمانی ئینگلیزییە. بیست ساڵێك دەبێ دەستەیەك لە زمانەوانانی دونیا خەریکی داهێنانی زمانێکن، بۆکۆی مرۆڤەکانی سەر ئەم هەسارەیە، چەند هەنگاوێکی وردیان هاویشتووە، بەڵام جارێ ئەو زمانە تازەیە هەر لە قۆناغی ئەزموون دایە. لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، خوێندکار لە زانکۆ وەرناگیرێت ئەگەر پتر لە زمانێك نەزانێ. نەوەی نوێی ئەو وڵاتانە زۆربەیان لە (٣) تا (٥) زمان دەزانن.

گەورەترین فەرهەنگی زمانیش کە( ٤٠) بەرگە فەرهەنگی (Woordenboek der Nederlandsche Taal)ی هۆڵەندییە.

ئەگەر دەشپرسی، دەبێ گەنجینەی زمانەوانیم چەند بێ بۆ ڕاییکردنی کاروباری ڕۆژانەی ژیانم؟ دەڵێین:

- فێرخوازی قۆناغی سەرەتایی: پێویستی بە (٢٥٠ ـ ٥٠٠) وشەیە.
- گفتگۆی ڕۆژانە: پێویستی بە (١٠٠٠ـ ٣٠٠٠) وشەیە.
- خوێندکاری ئامادەیی: پێویستی بە (٤) هەزار تا(١٠) هە زار وشەیە.
- مامۆستای زانکۆ: پێویستی بە (١٠) هە زار تا (٤٠) هە زار وشە.
- نووسەر و ئەدیب: سنووەرکە بۆ ئەوان کراوەیە. شاعیر و شانۆنووسی ئینگلیزیی (شێکسپیر) نزیکەی (٦٦٥٣٤) وشەی لە نووسینی بەرهەمەکانیدا بەکارهێناوە.

٭٭٭

مامۆستای خۆشەیست،

قەت ئەو زمانەی کە ڕۆژانە لە پۆلەکانتدا بەکاری دێنی، تۆمارکردوە و بۆخۆت گوێت لێگرتووە؟

ئەگەر واتکردبێ، ئەوا کارێکی یەکجار بایەخدارت ئەنجامداوە! بۆ؟

بۆ ئەوەی لە زمانەکەی خۆت تێبگەی.

هەرچەندە نووسەر ی ئینگلیزی (Geoffrey Willans ١٩٥٨-١٩١١)، دەڵێ:"تۆ لە زمانی خۆت تیناگەی هەتا بەلانی کەمەوە، دوو زمانی دیکەش نەزانی"، بەڵام ئەو زمانانەی کە فەرز و سونەتە و دەبێ مامۆستا بیزانێ، ژمارەکەیان لەوە زۆرترە، کە ئەو نووسەرە ئینگلیزە کردوویەتییە پارسەنگ.

بۆ وردتر شیکردنەوەی ئەو خاڵە ـ کە کرۆکی بابەتەکەمانە ـ نە ختێ قوولتر پێمەڕەی خامەکەم دادەگرم:

بڕوانن، ڕۆژانە، کە مامۆستاکان دەچنە پۆلەکانیان چیان پێیە! جگە لە کتێب و (Magic)ی نووسین...! بۆ؟ چونکە کەرەستەی سەرەکیی زۆربەیان هەر (زمان)ە. بۆیە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانی زمان و گەرووی مامۆستای خانەنشین، بڕێ پارەیان بۆ پاشەکەوت دەکەن.

ئێستا پرسیارێك یاخەمان دەگرێ: مامۆستاکان چۆن ئەو (کەرەستە) لە پۆلەکانیاندا بەکاردێنن؟

ڕەنگبێ (زمانی کوردی)کەرەستەی زۆربەتان بێ ـ جگە لە مامۆستاکانی بابەتی زمانی غەیرە کوردی ـ، بەڵام تۆ دەزانیت، کە ئەو زمانە زگماکەی تۆ، تێکەڵەیەکە لە چەندان زمانی شاراوەی دیکە کە پێویستە پێیان ئاشنابیت؟

یەك: دەبێ تۆ شارەزایی تەواوت لە زمانی ئەکادیمیا هەبێ (Academia Language).

زمانی ئەکادیمیا، ئەو زمانە ئەدەبی و فەرهەنگی و زانستییەیە، کە لە چوارچێوەی ڕێزمان و زمانەوانی تایبەت بە خۆی بەکاردێ. داخیگرانم، زۆربەی مامۆستاکانمان ئیمڕۆ، ڕێز لەو زمانە ناگرن، مامۆستای زمانی کوردی لە پشدەر و ڕەواندوز وکۆیە و خۆشناوەتی و باڵەکایەتی.....تاد، ئاخاوتنەکانیان لە ناو پۆلدا، هەر بەو شێوەزارەیە کە لەو ناوچانەدا بەکاریدێنن. (١*). زمانی ئەکادیمیا، تەنها بۆ مامۆستاکانی بابەتی زمان و زمانەوانی نییە، پێویستە مامۆستای ڕشتەی فیزیك، زمانی ئەکادیمیای فیزیکی بەکاربێنێ.... ڕشتەی بیرکاری، زمانی ئەکادیمیای بیرکاری پەیڕەوبکات...تاد. لێکۆڵینەوەکان، پشتگوێ خستنی ئەو زمانە یان ـ لە

سەر ئاستی هەموو عیراقدا، پشتڕاستکردۆتەوە، چونکە، بەدەگمەن، مامۆستاکانیان دەتوانن لە پۆلدا، بە عەرەبی فەسیح قسە بکەن!

دوو: زمانی چەمکەکان (Language of Concepts): ئیمڕۆ، زاراوە و چەمك وکلیلە وشە، لە پەرەسەندنێکی بێسنوور دایە، ئەوەی لە دوتوێی کتێب و پرۆگرامی خوێندن دایە، ژمارەکەیان زۆرکەمە.کاتێك مامۆستا بە زمانی چەمك و زاراوە بۆ خوێندکارەکانی دەدوێ، کەسێتی و هێبەتێکی زۆر پایەدارتر وەردەگرێ، بە بەراورد لەگەڵ ئەو مامۆستایەی کە (بازاڕیی) قسە دەکا. مە رج نییە ئەو چەمك و زاراوانە، هەر بە زمانە زگماکەکەی تۆ بن، دەکرێ زمانی خواستراوە بەکاربێنی، ئەگەر زانیت وشەی بۆ دانەندراوە. چەمك و زاراوە، لە درێژدادڕی وکات بە فیڕۆدان و لێلی دوورت دەخاتەوە.

سێ: زمانی دەروونناسیی (Psychological Language): داخیگرانم، هەرچەند لە قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆ، بابەتی (دەروونناسی) بایەخی پێدەدرێت، بەڵام ڕشتەی زمانی دەروونناسیی، لە لای ئێمە زۆرکلۆل وکەساسە! مەبەست لە زمانی دەروونناسیی، تیگەیشتنی ئێمەیە بۆکاریگەریی و پەرچەکرداریی و ورووژاندنی تاکی وشە لە سەر بیسەر. یەك تاکە وشەی بە هەڵە بەکارهاتوو یان زەلەیەکی بچووکی زمان، کافییە بۆکوشتنی خوێندکاریك. (جارێکی دیکەش باسمکرد: لەو ڕۆژەوەی، کە مامۆستاکەی بە کچە خوێندکارێکی گوت: "ملخوار"، ئەوکچە چاوی بە خوێندنگەکەی نەکەوتەوە).

چوار: زمانی پۆل (The Language of Classroom): قیمەتی ئەو زمانە لە قیمەتی زمانی ئەکادیمیا کەمترنییە. دەبێ مامۆستا بزانی. زمانێکی تایبەت هەیە پێیدەگوترێت زمانی پۆل. بەو واتاییەی، وشە و دەستەواژە و ڕستە هەیە، بە قەرارەی قەتعی نابێ لە پۆلدا بەکاربێ، وشەکان نە سێکسێن و نە جنێون، لێ دەنگدانەویان لە پۆلدا، دەگاتە ئەو پەڕی شار. با نموونەیەکتان بۆ بێنم: " لە ساڵی ١٩٧٥، ڕۆژێك، لە کاتی دەرچوونی خوێندکارەکانی ئامادەیی (فەلەستین) لە شاری

(ڕومادی)، هەر هەموویان، بە یەکەوە و بەبێ پسانەوە کەوتنە میاواندن... بەڵام چ میاواندنێك! خۆم لە خوێندکارێك نزیك کردەوە و، لە سرڕی ئەو میاواندنەم پرسی، گوتی: مامۆستا حەسەن ئیمڕۆ لە پۆلدا گوتی: من بە منداڵی لە پشیلە دەترسام. ـ جا ڕۆژ نە وو چەندان جار بە دزی و بە ئاشکرا بۆ ئەو مامۆستا بەدبەختە نەمیاوێنن."

پێنج: زمانی داڵانەکان (The Language of Corridors): بێگومان لە دەرەوی پۆلیشدا، پەیوەندی نێوان مامۆستاو خوێندکار هەر درێژەی هەیە. لێرەدا دەبێ مامۆستا، ئەو زمانە بەکاربێنی کە تیکەڵەیەکە لە زمانی مامۆستایانی ئاییني و زمانی باوك و زمانی هاوڕێ و زمانی دەستەبراو دەستەخوشکێکی نهێنی پارێز. تەنانەت لە سەیرانگاو ئاهەنگ و بۆنەکانیشدا، نابێ مامۆستا زمانە پاراو وشیرین و پاکەکەی خۆی لە بیربچێتەوە. بۆیە پێویستە قەت ڕێ بە خوێندکار نەدرێت بێ ئاگاداری، بێتە نێو ژووری مامۆستایان، نەکۆ مامۆستایەك ئاگادار نەبێت و قسەیەك لەگەڵ هاوپشەکانیدا بکات و ئەو خوێندکارە بیبیستێ!

شە ش: زمانی سیحر (The Magic Language): ڕەنگ بێ بۆ ئەم ڕۆژگارەی وڵاتەکەمان، ئەم زمانە بۆ مامۆستاکانمان قیمەتی تەواو نەبێ. ئەو زمانەش دوو شێوە زاری هەیە : یەکیان تایبەتە بە ناو پۆل و بۆ ئەو خوێندکارەیە کە بارودۆخ و زروفێکی تایبەتی هەیە و دەبێ مامۆستا بەو پەڕی نەرم و حەلیمی و هێمنی وپشوو فراوانییەوە مامەڵە و ڕەفتاری لەگەڵدا بکات، بە مەرجێك نە خوێندکارەکە وا هەست بکات کە مامۆستاکەی بۆی دادەنوێنێت و نە مامۆستاکەش هەست بکات، ئەو زمانە لە پایە و مەقامی ئەو کەمدەکاتەوە. ئەو زمانە تەنها لەکاتی پێویست بەکاردێ و نابێ ببێتە زمانێکی ڕۆژانەی مامۆستا. شێوەزاری دووەمی، کە دەرەوەوی پۆلە. قەت هیچ شتێك بە قەد ئەوکاریگەری لەسەر خوێندکار نییە، بۆ ڕێنمای و پێشنیار و ئامۆژگاری، لە دەرەوەی پۆل بیدوێنی، بەومەرجەی خۆت بە جەرگسۆزی ئەو بزانی و ئەویش هەستی پێبکات. زۆرجار مامۆستای دیکە هانا بۆ

ئەو مامۆستایە دەبەن کە شارەزایی لەو جۆرە  زمانە هەیە، کە من بە (زمانی سیحر) ئاماژەم پێداوە.(٢*).

حەوت: زمانی قۆناغەکان (The Stages Language): ئەوەندەی من لە خوێندنگاکانی کوردستان، هەستم پێکردبێت، ئەو زمانە زۆر پەرێشان و زەبوونە لەلای زۆربەی مامۆستاکان. مەبەست لەو زمانە، لەبەرچاوگرتنی ئاستی زمانەوانی و زانستی و مەعریفی خوێندکارە لە قۆناغێکی دیاریکراودا. نابێ مامۆستای ڕشتەی زمانی کوردی یان زمانی ئینگلیزی لە  قۆناغی حەوتەمی بنەڕەتی، بە هەمان وشە و دەستەواژە و ڕستە و زاراوە و چەمك و ڕەوانبێژی قۆناغی یانزدە گوزارشت بکات. ئەگەر مامۆستایەك چوار قۆناغی هەبێ، ئەوا دەبێ بە چوار زمان قسە بکات، هەر قۆناغەی زمانی خۆی گەرەکە. جا ئەگەر مامۆستاکە، ئەوەی نەکرد، ئەو خوێندکارانەی کە زووتر دەرسی پێداون، لە قۆناغە هەڵکشاوەکانیاندا، هیچ موعجب نابن بە کەسێتی ئەو و زوو لێی بێزار دەبن، ئەو جگە لەوەیکە باری خوێندکارەکە زۆر قورس دەکات بە زمانە قورسەکەی خۆی.

هە شت: زمانی ڕۆشنیری (Educational Language): لە دیدی مندا، ئەو مامۆستایە سەرکەوتووە وکارامایە، کە لە خوێندنگەکەیدا، ناڕاستەخۆیانە، دەبێتە مامۆستای خوێندکارو بەڕێوەبەرو مامۆستا و گارگوزارو باوانی خوێندکارەکان. ئەو جۆرە مامۆستایە، پێویستی بە زانینی زمانی ڕۆشنبیریە، ئەو زمانەی لە کاتی وتار خوێندنەوەدا لە گوڕەپانی خوێندنگە دا، نەك هەر خوێندکارەکان سەرسام دەکات، بەڵکو زۆر لە مامۆستاکانیش ئیرەیی پێدە بەن. ئەو زمانەیە کە لە کاتی کۆبوونەوی باواندا، هەڵگرانی بڕوانامە بەرزەکان، پێی شاگەشکە دەبن و لێی تیرنابن و سوود لە زانیار و پێشنیاز و پێشنیارەکانی وەردەگرن. تا بگەیتە ئەو مەقامە دەبێ کتێبخانەیەك بخوێنیتەوە و، تەواو تێکەڵ بە کەلتوورو ئەدەبی ئەو کۆمەڵگایە بێت و پاشخانی باشت لە بواری سۆسیۆلۆژیی و ئەنترۆپۆلۆژیی ئەوان هەبێ و ئاسۆی ڕۆشنبیریی گشتیشی فراوان و والا بێ. نلسن ماندێلا (١٩١٨ - ٢٠١٣) جوانی

گوتوە:" ئەگەر قسە بۆ یەکێك بکەی بە زمانێك، ئەوا قسەکانت دەچێتە مێشکی ئەوکەسە، بەڵام ئەگەر بە زمانی خۆی قسەی بۆ بکەی، ئەوە قسەکانت دڵی دەسمێ."

نۆ: زمانی جەستە (Body Language): زانستی زمانی جەستە کە پێیدەگوترێت (Semiotics)، پەیوەستە بە شیکردنەوە و لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی ڕوخسارو سیماو ڕەنگ و ڕوو و جولەی ئەندامەکانی جەستەی کەسێك، بۆ باشتر تێگەشتن لە خوێندنەوەی باری دەروونی و هزری و هەست و هۆش و سلوکی ئەو کەسە. ئیمڕۆ، ئەو زانستە، کە لە زانکۆکاندا دەخوێندرێت، وەك پسپوڕایەتی پزیشکی، بە دەیان لق و چڵ وپۆپی لێبۆتەوە، بۆ نموونە. زانستی جولەی چاو، کە پێیدەگوترێت (Oculesics)، تایبەتە بە خوێندنەوەی چاووبرۆ، وەك تایەر تۆفیقی هونەرمەند گوتەنی" بە دەم جنێوم پێدە داو / بە چاو پێم دەڵێ وەرە ". بۆ مامۆستا بایەخی ئەم زمانە، لە دوای زمانی ئەکادیمیا بە پلەی دووەم دێ. ـ لە دیدی منەوە ـ ئەو مامۆستایەی کلۆڵ وکەساسە لەو زانستە بە کەلکی دەرس گوتنەوە نایە. هەرچەندە بە دەیان کتێب دەربارەی ئەو زانستە لەبەر دەست دایە، خۆمان، لە ئەزموونی ڕۆژانەمانەوە، دەتوانین خیبرە لەو زمانە پەیدا بکەین. بایەخی زانینی ئەو زمانە بۆ مامۆستا لەوە ودایە کە یارمەتی ئەو دەدات:

- لە تێگەیشتنی لە کەسێتی خوێندکارەکانی.
- لەوەی چەند ئەوان لە دەرس و ڕاڤەکردنەکانی ئەو تێدەگەن و هەرسی دەکەن.
- لە ڕێگرتنی پێشوەخت لە ڕووداونی زۆر کاروکرداری نەخوازراوە لە ناوەوە و دەرەوەی پۆلدا.
- لە ڕێی چاوی ئەوانەوە، مامۆستا لە کەسێتی خۆی تێدەگاو هەست بە لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ڕەفتاری خۆی دەکات.

مامۆستای کارامە و بە خولق، لە ڕێی چاوە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ خوێندکارەکانی پتەوتر و تۆکمەدارتر دەکات و هەمیشە لەکاتی دەرس گوتنەوە و گفتوگۆکردنیدا چاوی دەبڕێتە ناو چاوی ئەوانەوە تا پتر سەرنجیان بۆ لای خۆی ڕاکیشیت. (٣*)

مامۆستایانی بەڕێز، ئەوەندەی زانینی زمانەکان گرنگی خۆیان هەیە، شارەزایی لە هونەری بەکارهێنانی ئەو زمانانە، گرنگیی ئەوان لە پڕاکتیزەکردنیاندا دەسەلمێنێ. چونکە بەکارهێنی زمان هونەرە.

دەبا بۆ قەدرزانیی زمانەکەمان هەمیشە ئەو وتە جوانەی خاتوو (Rita Mae Brown ١٩٤٤ ــ )ی نووسەر لە بەرچاو بگرین کە دەڵێ:"زمان نەخشە ڕێگای کەلتوورو مەعریفەیە، پێتدەڵی ئەو خەڵکە لە کوێوە هاتوون بۆکوێ دەچن."

تێبینی: ڕەنگبێ، تۆی مامۆستای ئازیز، بە زمانی دیکەش ئاشنا بیت و بەندە زانیاری لە سەر نەبێ. جگە لە زمانی ئاکادیمیا و زمانی جەستە، بەندە، ناونیشانەکانی زمانەکانی دیکەم بۆ ئاسانکاری بابەتەکە، داهێناوە.

---

(١*) لە گفتوگۆی تیزی دکتۆرای خوێندکارێك، لە یەکێك لە زانکۆکانی کوردستان، ئامادە بووم، سرنجمدا، هەر (٥) مامۆستاکانی تەنها لە یەکەم چارێکە سەعاتدا، بە کوردی ڕەوان و فەسیح گفتوگۆکان یانکرد، دواتر بوو بە زمانی گازینوێ مەچکۆ (بەداخەوە ).

(٢*) لە کۆیە شێتێك هەبوو،کە برسی دەبوو دەستی دەوەشاند وکەس نەیدەوێرا لێی نزیك بێتەوە، جار بووە بە دوو سێ پۆلیسان دانەدەسەکنا، بە (سابیر حەلوا) ـ کە کە سایەتییەکی کۆیە بوو، دەچووە بن گوێی، دوو قسەی لەگەڵ دەکرد، وەك دوو برادەری گیانی بە گیانی لە چایخانەیەك دادەنیشتن و خواردنی بۆ دەهێناو دەیدایی و بە جوانی دەیخواردو هێورد و ئارام دەبۆوە. نهێنییەکەی لەوە دابوو، ئەو پیاوە بە زمانی ئەو شێتەی دەزانی.

(٣*) لە ئەزموونی مامۆستایەتیم، لە دەیان بۆنە و ڕووداودا سوودم لە زمانی جەستە وەرگرتووە. لە دووبارەکردنەوەی ڕاڤەکردنەکانم بۆ ئەوانەی تیینەگەیشتوون و لە

هەستکردن بە محاوەلەی خوێندکار بۆ گزیکردن (قۆپیەکردن)ی پێشوەخت و لە ڕزگارکردنی بە لانی کەم (٣) لە خوێندکارەکانم لە خۆکوشتن. با ئەوە تان بۆ بگێڕمەوە:

"لە گەرمەی دەرس گوتنەوەدا بووم لە پۆلی (١٢) زانستی، گوێم لە قرەچەی شکاندنی قەڵەمێکی داربوو، هیچ خۆم نەشێواند،کە پارچەی قەڵەمە شکاوەکەم لە ژێر ڕەحلەی خوێدکاریك بینی و هەستمکرد ڕەنگی پەڕیووە و تە واو تیکچووە، کە زەنگ لێیدا، چوومەلای و (سویچی) ئۆتۆمبیلەکەی خۆم دایەوە داوم لێکرد بچی جانتاکەم بۆ بێنێ. کە ئەو گەیشتە لای ئۆتۆمبیلەکە من گەیشتمە سەری و بۆم ڕوونکردەوە کە من ئەوم هێناوتە دەرەوەی قوتابخانەکە تا وەك جەرگسۆزێك قسەی لەگەڵ بکەم. چونکە شکاندنی قەڵەمە دارەکەت زۆر شتی پێگوت، ئەویش بە ڕاشکاوی سەرلەبەری کێشە خێزانیەکەی نێوان خۆی و باوکە سەرپەرشتیارەکەی بۆکردم. بەندە بە پەیوەندیکردن بە باوکی و بە دانیشتن لەگەڵ ئەو خوێندکارە، سەرکەوتووانە کێشەکانمان چارەسەرکرد."

# مامۆستا، هەڵێ، پۆلیسە!

**(لە هەرکوێ، شکۆی مامۆستا شکێندرا،**
**لەوێ قەڵای نەتەوایەتی دادەڕوخێت و جوانی**
**نیشتمان هەرەس دێنێ.)**
**ف. ش.**

* وای بۆ گێڕامەوە: " وا بزانم ساڵی (١٩٤٣) بوو، هەر دوو سێ ڕۆژ بوو، بەکەفالەت لە بەندیخانەیەکی شاری بەغدا ئازادکرابووم، ئێستا بریاری دەستبەکار بوومەنەوەم وەك مامۆستای سەرەتایی لە قوتابخانەکەم بۆ دەرنەچووبۆوە، یەکەم ڕۆژم بوو لە ماڵ بچمە دەرەوە، هەر گەیشتمە ئاقاری شەقامی ڕەشید، دوو گەنجی تازە پێگەیشتوو، ئیشارەتیان بۆ منکردو، گوێم لێ بوو گویتان: کوڕە خۆیەتی... مامۆستا جەمالە! منیش لە تاو ئەو تەعزیب و ئەشکەنجەییەی لە بەندیخانە بە چاوی خۆم دیتبووم، بریارم دا خۆ بەدەستەوە نەدەم وکەوتمە ڕاکردن. لەم کۆڵان بۆ ئەوکۆڵان... هیلاك بووم. ئەوان زۆر لەمن بەغارتر و چالاکتر بوون، کە منیان گرت، پڕیان دامێ ماچمکەن، گوتیان: مامۆستا گیان، بۆ ڕادەکەی؟ ئێمە قوتابی جەنابت بووین،کە

چاومان پێتکەوت گەشاینەوە لە خۆشیان! منیش، هەناسەیەکم هەڵکێشاوگوتم: دەك ماڵتان بە قوڕێ گیرێ ! من وامزانی (ئەمن) و جاسووسەکانی حکومەتن."

* (١٩٧٥): حەفتەی یەکەمم بوو لە شاری ڕومادی، وەك مامۆستا دەستبەکار بووم، بێ خانەخوێ و بێ بنەوان، ناچار لە ژوورێکی (٣) قەرەوێلەیی، هوتێلێکی مامناوەندی دابەزیم. پاش دوو سێ ڕۆژ مامۆستا لەتیف بەرزنجی، کە خەڵکی کەرکوك بوو، بووە هاوژوورم، کە شەوکاتی خەوتن هات و چراکەمان کوژاندەوە، شتێکی زۆر سەیرم لەو مرۆڤە دیت و ترسام:

قەرەوێڵەکەی مامۆستا لەتیف لە گۆشەی ژوورەکە بوو، سەرنجم دا وردە وردە مامۆستا قاچەکانی بۆ ناو گۆشەی دیوارەکە بەرزدەکاتەوە و سەرینەکەشی بۆ ناوەندی قەرەوێڵەکە دەخزێنێ، تا وای لێهات ناوقەد وهەردوو قاچی ئەو مرۆڤە وەك دووکۆڵەکەی دار، لەگەڵ گۆشەی دیوارەکە جووت بوون و مامۆستا تەنها سەری لەسەر قەرەوێڵەکە مایەوە، وەك بڵێی ئەو زەلامەیان سەرەو ژێر هەڵواسی بێ! زۆری پێنەچوو مامۆستا کەوتە خەوێکی خۆش. نازانم ئەو شەوە چۆن ڕۆژم لێبۆوە،کە لە بن سەرپۆشەکەوە بەتیچاوێك تەماشام دەکردێ، موچڕکم بەلەشی دادەهات.

بۆ بەیانی، بەبێ ئەوەی من هیچ پرسیارێك بکەم، مامۆستا خۆی زۆر بە هێمنی و پەرۆشییەوە گوتی:" بمبورە، دەزانم ئەمشەو ئیزعاجم کردی، ئاخر من (٤) ساڵ لە ژووری ئیفرادی دا، سەرەوخوار، قاچەکانم هەڵواسرابوون و دەبوایە شەویش هەر وا بخەوم، بۆیە ئێستا ناتوانم و نازانم وەك ئێوە لێی ڕاکشێم و بخەوم!"

* (١٩٨٥): مامۆستا سەعدی وای بۆ گێڕامەوە "هەرچەندە ئێستا باش دونیا ڕووناك نەبۆوە، سەرمای زستان نەشکا بوو، لە جیاتی خۆم، هاوژینەکەم ناردە نانەواخانەکە، چونکە یەك دوو ڕۆژ پێشتر، بەیانی زوو هێزێکی پۆلیس و (ئەمن)، خەڵکێکی زۆریان لەبەردەم نانەواخانەکانی شاری کۆیە گرتبوو و یەکسەر بۆ (جەیشی شەعبی) ڕەوانەی کەرکوکییان کردبوون. جا بۆ قوتابخانەش دەبوایەکۆڵانەوکۆڵانە بە ترسەوە ڕێبکەم و بە هیچ جورێك لە شەقامی سەرەکی نزیك

نەبمەوە. قوتابخانەکەشمان وا هەڵکەتبوو، لە دوورڕا دەزانرا گەر یەکێك بەرەو ئەوێ بێ، بۆیە بەڕێوەبەرەکەمان،کارکوزارێکی لەبەردەرگا دانابوو، هەر پۆلیس و جاش و (ئەمن) بەدیارکەون، بێ خەبەرمان داتێ.

دەرسی سێیەم بوو، خۆم و قوتابییەکان لەگەڵ وانەکەم تەواو سەرگەرم بووین، ئەوەندەم زانی، قوتابییەك خۆی بە پۆلەکەداکردو خێرا گوتی: مامۆستا... هەڵێ، پۆلیس هات! منیش دەرپەڕیمە دەرەوە و لەو لەحزەیەدا هیچ شوێنێکم لە ئاوەدەستخانەی قوتابییان بۆ خۆشاردنەوە بە باشتر نەزانی. زەنگی پشوو لێیدا بوو، قوتابییەکان لە دەرگای ئاوستەخانەکەیان دەدا، پێم عەیب بوو بەبەرچاوی ئەوان بێمە دەرەوە، هەر ئحم ئحم بوو....کاتێك زانیم دەنگە دەنگ و هەرواهۆریا نەختێ هێور بۆوە، هاتمەدەرەوە و لە پشتەوەی حەوشەکەدا بەسەر شوورەکەدا بازێکم داو خۆم گەیاندەوە ماڵێ. ئەو ڕۆژە یەك دوو مامۆستا وکارگوزارێکیان لێگرتین و بۆ جەیش شەعبی ڕەوانەی کەرکوکیان کردن."

هەرچەندە پێش ئەوەی عیراق بکەوێتە ژێر فەرمانراوایی ئینگلیزەکان لە ساڵی (١٩٢١)، عوسمانلییەکان لە شار و شاروچکەکان نیزامی خوێندنیان لە حوجرەی مزگەوتان گوڕی بۆ قوتابخانەی سەردمییانە. بەڵام ئینگلیزەکان پێشکەوتوانەتر و زانستییانەتر سیستەمەکەیان بەرەو پێشەوبرد. پشکی کوردستانیش لە ژمارەی قوتابخانەوەو مامۆستاو قوتابی، هەرچەندە وەك پێویست نەبوو بەڵام خراپیش نەبوو. کاتێك لەگەڵ ڕۆژگاردا، ژمارەی مامۆستاکانی کورد بەرەوهەڵکشان چوو، قوناغیکی نوێ لە مێژووی پەروەردەو فێرکردنی کوردستان دەستی پێکرد. بەڵام حەیف و مەخا بن، لەبەر بیری نەتەوەپەرستیی و ڕەگەزپەرستیی و ڕۆحی چەوساندنەوەی نەتەوە بچووکەکان و باڵادەستی داگیرکەران و نادادپەروەری و زوڵم و ستەمی ڕژێمە یەك لەدوایەکەکانی بەغداو بەردەوام بوونیان لە پێشێلکردنی مافی نەتەوەیی کورد، بوونە هۆکاری چەوساندنەوەو یەخسیرکردن و بەکویلەکردنی مامۆستای کورد. بۆچی وە چۆن؟

دەکرێ بڵێین تاکۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، مامۆستای کورد، لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، پێگەو مەقام و مەنزڵێکی یەکجار پڕ شکۆی بەقەرد و قیمەتیان هەبوو. لە

ڕووی ڕۆشنبیری و فکر و زانست و مەعریفە بە ئاگاو زیرەك و چەلەنگ بوون، لە دڵسۆزیی و خەمخۆرییان بۆ منداڵانی کورد هەر دەتگوت دایك و باوکی ئەوانن، لە هۆشیاریی و بیر نەتەوایەتی و خەباتکردنیاندا لە پێناو ئایندەی خۆشتر بۆکورد نەك هەر بێ قسوور بوون بەڵکو، قوربانی یەکجار زۆریانشیان داوە. ئەوان کەسێتییەکی یەکجار بەرز و باڵایان هەبوو، بۆیە خۆیان بە ڕابەرو ڕێبەرو پێشەنگی نەتەوە دەزانی. لە ڕووی ماددیشەوە، گوزەرانیان باش بوو، کە قائیمقام مووچەکەی (١٠) دینار بوو، مامۆستای تازە دەستبەکار، (٧) دیناری وەردەگرت ـ کە دەیکردە نزیکەی (٤) ملیۆن دیناری ئیمڕۆ ـ. جا چونکە مێژووی کورد بە بێ پسانەوە، زنجیرە شۆڕش و بەرەنگاربوونەوەو یاخی بوون بووە دژی ڕژێمەکانی بەغدا، کە هەرگیز ئامادەنەبوون دان بە مافە ڕەواییەکانی کورد بێنن، مامۆستا هەمیشە چراوگ وئاگر و بڵێسەی ئەو شۆڕش و یاخی بوونانە بووین و لە دیدی دەسەڵاتدارانی بەغدا، ئەوان وەك خائین و ئاژاوەچی سەیردەکران. دەتوانم بڵێم لە ساڵی(١٩٢١) ەو تا ساڵێ (١٩٦٩) بە دەگمەن مامۆستای کورد هەیە، زیندانی نەکرابێ، ئەشکەنجە نەدرابێ، بۆ خواروو و ناوەندی عیراق نەفی نەکرابێ، نانبڕاو نەکرابێ، یان موختەفی و دەربەدەر نەبووبێ، تا دەگاتە لە سێدارەدان و گوللەبارانکردن. لە دوای ساڵی (١٩٧٤) یشەو تا ڕاپەڕینی (١٩٩١) لەکوردستانی باشووردا، بە سەدان مامۆستا شەهید بوون و بوونەکەمئەندام و بەناحەق خزێنرانە ژوورکانی تەعزیب و زیندانەکانی عیراق. ڕژێمە کوتاداچییەکانی بەغدا دەیانزانی مامۆستای هۆشیارو ڕۆشنبیر، کۆمەڵگای زیندوو و پێشکوتوو و سەرکەوتوو بونیاتدەنێ، بۆیە شەو و ڕۆژ لە تەگبیرو دەسیسەو نەخشەو پیلانی گڵاو و پیس دابوون لەدژی مامۆستا، تا لە سەردەمی حوکمی (ئەحمەد حەسەن بەکر)کە گەرچی بۆخۆشی مامۆستا بوو، بە قەستی و لە پێناو مانەوەی خۆیان، هێندە شکۆی مامۆستایان شکاندو سووکیان کردن،کچان پێیان عەیب بوو شوویان پێبکەن!

لە گەڵ یەکەم بروسکەو تریشقەی ڕاپەڕین، کە چەندان مامۆستای ئازا و قارەمان بوونە ئاگر و سوتماکی ئەو ڕۆژە تازیە و ڕۆحی پیرۆزی خۆیان لە پێناوی ئازادی و خۆشگوزەرانی ئێمە بەخشی، مامۆستایان چاوەڕوان بوون خەونە پەمەییەکان و ئاواتە خنکێنراوەکانی

لەمێژینەیان، زوو بێتەدی و دەرگا زنجیرلێداوەکانی سەریان بکرێنەوە سەرپشت و ڕۆژگـارو سەردەمێکی نوێ لە دایك بێ، هەم ئەوان لەساییەدا بحەسێنەوەو، هەم بتوانن، چالاکانەتر ڕەنج بکێشن تا خەونە پیرۆزەکانی نەتەوە وەدیبێنن. بەڵام بەداخەوە، هەرچـەندە لـە ڕۆژە سەختەکانی دوای ڕاپەڕین، دیسان مامۆستا بـە بـەردەوامی، بـە ئـارەق و بـە خـوێن و سەروماڵ، قوربانی زۆری لە پێناو خاك و نەتەوەدا، خەون و ئاواتەکانی، وەك ئەو خوازیار بوو، نەك هەر نەهاتنە دی، بەڵکو زۆریان سیس و ژاکاو هەڵگەران و هەڵوەرین!

برینەکان زۆرن، برینەکان قوولن، برینەکان بەسۆن، نامانەوێ بیانکولێنینەوە.

ئەوەی کە بەندە نیازیەتی لەم نووسینەدا بیخەمە ڕوو، ئەوەیـە کـەکاتی ئـەوە هـاتووە حکومەتی هەرێمی کوردستانی باشوور، دادپەروەرانە ددان بە مافەکانی مامۆستا بێنێ و بە جددی هەوڵی دەستەبەرکردنیان بدات. مافەکانی مامۆستا نە خێرە و نە سـەدەقەیەو و نە منەتە و نە شاباش. لە جاڕنامەی مـافی مرۆڤ و لـە جاڕنامـەی مـافی منـداڵ و لـە دەستووری ڕێکخراوی (یۆنیسـکۆ)ی نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا، بـە ڕیزبەنـد ئـەو مافانـە چەسپێنراون و فەرز و واجیبە لەسەر بەرپرسـان کـە بـۆ ئـەوانی جێبـەجی بکـەن و نـابێ بچووکترین خاڵی ئەو مافانە بەهەند وەرنەگیرین یـان بـە ئەنقەسـت خۆیـان لێبدزرێتـەوە وفەرامۆش بکرێن.

دەبێ ئەوش بکرێتە گوارەو گوێی بۆ بسمن، لەهـەرکوێ، لـە هـەر وڵات وکیشـوەرێك، بەقەست و بەغەرەز، شکۆی مامۆستا شکێندرا، ئەوا قەڵای نەتەوایەتی ئەوێ دادەروخێت و جوانی و پیرۆزیی نیشتیمانی هەرس دێنێ، ئەو وڵاتە، وەك گوماوێکی ئاو لێـبڕاو، وردە وردە بچووك دەبێتەوە وشك دەبێ و دەبێتە بیابانێکی قاقر و چۆل و هۆل.

خوێنەرانی بەرێز، مامۆستایانی ئازیز و بەرپرسانی هەرێم، هەرچـەندە دەسـتورەکان ڕێ بە هێندێ دەستکاریکردنی ئەو مافانە دەدەن، بە گوێرەی داب و نەریت و ئایین و هێندێك عورف و عـاداتی ڕیـزلێگیراوی کۆمـەڵگاکان، بـەو مەرجـەی باشـتر و سـەرکەوتووترانە خزمەت بە مامۆستا بکەن، بەڵام مافە سەرەکیی و بنەڕەتییەکانان زۆرن، هـەر بـۆ وەبـیر هێنانەوەتان، فەرموون بیانخوێنەوە:

ئەمە. لەلای هەمووان یەکلا کراوەتەوەکە : خوێندن و فێرکردن، مافێکی بنەڕەتیی هەموو مرۆڤێکە. ئەرکی جێبەجێکردنی ئەم مافەش لە ئەستۆی حکومەت دایە. بڕوانە بەندی (٢٦) لە جاڕنامەی مافی مرۆڤ و بەندی (٥، ٧، ١٠)ی جاڕنامەی مافی منداڵ. لە دەستووری ڕێکخراوی (UNESCO) شدا (١٤٦) بەند بۆ ئەم پڕۆگرامە تەرخانکراوە. فێرکراو لێرەدا منداڵێکی ساو دەگرێتەوە ـ ئەگەرکەمئەندامیش بێ ـ تا خوێندکاری دوایین قۆناغی زانکۆ. مامۆستاش، هەموو ئەوانە دەگرێتەوەکە مامۆستایەتی پیشەیانە، جا چ لە دەزگای حکومەتیی یان دەزگای ئەهلیدا کاربکەن.

**دەبێ خوێندن، لە هەموو قۆناغەکاندا، هەمیشە لەسەر (٣)کۆڵەکە بونیات بنرێت:**

- o دەبێ لە پێناو پشخستنی گومەڵگای مرۆڤایەتی بێت و بنەماکانی پەروەردەیی ڕۆحی و ئەخلاقی وکۆمەڵایەتی وکەلتوورو ئابووری بن.
- o دەبێ بۆ پیرۆزکردنی بیرۆکەی مافی مرۆڤ ودەستەبەرکردنی ئازادی بێ.
- o دەبێ هەمیشە لە خەمی ئەوا دابێ ئاشتەوایی بەرقەرارکات و ڕۆحی لێبوردەیی بچەسپێنێ و خۆشەویستیی هاوڕێیەتی و برادەرایەتی و برایی لەنێوکۆمەڵانی خەڵکی سەر ئەم زەمینە تۆکمەدارتر بکات.

**جا چونکە مامۆستایەتی پیشەیە.**

- * دەبێ مافی ژیان و گوزەرانی مامۆستا، وەك پێویست زامن و دەستەبەر بکرێت بە شێوەیەك پارسەنگ بێ لەگەڵ ئاستی (ستانداری) ژیانی خەڵکی ئەو وڵاتە.
- * نابێ مووچەی مامۆستا لەو هاو پیشانەی خۆی کەمتربێ کە لە پیشەکەی ئەو دەچن یان لە ئاست بڕوانامەکانی ئەون.
- * دەبێ هەموو داپێویستی وکەلوپەل و ئامێرەکانی فێرکردن و پەروەردەکرنی بۆ ئامادەبکرێت.

* دەبێ دامەزراندنی مامۆستا لەسەر بنەمای بڕوانامەو تاواناسازیی بێت. دوور لە جیاوازیی ئایینی و ڕەگەز و ڕەنگ و نەتەوە و حزبایەتی و خێڵایەتی و چینایەتی. نابێ دەوڵەمەندی و سەروەت و سامان و هێز و دەسەڵات خۆ لەو مەسەلەیە بگەێنن.
* دەبێ بەردەوام مامۆستا بە زانست و هونەری نوێ هەمیشە ئاوجۆش بدرێتەوە، چونکە شتەکان هەمیشە لە گوڕانکاریدان، نابێ ئەوان لەکاروانی سەدرەمدا دادببڕێن.
* ڕێکخراوەکانی کاری مامۆستایان دەبێ تەنها و تەنها لەسەر بنەمای مامۆستایەتی بێ دوور لە هەموو دەست تیوەردانێکی دیکە.
* دەبێ باری کۆمەڵایەتی وکەلتووری و فەرهەنگی....تاد.،کۆمەڵگاکەی مامۆستا بەهەند وەرگیرێت و نابێ بەزۆر شتێ لابەلای بەسەردا فەرز بکرێت.
* دەبێ هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی مامۆستایەتی و زانستی و مەعریفی ئەو مامۆستایانە بدرێت کە کەم ئەزموونن و لەژێر ئاستیی دیاریکراوی وەزارەتی پەروەردەدان.
* بۆ وەرگرتنی ئاستی خوێندنی پلە بەرزتر، گەر پێویستی کرد، دەبێ مەشق و ڕاهێنان بەو مامۆستایە بکرێت کە پێشتر ئەو جۆرە ئەزموونەی نەبووە.
* دەبێ مامۆستا لەکۆڕ و سیمینارو وکۆبوونەوەکانی کە لەسەر ئاستی ناوخۆ و جیهانێ دەکرێن، وەك نوێنەر، بەشداربوونی هەبێ.
* دەبێ ئەو پەیمانگا و زانکۆیانەی مامۆستا پەروەردەو ئامادەدەکەن، ئاستەکانیان لەگەڵ ئاستی دیاریکراوی (ستانداری)نێودەوڵەتی بێ، نابێ لە ئاستێکی نزمتربن.
* دەبێ سەرپەرشتیارو بەڕێوەبەرانی مامۆستا لە ئاست بەرپرسیارەتی و پلەو مەقامی زانستی و فەرهەنگی و پەروەرەکاریی باش دابن، کارامەو بەتوانا و شارەزا بن لەکارەکانیان.

* مامۆستا مافی هەیە پێشنیارو بیرۆکەی جوان بخاتە بەر چاو بەرپرسان لە پێناو پێشخستن و باشترکردنی پرۆگرام و چەمکی پەروەردەو فێرکردن و بەرەو پشبردنی ئاستی ژیان و گوزەرانی.
* مافی ئەوەی هەیە هەر چالاکییەکی پەروەرەکاری لە ناو قوتابخانەی خۆی یان هەر دەزگایەکی پەروەرەکاریدا بکات، بە مەبەستی خزمەتکردنی باشتری فەلسەفەی پەروەردەو فێرکردن.
* هەموو دامودەزگاکانی پەروەردە لەسەریانە کاربکەن بۆ وەدەست هێنانی هەلیکار بۆ ئەو مامۆستایانەی تا ئێستا بێکارن.
* مافی ئەوەی هەیە وەك تاك یان بەکۆمەڵ، بۆ گەشتی زانستی و پەروەرەیی لە ناوخۆی وڵات و لەدەرەوە بەشداری بکات و دەبێ ئاسانکاری بۆ بکرێت.
* مافی هەیە لە وەرگرتنی هەر جۆرە پێشینەو خەرجییەك کە لە ژیانیدا پێویستی پێی هەبێ و دەبێ بۆی دابین بکرێت.
* بەرنامەو پرۆگرامەکانی دەوڵەت بۆ پەروەردە وفێرکردن، دەبێ بە ئاگاداری و هەماهەنگی مامۆستا بێ و بەباشی لە هەمووکون وکەلێنێکی ئەو بەرنامەو پرۆگرامانە ئاشنا بکرێت.
* کەس مافی نییە بەبێ ڕەزامەندی مامۆستا بچێتە پۆلەکەی بە مەبەستی لێپێچینەوەو هەڵسەنگاندنی ئاستی زانستی ئەو.
* مافی گۆڕینی قوتابخانەو شوێنیکاری خۆی هەیە گەر خۆی ویستی.
* مامۆستای ژن، حەقی هەیە ئەو قوتابخانە هەڵبژێرێت کە نزیك ماڵی خۆیەتی.
* مافی هەیە هەر پۆستێکی وەرگرێت، کە لەگەڵ پیشەو بڕوانامەکەیدا دەگونجێ، ئەگەر مەرجەکانی تێدادا بێ، وەك بوون بە مامۆستای یەکەم، سەرپەرشتیار، بەڕێوەبەر....تا دەگاتە پلەی وەزیر.
* بەرزکردنەوەی پلەو پایەی وەزیفی ئەو تەنها دەبێ لەسەر بنەماو پێوەرکانی زانست وپەروەردە بێ.

* هەر سزادانێکی مامۆستا دەبێ لە چوارچێوەی یاسای پەروەردەیی بێ و ناوزڕاندنی ناوی ئەو لەدەرەوەی قوتابخانە نایاساییە.
* دەبێ گیان و جەستەو دەروونی مامۆستا لە شوێنی کارەکەیدا پارێزراو بێت و سەلامەت بێ و هیچ ترس و مەترسییەکی لەسەرنەبێ.
* دەبێ شوێنی کاری مامۆستا خاڵێ بێ لە هەموو جۆرە نەخۆشی و دەردو بەڵاو پیس و پۆخوڵکییەك.
* نابێ ڕێ بدرێت هیچ ئەرکێکی نەخوازراوە لە دەرەوەی پێشەی مامۆستایەتیدا، بەبێ ڕەزامەندی خۆی، بەسەر مامۆستا فەرز بکرێت.
* هەر لایەنێك بیەوێ سزایەکی یاسایی بخاتە ئەستۆی مامۆستا، دەبێ بزاندرێت ئەو لایەنە کێیە و بۆچی ئەو خواستەی هەیە.
* دەبێ هەموو نووسراوێکی فەرمی، تایبەت بە خۆی، دانەیەکی بدرێتە مامۆستاکە. هەموو ئاگادارکردنەوەیەکی بایەخداریش دەبێ بەنووسرای فەرمی بێ.
* نابێ هیچ ڕاپورت و جاسوسی و شتێکی خراپ بەبێ ئاگاداری مامۆستا ئەنجام بدرێت و مافی هەیە تەماشای هەموو دۆسیەکانی خۆی بکات.
* دەبێ بەخوڕایی پشکنینی(وەرزی یان نیو ساڵی یان ساڵانە)، بۆ مامۆستا ئەنجام بدرێت.
* ژن هێنان و شووکردن نابێ ببنە ئەستەم لەبەردەم بوون و مانەوەی مامۆستا لەکارەکەیدا.
* دووگیانی و منداڵ بەخێوکردن نابێ وەك کێشە بۆ مامۆستا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.
* ئەگەرکرا. پێویستە لە ناو قوتابخانە داینگاو ژووری ساوابەخێوکردن بکرێتەوە بۆ مامۆستا دایکەکان.
* مامۆستا مافی هەیە بگەڕێتەوە سەر پێشەی مامۆستایەتی گەر پێشتر بەجێی هێشتبێ، بە گوێرەی شەرت وشروتە دیاریکراوەکان.

* مامۆستا نەخۆش و بێهێز وکـەم تاقـەت مـافی هەیـە داوای (بەشـەوانەی)کەمترلە بەشی خۆی بکات.
* لەکاتی نەخۆشی و پشوو و مۆڵەت وەرگرتن هیچ حەقێکی مامۆستا ناسووتێ.
* وەك هـەموو فەرمانبـەرێك، مامۆسـتا مافـەکانی خانەنشـینیی، بێکـەم و زیـاد دەیگرێتەوە.
* لە چوارچیوەی یاسای پەروەرەدا. مامۆستا ئـازادە چ ڕێگایـەك و چ هونـەرێك و چ کەرەستەیەك لە دەرس گوتنەوەیدا بەکار دێنێ. مافی هەیـە بەسەرچـاوەی دەرەکـی پڕۆگرامەکانی دەوڵەمەندتر بکات.
* مامۆسـتا دەتـوانێ هـەرکارو فـەرمانێك کـە لەگـەڵ ئاسـت و پێگـە و چـەمکی مامۆستایەتیدا ئەودا ناگونجێ، جێبەجێنەکات و ڕەفزیکاتەوە.
* مافی هەیە خۆبەخشانە زیادەوانەی بە خوێندکارانی بدا.
* باوانی خوێندکار، گەر خوانەخواستە سکاڵا و گلەییەکیان هەبێ، مافی ئەویان هەیـە تەنها لە گەڵ بەڕێوەبەرو مامۆستای مەعنی قسە بکـەن. چـوونە دادگـا ڕێکـاریی خۆی هەیە وا باشترە لە ژێر بنمیچی قوتابخانە کێشەکان یەکلایی بکرێنەوە.
* دەبێ هەمیشە دەرفەت و هەل بدریتە ئەو مامۆستایەی کە هەڵەیـەکی کـردووە بـۆ بەخۆداچوونەوەو خۆچاککردن.
* مامۆستا مافی خۆیەتی سوودمەند بێ لە هەموو بەندو بڕگەکانی مافی مرۆڤ.
* کەس مافی نییە پشووی ساڵانە لە مامۆستا زەفت بکات.
* دەبێ لە قوتابخانە، ژوورو شوێنی باش بۆکارکردن و بۆکات بەسەر بردنـی مامۆسـتا هەبێ، داپێویستییە سەرەکییەکانی بۆ دەستەبەرکرا بێت.
* نابێ جۆر وکاتی مەشق و ڕاهێنانکردن، وا بکات باری مامۆسـتا قورسـترکات لـە ڕاپەراندنی کارەکانی سەرشانی خۆی.

* ماموستای غەریبە هەموو مافەکانی ماموستای هەیە، زائیدەن لەبەرچاوگرتنی و ڕیزگرتن لەکەلتوور و ئایین و شتە تایبەتمەندەکانی ولاتەکەی ئەو ـ وەك بونە و چەژنەکان.
* لە دەرەوەی شارو زێدی خوی، ماموستا دەبێ شوێنی حەوانەوی بو زامن بکرێت و خەرجی هاتوچو و سەفەری پێ بدرێت.
* بەبێ لەبەر چاوگرتنی جوری ئەو قوتابخانەو ئەو شوێنەی ماموستاکاری خوی تیداکردووە، دەبێ لە بەخشیش و پێدانی بڕەپارەی : خێزانی و مندالٚ بوون و تەندروستی و خانەنشینی و پیریی، فەرق وجیاوازی نەبێ.
* دەبێ خەرجی سەفەر بو ماموستا سەرف بکرێ ئەگەر چووە نەخوشخانەیەك لە شارێکی دیکە.
* ماموستای نەخوش مافی هەیە بنێردریتە دەرەوە ئەگەر لە ولاتەکەی خوی چارەسەری نەبوو.
* گەر ماموستای خانەنشین کارتی بانقی نەبوو بو پارە ڕاکێشان، مافی هەیە داوای گواستنەوەی بەخوڕایی، بکات بو ئەو بانقە بە ئوتومبیل.
* دەبێ یارمەتی و پشتگیریی ماددی و مەعنەوی ئەو خوێندکارانە بکرێت کە حەزدەکەن لە دوا ڕوژدا ببن بە ماموستا.

ماموستایانی ئازیز، ڕیزبەندەکە درێژە، نامەوێ پتر قسەیان لەسەر بکەم، ڕەنگبێ هێندێك لەو مافانەش بو ئیمڕوی هەرێمەکەمان گونجاو شیاو نەبن، بەلام وەك ماموستای زور ولاتانی دیکە خوازیارین کە:

* یانە و شوێنی کات بەسەر بردنی تایبەت بە ماموستاو خێزانەکانیان هەبێ.
* سولفەوکومەك و ئاسانکاریان لە بانق و دەزگا داراییەکان وکومپانییەکان بو بکرێت، بو مالٚ پێکەوەنان و خانوو دروستکردن وکڕینی ئوتومبیل وکەلوپەل و شتومەکە سەرەکییەکانی ناو مالٚ.

* له هێندێ بازاڕو (مۆڵ)کارتی داشکاندنی تایبەت بەخۆیان هەبێ، وەك پاداشتێك بۆ ئەو ئەرك و خزمەتەی کە جێبەجێدەکەن.
* هەموو مامۆستایەك و ئەندامانی خێزان، خوارتەمەن (١٨) ساڵ، کارتی تەندروستییان هەبێ، دکتۆرو داوودەرمانیان بەخۆڕایی بێ.
* کارتی داشکاندنیان هەبێ بۆ بەشداریکردن لە یانەکانی وەرزش و مەلەوانی وکات بەسەربردن.
* کارتی داشکاندنیان هەبێ بۆ باس و (تەکسی) و هاتوچۆی نێوان شارەکان.
* بۆ مامۆستایانی بەساڵاچووی بێکەس، ماڵ و خانەی تایبەتی هەبێ بۆ خزمەتکردنیان.
* بەخشینی مەدالیای بەقیمەت بەو مامۆستایانەی کە سەرکەوتوون و دڵسۆزانە خزمەتیانکردووە، تا لە تەمەنی خانەنشینیدا بە سینگ و بەرۆکی خۆیانەوەی بکەن و نەوێ نوێ پتر ڕێزیان لێبگرێ.
* گۆڤارو بڵاوکراوی تایبەت بەخۆیان هەبێ و هەوڵ بدرێت بەرهەمە ئەدەبی و زانستی و فەرهەنگییەکانیان بۆ چاپ بکرێت ـ گەر هەبوو.

دڵنیام، کە هەمووتان هاوڕان، گەر بڵێم: لەکەم وڵاتاندا، مامۆستا هەیە بە قەد مامۆستای کورد عەزاب و ئەشکەنجەو دەردەسەری و ناخۆشی دیتبێ و دڵسۆزانەش ئەرك و خزمەتی خۆی جێبەجێکردبێ، کەواتە، کاتی ئەوە هاتووە، هەموو لاپەرە ڕەشەکانی بیرەوەرییە ناخۆشەکانی مامۆستا بسووتێنین و وا بکەین هەست بە مامۆستایەتی خۆی بکات، لە هەوارو ژینگەیەکی هێمن و خۆش و جوان.

گەر دەشپرسن، ئەدی ئەرك و واجیبەکانی مامۆستا، لەبەرانبەر، ئەو مافانەدا چینە؟ چاوەڕوان بن، خوا یار بێ، ئەوانیشتان بۆ تۆماردەکەین.

# ئەڤینداری لە پۆلدا

**" مامۆستا خاوەن سێ جۆر خۆشەویستییە :**
**خۆشەویستیی فێرکردن و خۆشەویستیی فێرخواز و**
**بەئاوێتەکردنی ئەو دوو خۆشەویستییە لە**
**خۆشەویستییەکی نوێدا."**
**(سکۆت هێیدن ١٨٨٢ ـ ١٩١٥)**

لە خوێندنەوەی ناونیشانەکە وا هەستدەکەن کە خڕی ناوئاخن وکرۆکی بابەتەکە دەزانن چییە و پێشوەخت پەردەکانی شانۆگەریی ئەڤین و ئەڤینداریتان دێتەوە بەرچاو، ناهەقیشتان ناگرین چونکە هەمووتان واتێدەگەن کە دەزانن خۆشەویستی و ئەڤینداری چییە. لێ ئەگەر پێتان بڵێین: "زەحمەتی نەبێ بە یەکدوو ڕستە (خۆشەویستی)مان بۆ پێناسە بکەن." ڕەنگ بی زۆربەتان زمانتان تەتەڵە بکات و چاوتان ببڕنە بنیمیج وئاسمان! خۆ ئەگەر بچیتە کتێبخانەکان وسۆراغێکی ئەو بابەتە بکەی بۆت بەدیار دەکەوێ، لەوەتەی مرۆڤ فێرە نووسین بووە، لە دوای (خودا)، زۆرترین مەرەکەب لەم ناونیشانە سەرفکراوە، زاناو دانا و نەفام و بێسەواد خۆیان لە قەرەی ئەم بابەتە داوە و زۆربەشیان بە دەستی خاڵیێ لێی هاتوونەتە دەرەوە.

پانتایی جۆگرافیای خۆشەویستی هەموو ژیانە و قولایی مێژوویشی بـوونی گـەردوون و مرۆڤە، بۆیە تیکڕای ڕشتە داهێنراوەکان، بەڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی ئەو خۆشەویستییە ئارایشتکراون، جا لە ئەفسانە و داستانەوە بگرە تا دەگاتە زانستی لاهـوت و فەلسـەفە وکۆمەڵناسی و دەروونناسی و تەکنەلۆژیا. خۆ ئەگەر خۆشەویستی لە ئـەدەب و هونـەر و فۆلکلۆر وکەلتووردا بهێنینەدەر، ئەوا جگە لە دونیایەك پـەڕی زەردو سپی چـیترمان بـۆ نامینێتەوە.

گریکە کۆنەکان دەیانگوت خۆشەویستی شێتایەتییەکی خوداوەندییە، ئەرستۆ دەیگـوت ئەڤین لە یەك تاقە ڕۆح پێکهاتووە کە دوو جەستە داگیردەکات. کوردیش پێش شەیکسپیر گوتویـەتی خۆشەویسـتی کـوێرە و ئاشـقان نابینـان. هەرچـی زانسـتی دەروونناسـیی سەردەمیشە دەڵێ: ئەڤین هەست و حـەزێکی یـەکجار بـەهێزی سـۆزی یەکبوونـە لەگـەڵ کەسێکی دیکەدا. لێکۆڵینەوەکان باس لەوە دەکەن کە بە قەد ژمارەی مرۆڤـەکان جـۆری خۆشەویستی هەیە، مەحاڵە دووکەس هـەبێ لـە هەسـتکردندیاندا بـە خۆشەویسـتی لـە هـەموو شـتەکاندا کتومـت وەك یـەك بـن. جـا گریکـە کۆنـەکان کـۆی ئـەو جـورە خۆشەویستییانەیان بەسەر (٧) هۆبە دابەشکردوە:

- **خۆشەویستیی خۆڕسکیی**(Storge): وەك خۆشەویستی منداڵ بۆ دایك، باوان بۆ منداڵەکانیان.
- **خۆشەویستیی برایانە** (Philia): وەك ئەوەی نێوان دەستەبراو دەستەخوشکان.
- **خۆشەویستیی ئیرۆسی**(Eros): کە پێیدەڵێن خۆشەویسـتی خواداونـد (ئـیرۆس) ئەمەش بە ئیرۆتیك و دەستبازییەوە جۆشدراوە.
- **خۆشەویستیی خوداوەندی یان سۆفیگەریانە** (Agape):کە هیچ سنوورو شەرت و مەرجێکی نییە و پاك و بێگەردە.
- **خۆشەویسـتی منداڵانـە** (Ludus): ئەمـەیش هـەر بـۆ ڕابـوردن و دە سـت گەرمکردنەوەیەوکەم خایەنە.

- **خۆشەویستیی هاوژینی**(Pragma): کە درێژخایەنەوە دووکەس بەیەکەوە دەبەستێتەوە وەك ژن و مێرد.
- **خود خۆشەویستی**(Philautia): ئەمەیش عەشقبوونی خودە بە هەردوولایە باش و خراپەکەیەوە.

مرۆڤناس(هێلن فیشەرHelen Fisher) ئەزموونی خۆشەویستی بەسەر (٣) قۆناغدا دابەش دەکا: حەزیی شەهوەتی و دڵبردنی ڕۆمانسی و ئاوێتە بوونی جەستە و ڕۆح.

تۆ قەت لە خۆت پرسیووە، چ شێتییەك فەرهادی هەناسە ساردی بە خۆی و گولێنگێکەوە ڕوو بە ڕووی ئەو بەردوشاخە سەختانەی کێوی بێستوون کردەوە؟ ئەدی بە چ ئەقڵێك شێخێکی نوورانی وەك شێخی سەنعان بۆ خاتری دوو چاوی بەڵەك لە دین وەردەگەڕێ؟ توخوا بووە، ئیمپراتۆرێکی وەك ئەنتۆنیۆسی ڕۆمانی بۆ خاتری ماچێکی کیلۆباترای شاژنی میسر، لە سەر دەمی (بە تاسلییەکان) وا زەبوون بێ و دوژمنکاریی هیرماکسی، عاشقی ئەو ژنە، دژووارترین داستانی جەنگ لە مێژوودا تۆمار بکات وکوشت وکوشتارێك بنێنەوە کە ئاکامەکەی قارەمان سووتاندن و خۆکوشتن بێ!

نهێنیی ڕازی ئەو چیرۆکانە، زانستییانە سەلمێندراوە و بەم شێوەیە ڕاڤەی بۆکراوە: لە جەستەی مرۆڤدا چەندان داینەمۆی وەبەرهێنەری وزە هەیە، جا بە هێزترین و کاریگەرترینیان داینەمۆی خۆشەویستییە کە وزەیەك وە بەرهەمدێنی لە مەزنایەتیدا بێسنوورو بێ ئەندازە و بێ مەسیلە. ئەم وزەیە توانای ئەنجامدانی هەموو ئەو فرمان وکارو ئەرکانەی هەیە کە ئەقڵ و ماسوولکەکانی لەش لەکاتی ئاساییدا پییان ئەنجام نادرێ. ئێستا هەریەکیك لە ئێوە چەندان ڕووداوتان لەبیرە کە ئەنجامدەرەکەی وزەی ئەڤین بووە، وەك ئەوکچە ئاشقەی لە پێناو یارەکەیدا، بە تابڕ برای خۆی لە خەودا دەکوژێ و ئەو دایکەی بۆ ڕزگارکردنی مناڵە ساواکەی خۆی بە ئاگر دادەداو ئەو جەنگاوەرەی خۆی لە گابەرێك دەبەستێتەوە نەکۆ لە شەڕدا ورە بەرداو سەنگەر چۆڵکا...تاد.

ئەڤین و خۆشەویستی کارێکی بێئاگاییەو کەسی ئەڤیندار دەسەڵاتی بەسەردا ناشکێ کتومت وەك توێنیەتی و برسییەتییە. لەدەرەوەی بازنەی تەمەن و ڕەگەز و ئایین و داب

ونەریت و ئەقڵ و شعورە لە هەموو زەمـان ومـەکان و تەمەنێکـدا بـوونی هەیـە. ئـەڤین دیاردەیەکی گەردوونییە زۆر ئاساییە مرۆڤـ ئاڵوودەی خۆی بکات.

لـە ڕووی زانسـتیی مێشـك و دەمـاردا، ئـەڤین حاڵـەتێکی "دەمارگەرییـە" شـانە بەرپرسەکانی ئەو لە بەشی ڕاستەی مێشـکدان، لـە کاتێکـدا شـانەکانی زمـان لەبەشـی چەپیدا هەڵکەوتوون. جا کاتێك ئەو شـانانە بـە بروسـکەی ئـەڤین دادەگیرسـێن ئـەوا لـە (٥٠٪)ی وزەی بەشی ڕاستەی مێشـك بـۆ خـۆی دەبـات، واتـا نیـوەی وزەی ئەوبەشـە پەکدەخا. ئێمە لە کوردەواریدا بە ئاشق و ئەڤیندار دەڵێین (شێت و سەرگەردان و گیژوویـژ و وێڵ و وڕ). ئەمە هۆکارەکەی ئەویە کە بەشێکی زۆری مێشـکی ئـەو لـەکاری ئاسـایی خۆی کەوتووە و ئێمە پێی نازانین. جگە لەمە ئەڤین کردەیەکی کیمیاوییشە لە جەسـتەدا. مێشکی کەسی ئاشق و ئەڤیندار ئەم ڕژێنانە دەردەدا:

- (Serotonin)، کە مەزاجی مرۆڤـ خۆش دەکاو جۆش دەدا.
- (Oxytocin)، کە کانگای حەزی یەکبوون و جووتبوونە.
- (Vasopressin)، هۆکاری خووگرتن و خوولیابوونە بە کەسێکی دیکە.
- (Dopamine)، هانـدەری قوربانیـدان و بەخشـش و ڕەنجکێشـانە لـە پێنـاو دڵخۆشکردنی کەسی خۆشەویست.
- (Norepinephrine)، ئەمەشیان هۆکاری گۆڕانکارییەکانی کارە فیسۆلۆژییەکانی لەشـە وەك دڵـەخورپێ و سـوورهەڵگەڕان و ئارەقـەدەردان و هەناسـە سـواربوون وشلەژان.

جا لەمانـەش سـەیرتر ئەوەیـە، کـە بـە سـەدان سـاڵە شـاعیران و شـایەران وئاشـقان هاواردەکەن: (مـن نـەخۆش و دەردەدارو بیمـارو برینـدارم)، ئیمـڕۆ، زانسـتی پزیشـکیی هاوچەرخ، سەلماندویەتی کە ئەڤینـداری، نەخۆشـییە وەك هـەر نەخۆشـییەکی دیکـە کـە تووشمان دەبێ و چارەسەریشی هەیە. ناوی زانستیی ئەو نەخۆشییە(Erotomania)یە. ئەم هەویرە زۆر ئاوکێشە، بۆیە لێرە نوقە دادەنێین و دێینە سەر باسەکەی خۆمان:

(ئەڤینداری لە پۆلدا)، کە وەڵامی قامتێك پرسیاری لێمان دەوێ، وەك: تۆ بڵێی لە ژێر بنمیجی مەڵبەندەکانی فێرکردندا (لە قوتابخانەو پەیمانگاو زانکۆکان)دا شتیی وا ڕووبدا؟ هۆکارەکانی چین؟ نیشانەکانی چین؟ پەرچەکرداری فێرکارو فێرخواز چییە؟ کەلتوورەکان چۆن ئەمە هەڵدەسەنگێنن؟ فەلسەفەی پەروەردە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخە یان دیاردەیە دەکات؟ و چەندان پرسیاری دیکە.

هەرچەندە ئەزموونەکانی تەمەنی مامۆستایەتیم، لەمێژە تۆزوگەردی گومانی، لەسەر ئەم مەسەلەیە دادەکاندووە ـ خۆم و هاوڕێ و فێرخوازم بوونەتە قارەمانی ئەو ئەڤیندارییە ـ لێ هەم بۆ ڕەواندنەوە گومانی هێندێك لە ئێوەی خوێنەر و هەم بۆ بەزانستی کردنی بابەتەکە بە بەڵگەودۆسییەی متمانەپێکراو، (٢) ڕاپرسیم، لەڕێی کورتیلەنامە، لەگەڵ گروپێك لە پەروەردەکاران و گروپێك لە فێرخوازان ئەنجامدا و ئاکامێکم لێ هەڵکڕاندن.

بەشداربووانی گروپی پەروەردەکارەکان کە (١٠٠) پیاو بوون، تێکەڵەیەك بوون لە مامۆستای بنەڕەتی و ئامادەیی و بەڕێوەبەرو سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردە ومامۆستای پەیمانگە و زانکۆ، لە نێوانیاندا نووسەر و شاعیر و هونەرمەند و پەروەردەکاری بە ئەزموون و چەند مامۆستایەکی خانەنشینش هەبوو، ڕووبەری ڕاپرسییەکە پارێزگاری هەولێرو سلێمانی گرتەوە. ئەم (٣) پرسیارەیان ئارستەکرابوو:

١) قەت هەستت کردوە قوتابی کچ تۆی خۆشویستبێ و گەیشتۆتە ڕادەی موسارەحە؟

٢) چەندجاران؟

٣) ئەدی تۆش ئەو هەستەت هەبووە بۆ ئەو؟

ئەم زانیارییانەمان لەم ڕاپرسییە هەڵێنجا:

- لە (٤٥٪)ی مامۆستاکان، بە جۆرێك لە جۆرەکان، هەستییان بە بوونی ئەڤینداری لە پۆلدا کردووە. باقییەکەی دی هیچ ئەزموونێکیان لەم بارەیەوە نییە.
- لە (٤٣٪) ی ئەو مامۆستایانەی ئەو ئەزموونەیان هەیە، پتر لە جارێك هەستییان بەم شتەکردووە.

- له (١٠)ی ئەو مامۆستایانەی ئەو ئەزموونەیان هەیە خۆشیان هەمان هەستیان بەرانبەر قوتابییەکچەکان هەبووە.

ڕاپرسیەکەی گروپی قوتابییەکچەکان، کە ئەوانیش هەر (١٠٠) بەشداربوو بوون، تێکەڵەیەك بوو لە خوێندکارانی قۆناغی (١١) و (١٢) ئامادەیی و زانکۆکانی پارێزگای هەولێر و ئەوانیش ئەم (٣) پرسیارەیان ئاڕاستەکرابوو:
١) دەستەخوشکت هەبووە حەز لە مامۆستای پیاو بکات؟
٢) مامۆستای پیاوت دیوە حەز لە قوتابی خۆی بکات؟
٣) ئەدی خۆت شتی وات هەست پێکردوە، مامۆستایەکی کوڕ یان پیاوت خۆشەویستبێ؟

لە وەڵامی ئەم دەستە قوتابییەکچە ئەم زانیاریانەمان دەستکەوت:
- لە (٤٩٪)ی ئەو کچانە، هەر (٣) پرسیارەکەیان بە (نەخێر) وەڵامداوەتەوە.

جا لە وەڵامەکانی (٥١٪)ەکەی دی، ئەم خاڵانە دەخوێنینەوە:
- لە (١٩٪)یان دەڵێن دەستەخوشکیان هەبووە مامۆستای پیاوی، بە جۆرێك لە جۆرەکان، خۆشەویستبێ.
- لە (٢٨٪)یان دەڵێن، مامۆستای پیاویان هەبووە ئەڤینداری لەگەڵ قوتابی کچ کردبێ.
- لە (٣٪)ی ئەو قوتابییەکچانە، خۆیان جۆرە هەستێکی ئەڤینداریيان بۆ مامۆستای پیاوە نواندوە.

پێش ئەوەی شەن وکەوی ئەم دوو ڕاپرسییە بکەین، با دەقی نامەی پرۆفیسۆرێکتان بۆ تۆماربکەین کە لەیەکێك لە زانکۆکانی کوردستان مامۆستایەو نووسەرێکی دیاری کوردە، پتر لە (٤٠) کتێبی چاپکرای هەیە. لە وەڵامی پرسیارەکانماندا گوتی:
"وەڵامی پرسیاری یەکەمتان ئەرێنییە. سەرەتای هاتنەوەم بۆ کوردستان، کوڕێکی بێ ماڵ و حاڵ بووم، مامۆستایەکی کراوە بووم، تەڵەبەکانم وەك هاوڕێی خۆم تەماشا

دەکرد، بەڵام ئەوان نییەتی خۆیان هەبوو، بە تایبەت لە کچەکانەوە دەیاندرکاند کە خۆشیان دەوێم، نیشانەو عەلامەتێکیان دەخستە بەردەمم، کە ئەو بڕوایەمی زیاتر پیەو دەکرد... گوڵ و هەناریان لەسەر بۆنیتی سەیارەکەم دادەنا، نامەیان دەخستە ناو ژوورەکەم وناو جانتاکەمەوە، پەیوەندییەکی عەکسانەیان لەگەڵ دروست دەکردم. یەعنی تێدەگەیشتم کە، یان جۆرێك لە عاتیفەیان بەرانبەرم هەیەو ڕاستەوخۆ پێیان وتوم یان کچی هاوڕیی خۆیان ڕاسپاردووە کە موسارەحەی من بکات، یان ڕووبەڕوو پێیان وتوم. بێ گومان منیش ئەوانەم زۆر خۆشویستون. من هەمیشە دەمەویست ئەوان باوەڕیان بەخۆیان هەبێ و هەمیشە خۆیان بن و چاوکراوە بن. ڕەنگ بێ زروفی من ئامادە نەبووبێ لە ئاست چاوەڕوانییەکانی ئەواندابم. لێ من هەمیشە ڕێی ئەوەم لێگرتوون. ئەوان نەوەیەکی تازەی ئەم وڵاتەن، ئازاو بوێرن گوزارشت و تەعبیر لەخۆیان بکەن.

دەتوانم بڵێم لە زۆربەی ئەو زانکۆیانەی من وانەم تێدا وتونەتەوە (لە نێوان ساڵەکانی ٢٠٠٠ تا ٢٠١٦)، ئەم حاڵەتە ڕوویداوە. هەستم دەکرد کە کچی خوێندکار لەو تەمەنەدا چاوەڕوانییەکی تایبەتی هەبوو کە هاوسەرەکەی کێبێ، خۆشەویستەکەی کێبێ. ڕەنگبێ من نزیك بووبم لەم چاوەڕوانییەی ئەوان. دەتوانم بڵێم کرانەوە بوون و شەفافییەت دەوری هەبووە کە ئەوان بتوانن ڕاستەخۆ قسەبکەن.

ئێستا چەندین نامەو کارت و ئەو شتانەم لە ئەرشیڤخانەکەم لەلایە، کە لە تەڵەبەکانی خۆمەوە پێمگەیشتوون و بە زمانێکی ئاشکرا، موسارەحەو ئەو جۆرە قسانەیان تێدایە.

دەربارەی ئەو پرسیارەی: ئەدی تۆش ئەو هەستەت هەبووە بۆ ئەو؟ لێت ناشارمەوە کە ئەمە بۆمن خۆش بوو بە مانایەك، بەڵام لەهەمان کاتیشدا یانی بای ئەوەندە (ڕیفلێکشنم) هەبووە کە خۆم کۆنترۆڵ بکەم. ئەمە لە ڕیزی من لەو قوتابییانەی کەم نەدەکردەوە بە هیچ شێوەیەك، چونکە من بۆخۆم بڕوام بە جۆرێك لە فەردانیەت و شەفافییەت هەبوو کە وایدەکرد ئەوانیش لەبەر دەممدا، فەردانیەت و شەفافیەتی خۆیان

ئیسپات دەكرد و خۆشەویستی من بۆ ئەوان زیادی دەكرد. ڕەنگبێ كۆتایی پێنەهاتبێ. ئەریٚ وەڵڵا هەبووە، بۆ نەبووە...خۆمنیش بەشەرم و هێشتا پیاوێك گەنج بووم ، زیرەك تا ئەندازەیەك بەرچاو و جوانپۆش گەر نەشڵێم قۆز. نازانم... هاتبوومەوە بۆ كوردستانێك، نەوەیەكی بێبەخت و كچی جوان جوان، منیش كەسێكی كامڵ لە ڕووی تەمەنەوە لانی كەم (١٠)ساڵ لە هەموو تەڵەبەكان گەورەتربووم. تەبعەن، قەت تەڵەبەی خۆم نەهێنایە، بە هیچ شێوەیەك... ڕەنگبێ خۆزگەشم هەبووبێ كە فەڵان تەڵەبە ببوایا هاوسەرم".

لە (٢) ڕاپرسییەكەدا، (٢) حەقیقەتی حاشاهەڵنەگر، خۆیان بەدەستەوە دەدەن:

یەك: ئەڤینداری، لە ژێر هەر تاراو چارشێو و دەمامكێك دابێ و بە هەر ڕەنگ و ڕوخسارێك خۆی بنوێنێ، لە مەڵبەندەكانی خوێندن و فێركردن لە كوردستانی باشووردا، لە نێوان فێركاری پیاو و فێرخوازی كچدا بوونی هەیە و ناتوانین نكۆڵی لێبكەین.

دوو: خۆشبەختانە هەر هەموو فێركارە پیاوەكان، پێگری لەسەر ئەوە دەكەن كە هەمیشە ئەوان كۆنترۆڵی خۆیان كردوەو هەستی هەرزەكارانەی ئەو فێرخوازە كچانەیان بۆ مەرامی نەشیاو و ناماقوڵ نەقۆزتۆتەوە. هەر هەموویان جەختیان لە پیرۆزیی مەڵبەندەكانی فێركردن كردۆتەوە و ڕێیان بە هەوەس و حەزی خۆیان نەداوە كەسێتیی ئەو فێرخوازانە عەیبداركەن و داروشێنن. (١)

خوێنەری بەڕێز...:

لێكۆڵینەوەكانی زانستە مرۆیی و ئەبستراكەكان، سەلماندوویانە كە گرنگترین و ناسكترین و ترسناكترین قۆناغی تەمەنی مرۆڤ ساڵەكانی هەرزەكارییە (١٢.١٨)یە. لەم قۆناغەدا بنەماكانی كەسێتی و گەشەكردن و پێگەیشتن و ڕیشەداكوتان و بونیاتنانی ئایندە، نەك دەستپێدەكا بەڵكو دەچەسپێ و بەرەو تەكامل هەڵدەكشێ. كەواتە دەبێ كەسانی دووروبەری ئەو توێژە، بەتایبەتی مامۆستا و پەروەردەكار و باوان، لە لوتكەی

هۆشیاری و ڕۆشنبیری و هزری دابن و بەوپەڕی زیرەکی و لێزانی و کارامەییـەوە ڕەفتـارو مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن. هەر هەڵەیەك، چـەندە بچـووکیش بـێ کارەسـاتبارە گـەر زوو چارەسەر نەکرێ، بۆی هەیە یەك تاکە (وشە)، بە قەستی و بێقەستی، هەرزەکارێك بکوژێ یان ژیانی هەتاهەتایی لێ تاڵ بکات. بۆیە گوتراوە: "وشە هەیە، وزەکەی لە بۆمی ئـەتۆم بەهێزترە".

دەزانین لە تەمەنی هەرزەکاریـدا، کـوڕ و کـچ، دەکەونـە بـەر شـاڵاوێکی گۆڕانکـاریی فیسـیۆلۆژیی و هزریـی و دەروونـی هێنـدە گـەورەو کاریگـەر کـە سـەرلەبەری ئـەو دوو مەخلوقە دەگۆڕێت، هەم لە ڕوخسارو هەم لە ناخدا. لەم قۆناغەدا لەو کاتـەی کـە ئـەوان بەدوای ناسـنامەیەکی تـازەدا دەگـەڕێن تـا لـە جیهـانی دەووروبـەر خۆیانـدا، خۆیـانی پێبناسێنێن، دەبیـنین جیهـانی دەرووبـەریش، بـە ئاگـاو بێئاگـا خـەریکی دیزاینکردنـی ناسنامەیەکی تایبەتە بۆ ئەو دوو مەخلوقە. ئێسـتا تـۆ خـۆت بخـەرە جێگـەی کچـێکی هەرزەکاری کوردو بەوردی سەرنج لە جیهانی دەووروبەری خۆت بدە، ڕاڤەیەکی ئاقڵانە بـۆ هەموو ئەو پاشماوە کەلتووری و ئایین و کۆمەڵایەتییە بکە کە بـۆ تـۆ ـ تـەنها بـۆ تـۆ ـ داهێنراون و بە باڵای تـۆ بـڕاون: ڕۆژ نییـە دەیـان جـاری بـە دەنگـێ زوڵاڵ و مۆزیـك و چەپڵەڕیزانەوە، لە هەر شوێنێکی تۆ سەری بەسەردا دەگری، گوێت لە چـەندان گوزارشـتی لەم شێوەیە نەبێ: (تـۆ کەوی گەردن بـەخاڵێ / تـۆ کیژۆڵـەی چـواردە سـاڵێ)، (تـازەی هەڵدەدا سووخمەی سەرمەمکان / ئێستا فێرنەبووە گەزوو ڕامووسان)، (تازە پێـدەگا ئـەو نەونەمامە / پەنجە گیرنابێ لەو دوو شەمامە)...تاد. لەم لا دایك پێـت دەڵـێ، پرچـت وا شانەکە جوانتری، لەولا خۆشکت پێت دەڵێ، ڕەنگی ئەم بلووزە لـە ڕوخسـارت نایـە، ڕۆژ نییە دەستەخوشکەکانت چەند جار دەست بـە زولـف و پەرچـەمت دانـەهێنن و بـە بـەژن وباڵاتدا هەڵنەڵێن، ئەوەجگە لە شەستبارانی توانج و تـەعلیقی کـوڕو پیـاو و پیرەمێـردان کاتێك بە شەقامێکدا ڕێدەکەی. خۆ کە باپیرەگـەورەش سـەردانێکتان دەکـا، ئـەوا هـەر ئامۆژگاری و نسیحەتی تۆ دەکاو تا دەڕواتەوە هەر لە دایکـت دەپاڕێتـەوە کـە چـاوێکی بەتۆوە بێ. خۆ وتارو خوتبـەی بەڕێوەبـەرو مامۆسـتاکانت لـە قوتابخانـەدا، نیوەیـان بـۆ

تەمەنی تۆ تەرخانکراون. وەك بڵێ سوورِانەوەی زەوی و خۆر هەڵاتن و فرێنی باڵندەکان و زۆر شتی تریش، هەموویان بە تەمەنی هەرزەکاریی تۆوە بەندن.

لە جیهانی ناوەوش ئەوا رِژێنەکانی لەش و شانەکانی مێشك و گۆرِانکارییە دەروونییەکان، بەهێمنی کاری خۆیان دەکەن. ئا لێرەدا ئەو کچە هەرزەکار دەیەوێ بەرانبەر کەسێك ئیسپاتی وجودی خۆی بکات و بە دەنگی ناوەو دەرەوەی جەستە پێیان بڵێ: سەیرمکەن، منیش هەم! تا عەیامێکی زۆر کەلتووری کوردەواری رِێگربوو لەوەی کچ، ئازادانە لە ماڵ بێتە دەرەوە، تەنانەت چوونی بۆ پرسەو تەعزیەش خەوش بووە. تاکە هاورِیی ئەو زۆربەی جار لە ماڵەوە هەر لەتە ئاوێنە شکاوەکەی ناو دەستی بووە، تێیدا تەماشای خۆی بکات و لە ناخدا دەردەدڵی خۆی بۆ بەیان بکات. ئێستا ئەو وەك کەوێك یان کۆترێکە بەدوای وەڵاشیکی خۆیدا دەگەرِێ:

کاتێك لەو دونیا چۆل و هۆلەی ئەودا، ئەو لە ناو پۆل، رِۆژانە لە نزیکەوە، مامۆستایەکی پیاو دەبینێ کە جێگەی سەرنجرِاکێشانی ئەوە، ئەوکچە(هێندێجار)، بە دزییەوە، بەبێ ئاگایانە و بەبێ لێکدانەوە، خۆی لە جیهانی خەیاڵاوی ئەو پیاوە دەدۆزێتەوە. کام پیاو؟

مامۆستایەك کە جیاوازە لە خەڵکی ئاسایی دیکە، چونکە:

- ئەو لە رِووی فیسیۆلۆژی وهزری ودەروونییەوە ـ تا رِادەیەکی باش ـــ مرۆڤێکی کامڵە.
- ئەو لە پێکەو مەقامێکە دەسەڵات و فرمانرەوایی لە دەستەوە، کەسی دەسەڵاتداریش زۆر جار خۆشەویستە.
- ئەو زیرەك و ژیر خۆی دەنوێنی زانیارییەکانی بۆ دەرووبەری نامۆن. کەسی زیرەك هەمیشە زوو دێنە بەردڵان.
- ئەو جەرگسۆزانەو دڵسۆزانە رِەفتار دەنوێنێ، کەسانی دەرووبەر عەوجە بەم جۆرە دڵسۆزیی و وەفادارییەنە.

- ئەو گوێگری باشە، ئامادەیە باش باش گوێت بۆ ڕاگرێ، بـوونی کەسـێك ئامـادەبێ بەشداری هەست و ئارەزووەکانت بکات، سەرنجڕاکێشە.
- بەگشتی، مامۆستا وەك نموونە و قودوە دێتەبەرچـاو، خـۆ ئەگـەر کەسـێکی خـاوەن کەسێێەتییەکی بەهێز و ڕووخۆش و جوانپۆش وخۆشمەشرەب بێ، ئـەو زووتـر دڵ بـۆ خۆی ڕادەکێشێ. هەمیشە کەسانی نموونەوە و قودوە خۆشەویستن.
- بە حوکمی ئەوەی کـە ئـەو وانـە بێـژە، زۆرتـرین قسـە خـۆی دەیکـات و دەتـوانی لەدەرگای هەر باس و بابەتێك بـدا کـە ئارەزوویـەتی و جـار هەیـە بابەتەکانیشـی، دەردەدڵی هەرزەکارو تازەپێگەیشتووەکانن.
- لەچـاوی خوێندکارانیـدا، مامۆسـتا بوخچـەی ڕاز و نهێنییـەو زەحمەتـە سـڕی قوتابییەکانی بدرکێنێ و بۆ پاراستنی کەسێتی خۆشی بە ئاگایە.
- ئەگەر توانرا، ڕاوی ئەو مامۆستا پیـاوە بکـرێ، ئـەوا سـەرکەوتنی چاوەڕوانکراوە، چونکە ئەو خاوەن ئەزموونەو باشتر لـە دەریـایی ئەڤینـدا شـارەزایەو مەلـەوانێکی پرۆفیشناڵە.

هەرچەندە لە ڕاپرسییەکانم، مامۆستای زانکۆ هەبووە، پرسیارەکانی لەلا (قورس) بووە و ئامادەنەبووە وەڵامیان بداتەوە، لەو سـونگەیەوە کـە مامۆسـتا، لـە جێگـەی دایـك و بـاوکی قوتابییـەوە، خوێنـدکاران ئەمانـەتن لەبەردەسـتیاندا، بۆیـە هـەر جـۆرە لادان و سنوورشکاندنێکی (پەیامی پەروەردەو فێرکردن) دەچـنە خانـەی خیانەتـەوە، لـێ، نـابێ خۆشمان لەو ڕاستییە غافڵ بکەین، کە (جار هەیە) مامۆسـتا دەبێتـە نێچـیری جـوانی و ناسـك ونـازداری وخانومـانی کچـۆڵەیەکی تازەپێگەیشـتوو، تەنانـەت ئەمـە بـۆ کچـە عازەبەکانی زانکۆش هەروایە. (٢)

با بگەڕێینەوە ناو پۆل ....

ئەو کچەی کە دەکەوێتە باوەشی ئەڤینداریـیەوە، چ هەرزەکار بێ و چ عازەبـان، لەبـەر ئەوەی ئەو شانانەی کە تایبەتن بە ئەڤینداری لە مێشك دەکەونە گەڕ و خرۆشان، هەست بە جۆرە گوڕانکارییەك دەکەن وەك:

- جیهانی ڕۆمانسییەت، دەرووبەری لـەلای جـوانتر دەکـات وهـەمـوو ئـەو شـتانەی خۆشدەوێ کە ئەڤیندارەکەی خۆش دەوێ.
- وزەیەکی بێسنوور لە ناخیدا دروستدەبێ و ئامادەیە هەموو شتێك بکاتە قوربـانی ئەو ئەڤێنداربیە.
- خواردن و خەوی کەم دەبێ یان تێکدەچێ.
- مەزاجی هەمیشە لە گۆڕانکاریی دایە. ئامادەیە هەموو ڕۆژ تەسریحەکەی بگۆڕێ، وەك نموونە.
- حەز لە گۆشەگیری دەکات و هەمیشە ترسی هەیە نهێنییەکانی ئاشکرابن.
- تابڵێ دەبێتە کەسێکی سۆزدار و دڵناسك، ئامادەیە فرمێسك بۆبچـووکترین شـت بڕێژێت.
- زۆر زۆر بیردەکاتەوە.

گومانی تێدا نییە، ئەمانەی سەرەوە، هەموو پەرچـەکرداری گـەورەیان لەسـەر ئاسـتی خوێندن و دوارۆژی ئەو کچە ئاشقە دەبێ. لایەنە خراپەکانی ئەوەیە بۆی هەیە ئەو کەسـە بەتەواوی لە ژیانی خوێندنیدا پاشکەوێت و سەرکەوتن بەدەسـت نـەهێنێ. تاکـە ئـەرێنێ ئەوەیە، ئەو کچە هەموو هەوڵ و کۆششی ئەویە لە دەرسی مامۆستا دڵدارەکەی خۆیدا وا نیشانبدا کە (ناوەزەو بێمەسیلە لە ژیرو زیرەکیدا)، مەرج نییە لەمەشدا سەرکەوتووبێ!

پەرچـەکرداره نەرێنییـەکان، هـەر ئەوەنـدە نینـە، ئـەم ئەڤێنداربیـە، دەچـێتە خانـەی (خۆشەویستی منداڵانە ـ(Ludus) یـەوە، وەك گریکـە کۆنـەکان پۆلینیـان کـردوە. واتـا عومرکورت و کەمخایەنە، مەحاڵە (٣ ـ ٤) ساڵ بخایێنێ. کەواتە لەگەڵ کوژانەوی مۆمی ئەو خۆشەویسـتییە، ئـاگری بـیرەوەری و یادگارییـەکانی سـاڵانی ئەڤێنـداری گـڕو بڵێسـە دەسێنێ... گڕو بڵێسەیەکی هێنـدە مەترسـیدارە، ئەگـەر زوو نەکوژێندرێتـەوە ڕەنگـبێ ئەڤیندارو دەووروبەری ئەڤینداریش لەگەڵ خۆی بسووتێنێ. بەتایبـەتی لـە کاتێکـدا کـە ئەڤیندار هەست دەکات هیچ شتێکی شاراوە نەماوە کە دەووربـەر پێینـەزانیبێ، چـونکە یەکێك لە خەسڵەتەکانی ئەو جۆرە خۆشەویسـتییە ئەوەیـە، ناشـاردرێتەوە زوو دەرووبـەر

هەستی پێدەکەن. ئەوجا کچە هەرزەکاری دۆڕاو لە دڵداریدا، دەکەوێتە حاڵەتێکەوە کە:
هەست دەکات هەمیشە تۆڕەیە / دڵناسکە / خەفەتبارە / ترسی هەیە / بێزارکەرە / بێزارە / بەمەراقە / بێباکە / بێباکە / زوو هەڵدەچێ / بێڕووە / ناقایلە / بێورەیە / نائومێدە / ماوت و مەند / نەساغە / حەسوودە / بەتەشقەڵەیە / ناشادە / ناڕازییە...تاد.

خوێنەری ئازیز... تەنها شارەزایانی دەروونناسی و سۆسیۆدەروونناسەکان، دەزانن هەر یەکێك لەو زاراوانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان، چەندە مەترسیدارو ترسناك و گاریکەرین لەسەر ژیان مرۆڤ بە گشتی و بۆ ژنان و لە نێو ئەوانیشدا کچانی هەرزەکار بەتایبەتی.

کەواتە ئەو نارنجۆکەی کە بەندە دەیەوێ لێرەدا بیهاوێ ئەوەیە:

**(مامۆستایان... ئێوە دەزانن، ئەڤینداری لەگەڵ کچە خوێندکاری هەرزەکاردا چ موسیبەتێکی بەدواوەیە؟!)**

نابێ واشبزانین، کە ئەمە تەنها کەلتووری کوردەوایە، بەچاوی نزمەوە تەماشای ئەو پەیوەندییەی نێوان مامۆستاو قوتابی دەکات. لە زۆربەی وڵاتاندا ئەم پەیوەندییە، بە یاسا ڕێکخراوە، بۆ نموونە لە هەموو وڵاتانی ئەوروپاو ئەمەریکا، ئەو مامۆستایە هەتا هەتایە لە وەزیفە دەردەکرێت، ئەگەر سەرپێچی یاساکانی ئەو پەیوەندییەی کرد. لە ساڵی (٢٠١٣) کاتێك مامۆستایەك کچە قوتابییەکی هەرزەکاری هەڵگرت و بردیە پاریس، هەموو ئەمەریکا شلەژاو، بە کەلەپچە ئەو مامۆستایەیان هێنایەوە ناو قەفەزی دادگای ئەمەریکی و سزای قورسی بەسەردا بڕایەوە.

ئێستا پرسیارە قورسەکە ئەوەیە، ئەگەر بارودۆخی کچانی هەرزەکار لەژێر دەسەڵات و ئیرادەی خۆیاندا نەبێ و ئەو هەموو مەترسییەش چاوەڕوانکراوبێ لە ئاکامی ئەڤینداریی ئەوانن ئێ باشە چیبکەین تا هاوسەنگی و پارسەنگی دڵی وان ڕاگرین و خەسارەتباریش نەبن؟!

هەموومان هاوڕان کە ڕێگرتن و دژایەتی کردنی خۆشەویستی کارێکی نامرۆڤانەیەو شێتانەشە، چونکە دەزانین لەم جەنگەدا تەنها (بەکرەشۆڤار)ەکان دەدۆڕێن. خۆشەویستی

لە هەموو کتێبە پیرۆزە ئاسمانییەکان و ئایینەکاندا بە چاوی ڕیز و پیرۆزەوە سەیرکراوە. بەڵام کورد گوتەنی: گەنگرو ماست بە وادەی خۆی. ئێمە قسەمان لەسەر خۆشەویستییەکی ناهاوسەنگ و بێبەرهەمە. دەکرێ لەم خۆشەویستییە، خوێندکاری هەرزەکار دەوری ئەو کارمامزە دڵپاك و بەریئە ببینێ کە ڕاوچی تەقەی لێدەکاو بە بریندارى لەو دەشت و چۆلەدا بە تەنیایی بەجێیدهەیڵی و وردە وردە نەزیفی ئەو برینە لە مەرگی نزیك دەکاتەوە.

خوێنەری بەڕێز...،

دوای سەرداگرتن بە سەر چەندان کتێب و ئاوێتەکردنی ئەزموونی مامۆستایەیی خۆم، گەیشتمە ئەم ئاکامە کە بۆ دەستگرتن و ڕێنماییکردن و یارمەتیدانی خوێندکارە کچە هەرزەکارەکان، دەبێ ئەم چوارلایەنە زۆر هۆشیارانەوە ڕۆشنبیرانە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا بکەن:

(مامۆستا / بەڕێوەبەر / باوانی کچە / کچە خوێندکارەکە)

پێش ئەوەی، بایەخ و ئاکامی ڕۆڵی هەریەکێك لەم زاتانە شیبکەمەوە، حەزم دەکرد ئەم (٣) ڕووداوەتان بۆ بگێڕمەوە کە خۆم شایەتحاڵیان بووم:

* لە داڵانی قوتابخانەکە دەنگە دەنگ و هاوار هاوارێکی زۆر بوو، قوتابییە کچەکان وەك تۆپەڵی هەنگ لە دەووری بەڕێوەبەرەکەیان خڕببوونەوە، زەنگی وانە لێیدابوو، منیش بەرەو پۆلەکەم دەچووم، کە بەلای ئەم ئاپوورە تێپەڕیم، هەرچی قسەی ناشیرین و نابەجێ بوو ئەو بەڕێوەبەرە بە کچۆڵەیەکی هەرزەکاری ناسك و نازداری دەگوت و ئەوەی دەهاتە سەرزاری نەیدەگێڕایەوە... ، گوێم لێبوو قوتابییەکە لە دەمێ بەڕێوەبەرەکەی دایەوە گوتی: ئێ من چیبکەم، جوانم... تۆ لەحەسوودیان چاوت پێم هەڵنایەت و ڕقت لێمە. دواتر، قوتابییێك پێیگوتم، ئەو بەڕێوەبەرەی ئەو کچۆڵەی بەوە تاوانبارکردوە، گۆیا چاوی لەسەر مامۆستایەکی پیاوە.

* لە گەرمەی دەرس دابووم، بەڕێوەبەرە ژنەکە بەدوای قوتابییەکی پۆلی (١٢)دا نارد. دوای ماوەیەك کە گەڕایەوە، کچە سەری لەسەر ڕەحلەکە هەڵنەگرت و تا زەنگ

لێیدا هەر بەبێ دەنگی دەگریا. دواتر لەدرەفەتێکدا قوتابییەکە پێگوتم کە بەڕیوەبەرەکەی زۆر قسەی ناشیرینی پێگوتوە و سووکایەتی پێکردوە گۆیا بلوزی سوور لەبەرکردوە، کچە لە میانەی سکاڵایەکەی ئاماژەی بەودا کە بەڕێوەبەرەکە دڵی لەو پیسە، ئەو ڕۆژە ئەو لەگەڵ مامۆستایەکی پیاو لە داڵانەکە ڕاوەستابوو...

* لە ماوەی مانگێك دوو سێ جار کچە قوتابییەکی هەرزەکار لە پۆلدا باری دەروونی تێکدەچوو و لە هۆشخۆی دەچوو، دوای ماوەیەك دەهاتەوە سەرەخۆ و زۆر دڵتەنگ و پەرشان دەبوو. ژنە بەڕێوەبەرەکەی دواناوەندییەکە تابڵێ کاریزماو ڕۆشنبیرو کارامەبوو. بەدزییەوە پەیوەندی بە یەکدوو دەستەخۆشکی ئەو قوتابییە دەکات و سۆراغی باری دەروونی و خێزانیی ئەو کچەیان لێدەکا و ناڕاستەوخۆیانەش باس و خواسی ئەڤین و خۆشەویستیان لەبنگوێاندا دەچرپێنێ. خۆشبەختانە ئەو بەڕێوەبەرە سەرەداوێکی کێشەی ئەو کچەی چەنگ دەکەوێ و زۆر هێمنانە خۆی دەکاتە هاوڕێی ئەو و بە چەندان دانیشتن توانی کێشە (ئەڤیندارییەکەی) ئەو قوتابییە چارەسەر بکات. (درووود لە رۆحی پاکی ـ ست ئافتاو خادم ئەل سەجادە ـ ی بەڕێوەبەر لە کۆیە).

لە زانستی سوسیۆلۆژی ودەروونناسیدا، تەمەنی هەرزەکاری بە کانیاوێك دادندرێت کە دوای بارانێکی زۆر و تووانەوەی بەفری کوێستانەکان، تەواو پەنگدەخواتەوە بە دوای درزێکدا دەگەڕێ، تا بتەقێتەوەو ئەوەی لە هەناویدا ئاماری کردووە دەرهاوێژێتە دەرەوە. هەرزەکار حەزناکات هەر بۆخۆی بێ، ئەو خەون بەوەو دەبینێ دەرووبەر ئیعتراف بە بوونی ئەو بکەن وەك (هەرزەکار)و حەزەکانی لی زەفتنەکەن و ڕکابەری ئارەزووەکانی نەبن. جا زۆر جار کە هەموو دەرگاو پەنجەرەکانی حەزی ئەو هەرزەکارە دادەخرێت و هیچ درزێك نامینێتەوە تا ئەو کانیاوەی لێ بێتەدەرتەوە، ئەوا ئەو هەرزەکارە (بەتایبەتی کچ) جگە لە (پۆل) هیچ شوێنێکی دیکە نادۆزێتەوە بۆ تەقینەوەکەی، لەویشدا ـ لەبەر ئەو خەسڵەتانەی کە مامۆستا هەیەتی و پێشت ئاماژەمان پێدان ـ ئەوا مامۆستای پیاو، زۆرجار، دەبێتە قارەمانی ئەسپی خەیاڵ و پاڵەوانی خەونی ئەو!

توێژەرانی ئەم باسە، دەڵێن، واباشترە، هەوڵ بدرێت، درزێکی دەستکرد دروستبکرێت تا ئەو کانیاوە لەوێرا بتەقێتەوە، پێشگری لێبکەین لەوەی بەداوی درزی (ئەڤینداری لە پۆلدا) بگەرێ، بەم شێوەیە دەتوانین ئەو هەرزەکارە بە چەندان شتی بە سوود سەرقاڵکەین کە هەست بکات ئەو شاتانە بوونی ئەو دەسەلمێنن و خۆشییەکی رۆحی پێدەبەخشین و لە دڵی خۆیدا دەڵی: (ئەوەتەم، منیش هەم!).

توێژەران دەڵێن، لەرێی سەرقاڵکردنی هەرزەکار بە ئارەزوو و هیوایەتەکانی دەتوانین زۆر هاریکاری بکەین و سەرکەوتووانە ئەو قۆناغەی تەمەنی تێپەڕێنین. هیوایەتەکان زۆرن، وەك، هونەری نیگارکێشی و داتاشین و خۆشنووسی و کاری دەستی، هونەری ژەنینی ئامێری مۆزیك، شانۆ و نواندن و وتارخوێندنەوە، خوێندوەی ئەو هونەری بابەتانەی حەزی لێدەکا، نووسینی پەخشان و شیعر و ئەدەبیات، بەشداریکردن لە یاری و سپۆرت و گەمە و شەترنج . فێربوونی چنین و هۆنینەوەو نەخش ونەخشسازی، داهێنان لە دیزاینی و نەخشەو مۆدیلی هەمە جۆری ناومالّ و کەل وپول و ئامێرو شتەکانی دیکە، و کارکردن لە باغچە و بەخێوکردنی گیانداری ماڵی و بەشداریکردن لە کۆمەڵ و رێکخراوی شیاوو بە کەلك ... تاد.

خۆشبەختانە، قۆناغی هەرزەکاری زۆر درێژ نییەو هەرکاتێ هەرزەکار باشتر خۆی ناسی، ئەوا بە عەزیمەو ئیرادەو کەسێتیەکی زۆر پڕ مەتمانەترو باوەڕ بە خۆ بوون دەتوانی لەبەردەم رەشەباو زریانی ئەم قۆناغە خۆی ڕاگرێ و نەهێڵی بشکێتەوە.

ئێستاش، زۆر بە کورتی بایەخ و رۆڵی (مامۆستا / بەرێوەبەر / باوانی کچە / کچە خوێندکارەکە) لەچەند دێڕێکدا چڕدەکەینەوە:

یەك: مامۆستای پیاو: چونکە ئەو کەسێکی بە ئەزموونەو شارەزای زانستی دەروونناسی و کۆمەڵناسییەو باش لە زمانی جەستە تێدەگا(کە پێویستە وابێ)، هەرکە هەستیکرد یەکێك لە کچە خوێندکارەکان مەیل و حەزێکی (نائاسایی) نیشانی ئەو دەدەن، دەبێ خۆی بۆ کپکردن و دامرکاندنەوەی ئەو مەیل و حەزە ئامادە بکات بەبێ ئەوەی کچە پێبزانێ، زۆر ڕووی نەداتێ، ڕێی نەدا لە پشوو و

بۆنەکاندا بەتەنیایی قسەی لەگەڵ بکات، بەهیچ شێوەیەك، بە هیچ مەرامێك، بە هیچ گوزارشتێك، وشەیەك لە زاری دەرناچی یان کردیەك نیشان نەدا کە کچە وای تەفسیر بکات باوەشی بۆ دەکاتەوە. بینیمان کە (٥٥٪) مامۆستاکان، لە ڕاپرسییەکەدا ئەزموونی ئەڤێنداریان لە پۆلدا نەبووە. هەموو ئەڤینداریییەکی کچە هەرزەکارەکان لەو ساتەدا دادەگیرسێ کە مامۆستایەکەشی بە شێوەیەك لە شێوەکان تروسکەی چرای سەوزی نیشاندەدا. جا ئەگەر زوو مامۆستاکە چرای سووری بۆ هەڵکرد، ئەوا یەکسەر ئەو کچە هەرزەکارە بەخویدا دەچێتەوە، با ماوەیەك ڕکابەری بکات و بیبوغزێنی،، گرنگ نییە دواتر کچە دێتەوە سەر (سکە)ی خۆی و مەیل و حەزەکەی دادەمرکێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر بە هیوایەتێك و کارێکی دیکەوە سەرقاڵی بکرێت.

دوو: بەڕێوەبەر: هەرچەندە زۆربەی کاتەکان لە ژوورەکەی خۆیدا خەریکی ئەنجامدان و ڕاییکردنی کارەکانیەتی، بەڵام بەڕێوەبەری بەتواناو لێهاتوو، هەمیشە ئاگاداری خشەی مارو میرووە لە قوتابخانەکەیدا. بۆ ئەم باسە ڕۆڵی ئەو دوو لایەنەیە، لە لایەك لەگەڵ مامۆستاکایەکانیدا، لە هەموو کۆبوونەوەیەکدا، بایەخ و هەستیاریی پاریزگاریکردن لە کەش و هەوای ئارام و هێمنی قوتابخانە دەخاتەروو، ئەگەر هەستی بە بوونی شتێك کرد ئەوا دەبێ ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەموو مامۆستا پیاوەکان دانیشێت، بەبێناوەهێنانی هیچ کەسێك قسەی دڵیخۆی بکات، خۆ ئەگەر دۆخەکە گەیشتە حاڵەتی بەزاندنی هێڵی سوور، ئەوا دەبێ ڕاستەوخۆ لەگەڵ مامۆستای مەعنی دانیشێت و ناشبێ بە هیچ شێوەیەك ئاماژە بۆ قوتابییەکی دیارییکراو بکات. لەلایەکەی دیکە، فەرزە بەڕێوەبەر ناوە ناوە، دەرسی (فەراغ) بقۆزێتەوەو سەردانی پۆلەکان بکات و ناڕاستەوخۆیانە، ئەزموونی هەرزەکاریی خۆی بۆ قوتابییە هەرزەکارەکان بکاتە وانە و هەمیشە دەمەزەردیان بکاتەوە، ئەو لە مێشکیان بچەسپێنێ کە خوێندن ئەرکی سەرەکی سەرشانی ئەوانە. دیسان ئەگەر هەستیکرد، قوتابییەك دێ هێڵی سوور ببەزێنێ، دەبێ زۆر ژیرانە گفتوگۆی لەگەڵدا بکات بەو

مەرجەی نە ناوی هیچ مامۆستایەك بێنی و و نە باسی ئەشق و ئەڤینداری بكات. مامۆستای زیرەك خۆی دەزانێ بە چ زمانێك پەیامی خۆی دەگەیێنێت. (٣)

سێ: باوانی كچە: خەسڵەتێكی (ئەڤیندارینی پۆل) ئەوەیە، كە زوو ئاشكرا دەبێ، كچە هەرزەكاری ئەڤیندار هەمیشە و بێئاگایانە، باسی ئەو ئەڤیندارەی خۆی لەسەر زاریە: (ئیمڕۆ وایگوت، وایكرد، وانەكەی وابوو، بۆینباغەكەی ئەو ڕەنگە بوو، سەعاتەكەی لەو ماركە بوو، عەترەكەی ئەو جۆرە بوو ....تاد)، دایك یەكەم كەسە هەست بە گۆڕانكارییەكانی دەروونی و جەستەیی و ڕەفتاریی كچەكەی خۆی دەكات و زوو لە بنیج و بنەوانی نهێنییەكان تێدەگا. جا دایكی ڕۆشبنیرو كراوە، بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونەكانی تەمەنی خۆیْ دەتوانی ڕێنمایی كچە ئەڤیندارەكەی خۆی بكات بەبێ ئەوە بهێڵی بزانی كە ئەو دركی بەشتێك كردوە.

چوار: كچە خوێندكارەكە: بۆ ئەو دەستەخوشكی خاس وتێگەیشتوو و جوان ڕەفتار باشترین ڕێنیشاندەرو ڕێنمایكارە. دەكرێ خۆشی لەڕێی خوێندنەوە بەشداریكردنی لە كۆڕ و سیمینارو كۆبوونەوەی جۆراوجۆر، كەسێتی خۆی لەسەر بناغەیەكی پتەو بونیاتبنێ و ئاقڵانەتر بیر لە ئایندەی خۆی بكاتەوە. ڕۆژنامەو گۆڤارو كتێبی پەروەدە و زانستی سەدرەمییانە دەبێ لە كتێبخانەكانی قوتابخانەكان هەمیشە لەسەر مێز و ڕەفتەكان بن، تا ئەوان ئاسانتر دەستیان بگاتە بە سەرچاوە بەسوودەكان. (هەر وەك نموونە، خوێندنەوی بابەتەكانی گۆڤارێكی وەك (ژیار) حەتمەن، جێ پەنجەی خۆی لە دروستكردنی كەسێتی خوێنەر دەبێ). خاڵێ بایەخدار ئەوەیە، بتوانرێت قەناعەت بەو خوێندكارانە بێنن، كە خوێندن، تەنها خوێندن ئەركی پیرۆزو سەرەكیی سەرشانی ئەوە و لەو قۆناغەدا و لە قۆناغەكانی داهاتووی تەمەن دەرگاو پەنجەرەكان كراوەو ئاواڵەن. (٤)

پێش ئەوەی بابەتەكە قوفڵدەم، دەبێ قوتابییە كوڕە هەرزەكارەكانیش، باش بزانن، كە ئەو قۆناغە بۆ ئەوانیش یەكجار ناسك و هەستیارە و دەبێ ژیرانە ڕەفتار بكەن. لێرەشدا

ڕۆڵی مامۆستاو بەڕیوەبەرو باوان و خـودی قوتابییەکـە بـەرز دەنـرخێنین. (لـە ڕاسـتیدا لێکۆڵینەوە لەسەر تەمەنی هەرزەکاریی ئەوانیش بەسوودە).

ئەوەی باسمـان کـرد، ئاماژەیـەك بـوو بـۆ (ئەڤینـداری لـە پـۆل)دا، لـە کاتێکـدا کـە تەکنەلۆژیایی سەردەم بابـەتێکی نـوێی لـە ئەڤینـداری داهێنـاوەو پێیـدەگوتری Love) (Online، کە زۆر مەترسیدارە لەسـەر دوارۆژی هـەرزەکاری کـوڕ وکـچ. ئـەم بابەتـەش لێکۆڵینەوەیەکی وردی گەرەکە... خوایاربێ، لـە ئەلقەیـەکی تایبەتـدا، دووسـێ قسـەی لەسەر دەکەین ـ خوازیاریشم هاوقەڵەمەکانم تەقسیری نەکـەن، چـونکە ناونیشـانەکە زۆر هەڵدەگرێ و ئیمڕۆ هەرزەکاری کورد عەوجە بەو زانیاری و لێکۆڵینەوانەکە کە بۆ ئایندەی نەتەوە زۆر کاریگەرە.

بابەتەکە بە حەدیسێکی پێغەمبەر(د.خ) قوفڵدەدەم کە دەفەرموێ:

"رفقا بالقوارير"

واتا بەلوتف و نەرم ونیان و هێمن وسۆزداربن لەگەڵ ئەو شووشە ناسـك و تەنکانـە ـ کـە مەجازە بۆ کچ و ژن

بەندە لێرەدا، ئەمە دەخەمە سەر ئەو حەدیسە پیرۆزە، کە کەسـێتی مامۆسـتاش، وەك ئەو شووشە ناسك و تەنکە، بە بچووکتیرین دەنکە چەو وردوخاش دەبێ، وریا بن!

(١) زۆر لە مامۆستاو قوتابییەکان لـە وەڵام دانـەوەی نامـەکانم نووسـیبوویان:" چـونکە دەزانین تـۆ کەسـێکی پـاك و نیـاز خـاوێنی، دەنـا وەڵامـی ئـەو جـۆرە پرسـیارانە نادەینەوە. پرسیارەکان قورسن! مامۆستا نابێ ئەو جۆرە پرسیارەی لێبکرێت، ئـەوان هەرموویان دڵپاك و داوێن پاکن.

(٢) هەموومان دەزانین کە مامۆستا هەیە خوێندکاری خۆی هێناوە وسـەرەڕای جیـاوازی تەمەنیش، ژیانێکی بەختـەوەریان بەیەکـەوە بەسـەر بـردووە. بەنـدە بـۆ خـۆم (٧) مامۆستای وا دەناسم. خوێندکار هەبووە سەربەهەوێ شووی بە مامۆستاکەی کردوە. یەك تاکە مامۆستای کچیشم دیوە کە شووی بـە کـوڕە خوێنـدکارێکی پـۆلی (١٢) کرد، کە خۆی دەرسی پێدەدا.

(٣) تاكۆتایی حەفتایەكانی سەدەی ڕابردوو، حەفتانە بەڕێوەبەر بۆ موشاهەدە سەردانی مامۆستاكانی خۆی دەكردو ڕۆڵی سەرپەرشتیاری دەبینی و دەرسی فەراغیشی دەقۆزتەوە بۆ ئامۆژكاری و ڕینماییەكانی. ئەو جگەلەوەی بەڕێوەبەر دەبوویا حەفتانە (٦) دەرس لە ڕشتەی پسپۆڕی خۆی بڵێتەوە، یاریدەدەرەكەشی دەبوایا (١٢) دەرس بڵێتەوە. ئەمانە وای دەكرد بەڕێوەبەر نزیكتر بێت لە قوتابییەكانی و پانتایی ڕێز و خۆشەویستی نێوانیشیان فراوانترو جوانتر بێ. دڵنیام كە ئیمڕۆش بەڕێوەبەری زۆر باش و سەركەوتوو وبلیمەتمان هەیە، لێ گلەیشم زۆرە لە هێندەكیان كە بە پێخواستی وجەڵەبیانە لەم مەسەلەیەدا ڕەفتاردەكەن و قوتابخانە دەكەنە بازاڕ ومەیدانی ئاژەڵان. بەداخەوە لە جیاتی ئەوەی چاوەكان كلڕێژكەن كوێریان دەكەن.

(٤) دەبوایا لە پێشدا بایەخ و ڕۆڵی توێژەری كۆمەڵایەتی، كە لە هێندێ قوتابخانە دامەزراون، لێرەدا باسبكەم، بەڵام ئەوەندەی كە من ئەزموونم هەیە هەست دەكەم كە دەزگای پەروەردە زۆر متمانەی بەو ڕۆڵی ئەو توێژەرە بەڕێزانە نییە ، لە كاتێكدا ئەركی وان ڕێگرتن و ڕێنمای و دۆزینەوەی چارەسەرە بۆ كێشەكانی قوتابیان، بەڵام زۆربەی بەڕێوەبەرەكان ئەو ئەركەیان بۆ خۆیان زەفەتكردوەو ئەوان پتر بە كاری لاوەكی وەك خشتە و نمرە و دۆسیەو تۆماری نەهاتووان سەرقاڵدەكەن، بەداخەوە، خۆشیان تا ڕادەیەك زۆر گەرم وگوڕنین لە چالاككردنی ئەو ڕشتە بەسوودەی خۆیان.

# پێشانگەی ساڵانەی قوتابخانەکان،
# یان هەڕاجخانەی ڕەنگە مردووەکان؟

**(پێشانگە، قوتابخانەی پەروەردە و فێرکردنی چێژە**
**بێ بەرانبەر بو هەمووان، لە قیسخۆتانی مەدەن.)**
**(ف. ش.)**

تا تەمەنی بووە نەوەت ساڵیش، یەك ڕۆژ ئەو باوکەی خوم نەدی لـەماڵـەوە چـەکوش یان پلایس یان ماڵنچ یان مشار یان تەوشوویێکی لە مستدا نەبێ و لە گوشەیەکی خـانووە سەربە گومبەزەکەماندا، خەریکی چاککردنەوە یان دروستکردنی شتێك نەبێ، ئەگەر هیچ هیچ ئیشی بو پەیدانەبووبایە ئەوا خوی بە دارمێوەکە، یان هێلانەی کوترە قەڵاشـەکانەوە دەخافلاند. دوای نیوەڕۆیەك، هێشتا پیاڵـە چـایەکەی بـەردەمی تـەواو نـەکردبوو، (٢٥) فلسـی بـو هەڵـدام و گـوتی بـڕۆ لـە لای (فـەقێ عـەزیز)ی بزمـاری دەرزیـم بـو بێنـە. جگەرەکێشـێکی پێنەچـوو، هاتمـەوەو گـوتم، (فـەقێ عـەزیز) دوکـانی نـەبوو. یەکسـەر تێیخوڕیم و گوتی: جا خو بەغدا نەبوو، چووبایتە لای (جەلال جوبار)ی، وەك ئاسك بـەرەو دوکانی (جەلال جوبار) تێمتەقاند، ئەویش هەر داخرابـوو. ئـەوجارەی گـوتی: دەبـڕۆ کـن (وەستا عومەری نەجار)و بڵێ باوکم گوتی هێنـدێك بزمـاری دەرزیـم بـداتێ. کـە چووم

ئەویش هەر دوکانی قوفڵ بوو. بە تورەییەوە لەدەمی دامەوەو گوتی: پەکوو، بەقورێت گرت! شار مەنعی تەجەولە!

یەکسەر خوشکێکم بەهانامەوە هات و گوتی: بابە، ئیمڕۆ پێشانگەی سالآنەی قوتابخانەکانە، هەموو عالەم چووەتە قوتابخانەی دواناوەندی کویەی کچان، خو کەس لە بازارِ و لە ماڵ نەماوە!

ئەو دواناوەندیە هێندە لە ماڵمان نزیك بوو، ڕۆژانە گوێمان لە زرینگەی دەنگی ئەو پارچە شێلمانە دەبوو کە لە جیاتی جەرەس هەڵیانواسیبوو. منیش لە گەڵ خوشکە گەورەکەم، خوم لە باوکم دزییەوە چووینە تەماشای ئەو پێشانگەیە. شان شانی دەسمی، ئەوەی لێت بزربوو بوو لەوێت دەتدیتەوە، هەر کە چووینە ژووری یەکەم، لەسەر دەستەباشیەکی جوان کێکێکیان دانابوو، بە چەقو دابەشیان دەکرد، پارچەیەکم بەرکەوت، بە حەیاتی خوم کێکی وا خوش و بەتامم نەخوارد بوو. ئەسەڵەن قەت نەشمدیتبوو، گوتیان ئەو کێکی ئیسفنجە. لە ژوورێکی دەیکە، شتێکیان پێدام، زور خوش بوو ناتوانم وەسفی بکەم وەك حەلوای کوردی بوو، گوتیان ئەو (سەمەنییە). دارودیواری ژوورەکان بە جلکوبەرگی نەخشێنراو چینیەوە و دەرزی ودورمان ڕازابوونەوەو هەر پارچەیەکیش نرخی خوی لەسەر داندرابوو. هیچ پولێك نەبوو بە شتی دەستکرد لە کاغەزی ڕەنگاوڕەنگی و قوماش و تەختەو ئیسفنج و قورِ و گەچ و ڕەسم و تابلو ئارایشت نەکرابیّ، دەستە دەستەش قوتابی و ماموستاکان پێشوازیان لە میوانەکان دەکردو قسەیان بو دەکردن. ئەوەی کە من (٦١) ساڵ پێش ئیمڕۆ لەو پێشانگەیەدا بینیم جارێکی دی نەمدیتەوە...!

ئەوەندە من لەمنداڵیەوە سەوداسەرو خولییای هونەر بووم، سیپارەی ڕۆژانەم هەر بو دەفتەری ڕەسم و قەڵەم ڕەنگ و باستیل وماجێك بووە و لەهەر شوێنێك پێشانگەیەکم پیّ شك هاتبیّ سەردانم کردووە و کە گەورەش بووم ئەم خولیایە لەگەڵم گەورەتر و خوشەویستتر بوو و خوێندنەوەش باشتر بە جیهانی هونەری ئاشناکردم بویە شتیك لە مەعریفەی ڕەخنەی هونەریم لەلا گەڵاڵە بووە.

مێژووی پێشانگەی کاری هونەری منداڵان دەگەڕێتەوە بو کوتاییەکانی سەدەی هەژدەم کاتێك لە ساڵی (١٧٦٩) یەکەم پێشانگەی لەو جورە لە لەندەن کرایەوەو دواتر پەرەی پێدراو گەیشتە ئاستی کێبڕکێی لە نیوان قوتابخانەکاندا، من لەو باوڕەدام هەر ئینگلیزەکانیش لەگەڵ هاتنیان و کردنەوەی قوتانخانەکان لە عیراقدا ئەم چالاکییەیان بو هێناوین. جا لەو ڕۆژگارەوە کردنەوەی پێشانگەی ساڵانەی قوتابخانەکان بوتە نەریت و بەردەوامە و بە چەند قوناغێك تێپەڕیوە. ئەوەی کە جێگەی داخە، ئەم چالاکییە بایەخدارە بە قیمەتە لای ئیمە ساڵەهای ساڵە لە جێگەی خوی تەراتێن دەکات و زور بە سستی بەرو پێش دەچی گەر نەڵێم لە جێی خوی چەقیووە.

لێرەدا لە چەند پەنجەرەیەکەوە سەر بە هۆبەو هەوارەکانی ئەم چالاکییە پڕ هونەرە جوان و پیروزە دادەگرین:

ئەندامانی کارای چالاکی هونەریی پێشانگەی قوتابخانەکان بریتن لە:

- **ماموستای هونەرو ستافی قوتابخانە.**
- **قوتابییەکان لە قوناغی باغچەی ساوایانەوە تا پەیمانگەو کولێژەکان.**
- **تەماشاچییەکان ومیوانانی پێشانگەکان.**
- **هوڵ و هوبەی هونەرو موزەخانە و (دەرەوەی قوتابخانە).**

پێش ئەوەی ڕوڵ و بایەخی هەر یەکێك لەم (٤) کارەکتەرە شیبکەینەوە، بەباشی دەزانین پرسیارێك بکەین: ئەرێ، ئەم پێشانگەیانە چ سوود و مەنفەعەتێکیان هەیە؟

لە دیباجەی ڕێکخراوی جیهانی(یۆنیسکو) دا هاتووە:"بایەخدان و گۆشکردنی داهێنان لە لای منداڵ هەر لە سەرتای تەمەنییەو زامنی گەشەکردنی ژینگەیەکی تەندروست و وخوناس و قەدرزانییەکی بەهاداری خود و ژیانە، ئەمانەش بەردی بناغەی کەلتووری ئاشتی وئاسایش و هێمنین بو هەمووان.' لە سونگەی ئەم چەمکە زانستییەی (یۆنیسکو)وە، بایەخ و سەنگی پێشانگەی قوتابخانەکان لەم خاڵانەدا چڕ دەکەینەوە:

## ١) داهێنان:

سادەترین پێناسەی داهێنان ئەوەیە:"بارو دوخێکی هز و مێشکە کە تێیدا هەر هەموو توخمـەکانی ژیریـی و هوشمەنـدی بەیەکـەوە کاردەکـەن. یـان توانسـتێکی بالآیـە بـو چارەسەرکردنی کێشەو پرسەکان و زەقکردنەوەی پرسیاری ڕەواو لۆژیکی. کەسی داهێنـەر هەمیشە هەست بە نەشئەی خوشـیێەکی بێنـەزیر دەکـات. جـا بـو هێنانـە ئـارای ئـەو بارودوخە یان بابلێین بو هەلکردنی چرای ئەو داهێنانە هەمیشـە پێویسـتیمان بـە دەنکـە شقارتەیەك هەیە، باشترین جوری ئەم دەنکەشقارتەش (هونـەرە). هونـەر، لـە بیرکـاری و زانستەکان لەم بوارەدا گاریگەرترە چونکە ئاوێتەی جیهانی خەون و خەیالە، کـە دەتـوانن هەموو دەرگاکان والآ بخەنە سەرپشت. مندالْ بەهرەیەکی خوداکردەی هەیە بو داهێنان جـا چ لە بواری هونەر بێ یان موزیك یان بیرکردنەوە. لێرەدا بایەخی(پەروەردەی داهێنەرانـە) بەدیاردەکەوی، کە سەد حەیف و مەخابن، سیستەمی پەروەردەی ئێمە زور هەژار و کلۆلە لەم تەرزە فێرکردنە، ڕەنگبێ دوو کتێبمان لەسەر ئەو ناونیشانە بە زمانی کوردی چـەنگ نەکەیْ، تا خوێندن و پەیرەویکردن و گرنگی پێدانی بکەین بە ڕێباز وپرۆگرامان! خوشـتان دەزانن کە ڕەگەزی سەرکیی پێشانگە، هونەرە، لێـرەدا بـەدیار دەکـەویْ کـە پێشـانگەی قوتابخانە چەندە بایەخدارە.

## ٢) کاراماکردنی بوارە ئەکادیمییەکان:

هیچ زانستێك نییە خالْی بی لە هونەر، تەنانەت لە ژمارەکانی بیرکاریشدا زور تـابلۆی سەرنجڕاکێشەڕ دەدوزرێنەوە. پەیوەندی نیوان زانست وهونـەریش دووسـەرەیە، لـە لایـەك هونەر ئاسانکاری دەکات بـو ڕاڤـەکردنی زانسـتەکان، وەك داڕشـتنەوەی هاوکێشـەیەکی کیمیـاوی لـە تابلۆیـەکی هونەریـدا، کەرەسـتەو تەکنـەلوژیای پێویسـت، بـو هونـەر دەستەبەردەکات، وەك جـوری ڕەنـگ و کەرەسـتە و ئـامێری تایبـەت بـە وێنەکێشـان و هەلْکولێن و نەقش و جوانکاری هەمە ڕەنـگ... تـاد. زانسـتییانە سـالمێندراوە کـە ئـەو

قوتابییەی بە درێژایی ساڵ لە هەفتەیەکدا (٣) سەعات خەریکی کاری هونەری دەبێت، لە ڕشتە زانستییەکاندا نمرەکانی و توانستی (٤) بەرابەی ئەو قوتابییانەیە کە نائاشنان و غەوارەن بە هونەر. ئەمەش لە بیرکاری و فیزیك و ئەندازەو ڕشتەکانی ئەدەبیشدا لە شیعرو پەخشان دەردەکەوێ. کەواتە پێشانگەی قوتابخانە تاقیگەی زانستیشیە بو خوێندکاران و فێرخوازان و نابێ هەرلە دیدی هونەری و مرۆییدا سەیربکرێت. *

## ٣) جۆشدانی کارامەیی:

هەموو قوتابییەك خاوەن کارامەیی و بەهرەیەکی تایبەت بە خویەتی و زورجارانیش ئەو بەهرەو کارامەییە شاراوەن. بە بەشداری کردنی ئەوان لە کارو چالاکیی هونەری لە پێشانگە، هەم بەهرەکان دەدوزرێنەوە و هەم مامۆستاکان دەتوانن بە شێوازی زانستی و ئەکادیمیانە و هونەری ئەو بەهرانە بخەملێنن و ئارایشتیان بکەن و پەرەیان پێبدەن. بڕوانن زوربەی گورانیبێژانی کورد، لە گوتنەوەی سروود و شیعرخوێندنەوەی گوڕەپانەکانی قوتابخانە چەکەرەیان کردووە. ئەمە بو هونەریش دروستە گەر خەمخوری هەبێ. فێرکردنی منداڵی (٣) ساڵی بە کێشانی بازنەو خەتخەتوکە، سەرەتایەکی باشە بو پەرەپێدانی ئەم تەرزە بەهرەیە، تا بتوانێ لە (٤) ساڵیدا بە مەقەستی (تایبەت بە منداڵان) بەڕێکی و بە جوانی کاغەز ببڕێ. پەنگخواردنەوەی بەهرەی منداڵ و پشتگوێخستنی، کوشتنی حەز و خولییایەکی ئەوە بە هێمنی.

## ٤) باوەڕبەخۆبوون:

سروشتی منداڵ وایە، کە هەستی کرد خاوەن شتێکی تایبەت بەخویەتی، زور شانازی پێدەکاو چێژی لێوەردەگرێ، جا ئەم شانازی و چێژە جورە باوەڕبەخۆبوونێك لە دڵ و دەروونی ئەو دا فەراهەم دەکا. هونەر دەرگایەکان بو وەدی هێنانی ئەو باوەڕبەخوبوونە والادەکاتەوە و هەلی خۆبەدیارخستن و داهێنان بو ئەو دەڕەخسێنێ، جا جار لەداوی جار،

وەك نەمانێك، ئەو باوەڕبەخۆبوونە گەشەدەكات و گەورەتر و بەهێزتردەبێ و دەتوانی خوی لەبەر ڕەشەباكاندا ڕاگرێ. باوەڕبەخۆبوون كلیلی سەركەوتنە بەتایبەتی بو قوتابی.

٥) فێربوون بەچاو:

پڕوفیسۆڕ(كێری فریدمان) ڕاگری بەشی پەروەردەی دیزاین و هونەر لە زانكوی (Northern Illinois) دەڵێ: "ئەوندەی منداڵ بە چاو فێردەبێ ئەوەندە بە خوێندنەوە و تێكست و نووسین فێرنابێ. ڕەنگ و وێنە و دیمەنەكانی دەووروبەر، وەك تاقیگەیەك وان بو ئەوان، زانیارییەكانی بە چاو دەڕژێنە ناخ و مێشك، درەنگتر لە بیردەچنەوە." لە پێشانگەی قوتابخانەكاندا زور لەو ڕەنگ و تابلۆ و دیمەنانە وجودیان هەیە.

## ٦) بریاردان:

هەر كارێكی هونەری پرسیارو وەڵامێكە، جا خولقێنەری هەموو هونەرێك. بەم پرسیارە دەست پێدەكا: (چون ئەم پڕۆژەی لە مێشكم دایە، ئەنجامی بدەم و بەرجەستەی بكەم؟)، لێرەوە منداڵ فێرە بریاردان دەبێ ئەمەش پەرەدەسێنێ بو بوارەكانی دیكەی زانست. ئەو لە نیگاركێشانێكەوە فێردەبێ چون وەڵامی پرسیارێكی بیركاری یان فیزیك بداتەوە. ئەو منداڵانەی مەحرمكراون لە هونەر، توانای بریاردانیان لاوازە یان وەك هەرمێیەكی پێنەگەیشتووە. بەشداری كردنی قوتابی لە چالاكییەكانی پێشانگەدا، ناڕاستەوخویانە تیژكردنەوەی تیغی بریاردانە و لەوێوە فێردەبێ چون؟ كەی؟ بو؟ دەبێ ئەو بریارە بدا.

## ٧) دانەبڕان و هەناسە درێژی:

وەك موزیك و وەرزش، چالاكییە هونەریەكانیش پێویستان بە كاری بەردەوام و درێژخایەن هەیە، ئەمەش بەگوێرەی سروشتی كارەكان، ئەنجامدانیان بە سەعات و ڕۆژ و هەفتە و مانگ كوشش و ماندووبوونیان دەوێ. ئەم بەردەوام بوونە، قوتابی فێردەكات لە كارەكانیدا و لە ژیان دەبێ پشووی درێژ ێ ئارام و سەبری هەبێ. جا لە میانەی ئەم بەردەوامبوونەیان فێرە كارامەیی و ئەزموونی تازەتر دەبن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پتر بو

پێشەوە هەنگاو دەنێنن. لێ ڕادێن کاری قورس وگرانیش ئەنجام بدەن و تەگەرەکانی سەر ڕێیان تەخت بکەن.

## ٨) دیقەتلێگرتن:

بینین کاری چاوە، لێ لەزانستی بینایی چاودا (Science of Vision)، ڕیزبەندێك لە جورەکانی بینین و تەماشاکردن هەیە. دیقەتدانی ورد بایەخی زوری هەیە، هەم بو دوزینەوەی شتە شاراوەکان و هەم لە مانەوەی وێنەکانی لە خانەکانی مێشکدا بو ماوەیەکی زورتر. جیاوازی هەیە لە نێوان تەماشاکردنی دەستێك و دیقەتگرتن لەودەستە بو دوزینەوەی سەرە دڕکێك! فێرکردنی قوتابی بە سەرنجدانی وردە دەکرێ لە هونەرەو دەست پێبکرێت. تابلۆیەك چەندا خوێندنەوە لەخو دەگرێ کاتێك بە چاوی دیقەتەوە سەرنجی لێدەگری. سەرنجدانی ورد لە پەروەردە فێرکردن دەبێ بە هەندوەرگیرێ.

## ٩) هاریکاریکردن:

پێشانگەی قوتابخانە بەرهەومی کاری دەستەجەمعییە و لە نێوان مامۆستاو زوربەی قوتابییەکاندا. جارهەیە، بەرهەمەکان هاوبەشن لە نێوان گروپێك یان چەند قوتابییەك، یان لە نێوان مامۆستاو قوتابی، ڕاگوێزانەوەی خوێندکار لە سەر ڕەحلەی خوی بو باوەشی کاری هاوبەش و زورینە، خوی لەخویدا کارێکی مەزن و پڕبایەخە. گوشەگیری و تەنیای و ناموییی وخەموکی هەموو دەرهاویشتەی دوورکەتنەوەیە لە کۆمەڵگا. تێکەڵی و هاوڕێیەتی وکاری هەرەوەرزی ڕۆحی خوشەیستی تێکەڵ بووم و ئاشنایەتی و برادەرایەتی دەخولقێنێ و بەهێزتری دەکا. کەواتە دەکرێ پێشانگە وەك یانەیەکی هەروەزی سەیربکرێت، کە هەمووان تێیدا بەشدارن.

## ١٠) بەرپرسیارەتی:

لە نمایشی پێشانگەدا، خوێندکار حەزدەکات باشترین و جوانترین بەرهەمی بخاتە ڕوو. لێرەدا هەستی بەرپرسیارەتی لە ناخی ئەودا چەکەرەدەکا، دەیەوێ خوی و ماموستا و هاوپول و میوانەکان ڕازی بکات، کەواتە هونەر ئەرکێکی خستەسەر شانی ئەو کەدەبێ لێی بەرپرس بێ. بێگومان ئەو لە کارەکەیدا هەڵدەکات و هەر جارەی بەسەر هەڵەکەیدا سەردەکەوێ، پتر هەست دەکات بەرپرسیارەتییەکەی سەر شانی سووکتر دەبێ و باشتر لە سەرکەوتن نزیك دەبێتەوە. باوەڕ بفەرموو بەرپرسیاریەتییەکی بچووك کە لە هوڵی پشانگەیش پێدراوە، ڕەنگبێ، دەستگری بێ بو سەرکەوتنی گەورە لە ئاییندە دا ـ زوو یان درەنگ.

## ١١) ئاکام ودەسکەوتی ڕۆژی کردنەوەی پێشانگە:

(لەبەر گرنگی ئەم بڕگەیە، دواتر دەگەڕێنەوە سەری و قسەی لەسەر دەکەین.)

## مەرجەکانی پێشانگەی پەروەردەیی هاوبەش:

لەبەر بایەخ و بەهای پێشانگەی قوتابخانەکان، لە ولاتە پێشکەوتووەکاندا، دەیان کتێب و پڕوگرام و بەرنامە و بڕوانامەی بالا بو هەڵسەنگاندن و نرخاندن و بەرەپێشبردنی، دەستەبەرکراون. تەنانەت هۆبە و بەشی تایبەتییان بو کراوەتەوە. بو نموونە لە سیستەمی پەرەردەی ولاتێکی وەکو ئەمەریکا ڕێکخراوێکیان دامەزراندوە بە ناوی (هاوپەیمانی نیشتیمانی بو مەرجە بنەڕەتییەکانی هونەر) کە پەیوەستە بە ئاست و ئاڕاستەی پەروەردەی هونەری و ڕێکخستنی. ئەوان پێیان وایە کە پێشانگە دەبێ چوار ڕایەڵەی سەرەکی هەبێ:

**یەك: ئەو بەرهەمانەی کە نمایش دەکرێن:** ئەوانیش برتین لە :

بەرهەمەکانی شێوەکاری هونەری ئاسایی، وەك نیگارکێشان و ڕەنگکردن و فوتوگراف وتایپسازی و نەقشکاری و پەیکەرسازی.

هونەری میدیا، وەك فلیمسازی و گرتەی ڤیدیۆیی وفلیم کارتون و بەرنامەی تەکنولوژی.

هونەری پیشەسازی، ئاوێتەکردنی هونەرو سنعەت لە بەرهەمێکدا.

هونەری شوێنەواری، بو پاراستین و وەگەڕخستنی گەشتوگوزار.

هونەری ژینگەیی ، هەرشتێ پیوەستە بە ژنیگەی مروڤ و گیاندار و دارودرەخت بێ.

هونەری کەلتووری ئەمەش بەرهەمە دەستکردەکانی قەدیمی و فۆلکلور دەگرێتەوە.

دەکرێ هەرچی کەرەستە هەیە لە کاغەز وهەویر و کانزا و دارو تەختەو شووشە وپلاستیك و قوماش ...تاد، لەبەرهەمەکاندا بەکاربهێنرێن.

**دوو: بەشداربووان:** ڕێژە و ئاستی خوێندن و ڕەگەزی خوێندکارانی بەشداربوو نمرەی خویان هەیە. باشترین پێشانگە ئەوەیانە کە زورترین خوێندکار لە هەموو ئاست و ڕەگەزەکان تێیدا بە بەرهەمەکانیان بەشدارن.

**سێ: نمایشکردن:** ئیمڕۆ دیزاینسازی و دیکورسازی دوو هونەری بەنرخن، پەل و پۆپیان گەیشتوتە زانستگەو و بازاڕەکان. دەبێ قوتابخانەکان ئاگاداری جیهانی ئەو دوو هونەرە بن و داهێنان لە شێوازی نمایشکردنی بەرهەمەکانیان بکەن و گوڕانکاری تێدابکەن. هەر ساڵەی داهێنانێکی نوێتر بخەنە بەرچاوی تەماشاچی. ئەمەش هۆڵ و گەلەری و ڕەنگ و ڕوناکی و دەنگ و دیکۆری دارودیوارو سەرزەوی و بنمیچ و شێوازی نمایشکردنان دەگرێتەوە.

**چوار: هەڵسەنگاندنی تەماشاچییان:** دەبێ دەفتەری هەڵسەنگاندن و ڕاو سەرنجی میوانان و هاموشوکەرانی پێشانگە زور بەهەند وەرگیرێن و کەموکوڕی و عەیب وعارەکان لە پێشانگەی ئایندەدا چارەسەر بکرێن و بەرهەمە دەستخوش ـ لێکراوەکان جوانتر و دڵگیرتر وەبەرهەم بهێنرێنەوە بە شێوازی پێشکەوتووتر و شیاوتر.

## پێشانگەی قوتابخانەکان لە هەرێمی کوردستاندا:

قسە لە ساڵەکانی پێش ڕاپەڕینی (١٩٩١) ناکەین، چونکە لە ساڵی (١٩٦٣) و تا ئەو کات، کوردستان لەژێر باری نائاسایی سەربازی و گەمارۆی ئابووری سەپێندراوی ڕژێمەکانی بەغدا دابوو، ئازادی بیروڕاو دەبڕین تەواو خنکێندرابوو و بەتایبەتی لەسەردەمی حوکمی (صدام حوسێن) کە دروشمی بەزورەملێی (هەموو شتێك لە پێناو حزب و لە پێناو جەنگ)دا کردە دەستووری بەڕیوەبردنی عیراق. جا بە زوری زورداری دەبوایە هەموو بەرهەمەکانی پێشانگەکان گوزارشت لە (بەناو)دەسکەوتەکانی حزب و سەرکردە و شوڕشی بەعس بکەن. ئەو بەرهەمانەش چونکە زادەی رۆح بەرز و ومرازی پاك وجوان نەبوون، هەر لە دەلاڵخانەکانی بازاڕی سەردەمەکانی عوسمانلی دەچوون، ئەوەی هونەرو داهێنان بوو، لە سیماکانی ئەو بەرهەمانەدا وجودیان نەبوو.

دوای ڕاپەڕین، گوڕانکاری لە سیستەمی پەروەردەو فێرکردندا کرا، هەرچەندە سست و سنووردار بوو و داخوازی و خەونی سەرەکی ماموستا و ڕۆشنبیرانی زامن نەدەکرد، لێ پرۆگرامەکان گۆڕان و خوول و (ویرکشوپ)ی زور بو ماموستایان کرایەوە و نەخشەی بیناسازی قوتابخانەکان سەردەمییانەتر بوون و چەندان پەیمانگەو کولێژی هونەرو هونەرەجوانەکان کرانەوە. بەجۆرێك لە جۆرەکان باوەش و پێشوازی گەرمتر لە پێشانگەی قوتابخانەکان کرایەوە، بەڵام!

بەڵام، بەداخەوە قوتابخانەکان ـ بەگشتی ـ نەیانتوانی ئاستی پێشانگەکانیان بگەێنە پلەو پایەو مەقامێك، بتوانن نەختێك لە ئاستی پێشانگەی قوتابخانە وڵاتە پێشکەوتووەکان نزیك بێنەوە. بوچی؟ وە چون؟

خوێنەری بەڕێز:

پەیامی ئێمە لەم نووسینەدا، بەرزکردنەوەی ئاستی پێشانگەکانی قوتابخانەکانمانە بە هیوای گەیشتنیان بە کاروانی هونەری هاوچەرخ. ئەمەش بە چەپڵەلێدان و مەدح وستایشی ڕییاکەرانە نایەتە دێ، ئەوەی دەخوێنیتەوە واقیعحاڵی بێ ڕتووشی پێشانگەی

قوتابخانەکانمانە لەم ساڵانەی دواییدا ، دەبێ دەست لەسەر برینـەکان دا بنـێن تـا بتـوانین تیماریانکەین... .

لەساڵی (٢٠١٠) لە شارچکەی دوکان تووشی گەریدەیەکی ئیتالی بووم و لـێم پرسـی:" وڵاتەکەمان چون دەبینی؟" لە وەڵامـدا گـوتی:" دیمـەن و سروشـتێکی یـەکجار جـوان و دڵگیرتان هەیە، لێ داخەکەم هیچ شارێکتان نییە بە شاران بچێ!"

وەڵامەکەی یەکسەر، وەك تیر مێشکی سمیم وئـاخێکم هەڵکێشـا کـە ئێمـە چـەندە لـە هونەردا کلۆڵ و بەستەزمانین. چونکە شار بەرهەمی دیدو تێڕاونینی دانیشتووەکانیەتی بو هونـەرو هونـەرکاری. ئـالێرەدا دەکـرێ دەردە کوشـندەکەی پێشـانگەی قوتابخانـەکان دەستنیشان بکەین. کاتێك قوتابی لە هونەر مەحروم دەکـرێ، کۆمەڵکایـەکی هونەرسـزز نشـونما دەکـات و جەڵـەو دەگرێتـە ئەسـتۆ. چـونکە ڕۆحـی هونـەر لـە نـاخی ئەوانـد مردارکراوەتەوە، خانووبەرەکانیان قەپوز خوارو ناشیرینن، دوکان و کۆگـاو شـەقامەکانیان نافرەجا و بێخلق و خاموش و پەست و خەمبار دیارن. کوا پەیکری جوان لە پارك و باغی ڕازوەی پڕ گوڵ چیمەن و فەوارەی گورەپان و مەیدانەکانی شار؟ کوا نەخشـەی ئەنـدازیاری سەرنجراکێشەری باڵەخانەکان؟ کـوا ڕەنگـە ڕۆح گەشـکەرەوەکانی جـادەو گڵـۆپ وسـیما هێمنەکانی دیمەنەکانی شار؟ ... تاد.

بە کوردی وکرمانجی هونەر لە ژینگەیەکدا گەشەدەکاو پەردەسێنێ و جـوان دەبـێ، کـە خەڵکەکەی هونەردۆست و هونەرپەروەر و هونەرپەرست بن. چێژی هونەر وەك ئەلف و بـێ فێرە منداڵ دەکرێ، ئێ کە ئێمە مامۆستاکانمان لەو چێژە مـەحرومکرابن، چـۆن دەتـوانن فێرخوازو شاگرداکانیان فێری چێژی هونەر بکەن!؟

بۆ دڵنەوایتان و باشتر سوود وەرگرتن لەم بابەتە، با بگەڕینەوە بۆ سەرتای ئەم بابەتە کە نووسیمان:

ئەندامانی کارای چالاکی هونەری پێشانگەی قوتابخانەکان بریتن لە:

- **مامۆستای هونەرو ستافی قوتابخانە.**
- **قوتابییەکان لە قوناغی باغچەی ساوایانەوە تا پەیمانگاو کولێژەکان.**

- **تەماشاچییەکان ومیوانانی پێشانگەکان.**
- **هۆڵ و ەۆبەی هونەرو مۆزەخانە و (دەرەوەی قوتابخانە).**

جا ئێستا پێگەو مەقام و ڕۆڵی هەر یەك لەم (٤) پێکهاتانە شیدەکەینەوە.

## یەك: مامۆستای هونەرو ستافی قوتابخانە:

مامۆستای ڕشتەی هونەر و نیگار داینەمۆی ئامادەکردن و نمایشکردنی پێشانگەی قوتابخانەیە، بە تایبەتی ئەگەر پێشانگەکە هونەری بێ، لە پێشانگەی سالآنەشدا مامۆستاکانی هاوپێشەی وەك مامۆستایانی فیزیك و بایەلۆژی و کیمیاو کۆمپیوتەر وجوگرافیا و کۆمەلآیەتی... تاد پشکیان لە نمایشەکاندا دەبێ. لە پشت پەردەوش جێپەنجەی بەڕێوەبەرو ستافی قوتابخانە بە شێوەی جیاواز دیارە.

تا ئەو سالآنەی دوایش مامۆستای پسپۆڕی هونەر تەنیا لە قوتابخانە ناودارەکاندا هەبوون، دەنا بابەتی هونەریان بە مامۆستایەك دەسپارد کە حەز و بەهرەیەکی هونەری هەبووبێ. ئێمڕۆ ڕێژەی مامۆستای پسپۆڕی هونەرو شێوەکاری باشە و سالآنە پەیمانگەو کۆلێژەکان ژمارەیەکی بەرچاویان پێدەگەێنن. بەلآم بەگشتی چەند گیروگرفتێکی موزمین دەستی مامۆستای هونەر دەگرێ و ڕێگرە لە هێنانەدی خەونە هونەرییەکانی:

- وەك خوێندکار بە گشتی پەیمانگاو کۆلێژەکانیان ناتوانن ئەکادیمییانە ئەوان پەروەردە بکەن، چونکە کەموکوڕی لە تاقیگەو ئامێرو کەرەستەو داپێویستییەکانیان و هۆڵ وفەزای کارکردنیان زۆرە. ـ تەنانەت نەخشەی ئەو بینایانەی بۆ پەیمانگەی هونەرە جوانەکان کێشراون، کەموکوڕییان زۆر تێدایەو ڕەچاوی تاقیگەو ژوور و هۆڵی چالاکییەکانی مامۆستاو فێرخوازەکانی تیدا نەکراو، ئەوا سەرەڕای کەم کتێب و سەرچاوی ئەکادیمی هاوچەرخ بە زمانی کوردی، لە کاتێکدا فێرخوازەکان لە زمانی دیکەدا ـ بە گشتی کلۆڵن.

- ماموستای هونەر لە قوتابخانەکەی خۆیدا باوەشی گەرمی هاندان و دەستگرتن وهاریکاری بۆ ناکرێتەوە تائێستاش وانەی هونەر بە دەرسێکی لاوەکی سەیردەکرێ و ماموستاکانی ڕشتە زانست و زمانەکان هەمیشە ڕاوچی وانەکەی ئەون بەتایبەتی لەگەڵ نزیك بوونەوەی کۆتایی ساڵ. (**)
- ئامادەکردنی پێشانگەی ساڵ، بووجەیەکی باش و باخەڵێکی گەرمی دەوێ، نە ماموستاو نە بەڕێوەبەر، ئەو ئیمکانیەتە داراییە باشەیان نییە، بۆ کڕین و دەستەبەرکردنی کەرەستە و شتومەکی تایبەت بە پێشانگەی سەرکەوتوو و نەوازە.

کەواتە هەرچەند ماموستای هونەرو شێوەکار بەهرەداو ڕژد وئاشقی کارەکەی بێ، ناتوانی ئەو خەون و پلانەی بۆخۆی کێشاویەتی پڕاکیزەی بکات و پێشانگەیەك بکاتەوە کە نوێ و سەردەمییانەوە نەوازە بێ لە بەرهەم و نمایشکردندا. ئەمە بۆ باقی ماموستایەکانی دیکەش وایە، ماموستای فیزیك ناتوانی داهێنانێکی خۆی نمایش بکات بەبێ دەستگرتنی ماددی ومەعنەوی لەلایەن قوتابخانەکەیەوە.
کەواتە هاریکاری وهاوکاری کردنی ماموستاکان بە پوول و خەرجی و کەرەستەی پێویست زامنی پێشانگەی سەرکەوتووە و تا بووجەی ساڵانەی قوتابخانەکان هەروا دڵۆپەبێ، پێشانگە سەردەمییانە نابینین!

## دوو: قوتابییەکان لە قوناغی باغچەی ساوایانەوە تا پەیمانگە و کۆلێژەکان:

لە پێوەر ستانداری جیهانی بۆ نرخاندنی پێشانگە، قوتابی بەشدار بوو بە پلەی یەکەم دێ. ئەسڵەن دەبێ هەموو بەرهەم و هونەرو نمایشکردنەکانی پێشانگە بە دەستوپەنجەی ڕەنگینی ئەوان دروستکرابن. جا بەشداربوونی قوتابییەکان پێوەستە بە قوناغ و ئاست و بەهرە و حەز و مەیلی وان. منداڵانی باغچەی ساوایان تا خوێندکارانی دوایین قۆناغی زانکۆ دەتوانن بەشداری پێشانگە بن. مەرِ بەپێێ خۆی و بزن بە پێی خۆی. کۆسپی بەردەم قوتابییەکان لەم بوارەدا زۆرن.

- زۆربەی باوان و مامۆستاکان هاندەری ئەوان نین، ئەگەر نەڵێین ڕێگرن. تا ئێستا لە کەلتووری ئێمەدا، تەنها ڕشتە زانستییەکان بە دەرس دادەنرێن و بایەخیان پێدەدری، وانەی هونەرو وەرزش و مۆسیقا هەر لە خشتەی وانەکاندا بوونیان هەیە. ئێستا قوتابخانە هەیە بێ مامۆستای پسپۆڕی هونەرو شێوەکاریە. ئەمانە لە ناخی خوێندکاردا ڕەنگدانەوەی نەرێنییان هەیە بەرانبەر وانەی هونەر.
- ئەو خوێندکارانەی بەهرەو حەز و خولییای هونەرییان هەیە، فەزای نشونماکردن و پەرەپێدانی ئەو هونەرو حەزەیان نییە. نە لە قوتابخانەکاندا هۆڵ و تاقیگەی هونەری پڕ کەرەستەو ئامێرو شتومەکی پێویست هەیە، نە نەخشەو پلانی کاتی بۆ دیاریکراوە، لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو پاشنیوەڕۆیان دەهاتنەوە قوتابخانە کارو پرۆڤەو مەشقیان دەکرد، ئێستا ئەو دەرفەتە نەماوەو قوتابخانەکان دوو دەوام و سێ دەوامیان تێدا دەکرێ.
- لەڕووی ماددیەوە، بەگشتی قوتابی ئەو پارەوپوولەی نییە کەرەستە و پێویستییەکانی خۆی پێبکڕێ و پرۆژە هونەرییەکانی پێ جێبەجێ بکات.

## سێ: تەماشاچییەکان ومیوانانی پێشانگەکان:

بووك بۆ دڵی زاوایە، کورد گوتەنی. پێشانگەش بۆ تەماشاچی و میوانەکانە، دەنا خوێندکارو مامۆستاکان پێشوەخت بە بەرهەمەکانیان ئاشنان. ڕۆڵی سەردانکەری پێشانگە لە چوار خاڵدا چڕدەکەینەوە:

- چێژوەرگرتن و بەسەربردنی کاتێکی خۆش لە گەڕانیدا بە ناو هۆڵ و هۆبەو داڵانەکانی پێشانگەکەدا.
- هاندان و دەستخۆشی لێکردنی خوێندکارە بەشداربووەکان و بەرزنرخاندنی کارەکانیان و دەستنیشانکردنی خاڵە لاوەزاکانیان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆیانە، دوور لە دڵشکاند و تەریقکردنەوەیان.

- o کرینی چەند پارچە یان دانە بەرهەمێکی پێشانگەکە هەم بۆهاندان و دەستگرتنی قوتابخانەکەو هەم بۆپاراستنی بەرهەمە جوان و ناوازەکانیان بە نمایشکردنەوەیان لە ماڵ و نووسینگەو دائیرە و دامودەزگاکاندا.
- o تۆمارکردنی سەرنج و هەڵسەنگاندن و ڕاوبووچوونەکانیان لە تۆمارگەیەکی تایبەتدا، بە زمانی گوڵ دوور لە بریندارکردن و شکاندنەوەی ئامادەکارانی پێشانگەکە. لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا ساڵانە ناوئاخنی ئەم تۆمارگەیە تاوتوێ دەکەن و هەموو ڕەخنەو هەڵسەنگاندنەکان بە هەند وەردەگرن بۆ سازکردنی پێشانگەی جوانتر و سەرکەوتووتر لە ساڵی نوێدا

## چوار: هۆڵ و هۆبەی هونەرو مۆزەخانە و (دەرەوەی قوتابخانە):

با کۆی بەرهەمە هونەریەکانت پڕ داهێنان و نوێکاری بن، ئەگەر شوێنێکی گونجا و شیاوت نەبێ بۆ نمایشکردنیان، وەك هیچت نەکردبێ وایە. بۆیە ئێمڕۆ یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی پێشانگە، کە بە ستاندەرکراوە، هۆڵە بە دیکۆر و دیزاین و ئەو شتە سەردەمییانەی وەك ڕەنگ ودەنگ و هێمنی ودڵگری شوێنەکە، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە تەکنەلۆژیای ڕەنگ و دەنگ و ڕۆناکی و جوولە شۆڕشێکی بەرپاکردووە. ئەمانە هەموو قیمەت و سەنگی بەرهەمەکان و پێشانگەکان دیاریدەکەن.

## ڕۆژی پێشانگە:

ئیمڕۆ لە زۆر لە قوتابخانەکانی کوردستانی باشووردا، دوو جۆرە پێشانگەی ساڵانە بەڕێوەدەچێ: پێشانگەی هونەری شێوەکاری و بابەتەکانی دیکە، وە پێشانگەی کەلتووری. جا هەیە، هەر یەك جۆریان نمایش دەکات، هەشە لە یەك پێشانگەدا هەم بەرهەمە هونەرییەکان و هەم کەلوپەلە کەلتووریەکان نمایش دەکات.

داخی گرانم. زۆربەی ئەم پێشانگەیانە، سیمای سەردەمییانەو پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژیایی هاوچەرخیان پێوەدیار نییە، تارادەیەکی زۆر خاڵێنە لە نوێگەرایی و

تازەگەرایی. بەدەگمەن داهێنانی سەرنجڕاکێشەری بەهەرەوەرانەیان تێدا بەدی دەکرێ. کۆسپ و هۆکارەکانمان پێشتر خستەڕوو. نەشیاو نییە ئەگەر بڵێین، پێشانگەکان دووبارە نمایشکردنەوەی بەرهەمەکانی ساڵانی ڕابردووە بە میکیاژ و ئارایشتکردنێکی نەختێ جیاوازتر. پێشانگەی زۆربەی هەرە زۆری قوتابخانەکان لە یەك دەچن. واتا ئەگەر جارێك سەردانی پێشانگایەکت کرد، ئەوە وەك ئەوە وایە سەردانی هەموو پێشانگەی ساڵانەی قوتابخانەکانی ئەو شارەت کردووە لە ماوەی دەساڵێکدا.

واباوە، بەر لە چەند ڕۆژێك خوێندکارەکان ئاگادار دەکرێنەوە لە کات و شوێنی سازدانی پێشانگەکە، زۆربەی جارانیش داوایان لێدەکرێ، بە تایبەتی لە پێشانگەی کەلتووریدا، لە ماڵەوە کەرەستەو کەلوپەل، تەنانەت نیگارو کاری هونەریش ـ گەر هەبوو ـ بێنن. ئەوجا یەك دوو ڕۆژ مامۆستاو خوێندکارەکان خەریکی ئامادەکردن و نمایشکردنی بەرهەمەکان دەبن و لە ڕۆژی کردنەوەی پێشانگەکە ـ کە زۆربەی جاران هەر یەك کاتی دەوامە ـ، عادەتەن چەند بەرپرسێك و میوانێك و مامۆستای قوتابخانەی دی، بانگێشت دەکرێن و باوان و هاوڕێی و برادەرانی خوێندکارانیش دێنە سەردانی پێشانگەکە، دوای گەڕان و سوڕان و وێنەگرتن سەردانەکەیان کۆتایی پێدێ. لە هندێ پێشانگەدا دەنگی مۆزیك و گۆرانیش دێتە بەرگوێ. لە کۆتاییدا بەرهەم و کەلوپەلەکان هەڵدەگیرێنەوە. جار هەیە هۆڵ و هۆبەکان بە خاشاك و پاشماوە بە پیس وپۆخوڵی بەجێدهەێڵن و سیمای دارودیوارەکانیش داڕوشان و پاشماوەیان پێوە دیار دەمینێ.

لە هێندێ پێشانگەی ساڵانەدا کە ژمارەیەك قوتابخانە تێدا هاوبەشن، خەڵات دابەشدەکرێ بە سەر هەرە باشەکانیان، ئەمەیش لەڕێی لێژنەیەکی پسپۆڕەو ئەنجام دەدرێ کە پێشتر بەبێ نمایشکردنی ناوی قوتابخانەکان لەسەر بەرهەمەکاندا، سەردان کراون و کارەکانیان هەڵسەنگاندووە.

## چۆن ئاستی پێشانگەکانمان بەرزکەینەوە؟

دەتوانین گۆڕانکاری بەرچاو لە پێشانگەکانمدا بکەین و چەند هەنگاوێ لە پێشانگەی پشکەوتووی سەردەمییانە نزیك ببینەوە، ئەم سەرەقەڵەمانە چەند پێشنارو هەنگاوێکن، پسپۆڕان دەتوانن دەوڵەمەندتریان بکەن:

* لە یەکەم کۆبوونەوەی مامۆستایان دا، لەسەری ساڵ، بڕگەیەك بۆ پێشانگەی ساڵانە دەرخان دەکرێ، تێیدا بەرواری پێشانگەو سەرپەرشتیارو ئامادەکارەکانی دەستنیشان دەکرێن و ئەرك و کارەکانیان بەسەردا دابەش دەکرێ و بووجەی مەسرەف و خەرجییان بۆ دیاری دەکرێ. لە هەموو کۆبوونەوەکانی دواتردا، پرسینەوە لەو لێژنەیە دەکرێت و تاوتوێی کارەکانیان دەکرێت و کۆسپ و گرفتەکانیان باسدەکرێ.
* شان بەشان لەگەڵ خوێندن و وانەی ڕۆژانە، قوتابی و مامۆستا بە هێمنی کاری خۆیان بۆ ئامادەکردنی پێویستییەکانی پێشانگەکە ئەنجام دەدەن. بۆ نموونە دەکرێ تاقیکردنەوەیەکی فیزیکی یان تەکنەلۆژیایی دوای خوێندنی هەڵگیرێت بۆ ڕۆژی پێشانگە. ئەمە ڕشتەکانی دیکەش دەگرێتەوە. کەواتە لەو (٩) مانگەی خوێندن ئامادەکارییەکان ئەنجامدەدرێن، نەك حەفتەیەك پێش کردنەوە پێشانگە.
* پێش سازدانی پێشانگە بە چەند حەفتەیەك، کۆبوونەوەی تایبەت لەگەڵ لێژنەی سەرپەرشتیاری پێشانگە دەکرێت و هەموو بابەتەکانی پەیوەست قسە و باسیان لەسەر دەکرێ.
* کەتەلۆك و (لفلیت) و کارتی دەعوەتنامە، بە دیزاینی ڕەنگاوڕەنگی جوان چاپدەکرێن و پۆستەر لە شوێنە بەرچاوەکان هەڵدەواسرێن و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕیکلامی بۆ دەکرێت.
* دوای تەواو بوونی ئامادەکاری و نمایشکردنی بەرهەمەکان، بە وردی سەرنج لە هوڵ و هۆبەکان دەدرێت و هەرچی کەموکوڕی هەیە تەخت دەکرێ وڕۆناکی و دەنگ و ئامێرەکانی فێنککەر بەسەردەکرێنەوە.

* ڕۆژی پێشانگە کردنەوە، دەستەی پێشوازی بەخێرهاتنی میوانەکان دەکات و لە هـۆلی چاوەڕوانی دایاندەنیشێنن، لە کاتی شریتبڕینی کردنەوەی پێشانگەکە دەکرێ سـروودی نیشتمانی بەهاوکاری تیپی مۆزیکی قوتابخانە پێشکێش بکرێت ـ گـەر نـەبوو دەکـرێ تیپی مۆزیکی قوتابخانە دیکە بێن و هاریکارییان بکەن.
* لە کاتی سەردانی هۆبەکان و بەشەکان، مەشق ڕاهێنان بە خوێنـدکارەکان بکرێـت کـە نمایشکراوەکانیان بۆ میوانان ڕاڤەبکەن و بۆ هـەموو جـۆرە پرسـیارێك ئامـادەکرابن و زانیارییان پێدرابێ.
* جوانترە قوتابییەکان لە تەك کارەکانی خۆیان ڕاوەستن، ئەگەر لە باغچـەی سـاوایانیش بێ، با هەر منداڵەکە قسە لەسەر بەرهەمەکەی خۆی بۆ میوانان بکات.
* نرخی گونجاوی لەسەر بەرهەمەدەستکردەکان دابنرێن بە شێوەیەك ڕاکێشەری کڕیار بن.
* لە پێشانگەی کەلتووریدا، نابێ بە مرداری ئەو کەلوپەلانە نمایش بکرێن ، بەڵکو دەبـێ بۆ هەر کەرەستەیەك ژینگە دروستەکەی خۆی بـۆ سـازبکرێتەوە و فۆلکلـۆری کـوردی لەویدا بەزیندووی نمایش بکرێت. بۆ نموونە دەبێ بێشکە، منـداڵی سـاوای تیـدا بـێ و کچە خوێندکارێك (یان چەند کچێك) وەك دایك لەبەر ئەو بێشکە دانیشن و ڕایژەنێ و لایلایەی خۆشی بە ئاوازی بەسۆز بۆ بکات. لێرەدا مامۆستای زمـانی کـوردی دەبـێ ڕۆڵی هەبێ لە یارمەتیدانی ئەو کچـۆلانە. بـە هـەمان شـیوە بەنـدو بـالۆرەو گـوتنی کـوردواری و گـۆرانی تایبـەت بـە دەسـتاڕلێکردن و سـاوارکوتانە و مەشـکەژنین و مەڕدۆشین و خەنەبەندان ...تاد. یان لە ژێر ڕەشماڵدا دەبێ چاو قاوەخانـە بگێڕدرێـت و دانیشتنەکان بە باس و خواس و حیکایەتی و ڕووداوی خۆش خۆش گەرم بکرێـت. لـە دەرەوی ڕەشماڵ شەڕەکەو و کەڵەشێر بازنەی بۆ بگیرێت.... دەبێ ئەو پێشـەنگایە وەك پانۆراما بێت و میوان هەر حەز بکات لە هۆبەیەکدا بچێ بـۆ هۆبەیـەکی دیکـە. لـە پێشانگەی کەلتووری دا دەبێ پۆشاك و جلکوبەرگی کوردەواری بە دەستوورو شـێوازی ناوچە جیاوازەکـان نمـایش بکـرێن و کەرەسـتەی دەسـتکردی وەك لیفکـەو دەسـتگرو سەرپۆش و بەرگەبالیف و دەستکێش و گۆرەوی و بنێشتی کوردی ....تاد بۆ فرۆشـتین

بە نرخی گونجاو نمایش بکرێن. ئەوە جگە لە دیوەخانی گێڕانەوی حیکایەتی کۆن و گۆرانی مەقام چڕین. لە گۆڕەپانەکانیش شایی و دەهۆڵ و زوڕناو دووزەڵەو شمشال ژەنین. بۆ نمایشکردنی خواردن و چێشتی کوردەواریش دەبێ ژینگە ڕەسەنەکەی بۆ ئامادەبکرێتەوە، باپیرەو داپیرەمان کەشك و ساوارەشلەیان لەسەر مێز بە چەتاڵ نەخواردووە، بۆیە دەبێ لەسەر زەوی حەسیر و بەڕە و لاکێشە ڕابخرێت و خواردنەکان کوردانەو بە کەلوپەلی کوردی پێشکێش بکرێن.

* دەکرێ لە لایەکی دیکەدا، چالاکی ساڵانەی قوتابخانەکە لەسەر سکرین بە ڤیدیۆ بۆ میوانەکان نمایش بکرێت.
* دەبێ تۆمارگەی پێشانگە لە شوێنێکی بەرچاو، مێز و کورسی بۆ ئامادەبکرێ و میوانان هانبدەن تێڕاونین و سەرنجەکانیان تۆمارکەن، تا دواتر سوودیان لێوەرگیرێت.
* دەکرێ بۆ پێشانگەی هاوبەش، هەر لەگەڵ ڕێوڕەسمی پێشانگەیەکەدا خەڵات و دیاری، بە ئامادەبووانی میوانەکان ببەخشرێنە براوەکان.
* دەبێ بۆ هەڵگرتنەوەی کەرەستەکان و خاوێنکردنەوەی شوێنەکان، لیژنەی تایبەت داندرابێت، تا لە کۆتاییدا بەجوانی کارو ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن.

## دوای پێشانگە:

بێگومان هەموو بەرهەمەکانی پێشانگە نافرۆشێن و زۆرشت دەمینێتەوە. بۆهاندان و بەرزڕاگرتنی هەوڵ و کۆششی ئەو قوتابییانەی کە بەرهەمیان ئامادەکردبوو دەکرێ بەم هەنگاوانە هەڵگرین:

o هەڵواسینی و نمایشکردنی چەند بەرهەمێك ئەوان لە قوتابخانەکەدا، نووسینگەی بەڕێوەبەر، ژووری یاریدەدەر و مامۆستایان و داڵان و هۆبەو پۆلەکان. دەکرێ لە ساڵێکدا بە دوو وەجبە نمایش بکرێن و وەجبەی یەکەم هەڵگرنەوە. بەرهەمی منداڵەکان زەرورییە لە ژووری بەڕێوەبەرو مامۆستاکان هەڵواسرین.

- وەك دیاری هێندیك لەو بەرهەمانە پێشكێش بە ئۆفیس و دائیرە و دامودەزگاكانی شار بكرێن و لە شووینی بەرچاو نمایش بكرێن، بێگومان ناوی داهێنەر و قوتابخانەكەی لەسەر تۆمار دەكرێ.
- دەبێ ئەوە بكەینە كەلتوور، لە چێشتخانەو گازینۆ و كافتریا و هوتێل و شوێنە گشتییەكان، دەستكردی قووتابییەكان هەڵواسرێن، بەتایبەتی كاری دەستی منداڵانی تەمەن (٣ ـ ٧)ساڵی. ئەمە زۆر باوە لە وڵاتە پێشكەوتووەكان، كاتێك ئەو منداڵە نیگاری دەستكردی خۆی بەدیواری چێشتخایەیەكەوە دەبینێ دڵخۆش دەبێ هاندەدریت بۆ كاری باشترو جوانتر. دەكرێ بیكەین بە نەریت لادیوارێكی چێشتخانەكان بۆ نیگاری دەستكردی منداڵان تەرخان بكرێت.

## دوا وتە:

ئێستا بە جددی كاتی ئەو هاتووە كە پێشانگەكانی قوتابخانەكان بە تەكنەلۆژیایی سەردەم بكرین. هەم كارە هونەرییەكان ڕەنگدانەوە ئەم پێشكەوتنە مەزنانەی ئێمڕۆیان تێدا ببینرێت و هەم داهێنانی زانستییانەی كۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و بوارە تەكنەلۆژییەكانی دیكە بكرێنە بابەتی پێشەنگاكان. قوتابی كەسێكی بەهرەوەرە گەر هانبدرێت و ژینگەی دروستی بۆ بخولقێندرێ، بەرهەمی ناوازە دادەهێنێ. دەبێ ئەمە ببێتە خەمی ئامادەكارانی پێشانگەكانمان. دەنا بە هەڵواسینەوەی بەرهەمی كۆنی ساڵانی ڕابردوو بە خواستنەوەی كەلوپەلی ماڵان ناتوانین گۆڕانكاری بكەین و ئافەریمان لە میوانان گوێ لێنابێ.

پەراوێزەکان:

-----------

*) باوکێك دەمانجەی لەسەر کوڕە هەرزەکارەکەی ڕادەگرت تا واز لە هونەرو وێنەکێشان بێ و دەیەویست بە زۆر بەبێ مەیل و حەزی ئەو بیکاتە دکتۆر، لە ئاکامدا کوڕەکەی لە هەدوو چەژنەکە بوو! نەبوو بە هونەرمەند و نەبوو بە دکتۆر.

(**) لە قوتابخانەیەکدا، مامۆستایەکی بەهرەدار، پسپۆڕ لە هونەرو شێوەکاری زۆر دەروێشانە لەگەڵ دەستبەکاربوونی، کەوتە کۆشش و هەوڵ و کارکردن و زۆر خەونی جوان جوانی هەبوو کە قوتابخانەکەی بکاتە مۆزەخانەیەکی هونەری، ئەو چاوی لەوە بوو ڕاوی دەرسی مامۆستایانی دیکە بکات... باش سێ چوارمانگ بینیمەوە، بێمەیل و دڵشکاو و پەرۆش، سکاڵاو گلەیی لە هەمووان هەبوو، تەنانەت بەڕێوەبەرەکەشی، کە نەك دەستی ناگرن بەڵکو ڕێگریشن لە جێبەجیکردنی خەونە جوانەکانی، تا وای لێهات لە وەرزی دووەمدا خۆی دەیگوت:" بەڕیوەبەڕەکەم بۆخۆی نمرەی سەر کارتەکان دادەنێ و ڕۆژانە وانەکانم لێدەسێنن...!"

ئێستا بە جددی کاتی ئەو هاتووە
لە پێشانگەکانی قوتابخانەکان بە
تەکنەلۆژیایی سەردەم بکرێن. هەم
کارە هونەرییەکان ڕەنگدانەوە ئەم
پێشکەوتنە مەزنانەی ئێمڕۆیان تێدا
ببینرێت و هەم داهێنانی
زانستییانەی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت
و بوارە تەکنەلۆژییەکانی دیکە
بکرێنە بابەتی پێشەنگاکان. قوتابی
کەسێکی بەهرەوەرە گەر هانبدرێت
و ژینگەی دروستی بۆ بخولقێندرێ،
بەرهەمی ناوازە دادەهێنێ. دەبێ
ئەمە ببێتە خەمی ئامادەکارانی
پێشانگەکانمان. دەنا بە
هەڵواسینەوەی بەرهەمی کۆنی
ساڵانی ڕابردوو بە خواستنەوەی
کەلوپەلیماڵان ناتوانین گۆڕانکاری
بکەین و ئافەریمان لە میوانان گوێ
لێنابێ.

# من سفرەی مێشکم،
# تەختەڕە ش نیم!

**(زۆرم پێ سە یرە، چۆن ئەو شەقلیپەقلییەی سەر تەختەڕەش وکاغە زان، دەتوانی وا ڕێڕەوی ژیانی مرۆڤـ بگۆڕێت!)**
**(Stanislaw Ulam)**

سەرەتای مێژووی تەختەڕەش، دیار نییە، مەرجیش نییە ڕۆژی لە دایکبوونی لەگەڵ ڕۆژی لەدایکبوونی نووسیندا یەکبگرنەوە، بۆیە دەکرێ ئەو تاتەبەرد و ڕووی ئەو شاخ و دیواری ئەو ئەشکەوتانەی زوو مرۆڤی چەرخەکانی دێرین، وێنە و ڕەسمی سەرەتاییان لەسەر هەڵکەندوون، یەکەمین تەختەڕەشی مێژوو بن. جا لەگەڵ داهێنانی نووسینیش، وەك هەموو کەرەستەیەکی دیکە، لەگەڵ قۆناغەکان و گەشەکردنی مێشکی مرۆڤـ و کەڵەکەبوونی زانیارییەکان، تەختەڕەشیش گۆڕانکاری بەسەر داهاتبێ. ئەمەش لەوکاتەوە بووە، کە دەرسگوتنەو بۆ شاگرد و فێرخوازان پەرەیی سەندووە. هەموو سەرچاوەکان. تەختەڕەشی بەردین، کە تاتەبەردێکی لووس و تەخت و ڕێکی گەورەی سروشتی یان دەستکرد بووە، بە یەکەمین تەختەڕەشی فێرکردن دادەنێن، مێژووەکەشی دیار نییە، بەڵام لە سەدەی شانزدەمیندا، لە ڕۆژئاوادا، تەختەڕەش، کە لە تابلۆ تەختەداری لووسکراوی

جوانی بۆیەکراو بە بۆیەی ڕەش دروست دەکرا، لە پۆلەکاندا هەڵدەواسرا، پێشتریش، فەقێ و سوختەکان لە جیاتی دەفتەری کاغەز، تابلۆ تەختەیەکیان بەکاردهەێنا، کە نزیکەی (٥٠) سم درێژ و (٤٠) سم پان و یەك دوو سانیتم ئەستوریەکەی بوو، ئەمەش بۆ نووسینەوەی بابەتەکانیان کە پتر بابەتی ئایینی بوون. ئەم تەختەڕەشانەی فەقێیان، تا ئێستاش لە وڵاتی لیبیا باوە، لە وەرزی هاوێنیاندا، کە منداڵەکانیان دەنێرەنە بەرخوێندنی قورئان، هەر یەکەی تەختەیەکی وایان دەدەنە دەست بۆ نووسین و خوێندنەوە.

لە ئاخیرو ئۆخری سەدەی حەڤدەمدا، بە کارهێنانی تەختەڕەش و نووسین بە تەپاشیری سپی بووە شتێکی باو لە ڕۆژئاوادا، تەختەکان بە بۆیەی ڕەش ڕەنگدەکران و تەپاشیەرەکەش هەر گەچ بوو کە لە شێوەی قالبی لوولویی دروستدەکراو بە کەچە پەڕۆ و پاتاڵ تەختەکەیان دەسڕیەوە. بە گوێرەی فەرهەنگی (ئۆکسفورد)ی ئینگلیزی، وشەی(blackboard تەختەڕەش، بۆ یەکەمین جار لە ساڵی (١٧٣٠) بەکارهاتووە، و لە ساڵی (١٨٦٣) لە هەرێمی بۆستن لە ئەمەریکا، دوکاندارێك کە کەرەستە و داپێویستییەکانی قوتابخانەی دەفرۆشت، تەختەسڕی داهێنا، کاتێك زانی ئەوەوی لە خووری دروستکراوە باشتر تەپاشیر دەسڕێتەوە، بۆیە پارچوکە لبادی لە پشتی تەختۆکەی بەقەد ناولەپ چەسپکرد و کردی بە (تەختەسڕ) و دواتر ئەویش بووە شتێکی باو. لە دووروبەری ساڵی (١٨٤٠)دا بۆ یەکەمینجار تەختەڕەشی ڕەنگ سەوزیان لە بەردێکی تایبەت دروستکرد کە پێیدەڵێن (ئەردوازSlate)، نووسین لەسەری خۆشترو جوانتر بوو لە چاو ئەوەی تەختەڕەش. دواتر لە ساڵی (١٩٦٠) ماددەی پرۆکلین بۆ دروستکردنی تەختەڕەش بەکارهات و تەختەڕەشی پلێتی کانزا بە ڕەنگی کەسك کەوتە بازاڕ. لە ساڵی (١٩٧٤) جۆرە تەختەڕەشێکی دیکەیان داهێنا کە نەخشەو پێوانەو زانیاریی لەوجۆرەی لەسەر تۆمارکرابوو و نەدەسڕایەوە. لە ساڵی (٢٠١١) وڵاتی کەنەدا یەکەمین تەختەڕەشی مۆگناتیسی دروستکرد، کە زۆر بەسوودە بۆ منداڵانی باغچەی ساوایان. لە گەڵ ڕۆژگاردا جۆر و قەبارەو ڕەنگی تەختەڕەش زۆر گۆڕانکاری بەسەرداهات، تا وایلێهات تەختەڕەشی (سپی) (Whiteboard) جیگەی تەختەڕەشی کۆنی گرتەوە، هەرچەندە یەکەمیان،

ناوکەی هەر مردار نەبۆوە. تەپاشیریش لە جۆر و ڕەنگ و ماددەکەی زۆر گۆڕانکاری بەسەرداهات، تا داهێنانی قەڵەمی ماجك و(وایتبۆرد) کە لە زۆربەی قوتابخانەکانی کوردستاندا ئێستا دەبینرێن.

شۆڕشی گەورەی تەختەڕەش، لە ناوەڕاستی هەشتایەکانی سەدەی ڕابردوو دەستی پێکرد، کاتێك تەختەڕەشی کۆمپیوتەری داهێنرا.

**بایەخ و ڕۆڵی تەختەڕەش لە فێرکردندا:**

پسپۆڕانی دەرس و وانەگوتنەوە، زۆر بە وردی جیاوازی نێوان پۆلی قوتابخانە و ژووری ئاسایی ماڵانیان کردووە، پێداگری دەکەن کە سەرەڕای ئەو هەموو پێشکەوتنە گەورەیە، تاکو ئێستا هیچ شوێنك یان هیچ شتێك نییە بتوانێ جێگەی (پۆل) بگرێتەوە، لە بایەخ و گرنگیی و پێویستیدا. (بەندە لە ژمارەیەکی ئەم گۆڤارە شکۆدارەدا نەختێ قسەم لەسەر بایەخی پۆل کردووە). بەدەر لە یاساو ڕێساو دەستور و داب و نەریتی (پۆل). پسپۆڕانی وانەبێژی، ئێمڕۆ بە جددی کاردەکەن کە مامۆستایان لەسەر ئەوە ڕابهێنن، لە دەرس گوتنەوەکانیاندا لە پۆل، هەوڵ بدەن هەر (٥) هەستەوەرەکەی فێرخواز بەگەڕبخەن و بەشدار پێبکەن لە کردەی فێرکردنیاندا۔ هەستەورەی بیستن و بینین و بۆنکردن و تامکردن و دەستلێدان ۔. جا بەردەسترین و دیارترین و جوانترین ڕووبەر بۆ نامیشکردنی بابەت بۆ خوێندکار تەختەڕەشە، یا هەر ڕووبەرێك بە ڕۆڵی تەختەڕەش هەستێ. بۆیە مەحاڵە مامۆستا بتوانێ لە پۆلێکی بێ تەختەڕەش وانەیەکی هێندە جوان و پەروەردەکارانەو بە کەلك بڵێتەوە بە بەراورد لەگەڵ ئەو پۆلەی کە تەختەڕەشی تێداهەیە و بەکاری دێنێ.

تەختەڕەش ئەو ئامرازەیە کە هەم یارمەتی مامۆستا دەدات و ئاسانکاری بۆ دەکات لە گەیاندنی بابەتەکەی، هەم دەستگر و ڕێبەری فێرخوازە بۆ دیقەتدان و نووسین و خوێندنەوەو لاسایی کردنەوەی بابەتەکانی کە لەسەری نووسراوە. بابەت هەیە بەبێ بوونی تەختەڕەش، ڕاڤەو لێکدانەوەی زۆر ئەستەمە.

هەرچەندە هیچ ئامارێکی زانستیم لەبەردەست دانییە، بەڵام بە سەرنج و دیقەتدانی بەردەوامی بەندە، لە تەختەڕەشەکانی پۆلی قوتابخانەکانی کوردستان، گەیشتومەتە ئەو

ئاكامەی کە لەسەروی (٩٠٪) مامۆستاکانمان زانستییانە مامەڵە لەگەڵ تەختەڕەش ناکەن، جا یان لە نەزانینیانە یان لە کەم تەرخەمیان.

ئەوان:

- زانیارییان لەسەر بەشەکانی تەختەڕەش نییەو وادەزانن هەر هەموو بستێکی وەك یەکە.
- ڕێکوپێکی و جوانی و بایەخدان بە بابەتە تۆمارکراوەکانانەوە دیار نییە، یان زۆر کەمە.
- بەکارهێنانی ماجیکی شیاو و ڕەنگی پەسندو جوان و لەبار، لە وێنەو نەخشە و ئامارو فۆرملەکاندا، کەم پەیڕەو دەکریت .
- پاکوخاوێنی و بێگەردی ڕووی تەختەڕەش باش لەبەرچاو ناگرێت و نازانن نوقتەیەکی بەجێماو، ڕەنگبێ حەرفێك بگۆڕێت و کێشەیەك بنێتەوە (وەك ڕوویداوە).
- نووسین بە خەتی نارێك و ناشیرین وەك شەڕەپشیلەو بێسەروبۆر، خوێندکار زۆر ماندوو دەکات و کێشەش بەدوای خۆیدا دێنێ.
- هێشتنەوەی بابەتێکی نووسراو بۆ ماوەیەکی زۆر، یان سڕینەوەیان بە خێرای و بە پەلەپەل، باوە لە پۆلەکاندا.
- تین و هێزی بینایی چاوی خوێندکار جارهەیە لەبەرچاو ناگیرێ، لە دیاریکردنی قەبارەی حەرف و وشەو ڕستەکاندا، کە دەبێ خوێندکارەکانی ڕیزی هەر پشتەوەی پۆلیش بتوانن بیانخوێنەوە.
- سڕینەوەی تەختەڕەش، هەڕەمەکیانە ئەنجامدەدرێ و زۆر کەم حیساب بۆ پاکی ژینگەی پۆل و هەوای خاوێن و تەپ وتۆزی سەردەست و جلوبەرگ دەکرێ.
- تەختەڕەشی داڕوشاو و قووپاو و لەبەریەکدەرهاتوو وخراپ، جار هەیە چاککردنەوەیان یان گۆڕینیان زۆر دەخایێنێ، یان پشتگوێ دەخرێ.

## ئەو (٤) زانیارییەی کە مامۆستای بەکاربەری تەختەڕەش دەبێ بیزانێ:

## یەکەم: چاوی مرۆڤ ڕووبەرەکانی بەردەمی بە یەك ئاڕاستەو ڕوونی و ڕۆناکیٚ نابینیٚ:

چاوی ئێمە، خوداکردە، وادروستکراوە، بە هەمان تین و هێز و وردبینی، سەرتاپای ئەو ڕووبەرە نەبینی کە تەماشای دەکات، بە واتایەکی دیکە، کە بەرانبەر تابلۆیەکی سەردیوار ڕادەوەستیت و تەماشای دەکەی، ئەوا گۆشەی دەستە ڕاست زۆرترین تیشك و سەرنجی دەکەوێتە سەر، ناوەڕاستەکە کەمتر و گۆشەی خوارەوی دەستەچەپیش کەمترین دیقەتی دەدرێتیٚ. هەر لەبەر ئەمەشە لە سەر لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەیەك، یەك ڕێکلامی بڵاوکراوە (٣) نرخی هەیە، گۆشەی دەستەڕاستی سەرەوەو، سەرەوی لاپەڕەکە هەرگرانەکەیەتی و ناوەند، هەرزانترە و هەرهەرزانەکەشی گۆشەی دەستەچەپی خوارەو خوارەوەی لاپەڕەکەیە. (ئەم دیاردەیە دواتر لەسەر بەکارهێنانی تەختەڕەش پڕاکتیزە دەکەین).

## دووەم: چاوی مرۆڤ ناتوانی هەموو شتەکان ببینیٚ:

جار هەیە بەدوای کلیلێك یان قەڵەمێکی ونبوودا دەگەڕێت و لەبەرچاویشتدان و نایانبینی، ئەمە لەبەر ئەوەیە کە مێشك هەموو ئەو شتانە ناخوێنێتەوە کە چاوی دەیانبینی. لەسەر کارتۆنێك وبە پەڕشوبڵاوی وێنەی (٢٠) کەرەستەی وەك قەڵەم و قەڵەم جاف و قەڵەمی ڕەنگ و قەڵەم ماجك و قەڵەمتراش ومەستەڕە و شانە و ئەنگوستیلە و جیزدان و نەختیٚ پارە وسەعاتی دەست .... تاد.، بکێشە. ڕووی کارتۆنەکە لە خۆت بیٚ و فێرخوازەکانی نەیبینن. جا داوایان لێبکە کە وێنەکانت نیشان دان ناوی کەرەستەکان بڵێن، تۆش هەر بۆ ماوەی (١٥) چرکە وێنەکانیان نیشاندەو زوو ڕووی کارتۆنەکە وەرگێڕەوە. دەبینی ئەوان هەر ناوی (٧) تا (٩) کەرەستەیان وەبیردێتەوە. چاوی مرۆڤ هێندە تیژ نییە بتوانیٚ لەو چەند چرکەیەدا هەر (٢٠) کەرەستەکە بناسێتەوە. (ئەم دیاردەیەش پڕاکتیزە دەکەین).

## سێیەم: ئەوەی چاوی مرۆڤ دەتوانێ بیگەێنێتە مێشک، هەمووی لەوێ بۆ ئامارناکرێ:

دەزانین کە چاو تەنها کامیرایەکی بێزمان و بێرۆحە، ئەوە مێشکە کە وێنە بینراوەکان دەخوێنێتەوە. مێشکی مرۆڤیش زۆر خاوخلیچ و بەکاوەخۆ و بەساردیی زانیارییەکان تۆماردەکات ـ ئەمە بە بەراوردکردنی چاوی مرۆڤ، بە نموونە، بە چاوی فیل و باز و گورگ دروستە ـ. مێشکی مرۆڤ ناتوانی پتر لە (١٠٪) ئەو زانیارییانە ئامارکات کە بۆیدەچن. ڕووداو هەیە، یەك ملیۆن خانە مێشك بەشداری تێدا دەکات، بەڵام تەنها ژمارەیەکی کەم لەو خانانە، دەتوانن چەند دیمەنێکی ڕووداوەکە تۆماربکەن. (دیمەنەکانی شانۆگەریەکەی هونەرمەندی عەرەب، عادل امام ـ شایف ماشفش حاجە ـ بێنەوە بەرچاوی خۆت).

## چوارەم: هەموو چاوەکان وەك یەك ڕەنگەکان نابینن:

نزیکەی (٣١) ملیۆن ڕەنگ لە گەردووندا هەیە، مەرج نییە چاوی هەموومان وەك یەك ئەو ڕەنگانە لێکجودا بکاتەوە، چاو هەیە هێندێ ڕەنگ ناخوێنێتەوە (خۆم نازانم ڕەنگی کەسك و قاوەیی کاڵ چ ڕەنگێکن و چۆنن). جار هەیە یەك ڕەنگ لە بەرچاوی دوو کەسدا (تونەکەی) جیاوازە، بە گشتی چاوی ژن، تۆختر، لە چاوی پیاو ڕەنگەکان دەبینێ و گۆشەی کراوەی بەردەمی چاوی ژن، ڕووبەرەکەی فراوانترە لە گۆشەی کراوەی بەردەم چاوی پیاو، بۆیە ژنانی شۆفێر، زووتر چاویان ئەو مندالە دەبینێ کە لە شەقام دەپەڕێتەوە، ـ هەربۆیەش ئەوان کەمترین ڕووداوی هاتووچۆیان لەدەست دەقەومێ.

## چۆن تەختەڕەش زانستیانە بەکاردێ؟

بەداخەوە، هەرچەندە، لە کۆلێژ و پەیمانگەو مەڵبەندەکانی تایبەت بە مامۆستاو فێرخواز و فێرکردن، هەمیشە ئاماژە بە بایەخ و گرینگی تەختەڕەش دەدرێت، بەڵام

نەبۆتە ڕشتەیەکی سەربەخۆ و وەك بابەتێکی زیندوو ناخوێندرێت و تائیستاش بە زمانی کوردی کتێبێکم نەکەوتووەتە بەرچاو تایبەت بەم بابەتە. لێرەدا، زانستییانە، بە کورتی سەرەقەڵەمی چۆنەیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ تەختەڕەش دەخینەڕوو:

## یەکەم: پێش چوونە پۆل:

مامۆستا کابانی پۆلە. خۆ گەر من، ڕۆژێك، ببمە میوانی بەڕێزتان، دەبێ خواردنێکم بۆ بخەیتە سەر سفرە. مەحاڵە کابانیش بتوانێ چێشتێك یان خواردنێك دروست بکات، بەبێ بوونی کەرەستەی پێویستی بۆ ئەو خواردنەی کە دەیەوێ ئامادەی بکات. بۆیە پێشوەخت و بەرلە چوونە پۆل. مامۆستای شارەزاو کارامە دەزانێ: بابەتەکانی چین، سەردێڕو مانشێتە دیارەکانی کامانەن، زانیارییە نوێیەکانی چەند و چۆنن، ئامرازە هەمە چەشنە پێویستەکانی بۆ ئەو وانەیە کامانەن، لە وێنەو پەیکەرو نموونەی بەرجەستەکراو نەخشە و خشتەی و کەرەستە.... . ئەو مامۆستایەی پێخواست و دەستبەتاڵ دەچێتە پۆل و مێشك و دەستی هیچی پێنیە و پێشوەخت هیچی ئامادەنەکردوە، ناتوانێ بەکاربەرێکی سەرکەوتوو و بەتوانای تەختەڕەش بێ. تەختەڕەش سفرەی نانخواردنی مێشکە، کورد گوتەنی: سفرەی بەتاڵێش بسمیلای لێناکرێ.

## دووەم: هەنگاوەکانی ڕێکخستن و دابەشکردنی تەختەڕەش لە پۆلدا:

### هەنگاوی یەکەم:

ئەگەر تەختەڕەشەکە پاکوخاوێن نەکرابۆوە بۆ وانەی نوێ، بە تەختەسڕێکی باش تەختەڕەشەکە دەبێ بسڕدرێتەوەو پاك بکرێتەوە. هەمیشە لە گۆشەی دەستەڕاستی خوارەوەی تەختەڕەشەکەوە دەستپێدەکرێت و بەرەو دەستە چەپ دەچیت، ئەوا بە هەمان ئاڕاستە، بەشی ناوەندو دواتریش بەشی سەرەوەی دەسڕدرێتەوە، ئەوەش بۆ ئەوەیە کە تەپوتۆزی سڕینەوەکە نەکەوێتە سەر دەست و سەر پۆشاك. چونکە لەسەرەوە بۆ خوارەوە دەست دەکەیت بە سڕینەوە، هەموو تۆزو گەردەکان

دێنەخوارەو دەکەونە سەردەست و پۆشاکمان. دەبێ سڕینەوەك بەجوانی ئەنجام بدرێت و هیچ نوقتەو خەت و پەڵیەك بەجێنەمابێ، دواتر حەرفەکانمان لێ بگۆڕێ: (ن) بکاتە (ت) و (ر) بکاتە (ز) ، (ك) بکاتە (گ)... .

واباشتر فێرخوازەکان ڕابەهێنرێن، پێش هاتنە ژوورەوی مامۆستا، تەختەڕەشەکەی بە پاکی بۆ ئامادەبکەن، تا کاتیان بەفیڕۆ نەڕوات و تەپووتۆزیان بۆنەچێ.

**هەنگاوی دووەم:**

لە هەموو وانەیەکداو هەموو ڕۆژێ، دەبێ مامۆستا لە بەشی سەرەوەی تەختەڕەش ئەم زانیارییانە ـ بەزمانی بابەتەکەی، کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، سریانی... تاد.، تۆمار بکات:

گۆشەی دەستە ڕاست: تاریخی ڕۆژەکە، ناوەڕاست: ناونیشانی بابەتەکە و لە ژێریدا ژمارەی لاپەڕەی بابەتەکە لە کتێبەکەدا. گۆشەی دەستەچەپ: ڕیزبەندی وانەکەی ڕۆژ/ وانەی چوارەم، بۆ نموونە.

**هەنگاوی سێیەم:**

دابەشکردن و هێلکاری تەختەڕەش ـ کە کرۆکی بابەتەکەمانە.

هەمیشە گوتومە ئەو مامۆستایەی هونەرمەند نییە و بە چێژی هونەری جوانکاریی ئاشنا نییە، زۆر بەدبەختە و گرفتی وانە گوتنەوەی لە ئەوانی دیکە ئاڵۆزتر و زەحمەتترە. تەختەڕەش کە سفرەی خوانی مێشکە، پێویستی بە ڕازاندنەوە ئارایشیکردن و جوانکاری هەیە، دیقەت دەنێ، کابانی دەستڕەنگین و لێزان، چەند بە جوانی و نەخشەسازییەوە، کوزە تەماتە و خەیار و پیواز و گێزەر و گیاوگۆڵ لەسەر دەفرێکدا دەڕازێنیتەوە وەك نەقشی سەر مافووری کاشان ڕیزیاندەکات و ڕێکیان دەخا. وا ئیشتیهات دەکاتەوە کە زوو دەستیان بۆ بەریت و تامیان کەی... ئەمە کتومت بۆ تەختەڕەشیش دروستە.

پێشوەخت مامۆستا:

(١) دەزانێ سەرەقەڵەمە گرینگەکانی کامانەن کە دەبێ تۆماریان بکات.
(٢) دەشزانێ کە چەند جار پێویست دەکات هەموو تەختەڕەشەکە، یان بەشێکی بسڕدرێتەوە. جا لەسەر ئەو بیرۆکەی لە مێشکی خۆی ئامادەی کردوە، دەستدەکات بە دابەشکردنی تەختەڕەشەکە، بە کێشانی هێڵی ڕاست لە سەرەو بۆ خوارەوە، گەر بە قەڵەم ماجکی ڕەنگ بێ جوانترە.

باشترین و جوانترین دیزاینی دابەشکردنەکە، لەتکردنی تەختەڕەشە بۆ (٣) بەش، وەك لە وێنەی (١) دا دیارە، بەشی یەکەم لە لای ڕاستەیەتی (٢٥٪)ە و بەشی دووەم لە ناوەندیەتی (٥٠٪) ە و بەشی سێیەمیش وەك بەشی یەکەمە لە لای چەپیەتی.




(وێنەي 1)

بەشی یەکەم، بۆ ئەو بابەتانەیە کە پێکهاتەی دەرسەکە دەخەنە ڕوو، بەشی دووەم، بۆ ئەو خاڵە گرنگ و بایەخدارانەیە، کە پتر تیشکیان دەخرێتەسەرو زۆر گرنگن، هەرچی بەشی سێیەمە، وەك کاغەزی ڕەشنووس، دەکرێ بە درێژای دەرسەکە تێیدا بنووسرێت و بسڕدرێتەوە .

لایەنی ئەکادیمی ئەم دابەشکردنە لەوەدایە، ناوەندی تەختەڕەشەکە بە یەکسانی بۆ هەموو پۆلەکەیە، هەرچی بەشی ڕاستەیەتی، ئەو گۆشەیە کە چاو پتر دیقەتی لێدەدا و زۆرتر پانتایی لەسەر چاودا هەیە. بۆیە بابەتەکانی زۆرترین کات

دەمێنەوەو هەمیشە مامۆستا لە ڕاڤەکردنەکەیدا ئاماژەیان پێدەکاو دەچێتەوە سەریان. هەرچی بەشی سێیەمە، بایەخی بەشەکانی دیکەی نییە، بەڵام هەر یاریدەدەریی وانەبێژیشە و ڕۆڵی خۆی دەبینێ.

بۆ زمانەکانی کە ڕێنووسیان لاتینییە، جێگۆڕکێ بە کەرتی دووەم و سێیەم دەکرێ.

دابەشکردنی تەختەڕەش تەنها بۆ دوو کەرت، بۆ تۆمارکردنی زۆرترین زانیاریی بە مەبەستی لەبەرنووسینەوە، دیزاینێکی پەسندە. ئاساییە مامۆستا هەر دیزاینێکی دیکە بەکاربێنی کە باشتر بۆ بابەتەکەی دەگونجێت و جوانتر یارمەتی دەدات بابەکەکەی بخاتەڕوو.

دەبێ مامۆستا هەتا پێیدەکرێت خۆی بە دوور بگرێت لە:

١) نووسینی دێڕی درێژ لەم سەری تەختەڕەش بۆ ئەو سەری، چونکە چاوی فێرخواز باش ناتوانی لە گەڵی بڕوات و لێی تێکەڵ دەبێ.

٢) نووسینی پچرپچڕ و بێسەروبەری پەرشوبڵاو، هەر وشەو دەستەواژەیەکی لە شوێنێك، هەر ئاماژەیەکی لە گۆشەیەکی تێکەڵ و پێکەڵ و ونبوو. زۆرجار فێرخواز، ئەگەر بۆی نەکرا لەگەڵ پێی مامۆستاکەی بڕوات، نازانێ لە کوێی تەختەڕەشەکە بیدۆزێتەوە. بەداخەوە ئەم شێوازە لە قوتابخانەکانماندا زۆر باوە کە زۆر نازانستییە!

**هەنگاوی چوارەم:**

سڕینەوەی تەختەڕەش کات و جێگەی خۆی هەیە: لەکاتێ سڕینەوەی بابەتێك دەبێ مامۆستا دڵنیابێ کە هەموو فێرخوازەکان لەبەریانگرتۆیەوە ـ گەر پێویستی کردبێ، هەموویان لێی حاڵی بووبن و وەك هەرمێیەکی گەیوو و لێهاتبێ کاتی لێکردنەوە (سڕینەوەی) هاتبێ.، گەر پێویستی نەکرد هەموو تەختەڕەشەکە بسڕدرێتەوە، دەبێ هەر بەشە پێویستەکە بسڕدرێتەوە تا دەکرێت گۆشە نیگای ڕاستەی تەختەتەڕەش با بۆ زۆرترین کات بمێنێتەوە.

**هەنگاوی پێنجەم:**

لە کۆتایی دەرسەکە، وا پەسندتر، تەختەڕەش نەسڕدرێتەوە وەك چۆن ئامادەکراوە، بۆ پشووی دوای دەرسەکە وەك خۆی بەجێبەێڵدرێت. بۆچی؟ جار هەیە فێرخوازێك لە خاڵێکدا بەجێماوە، کە لە شێوازی مامۆستاکەی شارەزا بوو، ڕەنگ بێ لە کاتی پشوودا، خاڵە بەجێماوەکە لای خۆی تۆمارکات. لە لایەکی دیکە، جار هەیە دوای دەرس چوار پێنج فێرخواز لە دەوری تەختەڕەش دەئاڵێن و بۆخۆیان قسە و شیکردنەوە بۆ خاڵێکی تەمومژاوی یان سەرنجڕاکێشەری دەرسەکە دەدەن و بیروڕا دەگۆڕنەوە.

## مامۆستای باش نیگارکێشی باشە:

بەڕاستی، کەم پیشە هەیە بەقەد پیشەی مامۆستایەتی ئەرك و ئیش وکاری زۆر و قورس بێ. خۆمان کە قوتابی بووین، ساتەکانی دەرسمان هەمووی بە خۆشی و بە ئیسراحەت و بە هێمنی بەسەر نەدەبرد، جارهەبوو خواخوامان بوو مامۆستا کارێك بکات و خۆی بخافڵێنێ. ئەمە لە کەلتووری هەموو نەتەوەکاندا هەیە. بەڵام خۆ مامۆستا بۆی ناکرێ بە گۆرانی و چەقەوانەوە شایی و هەڵپەڕکێ لە پۆلدا، دڵی فێرخوازەکانی خۆش کات. بۆیە، هونەر بە هەموو شیوازەکانیەوە دەتوانی ئەو بۆشایە پڕ بکاتەوە، ئەویش لە ڕێی جوانکاری لەسەر تەختەڕەش بە:

- نیگارکێشی و ڕەسمکردنی ئەو وێنە و نەخشەو خشتەو هێلکارییەی کە دەستگرو فریادڕەسی مامۆستان لە گوتنەوەی دەرسەکەیدا.
- هەڵواسین و نمایشکردنی نەخشەو وێنەو بابەتی پێشوەخت ئامادەکراو.
- بەکارهێنانی ئامرازی یاریدەدەری موگناتیسی بە تایبەتی بۆ منداڵانی ساو، کە ناتوانن باش قەڵەم بگرن و بەکاری بێنن.

ئەم وێنەکێشان و نیگارکێشییەی سەرتەختەڕەش بەکەلکە بۆ یارمەتیدانی مامۆستا بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەو خاڵانەی کە خۆی مەبەستییەتی پێشکێشیانی بکات. لەهەمان

کاتدا، فێرخواز هەم کاتی وێنەکێشانەکە وەك پشوو سەیردەکات و هەم لە دیقەتدانی دەست و پەنجەی مامۆستای بەهرەمەند فێرە نیگارکێشان و لاسایی کردنەوە دەبێ. جگەلەمانە وێنەی و نەخشەو داتای ڕەنگاوڕەنگیی سەر تەختەڕەش، جوانکاری و هێبەت و وزەیەکی سیحراوی بە پۆل دەبەخشێت. جاربوو فێرخواز دڵی نەهاتووە، بەرهەمێکی دەستی مامۆستاکەی بسڕێتەوە، دوو سێ دەرس هەر بەسەر تەختەڕەشەکە ماوەتەوە لەبەر جوانی و سەرنجڕاکێشی.

## خەتخۆشیی نیعمەتە، گەر نەشبوو گرفتێکی بێچارە نییە:

خەتخۆشی و جواننووسی بەهرەیەکی هونەرییە، فێرخواز لە مامۆستایەکەیەوە، زۆربەی جاران، وەریدەگرێ و فێری دەبێ. ئەوان لاسای دەست و قەڵەمی مامۆستاکانیان دەکەنەوە. لە وڵاتی لیبیا، دەمێکە بۆتە شتێکی باو، کە تەنها مامۆستا خەتخۆشکان دەبێ دەرسی پۆلە بنەڕەتییەکان بڵێنەوە، بۆیە هەموو قوتابییەکانی ئەوێ خەتخۆش و جواننووسن. دەکرێ لە کوردستانیشدا، ئێمە ئەم دەستوورە جوانە پەیڕوبکەین .

قوتابی حەز لە دەستوخەتی جوانی مامۆستا دەکات، ئەگەر مامۆستاکە ئەو بەهرەییەی تێدابوو، ئەوە بۆخۆی پاشایە، بەڵام ئەگەر خەتیشی زۆر جوان نەبوو، دەکرێ، بۆخۆی لەسەرخۆ و بە دیقەتتر زانیارییەکانی تۆماربکات، یان هێندیجار داوی یارمەتی لە فێرخوازێکی خەتخۆش بکات. دەشکرێ لەسەر کارت و فایل پێشوەخت بە خەتێکیخۆش هێندێ بابەتی بۆ بنووسنەوە. ڕێکوپێکی و نمایشی جوان و ئارایشتی هونەرمەندانە، هێندێ جار، خەتی ناخۆش دەشارێتەوە.

فێرخواز لاسایی دەست و خەتی مامۆستاکەی دەکاتەوە، هەیە بووەوتە هونەرمەندی بەناوبانگ. هونەرمەندی خۆشنووس، نەوزاد محەمەد کۆیی ، کە چەندان خەڵاتی نێودەوڵەتی لە خۆشنووسیدا بردۆتەوە خاوەن چەندان کووڕاسەی تایبەت بەخت و کتێبە، دەڵێ:"مامۆستا عەبدولڕەزاقی سەراج، کە لە پۆلی شەشەمی بنەڕەتیدا هاتە پۆل و لەسەر تەختەڕەشەکە مانشێتێکی دەرسەکەی بە خۆشنووسی تۆمارکرد، هەر ئەو ساتە،

لە گۆشەیەکی کتێبەکەم لاساییم کردەوە عێشقی دەستوخەتی بووم و لێم بوو بە خوولیا کە دەبێ وەك ئەو بنووسم. لە ئاکامدا دوای ڕەنج و هەوڵدان بوومە خۆشنووس ".

خوێنەری بەڕێز،

بەندە پتر، بابەتەکەی لەسەر تەختەڕەش (وایتبۆرد) چڕکردەوە، چونکە تا ئەم ساتە ئەوان باوترین شێوازن و تائێستا تەختەڕەشی کۆمپیوتەری، نەبووەتە وەسیلەیەکی باوی فێرکردن لە قوتابخانەکانماندا.

## تەختەڕەشی کۆمپیوتەریی:

زۆربەسەر داهێنانی یەکەمین کۆمپیوتەر تێنەپەڕی، تا لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بیرۆکەی تەختەڕەشێك بەسترابێ بەکومپوتەر، لە لایەن نانسی نولتن و مێردەکەی دێیڤد مارتن ، بووە خەونێکی بەدیهاتوو و توانیان سەرکەوتووانە یەکەمین سکرینی گەورە دروستبکەن کە بە کۆمپیوتەرە بەسترابێتەوە. بەڵام بیرۆکەکەو داهێنانەکەیان لە سەرەتادا زۆر بە ساردی پێشوازی لێکراو ئەو دەنگدانەوەی نەبوو، تا کۆمپانیای (سمارتی تەکنەلۆژی) کەنەدی لە ساڵی (٢٠١٦) بەرهەمێکی نوێ ئەو جۆرە تەختەڕەشی دانەهێنا. ئەوجا کۆمپانیەکانی تەکنەلۆژیای جیهان یەك لەدوای یەك کەوتنە ڕکابەری داهێنانی باشترین و پشکەوتووترین تەختەڕەشی کۆمپیوتەری کە ئیمڕۆ زۆر جۆری هەیە و لە بازاڕەکاندا دەستدەکەون.

نامانەوێ لێرەدا، بەدرێژیی قسە لەسەر ئەم جۆرە ئامرازە بکەین، بەڵام پراکتیزەکردن و بەکارهێنانی، کۆمپوتەری ئەلکترۆنی، مەقام و پێگەی سەرکەوتووی خۆی نیشانداو ئێستا لە زۆربەی وڵاتە پشکەتووەکاندا بەکاردێ.

ئەم تەختەڕەشە کتومت کۆمیوتەرێکی گەورەی هەڵواسراوە بە ئینتەرێتەوە بەستراوەتەوە، هەرچی تۆ دەتەوێ بۆت ئەنجام دەدات و فێرخوازیش دەتوانێ هەموو زانیارییەکانی لە لاپتۆپی خۆیدا (سێیڤ) بکات و هەڵگرێ، ئەوا جگە لە بەشداری کردن

و ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکان. مامۆستاش هەرکاتێکی بیەوێ دەتوانێ بگەڕێتەوە سەر زانیارەییە تۆمارکراوەکانی پێشتری خۆی.

(*) مامۆستا عەبدولڕەزاق ڕەشید سەراج، لە دایك بووی شاری کۆیە بوو، لە بۆمبارانکردنی شاری قەڵادزێ لە ٢٤ / ٤ / ١٩٧٤ هەموو ئەندامەکانی خێزانەکەی شەهیدبوون و خۆشی لەم ساڵانەی دوایی بەیەکجاری ماڵئاوایی لێکردین. ئەو مامۆستایە، کاریزمایەکی وراتی کۆیەو دەڤەری پشدەربوو. ڕەسام و خۆشنووس و ئەدبدۆست و ڕۆشنفکرێکی دیاری ڕەوشت بەرز بوو. درووود لە ڕۆحی پاکی.

# لێره...
# لەنێوان قۆناغی ئامادەیی و دەروازەی زانکۆکان،
# تامانێك بەقەد شوورەی چین

**(سەرەڕێی ژیان وئازادی، لەم چەرخەدا، لە**
**دەروازەی قۆناغی ئامادەییەوە دەست**
**پێدەکا.)**
**(ف. ش.)**

قیرەقیڕی قازەکان، کە لە دالآن و ڕێڕەو و بەرهۆل و هەیوان و دەرگاو پەنجەرەکان، وەك شەپۆلی دەریا تێکەلْ بەیەکتری دەبوون، لە نهۆمە بەرزەکانی ئەوبەری زانکۆ دەنگیان دەدایەوە، بۆ کەسێکی غەوارەی ئەو ورات و دەڤەرە، پتر زەینی بۆئەوە دەچوو، کە ڕێی ونکردبێت و لە جیاتی زانکۆ، خۆی کردبێ بە کێلْگەیەکی پەروەردەکردنی قاز و مراوی. لێ بۆ سەرۆك زانکۆ و ڕاگر و مامۆستاکان، تا دەگاتە بەردەست و دەرگەوان و باغچەوانەکانی ئەوێ، لەو سەرەتای سالْەدا، دەنگی ئەو قازە ـ زانکۆییانە، دیاردەیەکی

ئاسایی بوون. ئەوان بە تەنکە زەردەخەنەیەکی قورسەوە بە ناو ئەو شەپۆلە دەنگە گڕانەوە ڕێدەکەن، وەك بلێی، ئەوەی لە گوێیان دەزرینگێتەوە، شنەی بایە... ویتەویتی کێشکانە یان زرینگانەوەی زەنگولەیە... .

بۆ ئەو ڕەوە قازانە ڕوو لە دالانی کۆلێژەمان دەکەن؟ بۆ دەقیڕێنن؟ لەکوێوهاتوون یان کێ ئەوانی کردووەتە قاز؟ بۆچی تاکو ئێستا خێرەومەندیێ، لە هۆکاری ئەو قیڕەقیڕەی ئەوانی نەکۆڵیوەتەوە؟ لەمانەش گرنگتر، ئەمە ڕووە گەشاوەکەی زانکۆیە، یان دیوە ناشیرین و تەڵخەکەی ناشارستانییەتی ئێمەیە؟

لە زۆربەی زمانی نەتەوەکاندا، لە پەروەردەدا، ئەو قۆناغەی لەدوای ناوەندی دێ، بە زاراوەی (ئامادەیی) ئاماژەی پێدەکرێ، بۆ نموونە لە زمانی ژاپۆنی پێیدەڵێن (یۆبیکۆ)، واتا خوێندنگەی تایبەت بە ئامادەکردنی خوێنکار بۆ خوێندنگەیەکی هەورازتر. مێژووی یەکەمین قوتابخانەی ئامادەیی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٥٠٥) کە ئامادەیی (ڕۆیەل ئیدنبرا) لە سکۆتلەندا کرایەوە، کەئەویش بۆ ئامادەکردنی فێرخواز بوو بۆ دەرس و دەوری ئایینی. ئەوجا لەو ڕۆژگارەو ئەو قۆناغەی خوێندن، بە هەموو شێوازەکانیەوە: حکومی و ناحکومی و هاوبەش، گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، تا گەیشتووەتە ئەو قالبەی ئیمڕۆ، کە لە زۆربەی وڵاتاندا خوێندن تێیدا (٣) ساڵەو پرۆگرام و بەرنامەی خوێندنیان، کە دەبێ ساڵانە لە (١٢٠) وانە کەمتر نەبێ، بەسەر چەند ڕشتەو بابەتێك دابەشکروان، وەك:

- زانیاریی گشتی.
- ئامادەکاریی پێشوەختەی تیروتەسەل بۆ زانکۆ.
- هونەری پیشەیی.
- هونەرەکانی تایبەت بە نیگارو مۆزیك و شانۆ و ئەدەب....تاد.
- چالاکی هەمەڕەنگ و فرە مەبەست بۆ ژیانی ڕۆژانەو کات بەسەربردن.
- وەرزش و یاری و گەمەکردن.

حاجی مەلەك شاباز (١٩٢٥ – ١٩٦٥)، کە وەزیرو چالاکەوانی مافی مرۆڤ بوو لە ئەمەریکا دەنووسی:"خوێندن پەساپۆڕتمانە بۆ گەیشتن بە ئایندە، جا ئایندە هی ئەو

کەسانەیە کە لەورۆکەوە خۆیانی بۆ ئامادە دەکەن." لە ژیاندا، بەتایبەتی بۆ گەنجەکان، ئیمڕۆ قەد خەونێك نییە پیرۆزتر و مەزنتر بێ، لە خەونی چوونە زانکۆ. کەواتە لێرە پرسیارێکی ڕەوا، یاخەمان دەگرێ، ئایا ئێمە لە کوردستان، وەك پێویست خوێندکارەکانمان بۆ زانکۆ ئامادە دەکەین؟

خوینەری بەڕێز، ئێمە، ئەرك و کاری سەرشانی قۆناغی ئامادەییتان، پێ بە پێ، بۆ ڕوون دەکەینەوە، ئەوجا خۆتان بە ویژدانەوە، وەڵامی پرسیارەکە بدەنەوە.

مامۆستا و دەستەی بەڕێوەبەری خوێندنگا، دەبێ ئەوە لەبەرچاوبگرن، کە هەڵبواردن و بەلاوەنان و پشتگوێخستنی هەر ئەرکێکی سەرشانیان چەندە بچووکیش بێ کاردانەوەی نەرێنی لێدەکەوێتەوە. دۆغری مەبەست لە زاراوەی (ئامادەیی) لێرەدا، پێگەیاندن و پەروەردەکردن و خەملاندنی خوێندکارە بۆ ئەو قوناغە هەوارزترەی پێیدەڵێن (زانکۆ).

زانکۆ چییە و چیتێدا دەگوزەرێ؟ سیستەم و یاساوڕێسای خوێندنی چۆنە؟

پێناسەیەکی پووختی زانکۆ ئەمەیە:"دامەزراوەیەکە زانست و مەعریفەی ئاست بەرز و بایەخدار، لەڕێی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و گەڕان و سۆراغکردن، بە فێرخوازە زانکۆییەکانی دەدات و بڕوانامەی ئەکادیمیان پێدەبەخشێ و لەوێدا خوێندنی باڵاتر، وەك دیپلۆما و ماستەر و دکتۆرا ئەنجامدەدرێ." بنەجەی زاراوەی (university زانکۆ) لە (universitas)لاتینییەوە هاتووە کە بە مانای"دەستە و تاقمێك دێ بەیەکەوە لە بوارێکدا کارێك ئەنجام بدەن".

یەکەمین زانکۆش لە جیهاندا، بۆ زانیاریتان، لە ساڵی (٨٥٩) لە شاری (فاس)ی وڵاتی مەغریب دامەزراوە، بە ناوی (جامعة القرويين)، لە ڕۆژاواشدا لە سەدەی (١٥)مین ژمارەی زانکۆکان گەیشتە (٢٥) زانکۆ. ئیمرۆ نزیکەی (١٠) هەزار زانکۆ لە جیهاندا هەیە و سەدەی (١٨)دەم بە سەدەی گەشەکردنی زانکۆکان دادەنرێ.

هەرچەندە سیستەمی خوێندن، لە زانکۆکان فرە ڕێباز و بنەما و پرۆگرامە، بەڵام دەکرێ، ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێنە کۆلکەی هاوبەشی نێوانیان:

## یەکەم: گۆڕانکارییە کردەییەکان:

**یەك: توێژینەوەو لێکۆڵینەوە:**

زانکۆیی، ئەو فێرخوازەیە کە کلیلی هەموو کتێبخانەکانی دەخرێتە مست و دەبێ، خۆی و خۆی، بکەوێتە گەڕان و پشکنین و دۆزینەوەی ئەو سەرچاوە و کانانەی، دەبنە بنەماو بەردی بناغەی نووسینەکانی. ئەو ئازادە و چیتر نە مامۆستا دەستی دەکرێ ونە کاروانچییەك لەپاشکۆی خۆی هەڵیدەگرێ.

**دوو: زانکۆیی بۆخۆی گەورەی خۆیەتی:**

لەم قۆناغەدا، هەموو بەرپرسیارییەتی و ئەرك و مەشەقەتەکان دەکەنە ئەستۆی فێرخواز و ئازادی ڕەهای پێدەدرێت لە بیرکردنەوە و بۆچوون و تێڕاونین و پەیرەوکردنی فەلسەفەکانی بوون و ژیان و کارکردندا.

**سێ: پرکتیزەکردنی فیعلی خەون و ئارەزوو و بۆچوونەکان:**

لەم دامەزراوەیەدا، چیتر فێرخواز لە پشتی ڕەحلەکەی شەرمنانە دەست هەڵنابڕێ و پرسیارەکان وەڵام ناداتەوە. ئەو بۆ خۆی دێتە مەیدان و گۆڕەپانەکە، بە ماڵان و گەڕەکان و دێهات و شاراندا ، بە دوای زانست و مەعریفەدا دەبێ بگەڕێ، بێتە سەر سەکۆ، سیمینار پێشکێش بکات و کۆڕ ببەستێ و لە وێرکشۆپدا چالاکانە دەست ڕەنگینی خۆی نیشان بدات و لۆژیکانە بزانێ گفتوگۆ و دایەلۆگ بکات... تاد.

**چوار: کۆتا نەخشە و ڕێگەی هێنانەدی خەون (خەونەکانی) دەستنیشان دەکات:**

لەم قۆناغەدا، فێرخواز بە ڕوونی و ئاشکرایی نەخشەی خۆی دیاری دەکات و لە توانا و توانست و قابیلیەتی خۆی شارەزا دەبێ و بەرەو لوتکەی مرازو خەونەکان بەبێ ڕاڕایی و دڵکەڕواکی هەنگاو هەڵدەگرێ .

به کوردی و کرامانجی، زانکۆ تەواوکەری بەشێکی سەرەکی و زیندوو و زەرووری ئایندەی فێرخوازە و تاراددەیەکی زۆر ڕوخسار و پێکهاتەو شکڵ و شێوەی(کەسیتیی ڕۆشنبیریی) ئەو دەستنیشان دەکات و دەیخاتە سەر ڕێڕەوی (سکەی) ژیان. ئەگەرچی خاتوو .C) (JoyBell Cی بیرمەندو شاعیر، بۆچوونی جیاوازی هەیە و دەڵێ:"زانکۆ دەتوانێ بتکات بە کەسێکی کارامە و چاوت بکاتەوە هەڵت بۆ بڕەخسێنی، بەڵام نە دەتوانێ هەستت فێر بکات نە تێڕاوانینت پێببەخشێ، هەست و تێڕوانین لە قوڵایی ڕۆحەوە سەرچاوە دەگرن." ڕەنگ بێ ئەم خاتوونە بۆچوونەکەی لەسەر ئەوە هەڵچنی بێ کە ڕۆشنبیری نە دەکڕێ و نە دەفرۆشرێ.

## دووەم: گۆڕانکارییە دەروونییەکان:

لێکۆڵینەوەو توێژینەوەکانی تایبەت بە زانکۆ و خوێندن لە زانکۆدا، ئێمڕۆ بایەخێکی زۆر دەدەنە دیوە شاراوەکەی (دەروونی خوێندکاری زانکۆ)، بەتایبەتی ساڵی یەکەمی خوێندکاری زانکۆ ـ ئەمە بۆ خوێندکاری وڵاتە پێشکەوتووەکانیش هەر دروستە.

**کێشە دەروونییەکانی فێرخوازێ زانکۆ لە چییەوە سەرچاوە دەگرن؟**

لێکۆڵینەوەکان، پێداگریی لەسەر ناسکی و هەستیاری و هاوسەنگی (تەمەنی خوێندکار) دەکەن بەوەی کە ئەو تەمەنە (تەمەنی خەونەکانە) بۆ گەنجان. هەر خەونێك هیوایەکە، هیوا بەبێ باج نایەتە دی. بۆ خوێندکاری لاو قەبارە و سەنگی ئەو باجە نادیارە و نەزانراوە، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی لە قۆناغی ئامادەیی بە جوانی بەو (خەون و باجە) ئاشنا نەکراون و نیگەرانییەکانیان نەڕەوێندراوەتەوە. لە زانکۆدا هەموو شتەکان گۆڕانکاریان بەسەردادێ، کەواتە باری دەروونی خوێندکار لەو گۆڕانکارییانە بەدەرنییە. کەواتە دەبێ گۆڕانکاریی دەروونی لە ناخی خوێندکاردا بکرێ ئەمەش لە گۆڕانکارییە ماددیەکان زۆر قورستر و مەترسیدارترە.

خوێنکاری سالی یەکەمی زانکۆ، دەزانێ و تێدەگا کە بەدرێژایی ئەو (١٢) ساڵەی قۆناغەکانی پێشتری، ئەو هەر مۆسافیر بووە، بەڵام لێرە بەدواوە بۆ خۆی دەبێتە شوفێرو

چیتر ناتوانی وەك جارانی سەفەرەکانی بکات :(کویخوایانە لیّی دانیشیت و قسە بکات و تەماشا بکات و بخوات و بخواتەوە).

لە زانستیی فیرکردندا دوو جۆرە فیرکردن هەیە (فیرکردنی دەستگیراو Passive Learning)، کە مامۆستا دەستگری فیرخوازە، هەرچیٔ ئەو پێویستییەتی بۆی حازرو ئامادە دەکات، تەنانەت خشتەی کات دابەشکردنیشی بۆ دادەڕێژیّ. وە (فیرکردنی پشتبەخۆبەستوو Active Learning)، کە پێچەوانەی جۆری یەکەمەوە، لەوەیاندا فیرخواز دەبیّ هەر هەموو ئەرکەکانی فیرکردن بگرێتە ئەستۆ خۆی و تیٚشیدا سەرکەتوو بیّ.

لیرە، بە تایبەتی بۆ خوێندکاری کورد، چەندان گرفتی دەروونی سەرهەڵدەدەن و ناخی فیرخواز دەشلەژێنن، وەك:

- چۆن دەتوانم بیّ پشت و پەنا سەعی بکەم؟
- چ بخوێنمەوە و سەعی لە چ بکەم؟
- چ بابەت و ڕشتەیەك هەڵبژێرم کامیان ئارەزوو و حەزی منە؟
- چۆن نەخشەو خشتەی کاری ڕۆژانەم ڕێکبخەم؟
- خەونی بنەڕەتی من کامیانە؟
- چۆن ئەو هەموو شتانە پراکتیزە بکەم؟
- (بۆ منی بیّ بەرنامە و بیّ ئامانج و بیّ خەون و بیّ ئەزموون بیّ پرۆژە و بیّ پشتیوان چ ئەستەمیٚکە؟)

لیرەدا ترسیٚکی دەروونی لە ناخی خوێندکاردا ئاگردەکاتەوە، تۆ بلیّی ئەو هەوارەی کە ڕۆژگاریٚکە ئەو خەونی پیٚوە دەبینیٚت و بە بەهەشتی خۆی زانیوە، لیّی نەبیّ بە دۆزەخ؟ ناحەقیشی نییە!

چەندان جار، گوتومانە فیرکردن، واتا گۆڕانکاری لە ئەقلّ و هەست و ڕۆح و ڕەفتاری فیرخواز، کە کاریٚکی تا بلیّی زەحمەت و قورسە. کەواتە ئەگەر پیٚش وەخت،(لە قۆناغی

ئامادەیی)، ئامادەکاریی بۆ ئەو گۆڕانکارییە نەکرابێ، ئەوا ڕیسەکەمان لێ دەبیتەوە بە خووری!

بۆ وەلاّم دانەوەی پرسیارەکەی سەرەوەمان، ئێستا دەپرسین، ئاخۆ بە گشتی لە خوێندنگاکانی ئامادەیی لە کوردستانی باشووردا، خوێندکارەکان:

- فێرکراون چۆن کتێب لە کتێبخانەکاندا ڕیزبەندکراون و چەند جۆر ڕیزبەندی هەیەو چۆن کتێبی داواکاری خۆی دەدۆزێتەوە؟ چەند جار سەردانی کتێبخانە گشتییە گەورەکانیان کردووە؟
- فێرکراون چۆن ڕاپۆرت بنووسن و توێژینەوە ئەنجام بدەن؟
- بە جۆرەکانی سەرچاوەو ژێدەر ئاشنا کراون؟
- فێرکروان چۆن کاتەکانیان دابەش بکەن؟
- بە عەمەلی فێرە ئەنجامدانی سیمینار و کۆر و ویرکشۆپ کراون؟
- سەردانی هیچ کۆلێژ و پەیمانگایان کردووە؟
- ڕاپۆرتی پرۆژەئامێزیان نووسیوە و گفتوگۆیان لەسەرە کردووە لەگەڵ هاوپۆلەکانی بە حزووری مامۆستا؟
- فێرکراون کە جیاوزی لە نیوان خوێندنەوەی پاسیڤ و خوێندنەوەی بەوەج چییە؟
- خەون (خەونەکانیان) دەست نیشان کردوە و دەزانن بۆچی دەخوێنن؟
- بە سیستەم و یاسا و ڕێسا و ژیانی زانکۆ ئاشنا کراون؟
- پێیان گوتراوە، موحازەرەی زانکۆ چۆنەو، چۆن ئەنجام دەدرێت و چۆن دابەش دەکرێ؟
- فێرکراون چۆن زانیارییەکان فێری دەبن و هەڵێدهەێنجن ولە مێشکی خۆیان ئاماردەکەن و دەپارێزن؟
- ترسی تێکەل بوونی ڕەگەزی نێر و می و و پێکەو کارکردن و کاری هەرەوەزیان شکاندوون؟

ڕۆژی یەکەمی چوونە زانکۆ، لە هەموو جیهاندا بۆ خوێندکار زۆر بایەخدارە، بۆیە فەرز و سوونەتە، کە مامۆستای کاریزما و لێهاتوو، لە قوتابخانەی ئامادەیی، سیمیناری تایبەت بۆ خوێندکارەکانی قوناغی (١٢) سازبکات، زانستیانەو ئەکادیمیانە، هەرچی پەیوەستە بەو ڕۆژە و بە خوێندن لە زانکۆ، بە جوانی بۆیان ڕوون بکرێتەوە بەرچاوڕوونی پێشوەختیان پێبدەن.

دەبێ خوێندکاری ئامادەیی پێشوەخت بزانێ کە چەندە ئامادەکاری بۆ ئەوە ڕۆژە کردووە کە تێیدا پێدەنێتە زانکۆوە. دەبێ زانکۆش بۆ ڕۆژی یەکەمی فێرخوازە نوێیەکان و پێشوازیکردنیان ئامادەکاری بکات.

بۆئەوەی چیدیکە گوێمان لە قیرەقیڕی قازەکان نەبێ!

چەند جوانە هەر کوڕە زانکۆیی و هەر کچە زانکۆیی پۆلەکانی دوو و سێ و چوار، بە گوڵێکی جوانەوە پێشوازی لە خوێندکارە نوێیەکان بکەن و گوڵبارانیان بکەن!

# (ئەلقەیەکی ئاڵتونی
# لە پەیامی پەروەردەکاریماندا ونە،
# کێ پڕیدەکاتەوە؟)

**"خۆشتدەوێ ئاساییە، خۆشیاندەوێیت**
**شانازییە، لێ ئەوەی خۆشتدەوێ خۆشتیبوێ**
**لوتکەی بەختیارییە."**
**(؟)**

(٢٠١٠): لەگەرمەی دەرس گوتنەوەدابووم، کە بەڕێوەبەرەکەم بۆ دیداری میوانێک بەدوایداناردم. میوانەکە شۆڕەژنێکی چاوڕەشی بسکڕەشی بە هەیبەت و بەشەخسییەت دیاربوو، لەژووری بەڕێوەبەر، لەتەنیشت خۆی دانیشاندم و چاو لە چاوی پێی گوتم:"

ـ خۆشحاڵم، بە ناسینت، لێ نازانم چۆن سوپاسگوزاریی خۆم بۆ ئەو هەموو ڕەنج و کۆششەی تۆ دەرببڕم کە لە پێناو خوێندکارەکانتدا ڕۆژانە ئەنجامیان دەدەی. ڕۆژنییە (ئاریاکۆ)ی کچم، نەیتەوەو باسی تۆمان بۆ نەکات.

دوای قەدرزانیم بۆ سوپاسگوزارییەکەی، بەو خاتوونەم گوت:

ـ بەڕاستیی ئەگەر (ئاریاکۆ)خان، ڕۆژانە قسەکانی منتان بۆ بگێڕێتەوە، کارێکی باشی نەکردوەو وەعدوپەیمانی نێوانمانیشی شکاندووە!

ـ مامۆستا، ئاگاداری هەموو سەین و بەینێکی نێوانتانم، بەڵام تۆ دەزانیٚ، من بەحەسرەت بووم، کە یەك ڕۆژ بتوانم لەگەڵ کچەکەم دانیشم و ئەو قسانەی تۆی بۆ بکەم. ئەوەی تۆ دەیکەی بە هیچ دایکێك ناکریٚ، نازانم چۆن پەسنت بکەم!

لەوڕۆژەوەی، دەرسم بە خوێندکارانی قوناغی (١٢) داوە ـ پۆلی (٦)ی ئامادەیی جاران، لە یەکەم ڕۆژدا، دەرگای پۆلم لەسەر پێوەداون و پێمگوتون:

"ئەرك و واجیبی منە، هەم بۆ خوێندنی زانکۆ و هەم بۆ ژیانی دوای زانکۆش ڕێنمای و ڕێبەرایەتی و پێشڕەویتان بکەم. جا بۆ ئەوەی نەخشەو بەرنامەی کارەکەم سەرکەوتووبیٚ، حەزدەکەم، هیچ وتەو پەیام و داخوازییەکی من لە دەرەوەی پۆل لای کەس نەدرکێنن، تەنانەت لەلای باوانیشتان باسی مەکەن، ڕەنگبیٚ، بابەتی ئەوتۆ بورووژێنن، لە دید و تێڕوانینی واندا هێڵی سوورو پقە بیٚ."

❊❊❊

کە لە ناو پۆل، ڕادەوەستام، دەمزانی لەچاوی خوێندکارەکانمدا، مامۆستایەکی خوێنگەرمی دەرویٚش ئاسام، لیٚ ئەوان بێخەبەربوون، کە خۆیان لەبەرچاوی مندا، (شەوڕۆ)یەکی هەرزەکاری هەڵپڕووکا بوون!

ـ کام (شەوڕۆ)؟

ئەو هەرزەکارەی کە ئێواران شەکەت و کەنەفت، دوای بەسەربردنی ڕۆژێکی پڕ خوێندو کرێکاری، سەری بە دەرگای ماڵێك دادەگرتەوە، باوکێکی دەست بە شوولك، فەرمانڕەوایی بەسەر دوو ژن و (١٨) منداڵی فرە تەمەندا دەکرد، کە هەر هەموویان لە دوو هۆدەی سەر بەگۆمەز، زیندانی ئاسا، شەووڕۆژیان دەکردەوە، ئەوە جگە لەو هەموو مریشك و کەڵەباب و جووجەڵەو کەو و سوێسکە و کۆترەی ئازادی تەواویان لەو حەوشەدا بۆ فەراهەمکرابوو.

شەڕوشەڕەچەقە و شەڕەدەمێی نێوان دوو دایکی هەوێبار، لە نیو چواردیوارێکی ڕەقهەڵاتوویی کەمدەرامەت، زۆر شەوان بالیفی فرمێسکاوی پێ ئەمدیو ئەودیو دەکردم، لەدڵی خۆمدا لەو خۆشەویستییە هەرزەکارییەی ئەودەمی دڵی خۆمدا پەشیمان دەبوومەوە، دەمگوت، نابێ قەت ژن بێنم و ژیانی مرۆڤێکی دیکە بکەمە دۆزەخ. شانۆگەرییەکانی ڕۆژانەی ئەو حەوش و هەیوانە، ئاوێنەی ئایندەیەکی ئەوەندە تەڵخ و دارووشای دەهێنایە بەرچاوم، چاوم بەهیچ شتێك هەڵنەییێ.

ئاخر ناهەقیم نەبوو، کەسێك نەبوو، دەستم بگرێ، فرە خەمێکم لەگەڵ بخواتەوە، دەستێکی پڕ سۆز و میهرەبانی بە سەرم دابێنێ. هەموو هەر داروبەرد بوون: دوو دایك و باوك و خوشك و براو مامۆستاو دۆست و برادەر. ئەوەی هەمبوو هەر (خودا) یەك بوو کە ئەو کات، ئێستا باش باش پێی ئاشنا نەبووم!

جا کە دەچوومە پۆلەکان، بەتایبەتی پۆلەکانی ئامادەیی، لەدڵی خۆمدا دەمگوت "نابێ سیناریۆیی ژیانە تاڵەکەی من، لە ڕۆژانی ئایندەی ئێوەدا دووبارەبێتەوە، من دەبێ، زنجیرەکان بپچڕینم، کۆتەکان بشکێنم، دیوارەکان بڕوخێنم، ڕاستیی ژیانە پڕ کۆسپ و چاڵ و کەندولەندەکەتان بۆ بنەخشێنم و ئەوەندەی بۆم بکرێ، دەستگر و ڕابەر و فریادرەستان بم. لە پاڵ دەرسگوتنەوەکەم، هەلێکی زێڕینم بۆ ڕەخساوە، دەبێ خۆ بخزێنمە نێو دڵتان و لەوێدا بۆتان، پەنجەکانم بکەم بە مۆمی داگیرساو.

من هەروام دەزانی، خوێندکارەکانی لای خۆمان مەغدورو بێکەس و بێموشوورگێڕن، بەڵام کە چوومە لیبیا و دیتم چۆن (٨٣) مامۆستای ژنی دڵ هەڵپڕووکاوی قوتابخانەکەم، ڕۆژانە تێمدەئاڵێن و دەردەدڵی پڕسۆی خۆیانم بۆ هەڵدەڕێژن، تێگەیشتم، کە ئەلقە ئاڵتونیەکەی پەیامی پەروەردەکاری، لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوندو دەوروبەرەکەی، دەمێکە ونەو کەسێکیش نەبووە پڕیبکاتەوە.

***

گەر بەرێژەیی خوردیکەینەوە، هەر خوێنکارێك، لە تەمەنی خوێندنیدا، لە باغچەی ساوایانەوە تا لە زانکۆ دەردەچێ، لە نێوان (٥٠) بۆ (٦٠) مامۆستا لە قۆناغە

جیاوازەکاندا دەرسی پێدەڵێن ـ ئەوە ئەگەر بەڕێوەبەرو یاردیدەدەرەکانی لێ وەدەر بێنین، جا ئەو تیپە مامۆستایە بە درێژایی ئەو شانزدە حەڤدە ساڵە، نەك هەر بەزار و بە گوفتار، بەڵکو بە کردارو بە ڕەفتاریش، ئاسنگەریی ئەم واتانەیان لەبن گوێدا دووبارە دەکەنەوە:

"ئێوە، ڕێبەر و ڕابەری ئایندەی ئەم وڵاتەن.... ."

"ئێوە، پێشەنگ و پێشڕەوی هەموو سەرکەوتن و گۆڕانکارییەکانی داهاتوون لە پێناو خۆشگوزەرانیی مرۆڤدا... ."

"دەرچوون و سەرکەوتنی ئێوە، زامنی ئایندەی گەش و پرشەنگداری هەموانە... ."

"ئێمە وەك مۆم بۆتان دەسووتێین، تا ڕەنجتان بە فیڕۆنەچیت و لە ژیاندا سەرفیرازو ئاسوودە بن... ."

"ئێوەن، لەشکری نەزانین و نەخۆشیی و هەژاری تێکدەشکێنن و ئاڵای ئاشتی و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی بەرزدەکەنەوە... ."

بەڵام، ئایا دوای خوێندنیان، ئەمە واقیعحاڵی ئایندەی ژیانی ئەو قوتابی و خوێندکارانەیە؟ ئەوان بەڕاستیی سەرکەوتنیان بەدەستهێناوەو لە خۆشگوزەرانی و ئاشتی و سەرفیرازیدا دەژین؟

سرووشتی خوێندن وایە، مامۆستا، دکتۆر نییە بۆ هەمیشە چاودێری نەخۆشکەی بکات، هەر کە قوتابی و خوێندکار خوێندنیان تەواوکرد، بەگشتی، پەیوەندییە تۆکمەکەی نێوانیان وردە وردە کاڵ دەبێتەوەو نامینێ. دەنا ئەگەر بەدواداچوون و توێژینەوەی زانستیی لە ژیانی دوای دەرچوونیان لە زانکۆ و پەیمانگایەکان بکەین و بچینە بنج و بنەوانی ژیانی تایبەتی وان و پەردە لەسەر زۆر لە نهێنییەکانیان هەڵدەینەوە، ئەوا بۆمان ئاشکرا دەبێ(کەم نیین ڕێژەی ئەو دەرچووانەی) کە:

- خۆیان بە (سەرنەکەوتوو) دەزانن!
- لە ژیانی خێزانداریدا ناشادو گرفتارن!
- لە پێکەێنانی خێزاندا دواکەوتوون یان بۆیان مەیسەر نەبووە!

- له وەزیفه و پیشەو و کارەکانیانی ڕۆژانەیاندا کارامەنین!
- له پەیوەندییه کۆمەڵایەتییەکاندا لاتەریك و گۆشەگیرو تەنیان!

هەرچی زانستیی مرۆیی و ئەبستراکتیك و لاهوتیی و فەلسەفی هەیە، بۆ هەر (ئاکام)ێك، (هۆ) یەك یان (چەند هۆ)یەك، به موسەبیب دەزانن.

باشه دەکرێ، ئێمەش بپرسین:

ـ دەبێ ئەو (هۆ)یە، یان ئەو (هۆیانه) چین، که بوونەته ئاکامی سەرنەکەوتنی هێندێ قوتابی و خوێندکار له ژیانیاندا، ئەگەرچی له زانکۆ و پەیمانگەکانیاندا به نمرەی زۆر باش دەرچوون؟

وەلامەکەی، هاسانه:

"بەدرێژایی حەڤدە هەژدە ساڵ، تیپێك مامۆستا، لەگەڵ باوانی ئەو خوێندکارو قوتابیانه، شەووڕۆژ کاردەکەن، بۆ زامن کردنی سەرکەوتنی وان، له ئەزموونەکان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی، سەرکەوتنی وان له ژیانی پراکتیکیی دوای ئەزموونەکانیان."

به کوردی و کرمانجی، له پەیامی پەروەردەکاری ئێمەدا، ئەلقەیەکی ئاڵتونی نووسقوتانه، یان خۆمان بەئەنقەست بزرمان کردووە. ئەویش (پەروەردەی خیزانداری و پێکەوەنانی ژیان و ئاینده دروستکردنه.)

ئاییندەی گەش و پیرۆز و جوان، هەر به نمرەی بەرزو باڵا وەدەست نایەت، خۆ ئەگەر ئەو لۆژیکه دروست بووایه، ئەوا باب و باپیرە نەخوێندەوارەکانی ئێمه دەبووایه هەر زوو بەدەستەجەمعی خۆ بکوژن و دەست له ژیان هەڵگرن.

❊❊❊

لەوەتەی مرۆڤ خڕبوونەتەوەو به کۆمەڵ کۆمەڵ دەژین، (خێزان) کاکڵی دروستبوونی هەر کۆمەڵ و نەتەوەیەکە.

ئیمڕۆ (زانستی خێزانداریFamily Science)، که له زانکۆ و مەڵبەنده ڕۆشنبیرییەکاندا دەخوێندرێ، دوای کزبوونی، وا دیسان به گەرموگوڕییەوە هاتۆتەوە مەیدانەکە، دوای ئەوەی که ڕۆژاوییەکان زانیان، وەلاوەنانی پەروەردەی خێزانداری و

لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی خێزان، چ زەبرێکی کوشندەی لێدان. ئەم زانستە تایبەتە بە توێژینەوە لە ئامانج و بنەماو پێگەی خێزان و خێزانداری، پەیوەندی و هەماهەنگی نێوان خێزان و هەموو پێکهاتە و ئۆرگانەکانی دیکەی کۆمەڵ. یەکێك لە خەسڵەتەکانی ئەمەیە کە خاوەن پەیام و تیۆری و تێڕوانین و جیهانبینی تایبەت بەخۆیەتی.

خۆ ئەگەر دیقەتێکیش لە کتێبە پیرۆزەکان و حیکمەت و فەلسەفەکانیش بدەین، دەبینن، بەشێکی زۆری پەیامەکانیان بۆ (پەروەردەی خێزانی) تەرخانکردووە.

لێرە، پرسیارێك یاخەمان دەگرێ:

ـ باشە، پەروەردە لەم بوارەدا، دەتوانێ چ خزمەتێك بە ئایندەی خوێندکارو قوتابی بکا، تا لە ژیانیشیدا سەرکەوتووبێ وەك لە ئەزموونەکانیدا سەرکەوتوو بووە؟

هەرچەندە ئەمە ئەرکی مەڵبەندە ئایینیەکان و ڕۆشنبیرییەکان و خودی خێزانیشە، بەڵام قورساییەکی زۆریشی دەکەوێتە سەر شانی مامۆستا.

پێش ئەوەی قسە لەسەر (بابەت و پرۆگرامەکانی ئەو زانستە و پراکتیزەکردنیان) بکەین دەبێ، دوو قسە لە ژینگەی ئەو بابەتە بکەین.

هەرچەندە لەو دوو دەیەیی دوایدا، گۆڕانکاریی بەرچاو لە فەلسەفەی خوێندن و شێوازی گەیاندنی مەعریفە و زانستەکان کراوە و هەنگاوی سەردەمییانەی باشیان هاویشتووە، بەڵام ئێستاش ڕووبەرە فراوانەکەی پەروەردەیی، وەك پێویست، نەگرتۆتەوە و تەیمانی کەلتوورو ترس و شەرمی نەشکاندووە.

خێزان، کەنگر نییە لەو دەشت ودەرە بۆخۆی هەڵتۆقێ، بەڵکو لە پێکگەیشتنی کوڕو کچ، لە ژێر دەواری شەرعی ژنهێنان و شووکردن دروستدەبێ. جا چونکێ کەلتوورەکەمان ئەم باسە بە بڤە دەزانێ و ڕووی نییە ڕاستەوخۆ گوتارەکانی ئاراستەی (کوڕان و کچان) بکات، بە حەرام و عەیبەو خەوش و لادانی دادەنێ، مامۆستاو قوتابخانەش لە بازنەی ئەو کەلتوورە دەربازی نەبووەو نەیانتوانیوە بوێرانەو سەرسەختانە باس و قسەی لێوە بکەن.

تۆ بنوارە، هەر لەم ساڵانەی دواییدا، هێندێك قوتابخانەو خوێندنگای کچان، غیرەتیان داوەتە بەرخۆییان، بۆ کیژۆڵە یانزدە دوانزدە ساڵەکانیان، هۆکارو چۆنیەتی دیتینی

(سووری مانگانه)یان بۆ باسدەکەن و ڕێنمایی پاك و خاوێنی و نەخۆشی و چارەسەرەکانی ئەو (سوور)ەیان بۆ شیدەکەنەوە. بێگومان جاران ئەمە بڤەبوو. ئێستاش مامۆستا هەیە نێوچەوانی وێکدێنێتەوە کە ئەو (زاراوە) دەبیستێ. لە کاتێکدا، پێویستە کیژۆڵەکان زانستییانە ئەو دیاردەیان بۆ شیبکرێتەوە و بۆیان ڕوون بکرێتەوە کە ئەمە هەڵگری پەیامێکە بۆ ژیانی ئایندەیان.

جا ئەگەر، مامۆستا ژنەکان، بوێرییەکیان نیشاندابێ، ئەوا مامۆستای پیاو، قەت بیری لەوە نەکردۆتەوە، کە کوڕە دوانزدە سێنزدە ساڵەکانیش، کە دێ باڵقبن، پێویستیان بە ڕێنمایی و ئامۆژگاری و ئاگادارکردنەوە هەیە. ئەوەی ئەو هەرزەکارانە لەو بوارەدا دەیزانن، هەر ئەو مشتە زانیارییە بازاڕییەیە کە لە هاوڕێیە بەتەمەنترکانی خۆیان گوێیان لێبووە.

جا کە دەگەینە قۆناغەکانی یانزدەو دوانزدە لە ئامادەییەکاندا، بۆ کوڕان و بۆ کچان، ئەوا مەسەلەکە هەر زۆر ئاڵۆزترو قورستر دەبێ، کردنەوەی پەنجەرەیەك بۆ قسەکردنی لەسەر پێکهێنانی خێزان و ژیانی ئایندەی وان، هێڵی سوورە و خۆلێدانی خەتەرە.

با تاوێك، لەم بابەتە دوور کەوینەوەو، سەرێك بە خێزانی کوردەواری (ئیمرۆ) دابگرین.

پێناسەی خێزان لە زانستی کۆمەڵناسی و شەرعی و یاسایی و عورفی جیاوازی هەیە، بەڵام بە گشیی دەکرێ بڵێین:"خێزان، پەیوەندییەکی جێگیرە، تا ڕادەیەك، لە نێوان ژن و مێرددا، کە وابەستەی قامتێك شەرع و یاسا و ڕێسا و عورفە، لە پێناو تێرکردنی شەهوەت و نانەوی منداڵ و خۆشگوزەرانی و پەرەپێدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمانەش لە چوارچێوەی هاوسەرگیری مەیسەردەبن." هەرچەندە، هیچ ئاماری باوەڕپێکرام دەربارەی (خێزانداری ئیمرۆی هەرێمی کوردستان) لەبەر دەستدا نییە، بەڵام ئەوەندەی لە ڕۆژنامە و میدیاکاندا گوێبیستی دەبین، وەك هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەند، ئامارەکان پێمان دەڵێن کە:

- کێرڤی ئاسوودەیی ئەندامانی خێزان لە دابەزیندایە.
- ڕێژەی لێکترازانی خێزانی و تەڵاقدان لە بەرزبوونەوەدایە.

- ڕێژەی کوڕی ڕەبەن و کچی قەیرە لە بەرزبوونەوە دایە.
- دڕەنگ هاوسەرگیریکردن زۆرە.
- جیاوازی لە نێوان تەمەنی ژن و مێرد لەچاو جاران زۆرە.

جا ئەم خاڵانەی سەرەوە، لە هەر کۆمەڵگایەکدا بوونە دیاردە، ئەوا:

- ئاسوودەیی خێزان خامۆشی بەسەر دادێ.
- کۆمەڵکا خۆپەرست و خۆویست و بەرژەوەندچیی دەبێ.
- بەرهەم ودەستکەوتی ئابووری و خزمەتگوزاری و تەندروستی ومەعریفی و تاك و حکومەت دادەبەزێ.
- ڕێژەی خۆکوشتن و هەڵاتن و کۆچکردن و گۆشەگیری هەڵدەکشێ.
- نەخۆشییە دەروونیەکان پتر گەشدەکەن و دەستی خۆیان دەوەشێنن.
- دەرگای داهێنان و پێشکەوتن و گەشەکردن کۆمەڵ دادەخرێن.
- ناحەزان هاسانتر زەفەر بە تاك و کۆمەڵگاکە دەبەن.

ناکرێ لێرەدا، قەرەی خۆمان لە هۆکاری ئەم دیاردانە بدەین و قسە لە چارەسەرییەکانیان بکەین، ئەوانە کتێبێ دەوێی و ئیشی پسپۆڕانی دیکەیە، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە، ڕۆشنبیرکردنی کوڕ و کچەکانمانە بە هێندێ زانیاریی بنەڕەتی بایەخدار، کە پێشوەخت، وەك (کووتانێك) جۆرە بەرگرییەکی دەروونی و ئەقڵی و ڕۆحییان دەداتێ، بۆ ئەوەی لە ئایندە وردبینانەتر هەنگاو هەڵێنن و زوو بەسەرە تەپکەو تەڵەکانی ئەو ژیانە پڕمیحنەتەدا نەکەون.

❊❊❊

با بگەڕێنەوە ناو بازنەی پەروەردە و ئامێتەکردنی کرۆکی بابەتەکەمان لەگەڵ یەکدی. به وڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە:

**پرسیاری یەك: کێ ئەرکی گەیاندنی ئەو ڕۆشنبیرییە بگرێتە ئەستۆ؟**

راستە، ناوەڕۆکی پەیامە پەیوەندیدارەکانی ئەم بابەتە، لە پرۆگرامی خوێندنی وانەیەکی دیاریکراودا ئێمەدا بوونی نییە، بەڵام دەکرێ بۆخۆمان، پەنجەرو دەلاقەی بۆ دروست بکەین، بۆ نموونە:

لە قوتابخانەو خوێندنگەکانی کچان، مامۆستایانی پسپۆڕی زیندەزانی و زانستەکان، هاوشان لەگەڵ بەڕێوەبەر و یاریدەدەر و ڕابەری پۆلەکان ـــ توێژەرانی دەروونی و کۆمەڵایەتیش گەر هەبن، دەکرێ ڕۆڵیان هەبێ.

لە ناوندەیەکانی کوڕاندا، مامۆستای بابەتی ئایین و کۆمەڵایەتییەکان بە هاوکاری بەڕێوەبەر و یاردیدەدەر و ڕابەرو توێژەرەکان دەتوانن ئەو ئەرکە بگرنە ئەستۆ.

بەڵام لە هەموان بایەخدارتر، بۆ هەردوو مەڵبەندەکانی کچان و کوڕان، ڕێخۆشکردن و دەستگرتنی، ئەو مامۆستا کارامەو کاریزمایەیە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕشتەکەی، کە تواناو توانستێکی دیارو کەموێنەی هەیە، لە نواندنی چالاکی و گێڕانی سیمینارو کۆڕ و کۆبوونەوە و وتاردان و ئامۆژگاریکردن.

ـ دەتوانم بڵێم لە زۆربەی قوتابخانەو خوێندنگەکاندا، یەك و دوو مامۆستای وا هەڵدەکەوێ.

جگە لەم کەسانەی ئاماژەمان پێکردن، دەکرێ داوی هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ پسپۆڕان و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان، لە دەرەوەی مەڵبەندی خوێندنیشدا بکرێ.

**پرسیاری دوو: چۆن و لە چ دەرفەتێکدا پەیامەکان پێشکێش بکرێن؟**

نۆ مانگی خوێندن، بەشی ڕاپەڕاندنی هەموو پرۆگرام و چالاکییەکانی ساڵ دەکات، ئەگەر پلانی زانستی واقیعبینانەی وردو جوانداڕێژراو هەبێ. بێگومان، پەیامەکان پتر بۆ قۆناغی ئامادەییە، دەکرێ کەلك لەم دەرفەتانەدا وەرگیرێن:

- مامۆستا لە میانەی دەرسەکەی خۆیدا، ئەگەر بابەتێکی هاتەپێش، بۆنوبەرامەی پەیامەکەی ئەوی تێدابوو، بیقۆزێتەوەو نیشانەی خۆی بە چەند دەقیقەیەکدا بپێکی، هەر بۆ نموونە مامۆستای بابەتی زمانەوانییەکان، دەتوانن بە هاسانی قوڵفەکانی پەیامەکانیان بە ناوەڕۆکی دەرسەکانیانەو گرێدەن. لە خوێندنەوەی چیرۆکێك، سەربوردەیەك، ڕووداوێك، دەچیتە ناو بابەتەکە بەبێ ئەوەی خوێندکار پێبزانێ، ئامۆژگاری دەکەی.
- مامۆستای ڕابەر دەتوانێ دەرفەت وەگرێ و پەیامی خۆی بگەێنی.
- بەڕێوەبەر و یاریدەدەر و مامۆستای کاریزما، لە کۆبوونەوەی حەفتانەدا، لە گۆڕەپانی قوتابخانەو خوێندنگەدا، دەتوانن فورسەت وەگرین و پەیامی خۆیان بگەێنن. ئەمە بۆ توێژەرانیش ڕێپێدراوە.
- لە چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل، بە شانۆگەری و تەمسیلکردن و بەڕێوەبردنی کۆڕ و سیمینارو نمایشکردنی فلیم، دەکرێ زۆر بەجوانی، پەیامەکان بگەێنن، ڕەنگ بێ ئەم چالاکییانە دەرفەتی زێڕین بن بۆ ئەم مەبەستە.

**پرسیاری سێ: پەیامە بایەخدارەکان چێن، کە دەبێ لەبەرنامەکاندا پێشکێش بکرێن؟**

ئەو مامۆستایانەی ئەو کۆڵانە بەشانی خۆیاندا دەدەن، بۆ خۆیان، وەك کەسانی ئەزموونداروو بەئاگاو ڕۆشنبیر، دەزانن، ئەو ژێیانە چین کە خوێندکارو قوتابی حەز بە ئاوازەکانیان دەکەن، دەشزانن چۆن دەیانژەنن. وروژاندن و خستەڕووی ئەم خاڵانە، ئەکید، بایەخی زۆریان دەبێ:

- تێپەڕاندنی هەرزەکاریی بە خۆشیی و ئاسوودەیی بەبێ کەوتن و زامداربوون.

- فەلسەفەی خێزان پێکەوەنان و ژیانی هاوژینی.
- بیرکردنەوە و هەڵبژاردنی هاوژین لە ئایندەدا.
- کێشەکانی پێشوەختەکانی خێزانی کوردەواری.
- کێشەکانی ژیانی هاوژینی و منداڵ پەروەردەکردن.
- ڕاگرتنی هاوسەنگییەکان لە نێوان ئەندامانی خێزان و خزم و کۆمەڵگادا.
- بنەماکانی خێزانی ئاسوودە.
- هۆکارە بنەڕەتییەکانی هەڵتەکاندان و هەڵوەشاندنەوەی خێزان.
- ❋❋❋

(١٩٧٣): لە چیمەنی کۆلێژی ئاداب، لە بەغدا، لەگەڵ یەك دوو زانکۆیی دیکەدا، لەسەر تەختێك سەرمان بەسەری یەکتردا کردبوو وقسەمان بۆ یەکدی دەکرد، هەر ئەوەندەمان زانی، دکتۆر (عبدالواحد لۆلۆ)ی بلیمەت و بیرمەند، لە پشتمانەوە سەری خۆی هێنایە پێش و گوتی:

- دەزانم باسی چیٚ دەکەن! باوەڕ بفەرموون، هەموو بۆچوونەکانتان بلّقی سەر ئاوە، خەیاڵە، خەونە. ئێمەش کە لە تەمەنی ئێوە دابووین، کە خڕدەبووینەوە، ئەو قسانەمان دەکرد، حەزمان دەکرد کەسێکی ئەزموونداری بیٚ و ڕێنماییەکمان بکا.. حەیف نەبوو!

گوتمان:

ـ دکتۆر، دەوەرە، تۆ ڕێنماییمان بکەو ببە فریادڕەسمان.

بە خەندەیەکی پڕ حەسرەتەوە گوتی:

ـ خۆزیا بموێرابا! دەزانن، ئێستا لەکنتان دانیشم، ئێوەش دەگرن، وادەزانن، دژی ڕژێم هانتان دەدەم!

ماموستایان بەڕێز، ئێستا ئاووهەوای کوردستان شیاو و گونجاوە، بۆ شکاندنی کۆتی ئەو ترس و شەرم و گوناحەی کە جاران ڕێگر بوو لە گەیاندنی پەیامە جوانەکانمان.
چڕکردنەوی هەموو هەوڵ و کۆشش و ڕەنجێکمان، هەر بۆ وەدەستهێنانی نمرەی بەرز، ڕەنگبێ بەس نەبێ بۆ زامنکردنی ئایندەیەکی ئاسوودە و خۆش و پیرۆز بۆ قوتابی و خوێندکارەکانمان.
نابێ پەیامە دەروونی و ئەقڵی و ڕۆحییەکانیش فەرامۆش بکرێن. کاتی ئەوە هاتووە، ئەو ئەلقە ئاڵتوونیەی پەیامی پەروەردەکاریمان، جارێکی دیکە بەجوانی لە جێی خۆی دانێینەوە.

ئەوەش هەر بە ئێوەی خەمخۆر دەکرێ!

# ئەریٚ،

# (OK) لە چییەوە هاتووە و کێندەرییە؟

**(Ok - خۆی کردە وشەیەکی گەردوونی.)**
**(ف.ش.)**

ئیمڕۆ (OK) - وەك ناسراوترین وشەی سەر زاری مرۆڤـ ـ بووەتە دیاردەیەکی گەردوونی، تەنانەت لە بۆشاییە دوورەکانی ئاسمانیشدا لە سەر زارانە. بە یەك پیتکە لە سەر توێژەری (Google) نزیکەی (١٢٠٠) ملیۆن سەرچاوەی هەمە ڕەنگی ئەم زاراوەیە دێتە بەردەست. بۆیە حەقمانە بپرسین : ئەریٚ ئەم وشەیە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە و کیٚ خاوەنیەتی؟

ئەوەندەی زانایانی وشەناسی (Etymologists)- خەریکی دۆزینەوە و کەشفکردنی ڕەچەڵەکی ڕەسەنی ئەو وشەن، بەدەگمەن توشی بەڵایەکی سەربەکێچەڵ و گۆبەندی وەك (OK) هاتوون! دوو وشە بەناوبانگەکەی تری جیهان لە نێو ئەو (٧١٠٦) زمانەی کە ئیمڕۆ قسەیان پێدەکرێت هیچ تەمومژێکیان لە سەر نییە، چوون هەموومان دەزانین (ما ـ مەم

ـ مامە) یانی (دایە) بە زمانی منداڵ و زۆربەشمان (کۆکاکۆلا)مان خواردوتەوە و دەزانین تام و بۆن و ڕەنگی چۆنە و مێژووەکەشی دیارە.

هەرچەندە لە ڕۆژی (٢٣ ی ئایاری ٢٠٢٠) یادی (١٨١)مین ساڵی لە دایك بوونی (OK) بوو و توێژەری بەناوبانگی جیهانی ئەم وشەیە (Illinois) چاوەڕوانی یادکردنەوەیەکی جیهانی سەرتاسەری پڕ جۆش و خرۆش بوو، وەلێ زۆر خێل و هۆز و نەتەوە دڵگران بوون بەوەی کە ئەمەریکاییەکان نەك هەر سامان و خێروبێری هەژاران تاڵان دەکەن، بەڵکو وشە و زاراوە ڕەسەن و جوانەکانیشیان لێزەفتدەکەن و دەستی بەسەردا دەگرن.

ئەم وشەیە بە زمانی ئینگلیزی بە چەند ڕێنووسێك دەنووسرێت وەك (Okay, Ok, OK, O.K.)، بەڵام شێوەی ئاخاوتن و ئاواز و نەغمەو تۆنی بە گوێرەی شێوازی سیستەمی دەنگی ئاخێوەر دەگۆڕێت، کابرایەکی عەرەب یان ژاپۆنی یان بەرازیلی بە ئاوازی دەنگێکی جیاوازتر لە (Okay) ەیەکەی کابرای ئینگلیزی وشەکە دەپەیڤێت، واتا (Okay) ڕێزبەندێکی درێژی هەیە لە فۆنەتیکی هەمەڕەنگ. جا لە بەکارهێنانی ڕێزمانی و داڕشتنیشدا، ئەم وشەیە ـ بە گوێرەی زمانەکە ـ بە زۆر فۆڕم خۆی دەنوێنێ، وەك: (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، کار، ئامرازی سەرسورمان و ئامرازی پرس)، وەلێ مانایەکەی هەر لە نێو ئەم بازنەدا دەخولێتەوە:(ڕازی بوون، پێزانین، پەسندکردن، لاری نەبوون، تەسدتقکردن). سەردەمی تەکنەلۆژیایی تازە و زانستی دیجیتەڵ و مێدیای نوێ (وەك مۆبایل، ئینتەرنێت، ژووری جات، کتێبی ئەیلیکترۆنی، تۆمارکەرەکانی دەنگ و ڕەنگ و هەموو ئامێرە ـ پەنجەکارەکان) بە شێوەی جیا جیا دوگمە و دولاّبی (OK)ی تایەبەت بە خۆیات هەیە بۆ بەکارهێنان و ڕایی کردنی کارەکانیان. ئەوە جگە لەوەی کە (OK) لە زانستی بیرکاری و سەربازی و زمانەوانی و فەلەکناسی ......هتد، هەڵگری هێماو ڕەمزی تایبەتییە و بەکارهێناتی خۆی هەیە. دەرگایەکەش بۆ داهێنانەکانی ئایندە کراوەیە.

یەکەمین لێکۆڵینەوە زمانەوانی لە ئەسڵ و فەسڵ و مێژوو ئەم وشەیە لە جیهاندا، لەلایەن زانایانی سەرچاوە و مێژووی وشە (Etymologists)، بە قەڵەمی (Allen

(Walker Read) بوو کە لە ساڵی (١٩٦٣- ١٩٦٤) دا لە ڕۆژنامەی (American Speech) بە زمانی ئینگلیزی ڕاپۆرتێکی پووختی بلاّوکردەوە. دواتر دەروازەکە کرایەوە سەرپشت، بەبێ ئەوەی تا ئیمڕۆ هیچ کەسێك توانیبییەتی دایك و باوکی ڕەسەنی ئەم وشەیە بدۆزێتەوە، تا کار گەیشتە ئەو ئاقارەی کە نووسەرێك بلێت :" بۆ خاتری خودا بەسە، بابە (Okay) بیژییە و بۆتە نەوەی هەر هەمووومان، جا وازی لێ بێنن !"

خۆێنەری بەڕێز : لەبەر ئەوەی بۆ کەس ساغ نەبۆتەوە کە ئەم وشەیە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە و کەسیش بە ڕوونی نازانێ سەر بە چ هۆز و خێڵ و نەتەوەیەکە، پێتەرازوویەك تیۆریی هەمە ڕەنگ لە ئارادایە، وا ئێمەش بە ئەمانەتەوە وەك خۆیان دەیانخەینە بەردەست و تۆش سەرپشك بە لە پەسندکردن و وەلاوەنانی ئەوی خوت ناتەوێ:

## یەکەم: تیۆریی (The Old Kinderhook):

سەرۆککۆمای ئەمەریکا (Martin Van Buren) بۆ جاری دووەم کاندیدی پارتی دیموکرات بوو لە هەڵبژاردنی ساڵی (١٨٤٠)، ئەو بە نازناوی (The Old Kinderhook) ناسرا بوو، جا لایەنگر و هەوادارانی ئەو لە بانگەشەی هەڵبژاردندا هاواریان دەکرد: دەنگ بدەن بە (OK). ئەوان پیتی یەکەمی نازناوەکەی (**O**ld **K**inderhook) دەگووتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش یانەیەکیان پێکهێنا بە ناوی ـ یانەی (OK) – و بارەگایەکیان لە (Grand Street) کردەوە.

## دووەم: تیۆریی (The Choctaw):

لە نێو هیندییە دێرینەکانی ئەمەریکادا هۆزی (Choctaw) وشەی (okeh) بە واتای"بەڵێ وایە" بەکاردەهێنن. ئەم وشەیە بووە بنیشتە خۆشەی سەر زاری زۆربەی خەڵکی ئەمەریکا لە سەدەی نۆزدەمدا. ئەمەیش حیکایەتێکی هەیە، گۆیا سەرکردە (Andrew Jackson) لە شەڕی (New Orleans) لە ساڵی (١٨١٥) ئەم وشەیەی بە دڵ بووە و زۆر بەکاری هێناوە. لە دوای ساڵەکانی

(١٩٣٦)ەوە وشەی (okeh) وەك مارکەی بازرگانی بۆ چەند کالآیەك بەکارهات. ئیمڕۆ سێ فەرهەنگی بەناوبانگی ئینگلیزی ئەم تیۆرییەیان بەلاوە پەسندە.

## سێیەم: تیۆریی (کێخوای هیندییەکان) :

لە نێو هیندییە کۆنەکانی ئەمەریکادا کێخوایەکی زۆر خۆشەویست هەبووە بە ناوی (Keokuk)ەوە، جا مورید و هەوادارانی بە (Old Keokuk) ناویان هێناوە و لە گەڵ ڕۆژگاردا یەکەم پیتی ئەم دوو وشەیە بۆتە (OK)یەکەی ئیمڕۆ.

## چوارەم: تیۆریی ( The Orl Korrekt):

بە گوێرەی بۆ چوونی ئەو تیۆرییە، لە دەیەکانی (١٨٣٠)دا وەکو سەردەمی ئێستای ئینتەرنێت و نامە ـ مۆبایل، خەڵکی شاری بۆستن لە ئەمەریکا، خوویان دابووە کورتکردنەوەی وشەو و دەستەواژان. بە (بەتاتەی بچوك و وردیان ) دەگوت (SP)، بە (شتی بێکەلکیان) دەگوت (KY). لەڕۆژی (٢٣)ی ئاداری (١٨٣٩) لە ڕۆژنامەی (The Boston Morning Post) ئەم (OK)یە بو کورتکراوەی (All Correct – **O**rl **K**orrekt) بە کارهات بوو. لەو ڕۆژەوە (٢٣ / ٤ / ١٨٣٩) وەك ڕۆژی لە دایك بوونی ئەم وشەیە ساڵانە ئاهەنگی یادکردنەوەی بۆ سازدەکرێت. سەیرەکەش لەوەدایە کە خودی دەستەواژەی (**O**rl **K**orrekt) ڕێنووسەکەی هەڵەیە لە کاتێکدا کورتکراوەی (OK) بە مانای (گشتی تەواو و دروستە) بە کاردێ!

## پێنجەم: تیۆریی ( The Richardson):

(William Richardson) کابرایەکی گەشتکەر و گەریدە بووە لە شاری بۆستن، گۆیا لە یاداشتنامەکانی خویدا لە ساڵی (١٨١٥) حەرفی (o.k.)ی بۆ ئاماژەکردن بە گەیشتن بە گوندەکان و (p.m)ی بۆ نانخواردن و (a.h.)ی بۆ قشت و قەشەنگ بەکارهێناوە. قسەیەکیش هەیە گۆیا ئەو کابرایە لە ساڵی (١٨٤٠) ئەم حەرفانەی

بۆ یاداشتنامەکەی زیاد کردوە تا ئەم (OK)یە بکاتە موڵکی خۆی و مۆری خۆی لێبدا و فیڵی کردوە. بڕوانن چۆن مرۆڤـ تەماحی لە پیت و میتانیش دەکات، بۆیە گوتمان ئەم (OK)یە زۆر سەر بە گۆبەند و ئاژاوەیە !

## شەشەم: تیۆریی (سەدەی شانزدەم):

گۆیا لە دەستنووسی وەسیتنامەیەکی (Thomas Cumberland) دا کە ساڵی (١٥٦٥) نووسراوە وشەی (OK) لە پەراوێزدا تۆمارکراوە. چەند کتێبێکی ساڵەکانی (١٥٩٣-١٥٩٦) ئەم وشەیەیان تێدا بەرچاو دەکەیْ. وەلیْ دەگوتریْ کە ئەم (OK)یەی لێرەدا هاتووە ڕەنگ بیْ کورتکراوەی ناوی وەسیەتنووس بێت.

## حەوتەم: تیۆریی ناوزڕاندنی (Andrew Jackson):

دەڵێن لە ساڵی (١٨٣٢) ناودار (Andrew Jackson) داوایەك لە سەر کەسێك تۆماردەکات بەناوی (Sebe Smith) کە گۆیا سووکایەتی پێکردووە. جا سکرتێرەکەی کە ناوی (Amos Kendell) بووە لە کۆتایی دۆسییەکەی دەنووسێت (OR) واتە (اواکارییەکە تۆمارکرا Order Recorded) بۆ ناوی خۆشی نووسیویەتی (OK Amos). دەشڵێن لەپێش (١٨٤٠)وە پارتی دیموکرات لە ئەمەریکا لە سەر لافیتەکانی دەینووسی: (OK).

## هەشتەم: تیۆریی (The Wolof):

ئەم تیۆرییە کتومت وەك تیۆرییەکەی **(The Choctaw)یە. دەڵێت لە زمانی خێڵەکانی (The Wolof)** کە قوولەڕەشی ولاتانی سینیگال و گامبیا بوون و کراون بە کۆیلەی ئەمەریکاییەکان وشەی (waa - key) یان بەکارهێناوە بۆ (بەڵیْ!). جا بەرەبەرە ئەمە لە نێو کۆمەڵگای ئەمەریکییەکاندا تەشەنەی کردوەو بووە بە وشەیەکی تازەباوی (OK).

### هەشتەم: تیۆریی (The Cockney Orl):

وەك لە ڕاپۆرتێكی ڕۆژنامەی (The Times) ی ساڵی (١٩٣٩)دا هاتووە كە خاوەنی وشەی (OK) مێردمنداڵێك بووە بە ناوی (Cockney) لە سەدەی نۆزدەمدا بۆ كورتكراوەی (**O**rl **K**orrekt) ئەم وشەیەی بەكارهێناوە.

### هەشتەم: تیۆریب فەرەنسییەكان:

لە ڕۆژنامەی (The Daily Express)ی ساڵی (١٩٤٠) دا نووسراوە: لە سەردەمی شەڕی سەربەخۆیی ئەمەریكا، گەمیەوانە فەرەنسییەكان بو ژووان و ڕابواردنیان لە گەڵ كچە ئەمەریكییەكان لە كەناری دەریادا دەستەواژەی(aux quais)یان بەكارهێناوە و دواتر بە دنیادا بڵاو بۆتەوە.

### نۆیەم: تیۆریی فندلەندییەكان:

لە بابەتێك دا لە كتێبخانەی (Cleveland Public Library) لەساڵی (١٩٤٠) دا وا نووسراوە كە بۆ وشەی (ڕاست) ئەوان وشەی(oikea)  بە كاردێنن و دەڵێن (OK). بۆیە هی ئێمەیە.

### دەیەم: تیۆریی بەرلەمانی بەریتانی:

وەك لە ڕاپۆرتێكی ڕۆژنامەی (The Times) ی ساڵی (**١٩٣٩**)دا هاتووە كە دەبووایە هێندی چەك و كومپیالە و فاتورەی **بەرلەمانی بەریتانی** ئەو كات لە لایەن دوو پەرلەمانتارەوە تەسدیق بكرێن بە ناوەكانی(Onslow & Kilbracken) جا ئەوانیش وا فێر بووبوون كە هەر حەرفی یەكەمی ناوەكانیان بنووسن و ئەم (OK)یە داهێنانی ئەوانە. دیارە ئینگیزەكانیش وەك زۆر نەتەوەی تر تەماحیان

چۆتە ئەو دوو حەرفۆکە و بە فەرهەنگە یەك ملیۆنە وشە و زاراوەکانی خۆیان چاویان پڕ نابێتەوە!

## یانزدەم: تیۆریی ئەنگلۆسەکسۆنییەکان:

چەند سەدەیەك پێش ئەوەی (OK) هیچ ناوبانگێکی لە دنیادا هەبێ، گەشتییەوانە نەرویژی و دانیمارکییەکان وشەیەکی زمانی ئەنگلۆساکسۆنییان بە کاردەهێنا ئەویش (hogfor) بوو، دواتر بوو بە (hag-gay) واتە (ئامادەبن بۆ دەریا)، بەرە بەرە لەگەڵ ڕۆژگاردا ئەم (OK) یەی لێپیدا بوو.

## دوانزدەم: تیۆریی ئەدەبی:

نووسەری بەریتانی (Laurence Sterne)لە ساڵی (١٧٦٨) کتێبی (گەشتێکی سۆزدار A Sentimental Journey)ی بڵاوکردەوە تێیدا بۆ وشەی (بەڵێ) شێوازی فەرەنساوی بەکارهێنا بوو (O qu - oui) بەڵام بە ئاواز و دەنگی ئینگلیزی (oh - key). دواتر ئەم شێوازە بۆ دەربڕینی ئەرێنی بەکار هاتووە.

## سێنزدەم: تیۆریی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان:

لە نامەیەکدا لە ڕۆژنامەی (Vancouver Sun) ی ساڵی (١٩٣٥) دا ئاماژە بەوە کراوە کە دەبێ بەڕێوەبەری قوتابخانەکان لە کۆتایی پەڕی پرسیارەکاندا دەستەواژەی لاتینی (Omnis Korrecta) تۆماربکەن. لە گەڵ ڕۆژگاردا ئەم دەستەواژەیە بۆتە ئەم (OK)یە.

## چواردەم: تیۆریی تەلەگراف:

کارگێڕانی تەلەگراف بۆ ئاسانکار ئیشەکەیان فێر بووبوون کورتکراوە بە کاربێنن. وەك (GM) بۆ بەیانی باش و (GA) بۆ فەرموو، هەروەها (OK) یشیان بەکارهێناوە بۆ: بەڵێ باشە.

## پانزدەم: تیۆریی سکۆتلەندییەکان:

لە زمانی سکۆتلەندیدا (och - aye) بە مانای "بە ڕاستی وایە" دێت ونووسەرێکییش لە کتێبێکیدا بە ناوی (Nottingham Journal) لە ساڵی (١٩٤٣) ئەم گوزارشتەی بەکارهێناوە. دواتر بووە بە خاڵە (OK).

## شانزدەم: تیۆریی ئینگلیزە کۆنەکان:

لە سەردەمە دێرینەکاندا، ئینگلیزەکان بە دوا مەڵۆی دروێنەی گەنمیان دەگوت (hoacky or horkey) نانخواردنی ئێوارەشیان هەر وای پێگوتراوە. بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی (The Daily Telegraph) کە لە ساڵی (١٩٣٥) بڵاو کراوەتەوە، سەرچاوەی وشەی (OK) لەم مەڵۆ گەنمانەی سەرخەرمان وەرگیراوە!

## حەڤدەم: تیۆریی (The Prussian):

دەگوترێت گۆیا لە سەردەمی شەڕی سەربەخۆی ئەمەریکا، (Schliessen)ی سەرکردە نازناوی (Oberst Kommandant)ی پێدرابوو، جا هەر ئەمر و فەرمانێك دەربکرابووایە یەکەم حەرفی ئەو دوو وشەی لەسەر دەنووسرا (OK):.

## هەژدەم: تیۆریی گریکەکان:

کۆنترین سەرچاوەی (OK) لە مێژوودا دوو وشەی گریکی کۆنە:(Omega - khi) کە لە ساڵی (٩٢٠) پێش زاین لە کتیبی (Geoponica)، ئاماژەی پێکراوە دا کە باسی نوشتەو سیحروسیحربازی دەکات .

## نۆزدەم: تیۆریی هێڵی شەمەندەفەر:

(Obediah Kelly) ئەو فەرمانبەرە بووە لە یەکێك لە وێستگەکانی شەمەندەفەر کە بەرپرسی مۆڵەت دان بوو بەو کەسانەی ڕێیان پێدەدرا سواری شەمەندەفەرەکە بن. جا ئەو لەسەر پلیتی موسافیرەکان کورتکراوەی ناوی خۆی دەینووسی بە دوو پیتەکەی (OK).

## بیستەم: تیۆریی یاری ئاگر و تەقوتۆق:

لە سەردەمی شەڕی ناوخۆی ئەمەریکا، بەشی چەك و جبەخانە، جۆرە تەقەمەنییەکی زۆر نایابی لە کۆمپانیایەك کڕی بە ناوی (Orris - Kendall). جا لەبەر ئەوەی جۆری تەقەمەنییەکە لە باشییدا ناوبانگی دەرکرد بوو، یەکەمیە دوو پیتی ئەو کۆمپانیایە بوو بە هێمای شتی باش و (OK) کەوتە سەر زاران.

## بیست و یەکەم: تیۆریی چێشتی مزەورە:

لە چلەکانی سەدەی نۆزدەمدا، سیاسەتمەدارەکانی ئەمەریکا هەر پرتە وبۆڵیان لێوە هاتووە کە هیچ نەماوەو قاتیو قڕاییە. دەتیانگوت:
(out of credit / out of clothes / out of cash) تا وایلێهات دوو پیتی ئەو دەستەواژانە بوونە شتێکی ئاسایی سەر زاران و بوو بە (OK). هەرچەندە مانای وشە تازەکە لەگەڵ قاتیوقڕییەکە یەك ناگرێتەوە.

## بیست و دووەم: تیۆریی گەشتی ئاسمانی:

کاتی گەمیەوانی ئاسمانی (Alan Shepard) لە ساڵی (١٩٦١) چووە نێو بۆشایی ئاسمان و بە سەلامەتی لە سەر زەریا نیشتەوە، هاواری کرد-(Everthing is An-OK). لەو ڕۆژەوە ئەم وشەیە ناوبانگی دەرکرد.

## بیست و سێیەم: تیۆریی وەستایەکانی گەشتی:

وەستا دارتاشەکانی گەشتی و پاپۆریان دروست دەکرد لەسەر ئەو تەختە دارانەی کە لە دەبێ لە سەرەتادا چەسپ بکرێن دەیانووسی (OK Number) جا هەر ئەم دەستەواژەیە گۆڕاوە بۆتە (OK)ی ئێستا.

## بست و چوارەم: تیۆریی تەلەفۆن:

دەڵێن کریکاری بەدالە لە ویستگەکانی تەلەفۆندا لە سەرەتای داهێنانی تەلەفۆن (OK)یان بەکارهێناوە کە هێڵەکە بەر دەست بووە وخەت کراوەتەوە.

## بیست و پێنجەم: تیۆریی کوژراو نییە:

دەڵێن لە سەردەمی شەڕی ناوخۆی ئەمەریکا ئەم (OK)یە پەیدا بووە کاتی ناوی سەربازەکانیان دەخوێندەوە ئەگەر سەربازەکە لە گۆڕپانەکە ئامادە بووایە، دەیگوت: (Zero Killed) واتە ئەوکەسە نەکوژراوە.

## بیست و شەشەم: تیۆریی زمانەکانی دیکە:

لە جامیکاوە بیگرە تا دەگاتە ئەو پەڕی وڵاتی چین و ژاپۆن، ئەوا هەر نەتەوە و خێڵ و هۆزێك بۆ خۆی، ڕاست یان درۆ، حیکایەتێکی هەڵبەستووەو دەڵێ (OK) موڵکی باوباپیرانی خۆمانە. جا نازانم کوردیش هیچ شتێکی هەیە لە مەڕ ئەو

مەسەلەیە، یان ئێمە هەر دەزانین بخوازینەوە و قەرزکەین نەك داهێنان بکەین و ببەخشینەوە! خۆم نەمبیستووە وەلێ دەڵێن مەلای مزگەوتیش هەیە لە وتاری ڕۆژی هەینی دا وەك ئەو خەڵکە وشەی (OK)ی دەئاخنیتە ناو قسە و وتارەکانی.

(OK)، هیوادارم بابەتەکەم شایەنی خوێندنەوە و گێرانەوە بێت.

ئیمڕۆ (OK) – وەك
ناسراوترین وشەی سەر زاری
مرۆڤ - بووەتە دیاردەیەکی
گەردوونی، تەنانەت لە
بۆشاییە دوورەکانی
ئاسمانیشدا لە سەر زارانە.
بە یەك پێتکە لە سەر
توێژەری (Google)
نزیکەی (١٢٠٠) ملیۆن
سەرچاوەی هەمە ڕەنگی
ئەم زاراوەیە دێتە
بەردەست. بۆیە حەقمانە
بپرسین : ئەرێ ئەم وشەیە
لە چییەوە سەرچاوەی
گرتووە و کێ خاوەنیەتی؟

# با (کۆبونەوەی مامۆستایان)،

# (کۆبونەوەی مامۆستایان)بێ[٧]!

**"داینەمۆی کۆبونەوەی مامۆستایان،**
**بەڕێوەبەرەکەیەتی." ف. ش.**

پاییزی گەڵازەرد و ژاکاو هاتەوە، جارێکی دێ دەرگای قوتابخانە و خوێندنگاکان کرانەوە، ڕۆژانە دەستە دەستە ئەو فێرخوازە چاوگەش و پەنجە ناسکۆڵە وکوڵمە سووتاوانە، پۆشتەوپەرداغانە، بە جانتا و بە باوەشە کتێب و دەفتەری بن هەنگڵیان، ڕێی دوور و نزیک دەبڕن و بە خەندە و ئومێد و شەوقەوە دەچنە پۆلەکانیان. مامۆستاکان چست و چالاکانە، بە قاتی نوێ و ئوتوکراو و بۆیانباغی جوان و مەچەک بە بەندی سەعاتی ئۆمیگا و ستیزن و دەست بە کتێب، هەنگ ئاسا، بەرەو پۆلەکانیان گورج گورج هەنگاو هەڵدەگرن. سەرەتاییساڵی خوێندن، یەکجار خۆشە، وەک یەکەم بارانی سەرەپاییزە، بۆن و بەرامەیەکی خۆشی هەیە، هەمووان بەیەکەوە ئاشنا دەکاتەوە و هاوڕێیەتی و خۆشەویستییەکان، وەکو چەرخی چەقو تیژکردنەوە، تیژ تیژ دەکاتەوە.

بیست و پێنج ڕۆژێک بەسەرکردنەوەی قوتابخانەکان تێپەڕی بوو، مامۆستا و قوتابی و خوێندکارەکان، دەهات وردە وردە لەیەکتری شارەزابن و جۆرە موحیبەتێک و پەیوەندییەکی ڕۆحی لەنێویاندا چەکەرە بکات. تەرۆزی ئاویژە و دنکە هەناری مێخۆشی بەر دەرگای مەکتەب، دەهات تام و چێژی جارانیان لەدەست بدەن! تازە زەنگی پشووی دەرسی سێیەمی لێیدابوو، هێشتا هەموو مامۆستای پۆلەکان نەگەیشبوونەوە ژوورەکەی خۆیان، کە یاریدەدەرەکەمان هاتە نێو دەرگای ژووری مامۆستایان و قاچێکی لە ژوورە و ئەوی دیکەی لە دەرەوە، سەری بەسەر ژوورەکە داگرت و بە هێمنی، گوتی:"مامۆستایان، دەرسی پێنجەم، کۆبونەوەی مامۆستایانمان هەیە."

وەک، ئاگر و پووش، خەبەرەکە نەک هەر بە نێو مامۆستایاندا بڵاوبۆوە، هەموو قوتابی و بەردەست و کارگوزارو ئیشپێکەری مووەلیدەکەش پێیانزانی!

لە خۆشی ئەوەی دەرسی پێنجەم، دەچنەوە، قوتابییەکان دەرسی چوارەمیشیان کردە ڕۆژی عارفە. مامۆستا هەبوو پێش ئەوەی کۆتازەنگی دەرسی چوارەم لێدا، قوتابی و خوێندکارەکانی ڕەوانەی ماڵەوە کردبوو. بە گوێرەی جرپ و جۆپی بەردەست و کارگوزارەکان، دیاربوو کۆبونەوەکە لە ژووری مامۆستا ژنەکان بەڕێوەدەچێ، چونکە نەختێ فراونتر بوو و کورسیشی پتر تێدابوو.

مامۆستاکان، دوای ئەوەی کە یاریدەدەرەکە بانگهێشتی کردن، یەک لە دوای یەک ڕێچکەیان بەست و چوونە ژوورە. مامۆستا پیاوەکان کورسییەکانی لای ڕاست و چەپیان گرت و ڕیزی ناوەندیش بۆ مامۆستا ژنەکان مایەوە، بەرامبەریشیان (٥) کورسی و مێز بۆ بەڕێوەبەرو یاریدەدەر و توێژەری کۆمەڵایەتی و دوو سێ مامۆستای بەتەمەن داندرابوون.

ژوور، پڕ بوو، کورسییەکان قەپات بوون، لەناو دەرگا، پێنج شەش مامۆستا گیریان خواردبوو، نە شوێن مابوو نە کورسی. مامۆستا ژنەکان بانگی دوو لە دەستە خوشکەکانیان کردو گوتیان، "وەرن، جێمان دەبێتەوە، لەسەر کۆشمان دانیشن!"

که بەڕێوەبەر وستافەکەی هاتن، بووە فرمان دەرکردن، بەسەر بەردەست و کارگوزارەکان، کە زوو بچن کورسی پەیداکەن. هەر بەردەست بوو، چوار قاچی کورسی بۆ ئاسمان هەڵبڕی بوو، هێواش هیواش بەسەر سەری مامۆستاکان دەیان هێنایە ژوورەوە. ئاخیری، هەر سێ مامۆستا لەسەر دوو کورسی جێگەی خۆیان کردەوە.

دەمێک بوو، بەڕێوەبەرەکەمان، دەفتەرەکەی دەستی لەسەر مێزەکە کردبۆوە و تەماشای مامۆستاکانی دەکرد، دەیەویست دەست بە کۆبونەوەکە بکات، تا یاریدەرەکەی بە دەنگێکی بیستراو، نەیگوت، "مامۆستا....، فەرموو دەست پێبکە!" هەر دەنگ دەنگ بوو.

جۆرە هێمنییەک باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشاو، بەڕێوەبەر، بە دەنگێکی پڕ لە حەماسەتەوە گوتی:

"مامۆستایانی بەرێز، ئەم کاتەتان باش، خۆشحاڵم، کە لەیەکەمین کۆبونەوەی ساڵی نوێ خوێندندا، لەگەڵ ئێوەی ئازیز دادەنیشم و ئەو بەند و بابەتانەتان بۆ ڕوون دەکەمەوە، وەک لە پڕۆگرامی خوێندندا نەخشەم بۆ داناوە. لەڕاستیدا، دەبووزووتر ئەم کۆبونەوەمان ئەنجام دابووایە، بەڵام خۆتان دەزانن، کە چەندە سەرقاڵم....جا...

یەکسەر، مامۆستایەک، هاتە دەنگ و گوتی:"مامۆستا، ئێمە هەموومان تەقدیری زروفی تۆ دەکەین، بەڕاستی ئەتو هیچ تەقسیرت نەکردووە، ئێمەش هاوکارو پشتیوانی تۆین، ان شالله بە دڵێ تۆ دەبێ... "

بەڕێوەبەر، تەماشای دەفتەرەکەی بەردەمی کردو گوتی:"جا، با ئێستا یەک یەک خاڵەکانتان بۆ بخوێنمەوە، بەڕاستی، ئەمساڵ من بریاریم داوە لە جددی جددیتربم، هیچ شتێکی نەشیاوی ساڵی پاڕ دووبارە نەبێتەوە. خۆتان دەزانن، ڕیزگرتن لە کات چەند بایەخدارە، بە تایبەتی بۆ دەرسی یەکەم، جا تکاتان لێدەکەم، کە پابەند بن، بە خشتە و کات و دەم و سەعاتی دەوام کردنتان..."

مامۆستایەکی ژن، یەکسەر، قسەی بە بەڕێەربەرەکە بڕی و هەڵیدایە:"جا، مامۆستا، کێ هەیە مولتەزیم نەبێ، ئەگەر مەبەستت ئەمنە، ئەوە هەمـوو دەزانن، هەموو پارەکە ئەمن (٣) ڕۆژان دوانەکەتووم، هەمووشتان دەزانن کە دایکم چەند نەخۆش بوو زرووفی من چۆن بوو!"

بەڕێوەبەرەکە، دیسان تەماشای دەفتەرەکەی بەردەمی خۆی کردەوەو بەردەوام بوو:"سوپاس بۆ خودا، ئەمساڵ میلاکی مامۆستایان زۆر باشە، هەر مامۆستای کیمیامان بۆ پۆلی (١١) پێدەوێ، ئەویش سەرپەرشتیار قەولی پێداوم کە هەوڵمان بۆ بدا..."

یەکێک لەو سێ مامۆستایەی کە لەسەر دوو کورسییەکە دانیشتبوو، بە دەنگێکی پڕ لە ئومێدەوە گوتی:" مامۆستا، من قسەم لەگەڵ مامۆستا فلان کردووە، کە هەرچونێک بێ بێت و وەک وانەبێژ هاوکاریمان بکات..."

ئەو قسەی تەواو نەکرد، یاریدەدەرەکە گوتی:"جا، خۆ مامۆستا زۆرە، ئەوەتا کچی پورم، باشترین مامۆستایە، من دەتوانم ئیقناعی بکەم، بێ وەک وانەبێژ دەرسەکەمان بۆ پڕکاتەوە..."

بەڕێوەبەرەکەی ویستی چاوێک لە دەفتەرەکەی بەردەمی بکات، ئەو مامۆستایەی کە لە دەستپێکی کۆبونەوەکە دڵسۆزی و هاوکاریی خۆی بۆ بەڕێوەبەرەکە نیشاندا، دەستی هەڵبڕی و گوتی:" مامۆستا، بەیارمەتیت، ئەوا وەستای سپلیت هاتووە، کەسیشمان لە ماڵ نییە، دەبێ ڕێم بدەی بچم دەرگایان بۆ بکەمەوە، من بۆخۆم دەرسی پێنجەمم نەبوو...."

بەبێ ئەوەی، بەڕێوەبەر بڵێ لەل، ئەو هەستا و دەستی دایە جانتایەکەی و گوتی:.... ئێوە بریارتان لەسەر چیدا، من ڕازیم، سبەینێش، دەفتەرەکە واژوو دەکەم، جارێ، خوا حافیز...."

ئەوجارەی، بەڕێوەبەری دەست عاسی بوو لە هیزە، گوتی،"با بێنە سەر لیژنەکانی ئەمساڵ. لە خودا بەزیاد بێ، هەمووتان مامۆستاکانیساڵی پارن، جا

من وای بە باش دەزانم، هەر یەکێکتان، بیبێتەوە ئەندام و سەرۆک لیژنەی ساڵی پار، کت و مت وەک خۆی....."جەنابی بەڕێوەبەر دەیەویست، درێژە بە خاڵەکەی بدا، مامۆستایەکی ژن، لە جێگەی خۆیەوە، بەبێ وەرگرتنی ئیزن و مۆڵەت، گوتی:"نا...نا...نا... تکایە مامۆستا، لەبیرتە، پارەکە کە چووینە سەفرەکە، لەسەر ئەو دوو قوتابییەی لەگەڵ یەکدی بەشەڕهاتن، چتان لەمن کرد؟ نا، دەخیلتم، ناوی من لە لیژنەی گەشت و سەیران بسڕەوە....."

ئێستا، کاروباری دابەشکردنی لیژنە و لیژنەکاری تەواو نەبوو بوو، دەرگا کرایەوە و مام سابیری بەردەست هاتە ژوورە و بە دەنگێکی دەشتەکییانە گوتی:"ئەری مامۆستاینە، دەستە چایەکتان بۆ بێنم؟"

ژوور بووە، چایخانەی مەچکۆ، یەک دەیگوت، با بێ، یەک دەیگوت، مام سابیر، کوا وەختی چایە؟ یەک دەیگوت: بابە، ئەمن دوو منداڵم، ئێستا لەبەر دەرگا دانیشتتون، تکایە، زوو تەواوی کەین و بچینەوە، کوا کاتی چاخواردنەوە ماوە؟!"

دیاربوو، مامۆستایەکیش، چووە بن گوێی بەڕێوەبەرو فسکە فسکەکی لە گەڵ کردو ئەویش دەستی دایە جانتایەکە و کۆبونەوەکەی جێهێشت. بەڕێوەبەریش بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی:'خوشک و برایان، بۆ خۆتان زرووفی مامۆستا فلان دەزانن چۆنە، دوعابکەن بڵێن، خوایە، کەس منداڵی ئۆتیزمی نەبێ....!"

بەهەر شێوەیەک بوو، کۆبونەوەکە، خێرا خێرا تەواوکرا، هەر مامۆستا بوو، تەماشای سەعاتەکەی دەستی دەکرد. ئەو (٤٠) دەقیقەیە ببووە (٤٠٠) دەقیقە و کۆتایی نەدەهات. دیار بوو یاریدەدەر و توێژەری کۆمەڵایەتیش قسەیان هەبوو، بەڵام دەرفەتیان نەدانێ، پێیان گوتن،" چیتان هەیە، سبەینی دەتوانن پێمان بڵێن، خۆ ئێمە هەر لێرەین".

ئەوجا، دەفتەری بەردەمی بەڕێوەبەری، وەک چۆلەکەی نێو مستی منداڵان، کەوتە بەر دەستی مامۆستایەکان و خێرا خێرا، بە بێ ئەوەی کەس وشەیەکی نێو

ئەو دەفتەرە بخوێنێتەوە، ناوی خۆی دەنووسی و واژووی لەسەر دەکرد. ئێستا بەڕێوەبەرەکە لەسەر کورسییەکەی خۆی هەڵنەستابوو، نیوەی مامۆستاکان نێو دەرگایان گرتبوو، وابزانم، لە کۆتایی هەر بەڕێوەبەر و یاریدەدەرەکەی مانەوە، تا دەفتەرەکە وەرگرنەوەو ئەوانیش کۆتایی بە یەکەمین کۆبونەوەی ساڵی نوێ خوێندن بێنن. لەم کۆبونەوەیە، منیش قسەیەکی دوو دەقیقەیم هەبوو، هەر دوو سێ ڕستەم لەزار دەرنەچوو بوو، مامۆستایەک قسەکانی پێبڕیم، دوایی فرمانی پیدام کە بەردەوام بم، کە دەستم کردەوە بە قسەکردن، دیسان مامۆستایەکی دیکەی قسەکەی پێبڕیم، کە لە قسەکانی خۆی بۆوە، پێیگوتم، فەرموو مامۆستا قسەکانت تەواو بکە... بەڵام من هەرچەندی کردیان زارم نەقڵیشاو نووقەم لێوە نەهات... دیار بوو، هێندێکیان لەم ڕەفتاتەم لالووت بوون.

لە تەمەنی مامۆستایەتی خۆمدا، لە خوێندنگەی ناوەندی و دواناوندی و ئامادەیی و پەیمانگا و زانکۆدا، دەتوانم بڵێم، شانۆگەری (کۆبونەوەی مامۆستایان) بە شێوەیەک لە شێوەکان، هەر لەم شانۆگەرییە دەچوون کە لەسەرەو نمایشمکرد. جیاوازییەکان یەکجار بچووک بوون، نەخشە و پەیام و بەڕێوەبردنەکانیان لێکدەچوو. ئەمە شانۆگەری نەبوو، وێنە و گرتەی چەند کۆبونەوەیەکی مامۆستایان بوو، کە تێیدا خۆم بەشداربووم، ڕۆژێ لە ڕۆژان... .

***

قوتابخانە و خوێندنگە و مەڵبەندەکانی فێرکردن، هەر ناو و نازناو و پلەبەندییەکیان هەبێ، لەیەک دەچن، بە قەد سەرە دەرزییەک جیاوازیان نییە لەوەی کە، هەر یەکێک لەوان، بۆ خۆی هەرێمێکی سەربەخۆیە: سەرۆک هەرێم و سەرۆک وەزیران و چەند وەزیر و وەزارەت و پەرلەمان و دام ودەزگا و جەماوەری خۆ هەیە بۆ بەڕێوەبردن و ڕایی کردنی ئەرک و ئیش و کارەکانی و گەیشتن بەو مەرامەی کە ئەو هەرێمە نەخشەی بۆ کێشاوە.

پەرلەمانی ئەم هەرێمە و کۆبونەوەی ژووری سەرۆک وەزیرانی، کۆبونەوەی مامۆستایانە.

## کۆبونەوەی مامۆستایان، بۆ؟

قوتابخانە و خوێندنگە، وەک مەکۆی فێرکردن و پەروەردە، کۆمەڵگەیەکی سەربەخۆ و تایبەتە. جا بۆ بەڕێوەبردن و ڕێکخستن و چاودێری و ڕابەرایەتی و ئەنجامدانی ئەرکەکانی بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەو نەخشە و خشتە و پرۆگرامەی لە پێناویدا ئەو دەزگایە دامەزراوە، پێویستە ناوە ناوە کۆبونەوە ئەنجامبدرێ لە نێوان ستافی بەڕێوەبەر و دەستەی مامۆستایان و کۆمەڵی قوتابی و خوێندکاران و باوان و بەخێوکەرەکانیان... .

مێژووی کۆبونەوەی مامۆستایان هاوتەریبە لەگەڵ مێژووی کردنەوەی دەرگای یەکەمین قوتابخانە. کەواتە لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی کە بەسەر خوێندن و پەروەردە داهاتووە، کۆبونەوەی مامۆستایانیش، شێواز و پەیام و پرۆگرامەکانی خۆی گۆڕیەوە و لە یەک جێگەو لە یەک خاڵدا چەقی نەبەستووە.

دەکرێ بایەخ و ڕۆڵی کۆبونەوەی مامۆستایان، لە (١٠) خاڵی بنەڕەتیدا چڕ کەینەوە:

١) ڕەشنووسی نەخشەیەکی دیاریکراو بۆ ئەرک و کارەکانی ئاییندە ئامادەدەکات، کە تاڕادەیەکی زۆر پێشبینی و بەرچاو ڕوونی ئەگەرەکان دیاری دەکات، ئەمەش بارئاسانی و شیاواندن ئاسانتر دەکات بۆ تەواوی ئەندامانی ئەم دەزگایە.

٢) دەرفەتی دوبارەبوونەوەی هەڵە و ساتمە و هەڵخلیسکانی ساڵەکانی ڕابردوو، لە جێبەجێکردنی بەرنامە و پرۆگرامەکان کەمتر دەکاتەوە، یان هەر بن بڕیان دەکات.

٣) ئامانجەکانی تێدا دیاری دەکرێ و ڕبە و تەروازوو بۆ هەڵسەنگاندنی بڕگەکان و چاودێری کردنیان دەست نیشان دەکرێ.

٤) کێشە و گرفت و کۆسپ و تەگەرەکان، بە شەفافی و بێ ترس و بێ شەرم دەست نیشان دەکرێن و پێش وەخت دەخرێنە بەرچاو، تا هەر ئەندامێک بە گوێرەی کارامەیی و شارەزای و ئەزموونی خۆی بیر لە چارەسەکردنیان بکاتەوە. ئەمەش وا دەکات سەرهەڵدانی کێشەیەک نەبێتە موفاجەئەو هەموویان قەڵەمیان نەشکێت و بتوانن ڕووبەڕووی ببنەوە.

٥) پرۆژەی کارو ڕێنمای پێویست بۆ مامۆستایان ئامادە دەکات و دەستی ئەوانە دەگرێ کە کەم ئەزموونن و تازە دامەزراون و ئامانجەکانیان نیشان دەدا.

٦) ئاست و توانا و سەنگی حەقیقی خۆیان هەڵدەسەنگێن و دەتوانن بزانن چییان پێدەکرێ و چیان پێناکرێ، تا قەرەی خۆیان لەو شتانە نەدەن کە بۆیان مەیسەر نابێ. ئەمەش ڕەنج و کات و مەسرەفیان بۆ دەگەڕێنتەوە و تووشی نائومێدیان ناکات.

٧) گفتوگۆ و ئالۆگۆڕی بیروڕا ئەنجامدەدەرێ لەسەر ئەو بریار و ڕێنمای و فرمانە نوێیانەی کە لە لایەن وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییەکان دەرچوون.

٨) دەست بە (کات) ەوە دەگیریت. هەموو ئەزموون و چالاکی و کاروبارەکانی ئەم دەزگایە، سەعات و ڕۆژ و مانگی خۆیان بۆ دەستنیشان دەکرێ و کارەکان بە هەڕەمەکی و گۆترە ئەنجام نادرێن. نەخشەی ئایندەیان لەبەردەست دەبێ.

٩) ئەم کۆبونەوانە، دەرفەتێکە کە بەڕێوەبەر و یاریدەدەر و مامۆستا، هەر یەکێک، بە گوێرەی پێگەو سەنگی خۆی، کەسێتیی و کارامەیی و ئەزموون و توانا و بەهرەی خۆی تێدا نیشان بدا.

١٠) دەکرێ، ئەم دانیشتنانە، ناڕاستەوخۆیانە، ببنە سەکۆی ئازادی ڕادەربڕین و فیربوون لە ڕیزگرتنی ڕاوبۆچوونی هاوپیشەکانیان و تۆکمەکردنی خۆشەویستیی نێوانیان و جۆشدانی ڕۆحی حەماسی بەیەکەوە کارکردن. ببێتە خوولی فێرکردنیش بۆ بەڕێوەبەر و یاریدەدەرەکانی ئایندە.

## جۆرەکانی کۆبونەوەی مامۆستایان:

### ١) کۆبونەوەی وەرزی:

مەبەست لەو دانیشتنانەیە کە پێش وەخت کاتی بەستنی دەستنیشان کراوە، سالآنە لە مانگ و وەرزی خۆیدا ئەنجامدەدرێن، بە گشتی سالآنە دەبێ بەلانی کەم، (٣) لەم جۆرە دانیشتنە بکرێ: سەرەتایی سالی نوێی خوێندن، ناوندی سالْ، پێش کۆتایی سەر سالْ.

### ٢) کۆبونەوەی ڕێنماییکردن:

بۆ ئەوەیە بەرچاورونی و ڕاڤەکردن و شیکردنەوە، بۆ ئەو ڕینمایانە بکرێ کە لایەنی بەرپرس بریاریان لەسەرداوە و پێویستیان بە ڕوونکردنەوە هەیە. وەک کۆبونەوە بۆ ڕاڤەکردنی ڕێنمایەکانی خوێندن لە بارودۆخی بڵاوبوونەوەی پەتایەک.

### ٣) کۆبونەوە بۆ بریاردان:

هەر چالاکی و بەرنامە و ئەرک و پرۆژەیەک، پێویستی بە بریاردان یان بریاروەرگرتنی کۆی دەستەی بەڕێوەبەر و مامۆستایان هەبێ، پێویستە لە کۆبونەوەدا بریاری لەسەر بدرێت. بۆ نموونە گۆڕینی (شفت) و کاتی دەوام کردن و ئەزموونەکان و پێشەنگا کردنەوە نواندنی چالاکی و کێبڕکێ و یاری... .

### ٤) کۆبونەوەی لێژنەی تایبەت:

وەک لێژنەی سزادان، بۆ بریاردان لەسەر کەیسێکی دیاریکراو، لە ئاکامی ڕوودانی کارێکی نەخوازراوەدا.

**٥)کۆبونەوەی ناوخت:**

ئەمەش، تایبەتە بە هێندێ بارو دۆخ و کێشە و قەیرانی چاوەڕوان نەکراو، کە دەخوازێ کۆبونەوەی لەسەر بکرێ و پێشتر پێشبینی ڕوودانی نەکراوە، وەک ڕوودانی لافا و ڕوخانی خانوبەری قوتابخانە و ڕێگیران .... تاد.

## ناوەڕۆکی کۆبونەوەی مامۆستایان:

(٣) لە بنەماکانی کۆبونەوەکان بە گوێرەی (جۆر)ی کۆبونەوەکە دەستنیشان دەکرێن: (ناوەڕۆک و پرۆگرام، کاتی ئەنجامدان، ماوەی پێویست بۆ ئەنجام دانەکە). لێ، کۆبونەوەکە هەر جۆرێکیان بێ، پێوەیستە پێشوەخت، کۆبەنەوەگێڕەکە، دەستنیشانی بڕگەکانی بکات، ئامانجەکان دەست نیشان بکات. بڕگەکان لە چوارچیوەی ئەو ئامانجە بن کە کۆبونەوەکەی بۆ دەبەسترێ. کاتە تەرخان کراوەکە پڕ بە پستی پێشکێشکردن و گفتوگۆیەکان بێ. پێشوەختیش، بڕگەکان بە نووسراو بەرسەر کۆی بەشداربووانی کۆبونەوەکە دابەش بکرێ بەو مەرجەی دەرفەتی ئەوەیان بدرێتی جوان پێداچوونەوەی بۆ بکەن. دەکرێ داوا لە بەشدابووانیش بکرێ، ئیزافەی هەر بڕگەیە و خاڵێک بکەن کە بە باش و بایەخدارەی دەزانن.

## بنەما بنەڕەتییەکانی کۆبونەوەی مامۆستایان:

بەڕێوەبەر، سەرۆک وەزیرانی قوتابخانە و خوێندنگەکەیەتی، باری قورس و بریاری یەکلاکەرەوە لە ئەستۆی ئەو دایە. بە بەرنامەی جوان و پڕۆگرامی وردبینیبۆکراو، بە هاوکاری ستافەکەی، دەتوانێ نەخشە و پلانی تۆکمەی کۆبونەوەکانی دابڕێژێ. بۆ نموونە بۆ یەکەم کۆبونەوەی سەریساڵی نوێی خوێندندا، کە دەبێ لە حەفتەی یەکەمیدا ئەنجام بدرێ، بڕگەکانی کۆبونەوەکەی دادەڕێژێ، واقیعبینانە هەل و مەرجەکان لەبەرچاو دەگرێ، ئەوجا بە نووسراو،

بەسەر کۆی مامۆستایاندا دابەشی دەکات و ئەگەر ئەوانیش بڕگە و تەوەرەیان هەبوو دەکرێ ئیزافە بکرێ. بەلانی کەم (٣) ڕۆژ پێش کۆبونەوەکە، بە نووسراوێکی نیشاندار لەسەر تابلۆی ئاگادارییەکان، مامۆستاکان لە کات و شوێنی کۆبونەوەکە ئاگادار دەکرێنەوە . بۆ ئەوەی ئەزموون و ئەرک و چالاکییەکانی خۆیان پێش وەخت ڕێکبخەن و بەرنامەکانی ڕۆژانەیان لێ تێکنەچێ. کۆی مامۆستایان بتوانن بەشداربن.

ماوەی دیاری کراوی کۆبونەوەکە، بەگوێرەی کەم و زۆری و کورت و درێژی بڕگەکان دەستنیشان دەکرێ، کاتی گفتوگۆ و تاوتوێکردنیان لەبەر چاو دەگیرێ. واتا هەر بڕگەیەک چەند دەقیقەیەکی بۆ تەرخان دەکرێ . نەکو نیوە کۆبونەوەکە لەسەر یەک خاڵ بێ و بڕگەکانی دیکە بسووتێنێ.

ژوور و هۆڵی کۆبونەوەکە پێشوەخت بە هەموو داپێویستییەکان ئامادەکاری بۆ دەکرێ، لە کورسی و مێز و کاغەز و قەڵەم و نەخشە و تابلۆ و کتێب و نووسراو و کلینیکس و(ئامێری داتاشۆ و سکرین و کۆمپیوتەر و لاپتۆپ ئەگەر هەبوون). هۆیەکانی گەرمی و فێنککردنەوە و ئاو و خواردنەوە و پاک و خاوێنی. ئەگەر بکرێ ئارایشت و دیکۆری سەرپۆشی مێز و پەردە و دارودیوارو ڕۆناکی جوانتر بکرێ، ئەوا شوێنەکە پتر ئارامبەخش و دەروون هیورکەرەوە خوێ دەنوێنێ. دەبێ لەسەر دەرگاکە، لە دیوی دەرەوە، تابلۆیەک هەڵواسرێ، کە کۆبونەوە لەم ژووردەدا هەیە، پێویستە هێمنی و بێدەنگی شوێنکە بپارێزن.

## کاتی بەڕێوەچوونی کۆبونەوەی مامۆستایان:

یاریدەدەر، یان دەکرێ مامۆستایەکی بە ئەزموون و چست و چالاک، لە بەردەم ژوورەکەدا، پێشوازی لە مامۆستایان بکات و شتە پیویستییەکانیان لە کاغەز و نووسراوو نامیلکە... بخاتە بەردەست، جا کە هەمووان لە شوێنی خۆیان دانیشتن وئەجا بەڕێوەبەر . یان کەسی کۆبونەوەگێڕەکە، بە ویقار و هێمنی دیتە ژوورەوە و بە گەرمی سڵاوی خۆی لە ئامادەبووان دەکات.

لە کەش و هەوایەکـی هـێمن و ئارامـدا، بڕگەکـانی کۆبـونەوەکە دەسـت پێـدەکات. لە پێشـدا، یاریـدەدەر، بە دوو دەقـیقەیەک بەخێرهانتیـان دەکـات و خوێندنەوەیەکی سەر پێیّ بۆ سەرەقەڵەمی بڕگەکانی کۆبونەوەکە دەکات.

ئەوجا جەنابی بەڕێوەبەر، یەک یەک، بە گوێرەی نەخشە و پلانی پێشوەختی خۆی بڕگە و بەرنامەکانی دەخاتە ڕوو. مامۆستاکان، هەر تێبینی و خاڵێکیان هەبێ لە لای خۆیان تۆماری دەکەن. کە بەڕێوەبەر، بە گوێرەی کاتی دیاریکراوی خۆی، لە قسەکانی بۆوە، هەر مامۆستایەک، ڕابووچون و پێشنیارو پێشنازی خۆی بە چڕوپڕی، بەبێ درێژدادڕی، بەیان دەکات. بەڕێوەبەر دەتوانێ راستەوخۆ وەڵامداتەوە یان، چاوەڕوان بکات، دوای تەواو بوونی قسەی هەموو مامۆستاکان شتەکان تاوتوێ بکات. نابێ لە کۆبونەوەدا بڕگە و تەوەرە دووبارەبکرێنەوە و دەبێ ڕاستەوخۆ شتەکان بخرێنە سەر مێزی گفتوگۆ بەبێ تەمومژی و لێلێ و گلەیی و گازندە و توانج.

پێش ئەوەی مامۆستایان، بریارەکانی ئەو کۆبونەوە واژوو بکەن، باشتر یاریدەدەر بۆیان بخوێنێتەوە ،ئەگەر دواتریش هەر مامۆستایەی کۆپییەکی بدرێتێ باشترە تا بتوانێ لە کاتی پێویست پێداچوونەوەی بۆ بکات.

باشترە، مـاوەی کۆبـونەوەکە درێـژ نەکـرێتەوە بە گـوێرەی کـاتی دیـاری خـۆی کۆتایی پێ بێت.

## ئیستراتیژیەتی بەڕێوەبردنی کۆبونەوەی مامۆستایان:

ئیمـڕۆ، لە کـایەیی پەروەردە و فێرکردنـدا، هەرگیـز بەڕێـوەبەری قوتابخـانە و خوێنـدنگە هەر وەک مامۆسـتا سـەیرناکرێت، بەڵکـو مامۆسـتایەکی سـەرهەنگە، نەک هەر چارەنووس و ئاینـدەی دەیـان و سـەدان قوتـابی و خوێنـدکار لە ئەسـتۆی ئەو دایە، بەڵکـو ئاینـدەی وڵات و نەتەوەش لەملی ئەوە. ئەو سـەرهەنگە بەرپرسـی یەکەمە لە سـەرکەوتون بەسـەر نەزانین و نەخۆشی و دواکەوتن. هەمیشە ئەو (٣)

نیشـانەی بایەخـداری لەبەردەمە کە دەبـێ بەجـوانی بیـان پێکـێ: پێشـەنگیی و پێشکەوتن و سەرکەوتن.

جـا ئەو کایـانەی کە تێیانـدا بەڕێـوەبەر دەتـوانی، کاریزمـایی و لێهـاتوویی و کـارامەیی خۆی نیشـاندا، تـا ڕادەیەک سنووردارن، یەکێـک لەو کـایە گرنگـانە کۆبـونەوەی مامۆســتایانە. کەواتە ئیسـتراتیژیەتی بەڕێـوەبردنی کۆبونەوەکـان مەحەک و سەنگی سەرکەوتن و بنکەوتنی ئەو سەرهەنگە دیارەی گۆڕەپانەکەیە.

یەکەم نیشـانەی کۆبـونەوەی سـەرکەوتوو ئەوەیە، کە بەڕێـوەبەر و سـتافەکەی باوەڕیان بە بایەخ و قیمەت و کاریگەری کۆبونەوەکەیان هەبێ. واتا دەبێ بەلانی کەم، (١٥) ڕۆژێـک پێشتر ئامادەکـاری بۆبکرێت، بە گەڕان بەدوای زانیـاری و تـوێژینەوەی نـوێ بـۆ هەر بـڕگەیەک کە دەبێـتە پاژێـک لە دانیشـتنەکەیاندا، داتای ورد و سەرچاوی باوەڕپێکراو و زانیاریی دروست کۆکەنەوە و لەبەر دەستیان بێ.

هەوڵ بـدرێت بە پێـی توانـا، داهێنـان لە شێوازی پێشکێشکردن و وەڵامـدانەوە و هەڵسـەنگاندنەکاندا بکرێت. ئەمەش دەبێـتە جەڵەوی ڕاکێشـانی سـەرنج و هـۆش و هزری ئامادەبووەکانیان.

لێرەدا (٣) خاڵی زۆر درەوشاوە هەیە:

١) دەبێ بەڕێوەبەر شارەزایی و ئاشنایەتییەکی باشی لەگەڵ زانست و تیـۆر و بنەماکانی سایکۆی پەروەردە و فێرکردنی سەردەمیانە هەبێ.

٢) دەبــێ ئەو زانیــاری و مەعــریفەی دەربــارەی هەر یەک لە ڕشــتەکانی مامۆسـتاکان هەبێ. بـۆ نموونە، دەبێ بزانـێ مامۆسـتای ئینگلیـزی (٣) کتێبی هەیە و ئەوەندە (Unit) بـۆ سـاڵێکی خوێندن دەستنیشـان کـراوە. بە شێوازەکانی وانەگوتنەوە ئاشنا بێ. لە تاقیگە و یاریگە و هـۆڵی مۆزیـک و شێوەکاری و داپێویستییەکانیان بزانێ.

٣)خوێندنەوەیەکی واقیعبینانەی بۆ ئاست و توانست و ئەزموون و باری دەروونی هەر یەک لە مامۆستاکانی کردبێ، ئەمەش وادەکات هاسانتر لەیەکتری حاڵی بن، یان بەدوور بن لە بەریەککەوتن و گوریس ڕاکێشان.

زمانی ئاخاوتن و هونەری گفتوگۆکردن و شێوازی گۆڕینەوەی ڕاوبۆچوونەکان، یەکجار بایخدارە. کە ئاخاوتن، کەرەستە سەرەکییەکەی کۆبونەوە بێ، لێرەدا، زمانشیرینی و ڕۆحسووکی و قەردزانی بەڕێوەبەر بەدیار دەکەوێ. واتا، تێکەڵ بوونی ئەو لەگەڵ ڕۆحی کەلتوورو داب و نەریت و ئاستی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی کۆمەڵەکەی خۆی نابێ فەرامۆش بکرێ.

لەنێوان هەموو مامۆستا و ئەندامانی ستافەکەی خۆی، دەبێ بەڕێوەبەر یەک مەودا و مەسافە وەرگرێ، مل لارکردنەوە بۆ لایەک لەسەر حیسابی لایەکی تر، داڕوخانی کەسێتیی خۆی بەدواوەیە. بەڕێوەبەر دەبێ هەمیشە هەقبێژبێت و بێلایەن بێ لە تەرەفگیرییدا.

ئەگەر، ساردییەک یان خاڵێکی ناکۆکی دیاریکراو هەبێ، بەڕێوەبەر پێشوەخت بزانی، ئەو خاڵە ڕەنگە ،لە کۆبونەوەکە بتەقێتەوەو شتی نەخوازراوی بەدوادابێ، ئەوا پێش کۆبونەوە، دەبێ بە ئەزموون و فەلسەفەی خۆی، بەهەر ڕێگایەک بێ، ئەو ساردی و خاڵەی یەک لایکردبێتەوە. بەواتایەکی دیکە، هەموو ئەوانەی ئامادەی کۆبونەوەکە دەبن، لە بارێکی دەروونی و هزری و دەماریی ئاسایی دابن.

ئەگەر، قوتابی هەبێ، ناوی بێتە سەرمێزی ئەو کۆبونەوەیە، دەبێ بەڕێوەبەر، پێشوەخت زانیاری وردی لەسەر ئەو فێرخوازە کۆکردبێتەوە، تا بتوانی هاوسەنگانە، شتەکان هەڵسەنگێنی ـ ناکرێ بڵێ، ئەو قوتابییە کێیە، من زانیاریم لەسەری نییە ـ بۆ نموونە.

توانا و ژیریی لەدەست نەدانی جەڵەوی کۆبونەوە، لەوەدایە کە بەڕێوەبەر بتوانی بڕگە بە بڕگە لەگەڵ پڕۆگرامەنی بڕوات و ئەگەر، یەکێک، ویستی بەلاڕیی

دابـا، یـان لە بـازنەی بـابەت دەرچـێ، زوو جەڵەوەکە ڕاکێشـێتەوە و ئەسـپەکەی بهێنێتەوە سەر ڕێ و ڕێڕەوەی خۆی.

کە ئەو هەموو بنچ و بنەوانی کۆبونەوەکەی تاووتوێ کردبێ، پێشوەخت وەڵامی بۆ ئەو پرسیارە قورسانە ئامادەکردوە، کە دەزانێ ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

قوتابخانە، دەزگایەکە، بەزۆر دامودەزگای ترەوە پەیوەستە، وەک بەڕێوەبەراتیی پەروەردە و نەخۆشخانە و ئاگرکوژانـدنەوە و شـارەوانی و پـۆلیس و ڕێکخراوەکـانی وەرزش و شـێوەکاری و ڕاگەیانـدن و بۆنەکان...تـاد، کەواتە دەبـێ بەڕێـوەبەر ئاشنایەتی و زانیاریی پێویستی دەربارەی ئەوانە هەبێ، بۆ کاتی پێویست.

کەسێتیی بەڕێوەبەری کارامە لەوەدایە، کە وەڵامی بۆ هەموو پرسیارێک لە ناو مستە و شت دواناخات بۆ کاتی نادیار و قسەی هەمووان بە هەند وەردەگرێ و هەمیشە ئەوەی لە بیرە کە ئەو (سەرهەنگە دیارەکەیە) لەو کۆبونەوەدا. ڕاگرتنی ئارامی و هێمنی دانیشتنەکە لە ئەستۆی ئەو دایە. ئەو وەعد و بەڵێنانەی دەیدات، ئەوەنـدەی بـۆی دەکرێت جێبەجێیـان دەکـات و ئەگەر بـۆی نەکـرا خـۆی لێیـان نادزێتەوە ڕاشکاوانەی دەیان درکێنێ.

ئەو ساڵانەی مامۆستا بووم، لەدیدی مندا، ئەو کۆبونەوانە سەرکەوتوو بوون، کە لەوێدا بەڕێوەبەر بووەتە مامۆستاو، هەموو مامۆستاکان بوون بە فێرخواز، بەبێ ئەوەی هـیچ لایەنێکیـان پێبزانـێ. لە کۆبـونەوەی مامۆسـتایان، جەوهەری توانـاو ژیریی و بلیمەتی بەڕێوەبەر بەدیار دەکەوێ و بۆنەیەکی باشە بۆ بانگخوازی و خۆنمایشکردن و بەهرە بەدیارخستن.

ئەگەر هەستکرا، بابەت و داواکاریی ئەوتۆ دەخرێتە بەردەم، کە پێشتر چاوەڕوان نەکـراوە و ئامادەکـاری بـۆ نەکـراوە، ئاسـاییە، کە بەڕێـوەبەر، لەکـاتی خۆیـدا، پەیوەندی بە سەرپەرشتیار و لایەنی بەرپرس بکات و دواتر، بیرو بۆچوون و سەرنجی خۆی دەرببڕێ.

دوایین، خاڵ که دەمەوی لێرەدا، ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە، که چەندە بەڕێوەبەر خاکی و سادە و شەفاف و دڵپاکی خۆی بنوێنێ، ئەوا کۆبونەوەکەی سەرکەوتووتر دەبێ. پێچەوانەکەشی ڕاستە.
هەر کۆبونەوەیەکی مامۆستایان، ئامانجدار نەبێ، یان نەبێتە مایەیی گۆڕانکاری، ئەوا کۆبونەوەیەکی نەزۆکە.
بەڕێوەبەر، داینەمۆی داگیرساندنی مێشک و دڵ و دەروونی بەشداربووانی کۆبونەوەی مامۆستایانە، هەر گرفتێک لەو داینەمۆیە هەبێ یان ڕووبدا، کاردانەوەی نەرێیی بەدوادادێ.

## بۆچی کۆبونەوەی مامۆستایان تا ئێستا کەم بایەخە لە هەرێم و ئیراقدا؟

هۆیەکان زۆرن، زۆر بە چڕیی، ئەم خاڵانە تۆمار دەکەین:

- لەوەتەی یەکەمین قوتابخانەی فەرمی لەم وڵاتە کراوەتەوە، لە ساڵی (١٩٢١)وە، کۆبونەوەی مامۆستایان، ئەکادیمییانە نەخراوەتە بەردەستی پەروەردەکاران. ئەوەی هەیە ئەزموونی کەسی مامۆستاکان خۆیانن.
- بەڕێوەبەری کۆبونەوەکان، نەیانتوانیوە، مەقام و پایە و سەنگێکی قورس بەو کۆبونەوەکانیان بدەن، ئەوەی لە نووسینگەی بەڕێوەبەرو لە ژووری مامۆستایان دەگوترێ، لەوێ دووبارە دەکرێتەوە.
- بەڕێوەبەرەکان نەیانتوانیوە، یان نەیانویستووە، بەهرە و توانا و جددیەتی خۆیان لەوی نیشان بدەن و وابکەن ئامادەبووان متمانە بە وتە و بڕیارو بەندەکانی بکەن.
- زۆر بەدگمەن، هەڵسەنگاندن بۆ بڕیارو بەند و خاڵەکانی کۆبونەوەی پێشتر دەدرێ. ئەو جێبەجێکراو نەکرا دەچنە یەک تای تەرازوو.
- دووبارەکردنەوەی قەوانە سوواوەکانی کۆبونەوەکانی پێشتر، وایکردووە، ئامادەبووان، بەکەم بایەخی سەیری ماجەڕای ئەو دانیشتنانە بکەن.

- تاکو ئێستا، بە کتێب و نامیلکە و سیمینار و کۆڕ ومێزگەرد، نەک لە لایەن بەرپرسانی پەروەردە، لە لایەنی میدیاکارانیش ئەم بابەتە بەجددی بەسەرنەکراوەتەوە و بەقەد بایەخیە کاریگەرەکانی گرنگی پێنەداراوە.
- ڕەنگ بێ . لەم ڕۆژگارەدا، هەموو بەڕێوەبەرەکان، ئارەزوومەندانە و بە توانست و لێهاتووی خۆیان پۆستی بەڕێوەبەرایەتیان وەرنەگرتبێ. بەڕێوەبەرهەبوو، لەبەر لاوازی کەسێتی، هەرگیز کۆبونەوەی مامۆستایانی نەکردووە، هەر لە نووسینگەکەی خۆی دوو دوو، سێ سێ لەگەڵ مامۆستایەکانی کۆبۆتەوە.
- کە بڕیار و بەندەکانی کۆبونەوەکان، نەبنە بەردی بناغە و چەخماخەی گۆڕانکاری و داهێنان و پێشکەوتنی و چارەسەرکردنی کێشەکان، بەستن و نەبەستی لە لای مامۆستا هەر وەکو یەکە، بۆیە ئاساییە (بڵێ، من سبەینێ دێمەوە و دەفتەرەکە واژووی دەکەم و چیتان بڕیاردا من ڕازیم و بە دە پەنجە بۆتان مۆردەکەم.)
- باش گوێگرتن لە مامۆستاو ڕیزگرتن لە ڕاوبۆچوونیان و جێبەجێ کردنی داخوازییە ڕەواکانیان، نێوەی سەرکەوتنی کۆبونەوەکانە، کە بەداخەوە، کەمیان وانە.

خوێنەری بەڕێز، خودا یاربێ، لێرە، لە ژمارەیەکدا، زانستییانە قسە لەسەر (**کۆبونەوەی باوانی قوتابی و خوێندکاران**)یش دەکەین.

ئەو ساڵانەی مامۆستا بووم،
لەدێی مندا، ئەو
کۆبونەوانە سەرکەوتوو بوون،
کە لەوێدا بەڕێوەبەر
بووەتە مامۆستاو، هەموو
مامۆستاکان بوون بە فێرخواز،
بەبێ ئەوەی هیچ
لایەنێکیان پێبزانێ. لە
کۆبونەوەی مامۆستایان،
جەوهەری تواناو ژیریی و
بلیمەتی بەڕێوەبەر بەدیار
دەکەوێ و بۆنەیەکی باشە
بۆ بانگخوازی و خۆنمایشکردن
و بەهرە بەدیارخستن.

# پەروەردە و پێگەیاندنی "فێرخوازە بلیمەتەکان"، کێ لەئەستۆیان دەگرێ؟

**"منداڵەکان کە دێنە دونیا هەموویان بلیمەتن، لێ (٩.٩٩٩)یان لە (١٠.٠٠٠)، هەر زوو بەبێ قەست، بەدەستی بەخێوکەرەکانیان لە بلیمەتی دەشورێنەوە.**
(R. Buckminster Fuller)

خوێنەری بەڕێز، لەم بابەتەمدا، دەمەوێ وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە، کە لە بازنەی پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەکانماندا، بایەخی مەزن و کاریگەریان هەیە:

- بلیمەتی چییە و بە کێ دەڵێن بلیمەت؟
- خەسڵەتەکانی بلیمەت کامانەن؟
- چۆن فێرخوازی بلیمەت دەناسیتەوە؟
- بلیمەتەکان چییان گەرەکە؟
- پەروردە و فێرکردن و پێگەیاندنی بلیمەتەکان، کێ لە ئەستۆیان دەگرێ و چۆن ئەنجام دەدرێن؟

○ پێگەی فێرخوازە بلیمەتەکان، لە  سیستمی پەروەردەی ئێمەدا چۆنە؟

پرسیارێک لە مێشکمدا چووزلەی کردو بەخۆیەوە سەرقاڵی کردم، کاتێک بابەتێکی زانای ئەمەریکی (R. Buckminster Fuller)م دەخوێندەوە، ئەو زاتە (٣٠) کتێبی چاپکراوی هەیە، بەتیۆردۆز و نووسەر و دیزاینەر و داهێنەر و ئایندەناس ناسراوە جگەلەوەی کە بەنناویەکی کارامەشە. (٢) چەخماخە پرسیارەکەیان لە هزرمدا ئاگردا: یەکیان وتەیەکی ئەو زانایەیە، لەسەرەوە ئاماژەم پێداوە، کە دەڵێ: "منداڵەکان کە دێنە دونیا هەموویان بلیمەتن، لێ (٩.٩٩٩)یان لە (١٠.٠٠٠)، هەر زوو بەبێ قەست، بەدەستی بەخێوکەرەکانیان لە بلیمەتی دەشورێنەوە."  چەخماخەی دووەمیان، پریشکی ئەو زانیارییە بوو کە دەڵێ: تا ئێستا، (٢٠٢٠)، کۆماری ئایرلەندای باشوور، (١١) خەڵاتی نۆبڵی وەدەست هێناوە." کاتێک ئەم زانیارییەم بەراوردکرد لەگەڵ ژمارەی نۆبڵە خەڵات ــ بەرەوەکانی، هەموو وڵاتانی عەرەبی و تورکیا و ئێران، ئەم ئەنجامەم هاتە بەردەست: کۆماری ئایرلەندای باشوور بە حەشیمەتی (٤) ملیۆن و (٩٠٠) هەزار کەس، (١١) خەڵاتی نۆبڵی بۆ خۆی چنیوەتەوە، بەڵام (٢٤) وڵات، بە حەشیمەتی (٥٨٣) ملیۆن، هەر (٦) خەڵاتی نۆبڵیان لە بوارەکانی ئەدەب و زانستدا وەدەست هێناوە. (وڵاتانی عەرەبی ٤، تورکیا ٢، ئێران ١ خەڵات). پرسیارەکەم ئەمە بوو:

"بۆچی ئەو جیاوازییە گەورەیە لە نێوان کۆماری ئایرلەندای باشوور و ئەو ٢٤ وڵاتەی دیکە، لە وەدەست هێنانی ئەو خەڵاتە، هەیە؟ تۆ بڵێی تیۆرییەکەی (R. Buckminster Fuller) دروست بێ و ئەوە، بەخیوەکەرەکانی ئەو منداڵانەن، دەیانکەنە بلیمەت یان بە پێچەوانەوە ڕۆحی بلیمەتییان تێدا دەکوژن؟ بەواتایەکی دیکە بۆچی وە چۆن ئایرشییەکان ڕۆحی بلیمەتیی لە نەوەکانیاندا دادەگیرسێنن و بۆچی وە چۆن ئێمەی ڕۆژهەڵاتییش بکوژی ئەو ڕۆحە جوانەی نەوەکانانی خۆمانین؟

کەواتە، زۆر درەنگەو زوو نییە، ئێمەش دەبێ پێداچوونەوەیەکی جددی لە سیستمی پەروەردە و ڕێبازەکانی پێگەیاندنی فیرخوازەکانمان بکەین، ئاخر ماقوول نییە، به هەنگاوەکانی سەدەی هەژدە و نۆزدە، ئەو ڕێیە پێچاوپێچانەی سەدی بیست و یەک ببڕین و وا بە خاوخلیچی ڕێبکەین.

جا یەکێک لە هەنگاوە مەزنەکان، ئەوەیە هەوڵ بدرێ، فێرخوازە بلیمەتەکانمان بدۆزینەوە و سەردەمیانە پەروەردەیان بکەین پێیان بگەینین.

## بلیمەتی چییە و بە کێ دەڵێن بلیمەت؟

سەیرە، کە گوێمان لە وشە بلیمەت ــ (عبقرية / Genius)، دەبێت، یەکسەر ئەم ڕستە ناوە:(هۆمیروس، لیۆناردۆدا فینشی، شەکسپیر، مۆزارت، تۆلستوی، گالیلۆ، نیوتن، ماری کوری، ئەنشتاین) لەبەرچاوماندا خۆیان دەنوێنن، وەک بڵێی هەرچی داهێنان و دۆزینەوە هەیە لەسەر دەستی ئەو تاقمە هونەرمەند و زانایە ئەنجام دراون. ڕاستە ئەوان ڕێڕەوی پێشکەوتنی ژیان و شارستانیەت و مێژوویان گۆڕی و داهێنان و دۆزینەوەکانیان، بەردەوام، وەک کانی، ئاوی پێشکەوتنیان لەبەردەڕوا، بەڵام ئەگەر تەماشایەکی دەرووبەری خۆشمان بکەین و لەو هەموو داهێنانە نوێیانەی سەردەم، لە تێکڕای بوارەکانی ژیان و شارستانیەت وەرد ببینەوە، دەبین، هی ئەوەندە عەجیب و سەرنجڕاکێشیان تێدایە، کە مرۆڤ تووشی حەپەسان دەکات، حەقمانە بڵێین، ئەوە کێنە داهێنەر و وەستای ئەو ئامێرو ئامرازو کەرەستە نوێیانە؟ سەرپێیانە لە مۆبایلەکەی خۆت وردبەوە، بزانە لە ماوەی ئەم دە ساڵەی دوایدا چ گۆڕانکارییەکی مەزنی بەسەرداهاتووە، هەر شەش مانگەی (نەوەیەکی) نوێتری لەدایک دەبێ. ڕۆژانە لە جیهانەدا لە نێوان (١٣ ــ ١٥)داهێنانی نوێ ئەنجام دەدەرێن. کێ ئەنجامیان دەدا؟

بێگومان، وەڵامەکەی ئاسانە، ئەو ئەقڵانەن کە ژیرانە بیردەکەنەوە وکارامانە توانستەکانی هزری و خەیاڵی و سرووشتیئ بۆ هێنانەدی خەونەکانیان بەرجەستە دەکەن.

لە زمـــانی ئینگلیزیــدا، زاراوەی (Genius)، ســەچاوەکەی لاتینیــیە و بەمانای (ڕۆحی پارێزراو) دێ، ئەوان باوەڕیـان وابـوو کە هەمـوو کەس لە ڕۆژی بوونی تا مردنی ڕۆحێکی لەگەڵە، جا هێندێک کەس (ڕۆحەکەیان خۆڕسکانە بەتوانا و بەکارە)، لە سەردەمی ڕۆشەنگەرایشدا، لە ساڵی (١٧١١) بۆ یەکەم جار، وشـەکە، وەک زاراوەیەکـی زانسـتی کەوتەسـەر زاران. هەرچـی وشـەی(عبقریة)، لەزمانی عەرەبیدا، پەیوەستکراوە بە عالەمی جن و جندوکە، گۆیا ئەوان سەرچاوەی ئەو ژیریی و توانا بێ سنوورەن کە کەسە بلیمەتەکان هەیانە.

لەناوەڕاستی سەدەی هەژدەمدا (Samuel Johson)(١٧٠٩ـ ١٧٨٤)، لە وتارێکیدا گوتی:"بلیمەتی وەکو چخماخەی بەردەستێیە، تا ئاسنەکە نەکێشی بە بەردەکەدا، چەخمـاخەی لـێ هەڵ ناسـتێ. دەبـێ توانسـتی ژیریـی مـرۆڤ تـاقیبکرێتەوە، دەبێ بدۆزرێتەوە، ئەمەش بەبێ کۆشش و سەعیکردن و هیلاکـی مەحـاڵە. بـوونی حەماسـەتێکی دەروێشـانە، دەسـتگرو هانـدەرە بـۆ ئەو کۆشـش و تەقەلایە."

لەمـاوەی ئەو سـێ سـەدەی دوایـدا، لێکـۆڵینەوەی یەکجـار زۆر لەسـەر زاراوەی(بلیمەت و بلیمەتـی) کـراوە، بێگومـان ئەوانەی سـەدەی بیست و یەک، لە هەمـووان بایەخدارترن و پتر جێگەی متمانەن، چونکە ئەو پێشکەوتنە مەزنانەی بوارەکـانی زانسـت و تەکنەلۆژیـای سـەردەم زۆر هاوکـاری و ئاسـانکاری بـۆ لێکۆڵەرەکان کردووە و ئاکامی باشیان چنیوەیەوە.

کە قسە لە (بلیمەتـی) دەکەیـن، دەبێ ئامـاژە بە دوو زاراوەی هاوتا بکەیـن؛ (ژیریـی و بەهـرە). کە یەکەمیـان پتـر لە ڕێـی کۆشـش و سـەعی کـردن و کـارکردنەوە ئاوجۆشـدەرێ و دووەمیشـیان، وەک دیـارییەکی خوداوەنـدی، پتـر خۆڕسـک و سرووشتییە. سـەرەڕای ئەو هەمـوو پێشکەوتن و ئەو هەزاران کتێبەی کە دەربـارەی (بلـیمەت و بلیمەتـی) نووسـراون، ئێسـتا یەک پێناسـەی پـووختی

چڕوپڕی بۆ نەدۆزراوەتەوە. دەروونناس و بلیمەتناسەکان پتر زاراوەی ( بلیمەت و نا بلیمەت) بەکاردەهێنن.

سادەترین پێناسەی (بلیمەتی ): "لوتکەی ژیریی کەسێکە، کە توانای داهێنانی نوی هەبێ، جا لەهەر بوارێک بێ، بە ئاوێتەکردنی هزر و بەهرە وخەیاڵ و توانستە تایبەتەکانی خۆی." ئەم (٣) بنەمایە، ئەستوونگی بلیمەتیین:

- ڕەسەنایەتی، بەوەی کە داهێنانەکانی تایبەت بەخۆی بێ و لاسایکردنەوە نەبن.
- بەهرەمەندی، بەوەی کە ژیرییەکەی بە بەهرە خۆڕسکەکانی ئاوجۆشدرابێ.
- بیرکردنەوەی قووڵ، واتا وردبوونەوەی بەدیقەت بە مەرامی کەشف کردن و دۆزینەوەی نهێنییەکانی، ئەوشتەی کە ئەو بەدوایاندا وێل و سەرگەردانە.

هێندێ لە بلیمەتناسانیش دەڵێن،"بلیمەت جیهانێکی تایبەت بەخۆی هەیە، لە ئاوێتەبوونی (دەروون) و (پێکهاتەی بایەلۆژی ) خەلق بووە، شێواز و چۆنیەتی و ماهییەتی زهن و هزر و هەڵچوون و تێڕانیینەکانی، جیاوازە لەگەڵ ئەوانەی مرۆڤی ئاساییـن، واتا لەگەڵ (نابلیمەتەکان)".

هەر لەم میانەدا، باس و خواسەدا، بۆماوەیی و (جینات) وتێکەڵیی خوێنی بەربابەکان، لە خەلقبوونی بلیمەتدا جێگەی سەرنج و تێڕامانە.

کەواتە، دەبێ بزانین کە ژیریی یان بەهرەمەندی یان بوونی توانای بیرکردنەوەی قووڵ بە تەنها نابنە هۆی خەلقبوونی بلیمەت، دەبێ ئەو (٣) تـوخمە بەیەکەوە، لە کەسەکەدا هەبن.

### ○ خەسڵەتەکانی بلیمەت کامانەن؟

لەسەرەوە، ئاماژەمان بە بنەماکانی بلیمەتی دا. بلیمەتناس، مەرج نییە، هەر پسپۆڕی ڕشتەی بلیمەتی بێ، دەروونناس و دەمارناس و پزیشک و بایەلۆژیست و پەروەردەکار و مامۆستا و کۆمەڵناس و بیرمەندەکانیش، لە هێندێ بواری تایبەتدا،

لێکۆڵینەوەی خۆیان هەیە. ئەو خەسڵەتە بنەڕەتییانەی ئەوان له کەسی بلیمەتدا دەست نیشانیان کردووە، ئەمانەن:

یەک: بلیمەت یەکجار خۆژییە:

هەموو لێکۆڵینەوە دەروونناسییەکان و کۆمەڵەناسییەکان ئەوە پشت ڕاست دەکەنەوە، کە بلیمەت توانایەکی یەکجار بێ سنووری هەیە لەوەی کە بتوانی زوو خۆی بگونجێنێت لەگەڵ ئەو کۆمەڵ و ژینگەو دەروبەری کە تێیدایە. خۆگونجاندن لەگەڵ هەموو کەس و کەش و شوێنێکدا، هەرەچەند سەخت و دژوار و زەحمەتیش بێ، لە پێناو هێنانەدی خەونەکەی، لەلای ئەو زۆر هاسانە.

دوو: بلیمەت دەزانێت سنووری نەزانینی خۆی چەندە:

هەمیشە ژیرەکان ناترسن و پێیان شەرم نییە، کە زانیاریی لەسەر بابەتێک نەبێ بڵێن"نازانم!". لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە، کە تا کەمتر بزانی و نەفامتر بی، غرورتر دەبیت و خۆت باڵاتر نیشان دەدەی بۆ شاردنەوەی نەزانین و نەفانییەکەت، بەپێچەوانەی بلیمەت، کە (نەزانین)ی خۆی بەلاوە ئاساییە. ئەمەش هاندەرە بۆ سەعیکردنی بۆ زانینی ئەو نەزانییە.

سێ: بلیمەت بێ حەدد پرسنە:

ئەنیشتاین دەڵێ:" من خاوەنی هیچ بەهرەیەک نیم، لێ شێتگیرانە پرسنم و حەز دەکەم هەموو نهێنییەک کەشفکەم." ئەو شتانەی بەلای خەڵکییە و ساد و ساوێلکەن و شایستەی ئەوەنین خۆتی پێوە ماندوو بکەی، لەلای بلیمەتەکان زۆر بایەخدارن. ئەوان وەک منداڵ وان، پرسیار لە هیچترین شت دەکەن، بەڵام ئەو شتە هیچانە لەتەمەنی (٥٠) ساڵییاندا، بەڕاستی دەبنە شتی بایەخدار.

چوار: بلیمەت مێشک کراوەیە:

ئەو هەرگیز پشت لە بیرو داهێنان و شتە نوێیەکان ناکات. ڕاوبۆچوونی کەسانی دیکە بەهەند وەردەگرێ. هەموو چارەسەرو وەڵامێک لە دیدی ئەودا بایەخ و گرینگی خۆیان هەیە، هیچیان وەلاوە نانێ. هەمیشە مێشکیان کراوەیە،

بۆیە ئەوانەی زۆرترین ڕاو بۆچوون و وەڵام و دیدگە و تێڕوانین وەردەگرن، تێگەیشتووترن و بیرتیژترن. ئەمەش وادەکات هەمیشە وێڵ بن بەدوای بەڵگە و متمانەوە و سەلماندن.

پێنج: بلیمەت هاوبلیمەتەکانی خۆش دەوێ:

بلیمەت زۆر بە زەحمەت دەبێتە هاوڕێی کەسانی ئاسایی. ئەو پتر بەدوای هاوشان وهاوکفی خۆیدا دەگەڕێ، بۆیە لەنێو کۆمەڵدا بلیمەت بە کەسێکی گۆشەگیر و خۆویست دادەندرێ. بەڵام لەگەڵ زیرەک و بلیمەت و کەسە بیرمەندەکاندا زوو دەبێتە دۆست و برادەر.

شەش: بلیمەت یەکجار زۆر باوەڕی بە خۆیە:

بلیمەت، هەر سەرچڵی و سەرەڕۆیی و کۆسپێکی بێتە سەر ڕێ، دەبێ بەسەریاندا زاڵ بێ و زەلیلانە تەسلیمیان نەبێ. ئەو بە پلان دانان و دەست نیشانکردنی ئامانجەکان و گەڕان بەدوای ئیستراتیژیەتی بەدیل و خوێندنەوەی ئاکامەکان پێش ڕوودانیان، چارەی گونجاو و شیاو دەدۆزێتەوە. سەلمێندراوە کە زیرەکیی بەبێ باوەڕ بەخۆبوون، وەک یاریزانێکی باشە، بە بەڵام بە پێخواستی تۆپانێ بکە. لە نێو مێشکدا، خوداکردە، شانەی تایبەت هەیە بەرپرسە لە متمانە و باوەڕ بەخۆ بوون، لە کاتی ئیش کردن و جێبەجێکردنی ئەرکێک، دەبێ تۆ دوگمەی ئەو شانەنە داگیرسێنی، تا سەرکەوتن بەدەست بێنی.

حەوت: بلیمەت ڕووخۆش و گاڵتەچییە:

بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکان، بلیمەت هەستێکی زۆر هەستەوەر و بەهێزی هەیە لە خوێندنەوەی هەست و نەست و سۆز و دەروونی کەسانی بەرانبەری. جا بۆیە زوو، لەگەڵ هەستی بەرانبەرەکەی ئاوێتەدەبێ و بە نەزم و فیکەو دڵی ئەو ڕەفتار دەنوێنێ و دێتە گۆ. لێرەدا، جۆرە زیرەکییەک، بەدیاردەکەوێ، پێیدەڵێن (ژیریی سۆزدارانە)، ئەمەش وای کردووە، بلیمەت بتوانێ لەگەڵ کەسانی نەناسیاو و هاوڕێی نوێ، ببێتە ئاشنا.

هەشت: بلیمەت ئەزموونی کەسانی دیکە زۆر بەهەند وەردەگرێت:

چونکە بلیمەت، ئەو تینووەیە کە هەرگیز تینوویەتی ناشکێ، هەمیشە دەیەوێ ئەزموونی کەسانی دیکە، لە خۆیدا دووبارە بکاتەوە، لاسایان بکاتەوە وەریان بگرێ و بە ئەزموونیان بکاتەوە. ئەو هەمیشە هەست بەوەدەکات کە مێشکی شتێکی لێداوەدەکات کە ئەو بۆی پەیدانابێ. ئەمەش خاڵێکی نهێنیی گەورەی کەسێتیی بلیمەتە.

- **چۆن فێرخوازی بلیمەت دەناسیتەوە؟**

تاکو ئێستا، پێوەری (IQ) (Intelligence Quotient) نمرەی زیرەکی ستاندار، بۆ دەست نیشانکردنی ئاستی زیرەکیی کەسەکان لە جیهان پەیڕەو دەکرێ، بەگوێرەی ئەو پێوەرە، هەر کەسێک بتوانێ نمرەی (١٣٠) یان بەرزتر لەو نمرەیە وەدەست بێنێ، بە بلیمەت دادەندرێ. هەرچەندە ژینگە و پەروەردە و زۆر شتی دیکە پەیوەندیان بە سەرهەڵدانی بلیمەتەوە هەیە، بە گشتی، ڕێژەیەکی نەچەسپاو دیاری کراو داندراوە، بەوەی کە لەهەر ملیۆنێک نزیکەی (٢٥٠) کەسی بلیمەت هەیە. بە گوێرەی ئەو هێلکارییەی خوارەوە بێ، ئەوا لە (٢٪) بلیمەت هەیە. بەڵام وەک گوتمان ئەمەش ڕێژەیەکی چەسپاو و جێگیر نییە. کەواتە، حەتمەن، لە نێو فێرخوازەکانی ئێمەشدا، بە هەردوو ڕەگەزەکەیەوە، ڕێژەیەک لە بلیمەتمان هەیە.



بۆیە زۆر گرینگە کە مامۆستاو پەروەردەکارو باوان، بتوانن فێرخوازی بلیمەت دەست نیشان بکەن. پسپۆڕانی ئەم بابەتە، ئەو نیشانانە و خەسڵەتانەیان، بەلاو گرنگە لە ناسینەوەی بلیمەتدا، جا لەهەر تەمەنێک بێ:

١) بەردەوام پرسیار دەکات و لە پرسیارکردن ماندوو نابێ و پرسیارەکانی فرە بابەتە.

٢) لەگەڵ خۆی قسان دەدەکات بەبێ ئەوەی پێبزانی. جار هەیە خۆی لەبیردەچێتەوە و گوێت لە قسەکانیان دەبێت.

٣) شیت و شەیدای خوێندنەوەیە.

٤) هەمیشە لە شەڕدایە لەگەڵە خۆی. هەست دەکات نەیتوانیوە مێشکە تینوویەکەی تێراو بکات. بۆیە وەک ئەوە وایە تازە لە شەڕی هاتبیتەوە یان بچێتە شەڕگە.

٥) هزری پەرش و بڵاوە و بۆ هەموو لایەک پەلدەهاوێ و حەز دەکات هەموو نهێنییەکان بزانێ. وەک کەسێکی عەجوول دیارە کە نەتوانێ ئۆقرە بگرێ.

٦) حەز لە شتێک دەکات پێوەی ئاڵوودە بێ، جا جگەر و توتن بێ یان چای و قاوە یان شتی دیکەی...، ئەمەش بەمەبەستی تێرکردنی مێشکە برسییەکەیەتی.

٧) هەمیشە نیگەران دیارە، وەک بڵێی شتێکی لێ ون بووبێ، یان بەدوای شتێکدا بگەڕێ، یان شتێک بەر دڵی گرتبێ . بۆخۆشی هۆیی ئەو نیگەرانییە نازانێ.

٨) توانای هەیە بە سەعات بیر لە شتێک بکاتەوە بەبێ ئەوەی بێزاری و ماندوو بوونی پێوەدیاربێ.

٩) کە گوێ دەگرێ، هەموو هەستی لەلای ئاخێوەرەکەیە.

١٠) حەز بە گۆشەگیری دەکات، بەڵام دۆستی زیرەکەکانە.

١١) رووخۆش و سوعبەتچییە.
١٢) هەمیشە خەونی هەیە و زیندەخۆەن زۆر دەبینی.
١٣) پەپۆئاسا، شەو هەر بەخەبەرە و هەمیشە بیردەکاتەوە.
١٤) مێشک کراوەیە.

### ○ بلیمەتەکان چییان گەرەکە؟

داپێویستی و ئامێر و ئامراز و کەرەستە و ڕێنمایەکانی کە فێرخوازی بلیمەت، گەرەکیەتی بۆ زامن کردنی پەروەردەیەکی پێشکەوتوو و ئایندەیەکی گەش، بە گوێرەی تەمەن و ڕەگەز و ژینگە و ئارەزووی بلیمەتەکە جیاوازیان هەیە، بەڵام دەکرێ بەگشتی ئەم خاڵانەی خوارەوە کەلکیان لێوەرگیرو لە پێناو تێرکردنی ئارەزووێکی بلیمەتەکە پراکتیزە بکرێن:

**١) دابینکردنی کەرەستە سەرەکییەکانی خوێندنەوە:**

گوتمان بلیمەت حەز لە خوێندنەوە دەکا. جا لەو دیدەوە کە کتێب سەرچاوەی هەموو زانیاری و زانست و مەعریفەیەکە، پێویستە کەسانی پسپۆر ئەو جۆرە کتێب و گۆڤارو سەرچاوە فەرهەنگیانە بۆ فێرخوازی بلیمەت دابینبکەن، کە لەگەڵ ئارەزوو و حەز و خولیای ئەو دەگونجێت و بەهرەکەی ئاوجۆشدەداتەوەو ئەکادیمیانە پەروەردەی دەکات. ڕەنگ بێ. بۆخۆی لە دەستنیشان کردنی ئەو سەرچاوانە زۆر مەعلان نەبێت ــ بەتایبەتی گەر منداڵ بێ، . دەبێ حیسابی بەرکی ئەو کەسەش بکرێ، نەکۆ بۆخۆی توانای کڕینی کتێبی گرانبەهای نەبێ، دووریش نییە بەشێک لەو سەرچاوانەی ئەو گەرەکیەتی دەبێ لە دەرەوە بۆی هاوردەبکرێ.

**٢) دەمەزەردکردنەوەی متمانە بەخۆ بوون:**

ڕاستە بلیمەت هەمیشە باوەڕی بە توانست و ئیرادە و هزری خۆی هەیە، بەڵام خوێندنەوە بەتەنها کافیی نییە بۆ پێگەیاندی ئەو. چاندنی تۆیی باوەڕبەخۆ بوون و بەرزکردنەوەی متمانەی دەروونی زۆر پێویستە. ئەمە بە

مامۆستا و دەروونناسانی کارامە و شارەزا دەکرێت. ئەوان دەزانن ڕێنمای و ڕێبەرایەتی و پێشەنگی لەم بوارەدا چۆن ئەنجامدەدرێ و هەنگاو و قۆناغەکانی چین.

**٣) دابینیکردنی تاقیگە و کەرەستە تەکنەلۆژیاییەکانی سەردەم:**

لە هێندێ بواری زانستی و هونەریدا، فێرخوازی بلیمەت پێویستی بە تاقیگەی پێشکەوتوو هەیە، بە گوێرەی ئارەزوو و هیوایەتەکەی. هێندێ لەو تاقیگە و کۆمپیەتەر و (CD) و (Software)انە نرخەکانیان گرانە و جێگەو ڕێگەی خۆشیان دەوێ، لە ژوورو نووسینگە و ودەزگای کار.

**٤) دابینکردنی ژینگەی ئارام و هێمن و خۆش لە ماڵەوە:**

هەمیشە ماڵ، بە هێلانەی فێرخواز دادەندرێت، زۆر گرنگە کە کەش و هەوای ماڵە و پەیوەندی خێزانداری، لەو پەڕی ئارامی و هێمنی و خۆشی دابێ و داپێویستەیە سەرەکییەکانی ژیانی ئاسایی لە ماڵەوە بۆ زامنکرابێ.

**٥) چاودێری باری تەندرووستی بکرێت:**

فێرخوازی بلیمەت، جگەلەوەی وەک هەموو مرۆڤێک پێویستە تەندرووستی، باش بێت و ساغ و سەلامەت بی، بەڵام چونکە خاوەن تایبەتمەندییەکی بایەخدارە، دەبێ هەمیشە باری تەندروستی باش بێت و کێشە و نەساغییەکانی جەستەیی و دەروونی زوو چارەسەر بکرێ.

**٦) پێویستە فێرخوازی بلیمەت لە هەموو جێگەیەک ئاسایش و سەلامەتی پارێزراوبێ:**

ئەوان زۆر چاویان لەسەر، بۆیان هەیە بیانرفێنن یان بیانکەن بارمتەو زۆر شتی دیکەش.

**٧) چاودێری دەروونی چری لەسەر بێ:**

فێرخوازی بلیمەی، وەکو ئاماژەمان پێدا، هەمیشە نیگەران و عەجول و نارحەت دیارە، دەبێ دەروونناسی پسپۆڕ ناوە ناوەی پشکنینی بۆ بکات، تا لە ئاست و ئاراستەی نیگەرانی و نارحەتییەکەی دڵنیابێ.

**٨) بیرۆکە و خەون و لێکدانەوەکانیان دوور بن لە میدیاو هۆیەکانی ڕاگەیاندنەکان:**

ئیمڕۆ، بیرۆکەیەکی بچووک، ڕەنگ بێ شۆڕشێکی زانستی یان کەنەلۆژیایی یان ئابووری بەرپا بکات. بۆیە هەر بیرۆکە و خەون و تێڕاونینێک، فێرخواز بلیمەت لە مێشکیدابێ، دەبێ لە لایی، کەسانی پەروەردەکارو خوێندنگەو پەیمانگەو زانکۆکان بپارێزێن، نەکۆ کەسانی دیکە لێیان وەرگرن و بیکەنە ماڵی خۆیان.

**٩) دوور بخرێنەوە لە ژینگەی بوغز و ڕکابەری ناحەزانە و بەربەرەکانی کردن:**

ئەمە، ڕوودەدات، دوور نییە پەروەردەکار یان کەسانی دەوروبەر، بە ئەنقەست و بێ ئەنقەست، فێرخوازی بلیمەی نە حوبێنن یان بشکێننیتەوە ، جا لەبەر هەر هۆکارێک بێ.

**١٠) فەراهمکردنی ئازادیی بیروڕاو دەربڕین و پاراستنی مافەکانی:**

چونکە فێرخوازی بلیمەتی، زۆر جیاوازی هەیە لە بیرکردنەوە تێڕامان و خەونەکانی، نابێ بەهۆی سیستەم و ڕژێم و کۆت و بەندی تایبەتەوە، ئازادییەکانی لێ زەفت بکرێ. جا لەبەر هەر هۆیەک بێ: سیاسی، کۆمەڵایەتی، کەلتووری، ئاینی، مەزهەبی، ڕەگەز و زمان و ڕەنگ و ڕوخسار.

○ **پەروردە و فێرکردن و پێگەیاندنی بلیمەتەکان، کێ لە ئەستۆیان دەگرێ و چۆن ئەنجام دەدرێن؟**

ئەم بڕگەیە، کرۆکی بابەتەکەمانە. دوای ئەوەی کە فێرخوازی بلیمەت لە پۆلێکدا دەستنیشان دەکرێ، ئەرکی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی، جگە لە باوانی، دەکەوێتە ئەستۆی ئەو مەڵبەندە پەروەردەییە، جا بەگوێرەی تەمەنی بلیمەتەکە، لە باغچەی ساوایانەوە تا زانکۆ و خوێندنی باڵا. ـــ بێگومان ئەو مەڵبەندە پەروەردەییە، زۆر بەختدار دەبێ کاتێک بلیمەتێکی تێدا هەڵدەکەوێ، کە ڕەنگە ناوبانگ و شوهرەتێکی گەورە بەو مەڵبەندە ببەخشێ.

لە بڕگەی سەرەو ئاماژەمان بە (١٠) خاڵ دا، کە بۆ بەردەوام بوون لە پەروەردەیەکی سەرکەوتووانە، فێرخوازی بلیمەت گەرەکیەتی.

بەڵام، ئێمەمانان، لە ژینگەی هەرێمێکی وەکو کوردستانی باشوور، ڕەنگ بێ بە شێوەیەکی ئاکادیمی و زانستی و هونەری پەروەرەکارو مامۆستای زۆر شارەزاو پسپۆڕمان لەو بابەتەدا نەبێ.

**ئەدی چارە چییە؟ واز لەو فێرخوازە بلیمەتی بێنین؟**

نەخێر... لە هەموو قوتابخانە و خوێندنگەیەکدا، گەورەو بێ یان بچووک، لە ستافی ئەو مەڵبەندە هەمیشە مامۆستایەک یان چەند مامۆستایەک هەنە، کە شارەزایی و کارامەیی و توانستێکی باشیان هەیە، هەمیشە حەز بە پێشکێشکردنی خزمەتی جیاواز و ئەنجامدانی کاری ناوازە دەکەن و بۆ ڕاپەڕاندنی هەر ئەرکێک سەریان پێوە نییە. دەبێ ئەوان بکرێنە ڕابەری ئەو فێرخوازانە، مەرج نییە ڕشتەکەیان لەگەڵ ئاستی زانستی فێرخوازەکە بگونجێ، چونکە ئەرکی ئەو ڕابەرە ئەوەیە ئەو (١٠) خاڵەی لەسەرە ئاماژەمابن پێدا لەبەر چاو بگرێ و بەگوێرەی توانا بۆ فێرخوازەکە جێبەجێ بکات.

هەر کاتێک ئەو مامۆستا (مامۆستایانە) ئەو ڕابەرایەتی و ئەرکەیان پێ سپێردراو، ئەوا دەبێ، ئەوانیش لەڕێی سەرچاوە هەمە ڕەنگەکانی بەردەست، هەوڵ

بدەن زانیارییە سەردەمییەکانی پەروەردەو پێگەیاندنی فێرخۆزاەبلینەتەکان دەستەبەربکەن و پراکتیزەی بکەن.

لە هەشتایەکانی سەدەی ڕابردوو، بۆ هەر قوتابییەک، دۆسیەی هەڵسەنگاندن هەبوو، کە (٢٠) لاپەڕە دەبوو، لە شێوەی پرسیاو وەڵامی ئامادەکرابوو. پۆل بە پۆل ئەو دۆسییە لەگەڵ قوتابییەکە دەڕۆیشت و ڕابەری پۆل، مانگانە پرسیارەکانی وەڵام دەداوە. لەو دۆسیەدا، ژیاننامەی قوتابییەکەی تێدابوو، بۆنموونە، باری تەندووستی، خێزانی، زانستی، هونەری، پەروەردەیی، دەوامکردن و ئارەزوو کێشەو خەڵات و سزاکان و نمرەکانی. ئەگەر قوتابییەکە بچووبا قوتابخانەیەکی دیکە، دۆسییەکەی خۆی، بە پۆست دەنێردرا ئەو شوێنە. نهێنی بوو نەدەبوو، جگە لە قوتابخانە کەس، ناوەڕۆکی ببینی. بەداخەوە، لەگەڵ گەرم بوونی شەڕی نێوان ئیراق و ئێران بەرە بەرە، ئەو دۆسییە وەلاوە نراو دواتر لەبیرچۆوە و لەغوکرا... .

زۆر پێویستە، هەر نەبێ، بۆ فێرخوزی بلیمەت ئەو دۆسییەی هەڵسەنگاندنە، ئامادەبکرێ. پۆل بە پۆل لەگەڵی بێ تا لە زانکۆ دەردەچێ.

باشتر، قوتابخانە یان مەڵبەندی تایبەت لە باخچەی ساوایانەوە تا دوای زانکۆ، بۆ ئەو فێرخوازە بلیمەتانە ئامادەبکرێ. مامۆستا و پسپۆڕی شارەزا سەرپەرشتیان بکات و هەموو داپێویستییەکانیان بۆ دەستەبەر بکرێ. دواتریش بنێردرینە زانکۆی شیاو لە ناوەوە یان بۆ دەرەوەی هەرێم.

### ○ پێگەی فێرخوازە بلیمەتەکان، لە سیستمی پەروەردەی ئێمەدا چۆنە؟

بەدرێژایی ساڵەکانی مامۆستایەتیم لە قوتابخانەکانی ئیراق (لە ڕومادی و ڕەواندز و هەولێر و کۆیە)، لە قوتابخانەی ناوندییەوە تا زانکۆ - کە دەرسم تێدا گوتونەوە، (من)، هیچ ڕێنمای و یاسا و ڕێباز و پرۆگرام و بەرنامەیەکم نەهاتە بەرچاو، تایبەت بێ بە (فێرخوازی بلیمەت)، وەک بڵێ ئەو (شتە) بوونی نەبێ. لە هیچ نوسراو و کتێب و بڵاوکراوەیەکیش نەمدی ڕۆژێک، ئەو بابەتە کرابێتە تەوەری باس و خواس و لێکۆڵینەوە.

ڕەنگ بێ، باڵاترین. پلە هەر بەو قوتابی و خوێندکارە درابێت، کە (یەکەمی سەر ئیراق یان هەرێم) بووە.

دەکرێ، شیلەی ئەم بابەتە لە دوو خاڵدا چڕ بکرێتەوە:

یەک: دۆزینەوەی فێرخوازی بلیمەت.

دوو: پەروەردەو پێگەیانی ئەو فێرخوازە بلیمەتە.

ئێستا پرسیارێک یاخەمان دەگرێ:

ماقوولە لەو (١٠٠) ساڵەی خوێندندا، لە ئیراق و کوردستان، لەنێو ئەو هەزاران هەزار فێرخوازە، یەک تاقە بلیمەتی تێدا هەڵنەکەوتووە؟

بەڕێزان... ، با ئەم نموونەتان بۆ باس بکەم؛

فاروق ئەل باز (١٩٣٨ ـ ) لە ساڵی (١٩٥٨) بڕوانامەی بەکەلۆریۆسی لە ( کیمیا ـ جیۆلۆجیا) لە زانکۆی (عین شمس) لە میسر وەرگرت. ئەگەرچی هەموو خەسڵەتەکانی کەسێکی بلیمەتی تێدابوو، وەزارەتی پەروەردەی ئەو وڵاتە، وەک مامۆستا ناردییە گوندێکی دەوروبەری شاری (اسیوط)، بەڵام فاروق، وەک هەموو بلیمەتێک باوەڕی بە خۆی بوو، سەری خۆی هەڵگرت و لە ساڵی (١٩٦٠) چووە زانکۆی میسوری لە ئەمەریکاو دواتریش زانکۆی هایدلبرگ لە ئەڵمانیا. جا دوای وەدەستهێنانی بڕوانامەی خوێندنی باڵا، پلە بە پلە لە لێکۆڵینەوە و کۆششکردنیدا بەردەوام بوو، ئێستا، زانایەکی ناسراوی (ئاژانسی ناسا)یە لە ئەمەریکا. یاریدەدەری نەخشەو دۆزینەوەی جیۆلۆجی مانگە. ئەو شوێنی نیشتنەوەی کەشتی (ئەپۆلۆی) لەسەر مانگ دەستنیشان کردو هەر خۆشی خۆڵ و بەردەکانی مانگی شیکردەوە. ئێستا پتر لە (٦) دەزگای جیهانی تایبەت بە مانگ و ئەستێرەکان کاردەکات و چەندان بڵاوکراوەی زانستیی بایەخدارو بەنرخی هەیەوە، وەک بلیمەتێکی فەلەکناسی جیهانی ڕێزی لێ دەگیرێ.

دوور نییە، مامۆستا فاروق ئەل باز، ئەگەر هەر لە گوندەکەی میسر مابایەوە، بلیمتییەکەی مردارەبۆوە و نەدەما، زۆر زۆر لە دواناوەندییەکی شارێک دەیان کرد بە سەرپەرشتیار، یان بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک.

کەوایە، ژینگە زۆر گرنگە بۆ دۆزینەوە پەروەردەکردنی فێرخوازی بلیمەت.
ئەوەشمان لەبیر نەچێ، لە پێشەکی ئەم بابەتە، گوتمان، بلیمەتی، وەک ئەستێ و بەردە ئەستێ وایە، بەبێ ماندووبووم و کەشش و سەعی کردن وەک چەخماخەکە دروست نابێ.

کەواتە دوورەنییە، بە سەدان فێرخوازی بلێمەتمان تێدا هەڵکەوتبێ، لە ڕابردوودا، بەڵام (ئێمە و سیستەم و ژینگەکە) بەیەکەوە نەمانهێشتوە بژیت و گەشە بکات و پێبگا. لە کاتێکدا وڵاتێکی وەکو ڕوسیا (یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو)، یەکەمین وڵاتە لە جیهان لە بایەخدان بە فێرخوازی بلیمەت، خوێندنگەو مامۆستای تایبەتیان هەیە.

کەواتە، دەبێ سیستمی پەروەردەی هاوچەرخی کوردستانی باشوور، ئەم بابەتە بەهەند وەرگرێ و پرۆگرامی بۆ داڕێژێ. ئاخر ناکرێ لە سەدەی بیست و یەک، بە هەنگاوەکانی سەدەی هەژدە و نۆزدە ڕێبکەین و جەڵەوی کاراونمان بگرین.
گەر نیاز هەبێ، ڕێگاکان ئاسانن. (پەندێکی ئینگلیزییە).
خەمخۆرێکی شارەزا و بەتوانا، دەتوانێ، ئەو ئەرکە ڕاپەڕێنێ و ئێمەش بچینە ڕیزی وڵاتە پڕ بلیمەتەکان. بلیمەت نە دۆزرێتەوە و پشگیری نەکرێ و یارمەتی نەدری، وەک گوڵی بێ ئاو، سیس و ژاکاو دەبێ و دەمرێ.

کۆتایی

**زنجیرە چاپکراوەکانی ژیاری پەروەردەیی:**

١) دڵەڕاوکێی تاقیکردنەوە ـ نوێنەر یاسین (٢٠١٨)

٢) ئەزموونی پەروەردەیی لە پۆلەوە بۆ پۆل ـ فازیل شـەوڕۆ (٢٠٢١)

٣) پەروەردەی نوێ، ژیاری نوێ ـ باخەوان مەجید بەقاڵ (٢٠٢١)

٤) حیکایەتەکانم لەگەڵ مامۆستا- ڕێدار محمد ئەمین (٢٠٢١)